# بەکر سدقی
# شەهیدی کوردایەتی



ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی ٢٠١٨

بەڕێوەبەری دەزگا: سیروان حەمەسەعید

**ناوی کتێب: عەزیز یاوەر**

**ناوی نووسەر: مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی**

**وەرگێڕانی: حەسەن یاسین - عوسمان حەمەڕەشید گورون**

**دیزاینی ناوەوە: ئومێد محەمەد**

**دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی**

**زنجیرە: (    )**

**نۆرەی چاپ: ٢٠١٨**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**نرخ:        دینار**

**چاپ: چاپخانەی تاران**

**لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (      )ی ساڵی ٢٠١٨ پێدراوە**

Tel: 0533202936  07701549509
email: jamalerfan99@gmail.com
facebook: Jamal Erfan’s Library
www. jamalerfan.com

ناونیشان:
سلێمانی- شەقامی سالم- بەرامبەر ماکسی مۆڵ

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ ناوەندی توێژینەوەی مێژوویی جەمیل رۆژبەیانی، هیچ کەسێک مافی لەبەرگرتنەوەی نییە، جا گەر بەشێوەی ئەلیکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تربێت.

عەزیز یاوەر

# بەکر سدقی
# شەهیدی کوردایەتی

وەرگێڕانی

حەسەن یاسین

عوسمان حەمەڕەشید گورون

# پێڕست

## پێشەکی

ئەم کتێبەی بەردەستتان مامۆستا عەزیز یاوەر بەزمانی عەرەبی، بە ناونیشانی (بەکر سدقی، دیالەکتیکی گیانە نەتەوەییەکەی و ئاسەوارەکانی رووداو: بكر صدقي، جدلية روحه القومي وتداعيات الحدث) نووسیویەتی و تەرخانیکردووە بۆ قسەکردن لەسەر کەسایەتییەکی گرنگی مێژووی گەلەکەمان بەکر سدقی کە بەهۆی کودەتایەکی سەربازییەوە پتر ناوبانگی پەیداکردووە. ئەم کەسایەتییە جێگەی مشتومڕێکی زۆری نێوان مێژوونووسان و نووسەران و کەسایەتییە سەربازییەکان بووە (بەتایبەتی ئەوانەی بیرەوەرییەکانی خۆیان نووسیوەتەوە) و عەرەبەکان بە کەسێکی پێناوی کوردایەتییان لەقەڵەمداوە، کەچی مێژوونووسێکی کوردی وەک دکتۆر کەمال مەزهەر بەپێچەوانەی عەرەبەکانەوە زۆر بە نەرێنی لەسەری نووسیوە، ئەمەش بۆتە مایەی ئەوەی کە نووسەری ئەم کتێبە بەشێکی کتێبەکەی بۆ تاوتوێکردنی بۆچوونەکانی ئەو تەرخان بکات و وێنەیەکی ئەرێنیی بەکر سدقیمان بخاتەبەرچاو.

لەسەردانێکی دکتۆر تەها رەسول بۆ لامان پێخۆشبوونی خۆی بۆ وەرگێڕان و چاپکردنی ئەم کتێبە دەربڕی و من و هاوڕێم عوسمان گورونیش بەهاوبەشی کەوتینە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی.

نەماویست ناونیشانی کتێبەکە بەعەرەبی وەک خۆی بکەینە کوردی و پێمان گونجاو نەبوو، بۆیە بەڕاوێژ لەگەڵ نووسەری کتێبەکە ئەم ناونیشانەی ئێستامان بۆی دانا، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە

کــە نووســەری کتێبەکــە ســەلماندوویەتی کــە بــەکر ســدقی کەســێکی کوردپــەروەربووەو هــەر ئەمــەش بۆتــە هانــدەری ئــەوەی کــە نەتەوەپەرســتە عەرەبــەکانی عیــراق پیلانــی لێبگێــڕن و بەشــێوەیەکی نامەردانە ئەو فەرماندە سەربازییە شەهید بکەن.

**حەسەن یاسین**
**سلێمانی ـ هەرێمی کوردستانی عیراق**
**١٢ی ئاداری ٢٠١٨**

## سەرەتا

رەنگەراستیی رووداوە تۆمارکراوەکانی نێو توێژینەوەو لێکۆڵینەوە مێژووییەکان وەک خۆیان تۆمار بکرێن، لەوانەشە جیاواز بن، یان جیاوازو شێوێنراو بن، ئەمەش بەگوێرەی روانگەی نووسەرەکانیان و جیاوازیی تێڕوانین و بۆچوونیان. ئەگەرچی ئەم راستییە هەمیشە هەر یەک راستییەو دەکرێ وەک خۆی هەڵبهێنجرێ، ئەگەر ژینگەی گونجاوی بۆ فەراهەم بکرێ و کەسانی بەویژدانی لێهەڵکەوێ، خۆ ئەگەر مردووان بهاتبانە قسە (وەک نووسەری ئەمریکایی مارک توین دەڵێ)، ئەوا مێژوو وەک ئێستا دەیخوێنینەوە، وا نەدەبوو.

بەپێی ئەم بڕگەیەی سەرەوە، کە بڕوامان بەناوەڕۆکەکەی هەیە، ئەرکی نووسەران و مێژوونووسانی کوردە، چاوێک بەمێژووی نەتەوەییماندا بگێڕنەوە بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی و سەرلەنوێ بژارکردنی، پاشان دارشتنەوەی بەپێی پێداوستی و پێویستی، دوور لەتوندڕەوی و دەمارگیری. ئێمە کە داوای ئەمە دەکەین لەبەر ئەوەیە کە نەتەوەیەکین خۆی، وەک پێویستە، مێژووی خۆی نەنووسیوەتەوە، ئەگەر نووسیبێتیشی، ئەوا لەسایەی هەلومەرجێکی سەختی ناجێگیر بووە، کە بەزۆری خواستی دەسەڵاتە سیاسییەکان و مەیلیان، بگرە هەندێ جاریش مەیلی نووسەرە کوردەکانمان، رۆڵی تێدا گێڕاوە. ئەوەی لەم بەرهەمە سادەیەدا مەبەستمانە، سەرەڕای بابەتی توێژینەوەکە، هاندانی قەڵەمی توێژەران و مێژوونووسانی کوردە، بۆ لەئەستۆگرتنی راستکردنەوەی ئەو شێواندن و ساختەکارییەی بەسەر مێژوومانندا هاتووە، تۆمارکردنی ئەوەی پشتگوێخراوەو لەبیرکراوە، جا ئەمە بەئەنقەست بووبێ یان بێئەنقەست. رۆڵەکانمان و نەوەکانی داهاتوومان مافی خۆیانە لەسەر راستییە مێژووییەکانی پێوەست بە نەتەوەکەیان، وەک خۆی کە هەیە، نەک وەک ئەوەی هەندێ لەدڵڕەشان دەیانەوێ، هەڵوەستە بکەن.

## كە مێژوو ناهەقیت لەگەڵ دەکا

وەک پێشتر باسمان کرد، دەبێ و سروشتیشە مێژوونووسان، هەر یەکەیان بەپێی بۆچوونی نەتەوەیی و تایەفەیی و پاشخانی فیکری و سیاسیی خۆی، روانگەیان جیاواز بێ و بۆچوونیان لەیەک نەچێ لەسەر راستیی رووداوێک یان مەسەلەیەکی مێژوویی، بەڵام کار بگاتە ئەوەی ئەو راستییە بکا بەژێرلێوەوەو بەئەنقەست ناوەڕۆکەکەی بشێوێنێ، ئەمە هیچ مانایەک ناگەیەنێ جگە لە هەوڵدان بۆ زەین شێواندن و ساختەکاری بۆ سەپاندنی بوختان و بەهەڵەدابردنی بەرانبەر و لاپەڕەکانی مێژووش پێکەوە.

لەبەر رۆشنایی ئەم راستییانە، ئەوەی قەڵەمی هەندێ لەمێژوونووسانی نەتەوەپەروەری توندڕەو لەبارەی بەکر سدقییەوە نووسیویانە، ناوەڕۆکەکەی جیاواز دەبوو، ئەگەر بەکر سدقی مەیلی کوردبوونی نەبوایەو خۆی پێوەگرێنەدایە، رەنگە ئەوەی ئەمڕۆ دەیخوێنینەوە، پێچەوانە بوایە. ئەوەی جێیداخە ئاسەوارەکانی ئەم بیروباوەڕانەی دژبەکوردبوونی بەکر سدقین هەر لەسنووری ئەو کەسانەدا نەماوەتەوە، بەڵکو لەسنوری ئەوان تێپەڕیوەو گەیشتۆتە هەندێ لەمێژوونووسانی کوردیش، ئیدی بەخراپ کاریتێکردوون پاش ئەوەی لەنێو هەمان بازنەدا گیریکردوون، وایان لێهاتووە هەمان ئەو شتانە دەڵێنەوە کە قەڵەمەکانی دژ بە بەکر سدقی نووسیویانە، ئەگەرچی نەشیانتوانیوە بەڵگە بێننەوە بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو تۆمەتانەی بۆی هەڵبەستراون. لەدووتوێی ئەم هاوکێشە شێوێنراوەدا، ئەگەر یەکێک بیەوێ بەبێ لایەنداری توێژینەوە بکات و کنە بکات، چەندین پارادۆکسی بۆ دەردەکەوێ، ئەوەیش ئەوەیە کە وێنەی راستەقینە و درەوشاوەی بەکر سدقی لەنێو خودی ئەو وێنە شێوێنراوەی ئەو قەڵەمانە نەخشاندوویانە دەردەکەوێ و کە لێیڕادەمێنیت و لە ئامانج و بۆچوونەکانی ورددەبێتەوە وردەکارییەکانی بەڕوونی رەنگدەدەنەوە. شتێکی سەیر نییە کە بەکر

سـدقی نەبێتـە مایـەی خۆشەویسـتیی زۆرینـەی هـاوڕێ ئەفسـەرە نەتەوەییـە تونـدڕەوەکانی، بـەڵکو سـەیر ئەوەیـە کـە مەسـەلەکە پێچـەوانـەی ئەمـە بێت. هۆیەکـەش ئەوەیـە ئەمانـە نـەیانتوانیوە شـان لەشـانی بـدەن لـە ئازایـەتی و بـەهێزیی کەسـایەتییەکەی و بـەهرەی سـەربازی و سـەرکردایەتییەکـەی کـە لـەزۆر بۆنـەو رووداوو لـە کودەتاکەشـی، کـە بـەکودەتای بـەکر سـدقی بەناوبانگـە، نیشـانیداوە، سـەرەڕای ناسـنامە کوردییەکـەی کـە هەنـدێک بـەردەوام پێیقـەڵس دەبوون.

ئێمـە لێـرەدا لەهـەوڵی توێژینـەوەداین لـەدووتوێی ئـەوەی ئـەو قەڵەمانە لەبارەی بەکر سدقی و بۆچوونە سیاسی و نەتەوەییەکانیـەوە نووسیویانە، بەو ئومێدەی ئەوەندەی بۆمان دەکرێ راستی هەڵگۆزین، بـێ لایـەنانـەو بـەپێی توانـا دوور لـەزاڵبوونی مـەیلی نەتـەوەیی یـان سیاسی، بۆ ئەوەی بەپێی توانا وێنەکە روون بێ. لەهەمان کاتدا داوام وایە لـە قەڵـەمی تـوێژەران و مێژوونووسـان (بەتایبـەت کـورد) کنـە و توێژینـەوە بکـەن لـەبارەی ئـەو راسـتییەی کـە هـەنـدێک بەئەنقەسـت شـێواندوویانە، بەتایبـەت کـە ئـەم بابەتـەمان مێـژووی خـودی کەسـێک نییە بەقەد ئەوەی مێژووی گەلێکە کە ئەو کەسە سەربەو گەلەیەو بەو هۆیـەوە باجیـداوەو دەبـێ قەرزەکـەی بدەینـەوە، ئەگـەر بەشـێوەیەکی مەعنـەویش بێـت. ئەمـەو سـەرەڕای ئـەو بەلاڕێدابردنـەی کـە هـەر لەبنەڕەتەوە مێژووی نەتـەوەییمان بەدەستیەوە دەناڵێنێ، کە ئەمـەش بەسـەرماندا دەسـەپێنێ سـەرلەنوێ و بەروانگەیـەکی نەتەوەییانـەو سەرنەکێشـێ بـۆ توندڕەوی و خۆبەبـەرززانینی بـۆش دابڕێژینـەوەو رووداوە مێژووییـەکانی رابـردووش بـەپێی بۆچـوونی ئێسـتا لێکنەدەینـەوە، بـەڵکو راسـت ئەوەیـە بـەپێی هەلومـەرجی خـۆی و لەچوارچێوەی واقیعی ئەو رۆژگارەو دوورایی و ئەگەرە جیاوازەکانی هەڵیانبسەنگێنین.

**دکتۆر، راستی ئاوا باس ناکرێ**

ئـەو بڕگانـەی خـوارەوە، کـە پێوەسـتن بـەو ناونیشـانەی سـەرەوە، بەبەدواداچوون یان وەڵامدانـەوەی ئـەو شـتانەی دانـانێم کـە لـەکتێبی ( صفحات من تـاريخ العـراق المعاصـر)ی مێژوونووسـی گـەورەی کـورد کـەمال مـەزهـەر ئـەحمـەد لـەبارەی بـەکر سـدقییەوە هـاتوون، بەقـەد ئـــەوەی روونکردنـــەوەو هـــەوڵێکی ســـادەیە بـــۆ وەڵامدانـــەوەی ئـــەو پرسیارانەی روانگەی دکتۆر لەسەر کەسایەتیی نەتـەوەیی و سیاسـیی بـــەکر دەیســـەپێنن، بۆیـــە ئـــەم بڕگانـــە بەپێچەوانـــەی نەریتـــەوە نەکەوتوونـەتـە کۆتـایی توێژینـەوەکـە، بـەڵکو لەپێشـەوەدایە، هـەموو ئەمانە لەبەر گرنگیی ئەوەی لەسەر زمانی مێژوونووس و تـوێژەرێکی لەئاسـتی دکتـۆر کـەمال مەزهـەر ئەحمـەد لـەو بەرهەمـە ناوبراوەیـدا هاتووە، کە ساڵی ١٩٨٧ چاپکراوە... خـوا تەمـەندرێژی بکا ولەشیساغ بێ.

پـاش بینینـی ئـەوەی لـەبارەی ناسـنامەی شـەهید بـەکر سـدقی و پێوەنـدیی بـە مەسـەلەی کـوردەوە باسـیکردووە، گەیشـتینە ئـەو ئەنجامەی کە دکتۆر وا خۆی نیشانداوە وەک ئـەوەی پێشـتر بڕیـاری دابـێ بـەکر لەهـەموو شـتێکی جـوان دامـاڵێ، کـە لـەبارەی مەیلـە نەتەوەییەکەیـەوە گـوترابێ، پەناشـی بردۆتـەبەر هـەر وشـەیەک کە لـە دڵڕەشـێکەوە دەرچـووبێ بۆ لەکـەدارکردنی تـا ئـەو رادەیـەی ئـەوەی لەلایـەن دوژمنـان و دۆسـتانەوە لـەبارەی خۆشەویسـتیی بـەکر بـۆ نەتەوەکـەی کـە کـوردە گـوترابێ، بـە دروسـتکراو[١] دەزانـێ و دەبـێ ریسـوا بکـرێ و بەناڕاسـت دابنـرێ و ئـەو نووسـین و راپۆرتانـەش پشـتگوێ بخـرێن کـە قەڵـەمی کەسـایەتییە سیاسـی و سـەربازییە ناسـراوەکانی ناوچەکـەو نێودەوڵـەتان نووسـیویانە و هەمووشـیان

---

١ - الدكتور كمال مظهر احمد، صفحات من تـاريخ العـراق المعاصـر، الطبعـة الاولـى، مطبعة البدليسي، بغداد، ١٩٧٨، ص ١٢٣

کـۆکن لەســەر ئـەوەی بـەکر سـدقی مــەیلی کوردایــەتیی هــەبووە، ئەگەرچی سەرەڕای سودلێوەرگرتنیشیان بـەبڕێکی کـەم دەریـانبڕیوە. لەگەڵ ئـەوەی کـە دکتـۆر کۆدەنگیی بەدروسـتکراو زانیوەو بڕیـاردانی تاکلایەنــەی کردۆتــە نــەریت و ڕێبــاز، کــەچی ســەرکەوتوو نــەبووە لەپاراســتنی هاوســەنگی لــەنێوان هــەردوو لای هاوکێشــەکەی لــەو بڕگانـەی کـە هێناویەتییـەوە لەمـەڕ ماوەیـەکی مێژوویـی هەسـتداری تایبــەت بەکەســایەتییەکی کــورد، کــە لەهــەردوو مەیــدانی عێــراق و ناوچەکــەدا نــاوی دەرکــردووە. پــێش چوونــە نــاو وردەکارییــەکانی بابەتەکـە، وەک بـەراوردێکیش لـەنێوان ئـەو خسـتنەڕوو و چارەسـەرە مێژووییانەی کە یـەکێک لـەگرنگترین مێژوونووسـەکانی کورد باسـیان دەکات لەگەڵ ئەوەی مێژوونووس و توێژەری عەرەب لـەبارەی کێشـە نەتەوەییەکــەی دەیخاتــەڕوو، لێــرەدا ئــەوە دەهێنینــەوە کــە رابــەری ناسـراوی پـەروەردەو پێشـەنگی کردنەعـەرەبیی خوێنـدنی قوتابخانـە لەعێراق مامۆستا ساتع ئەلحوسەری ڕوو لـەنەتـەوەکـەی، کـە عـەرەبـە، دەکـات و لـەبارەی ڕوانگـەی بـۆ نووسـینەوەی مێـژوو و سـەرلەنوێ داڕشـتنەوەی دەیڵـێ و وەک لەوتەکانیـدا دەردەکـەوێ کـە قەڵەمـەکانی عەرەب لەوڵاتانی خۆیان بۆ هۆشـیارکردنەوەی ڕۆڵـەکانیان دەیڵێنـەوە، کە لەهەوڵی بەرجەستەکردنی گرنگیی مێژوودایـەو لەمبارەیـەوە دەڵـێ: " ئەرکمانە پەندەکانی مێژوو بکەین بەتـەوەری پـەروەردەی نەتـەوەیی، هـیچ شـتێک بـەنرختر و سـەرکەوتووتر نییـە لـە پەنـدەکانی مێـژوو بـۆ گەشــەپێدانی ســۆزی نیشــتمانی و نەتــەوەیی و بــەهێزکردنی، بۆیــە وایــدەبینین کــە ئەرکمانــە پەنــدەکانی مێــژوو بکــەین بەتــەوەری پەروەردەی نەتەوەیی". پاشان باسی ئـەوە دەکات کـە گرنگیی مێژوو چەندین ئەرکی بەسـەردا دەسـەپێنێ، کە مەترسیی تایبـەت لـەخۆدەگرن و بەم دەربڕینە ڕاشکاوەو بێدوودڵ و پەنهانی باسی دەکات: " دوودڵ نیم لەوەی بڵێم پەندەکانی مێژوو لای ئێمـە دەبێ پێش هـەموو شـتێک

بخرێنه نێو پەروەردەی نەتەوەییەوە، ئیدی یەکەم شت دەبێ کۆشش بکەین بۆ نەهێشتنی دەنگۆکانی رابردوو، دووەمیش بەهێزکردنی مەیلی یەکگرتوویی، هەندێک نەتەوەش سێودوویان نەکردووە لە دروستکردنی ئەفسانەو هەڵبەستنی درۆ لەپەندەکانی مێژوویان، لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانیان[2]. ئێمە لێرەدا دروستکردنی ئەفسانەو هەڵبەستنی درۆ رەتدەکەینەوە، لەهەمان کاتیشدا داوا دەکەین مێژوو بەویژدان بێ لەگەڵ ئێمەو خەڵکیتریش، بەلاّم نامانەوێ قەڵەمەکانمان کۆت بکەین و بیخەینە ژێر شمشێری دیمۆکلیس کە کەس نەوێرێ بیجوڵێنێ، ئەوە داوای ئێمە نییەو رەتیدەکەینەوە. سەبارەت بە ئەنجامگیریی راست لە کێشەیەکی وەک کێشەی بەکر، ئەوا لەسەرمانە پشتببەستین بەبەڵگەی لێکدانەوەیی و بەپێی توانا دوور بکەوینەوە لەهەڵێنجانی بێبەڵگە، کە ئەنجامەکەی دەکەوێتە نێو داوی ئەو تێڕوانینەی خوێندنەوەکەی لەو پێشەکییانەوە بەدەستدێنێ کە لەنێو سنوورێکی دیاریکراودا گیردەخۆن، کەچی بەڵگەی لێکدانەوەیی بریتییە لە ئەنجامگیریی زانستیی پشتبەست بەتێبینی و ئەزموون، پاشان گەیشتن بەراستیی نوێ و سەرلەبەر. لەبارەی ئەم بابەتەوە دکتور پێیوایە زۆربەی هێزە سیاسی و کۆمەلاّیەتییە نوێیەکان لەقۆناغی یەکەمی کودەتاکەدا بەڕوونی کەوتوونەتە هەڵەوە لە خەملاّندنی هەلومەرجی نوێی سیاسی، ئیدی کەم و زۆر کەوتوونەتە بن کاریگەریی رووخساری نوێی گەمەی ململانێ لەپێناوی دەسەلاّتداو بۆ نمونە زۆر سەرکردەی حزبی شیوعی مەیدانەکەیان چۆڵکردووەو هەندێکیتریشیان پێیانوابووە حکومەتی کودەتا بەختەوەری و خۆشگوزەرانی بۆ چینی کرێکار بەدیدێنێ، ئیدی پێیانوابوو پرۆلیتاریای عێراق پێویستی بەخەباتی رێکخراو نەماوە کە رەنگە بەکر سدقی و دەوروبەرەکەی تورە بکات

---

٢ - الاعمال القومية لساطع الحصري، ج١٤، ص ٨٨

(دکتۆر ئاماژە بەلاپەڕە ٧ی ژمارە ٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٢ی ئەلشەرارە زمانحاڵی حزبی شیوعی عێراق دەکات) .

ئەوەی لەم بڕگەیەی سەرەوە رابمێنی، دادەمێنی لەدیاریکردنی ئەو هێزە سیاسییە نوێیانەی دکتۆر مەبەستیەتی، چونکە روونینەکردوونەتەوە، وشەی (نوێ)ش لەهێزە سیاسییەکان دوورمان دەخاتەوە نەک نزیک، بەڵام ئەوەی بەلامانەوە گرنگە ئەوەیە کە دەیخاتەڕوو لەسەر هەڵوێستی حزبی شیوعی لە کودەتاکەو ئەو هۆیەش کە وایلێکردووە مەیدانی سیاسی چۆڵ بکات، ئەم باسکردنەشی ناکۆکە لەگەڵ ئەو واقیعەی دەیەوێ باسی بکات. لەکاتێکدا دەڵێ شیوعییەکان لەبەر باوەڕبوونیان بەوەی بەکر ئاواتەکانی پڕۆلیتاریای عێراق بەدیدێنێ، مەیدانی سیاسییان چۆڵکردووە، راستەوخۆو (بەپشتبەستن بە ئەلشەرارە) ئەوەشی دەخاتەسەر کەخەباتی رێکخراویان وەلاناوە، نەوەک بەکر سدقی تورە بکات، بەمەش تێزی یەکەمی ناکۆک دەبێ لەگەڵ تێزی دووەم و پوچەڵیدەکاتەوە. باشە چۆن حزبێک، لەکێشی حزبی شیوعی،مەیدانەکە چۆڵ دەکاو دەیداتە دەست سەرکردەی کودەتایەکی سەربازی تا ئاوات و ئامانجەکانی بۆ بەدیبێنێ، لەهەمان کاتیشدا سڵ بکاتەوە لەوەی ناوبراو لە خەباتە رێکخراوەکەی تورە ببێت؟ چۆن ئەقڵ ئەمە قبوڵ دەکات لەکاتێکدا شیوعییەکان، جگە لەحزبی خۆیان بەکەس رازی نین ئاڵای پڕۆلیتاریا بەرز بکاتەوە، کە ئەوان وەک پرنسیپ و لانی کەم وەک رێباز پێیەوە پابەندن؟.

حزبی شیوعی مەیدان چۆڵ بکات دەشێ و دەکرێ وێنای بکەین، بەڵام جگە لەخۆی لایەنیتر بکات بەئەلتەرناتیف، ئەوە ناکرێ وێنای بکەین. وابزانم ئەوەی دکتۆر لەم بڕگەیەدا دەیخاتەڕوو ئەگەر راستیش بێ، ئەوا لەبەرژەوەندیی کودەتاکەو سەرکردەکەیدایە، نەک بەپێچەوانەوە، چونکە بەکر سیاسەتێکی لیبرالیی گرتبووەبەر، کە

باوەڕی بە زمانێک هەیە هەمووان بگرێتەخۆ. ئەم سیاسەتەش وای لەهێزە نیشتمانییە کاریگەرەکانی مەیدانی عێراق کرد لە حکومەتی کودەتا نزیک ببنەوەو هاوکاریی بکەن، جگە لەوانەی ئاراستەیەکی نەتەوەیی توندڕەویان هەبوو کە دەستیاندایە هەڵسوڕان بەئاراستەی پێچەوانە، کە ئەمەش بریتیبوو لەگرتنەبەری سیاسەتی نانەوەی دووبەرەکی لەنێوان بەکر سدقی و ئەو هێزە نیشتمانییانە.

دکتۆر لەلاپەڕە ١٢٠ی کتێبە ناوبراوەکەیدا بەدەق دەڵێ: " زانراوە کە سەرکردەی کودەتاکە بەکر سدقی رەچەڵەکی کوردە، ئیدی دوژمنانی رژێمی نوێ ئەمەیان قوستەوە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین توانا لەپێناوی لەناوبردنی، ئەوجا بەکریان لەبەرگی سەرکردەیەکی جوداخوازی کورد نیشاندا، کە دەیەوێ لەپێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی گەورەی کوردستاندا کاربکات"، ئەمەش بەپێی روانگەی دکتۆر، واتا مەیلی نەتەوەیی بەکر و ئاواتی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد هەر وەهمێک بووەو لە خەیاڵی دوژمنەکانیەوە پەیدابووە، کردووشیانە بەبیانوویەک بۆ غافڵکوژییەکەی و لەناوبردنی دەسەڵاتەکەی. ئەم باوەڕەش، بەچاوپۆشین لە راستی و ناڕاستییەکەی، مانای ئەوەیە کە لە مەیدانی سیاسەتی عێراقدا ئامادەگییەکی هەمیشەیی هەیە بۆ وەستانەوە بەڕووی هەر ئاراستەیەکی سیاسی کە بۆنی مافەکانی کوردی لێبێ، کوشتنی بەکریش ئەمە دەسەلمێنێ. بەڵام ئەگەر مەسەلەکە وەک ئەوەبوایە کە دکتۆر باسی دەکات، ئەوا بۆچی توندڕەوەکان ئەفسەرەکانیدیکەی کوردیان نەکوشت، کە پایەو دەسەڵاتیشیان لەبەکر بڵندتربوو؟ بۆچی، بۆ نمونە، جەعفەر عەسکەرییان نەکوشت، کە دەمێک وەزیری بەرگری بوو، دەمێکیش سەرۆک وەزیران و چاویشی بڕیبووە دەسەڵات و بێسڵکردنەوەش مەرایی بۆ ئینگلیز دەکرد؟ ئایا کورد نەبوو، خزمی بەکریش نەبوو؟ یان نە لەدوور و نە لەنزیک کێشەی

کوردی لا مەبەست نەبوو. بگرە بۆچی بیریان لەکوشتنی تۆفیق وەهبی و محەمەد ئەمین زەکی و جەلال بابان و ئەمین زەکی سلێمان و حسێن فەوزی نەکردەوە، کە هەموویان کوردن و لەپیاوە دیارەکانی دەسەلات بوون؟ بۆچی؟ وەلامەکەی ئەوەیە، چونکە ئەوان پلانیان نەبوو، وەک بەکر پلانی هەبوو و بەئاوات بوو، لەبەر ئەوەش کە توندڕەوەکان بەپێی کارو پێگەی رەسمییان بەتەواوی ئاگایان لەجولەی ئەفسەرانی کوردو ئاواتی هەریەکەیان و شێوازی بۆ داواکردنی مافی نەتەوەکەی هەبوو. ئەگەر کوشتنی بەکر تەنیا بۆ دەسەلات بووبێ و پێوەندیی نەبووبێ بەئاواتە کوردایەتییەکانیەوە، بۆچی سەرەکەیدیکەی کودەتاکە، عەبدوللەتیف نورییان نەکوشت؟ بگرە بۆچی بیریان لە کوشتنی سەرۆکی حکومەتی کودەتا حیکمەت سلێمان نەکردەوە، کە ناسنامەکەشی عەرەب نەبوو؟ بۆچی؟ چونکە کوشتنی بەکر سدقی لەسەر ناسنامە کوردییەکەی نەبوو، بەڵکو لەسەر مەیلی کوردبوونی و ئاواتی بێسنووری بۆ بەدیهێنانی خەونێک بوو، کە هەموو بەڵگەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی کە خەونێکی گەورەبووە، یەکجار گەورەبووە، بەشێوەیەک کە نەتەوەپەرستەکانی هەراسان کردووەو بۆتە مایەی رقیان، نەک بەو شێوەیەی دکتۆر لێکیداوەتەوە.

لەهەمان چێوەدا ئەوەش دەڵێ: " ئەوەی دەگوترێ لەبارەی پێوەندیی بەکر بەبزووتنەوەی کورد و هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کورد، شتێکی دروستکراوبووەو دوژمنانی رژێمی نوێی کودەتا دروستیانکردووە، بەمەبەستی دابڕینی لەهێزە دیموکراتی و نەتەوەییەکانی ناوخۆی وڵات و رۆژهەڵاتی عەرەب، لەپێناوی ئەوەش کە زۆرترین وزە کۆبکەنەوە بۆ لەچاڵنانی هەر لەسەرەتاوە، بەکردەوەش ئەم هەڵبەستنە بەرهەمی کەم نەبوو"[٣] و سەرەڕای ئەوەی کە دکتۆر ئاگادارمان دەکاتەوە کە کوشتنی بەکر بەهۆی

٣ - الدکتور کمال مظهر احمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٣

مـەیلی نەتەوەییـەوە نـەبووە، بـەڵکو لـەپێناوی دەسـەڵاتدابووە، کـەچی لـەبەرانبـەر ئـەوەدا هۆیـەکی باوەڕپێهێنـەرمان نـاداتێ بۆ ئـەو هـەموو گەلەکۆمەکییـەی عـەرەب بـۆ لـەناوبردنی، کـەچی هـەر بـۆ زانیـاری، زۆربەی ناحەزانی دان بەوەدا دەنێن کە یارمـەتیی لـە فەلەسـتینییەکان نـەبڕیوە، لایـەنگیری مەسـەلە نەتەوەییـەکانی عـەرەب بـووەو لـەڕووی ناوخۆی عێراقیش چاکسازیی کارگێڕی و سیاسیی کردووە، کە تـەنیا کـەمێک، نکـوڵیی لێدەکـەن. کەواتــە بـۆچی نەتەوەییــەکانی عێــراق نەیانکوشـت و بەمـەش لایـەنگیریی توخمـە نەتەوەییـەکانی ڕۆژهـەڵاتی عەرەبیان بەدەسـتدەهێنا؟ سـەرەڕای ئـەوەی هەلومـەرجی عێراقییـەکان لەسایەی حکومەتی هاشمیدا، کە کودەتا لـەناویبرد، بـەهیچ شـێوەیەک باشتر نەبوو لەهەلومەرجیان لـەرۆژگاری کودەتـادا؟ ئـەوەی لـە کتێبی (أيام النكبة) لە نووسینی تالیب مشـتاقدا هـاتووە، کە مـەیلی نەتـەوەیی هەیە، جـەخت دەکاتـەوە لەسـەر ئـەوەی کابینـە وەزارییەکـەی هاشـمی، سـەرەڕای سیاسـەتە نەتەوەییـەکانی، کـەچی هەڵسـوکەوتی هەنـدێ لـەوەزیرەکـانی و گـەورە فەرمانبـەرەکانی لەبەغدا و لیواکـان، مایـەی بێزاربوونی هەستپێکراوی، نەک هەر نێو عەوامی گـەل بـوو، بگرە نێو ئەوانەش کە پشـتیوانی سیاسـەتەکانی هاشـمی بـوون. بەشـێوەیەک کە سـەرۆکی ئەنجومـەنی نوێنـەران مامۆسـتا محەمـەد زەکیـی پـارێزەر یەکێک بوو لە بێزارەکانی شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ڕاپـۆرتێکی لەسـەر مەترسـیی هەڵوێسـتەکە پێشـکەش کـرد[٤]. کـەچی بـەکر سـدقی پەیپەرێکی چاکسازیی خستەڕوو کە لەخزمەت هەموو چینـەکانی گـەل، بەتایبەت زەحمەتکێشاندابوو. ئایا ئەمـە مانـای ئـەوە نییـە کە کوشـتنی بــەکر ســدقی بــەهۆی سیاســـەتی نــاوخۆیی حکومەتەکەیــەوە، یــان

---

٤ – ايـام النكبـة لا ٢٣ نووســەر نـاوی خـۆی ئاشـکرا نـەکردووە، نووسـیویەتی: (لـە یاداشـتەکانی عێراقییـەک کـە سـەردەمی دامەزرانـدنی کابینەکـەی حیکمـەت سـلێمان نووسیویەتی). دواتر دەرکەوت کە نووسەرەکە (تالیب موشتاق) بووە.

سیاسەتی بەرانبەر مەسەلەکانی عەرەبەوە نەبوو، بەڵکو لەبەر مەسەلەیەکیتربوو کە توندڕەوان بەمەترسییان دەزانی لەسەر ئاراستەکانی خۆیان، کە ئەویش ئاوات و مەیلی کوردانەی بوو، کە زۆرینەی مێژوونووسان و توێژەران، بەجیاوازیی باوەڕیانەوە، ئاماژەیان بۆ کردووە؟ کە ئەمەش روانگەی دکتۆر و لێکدانەوەکەی، کە زۆر لە بابەتیبوون دوورکەوتۆتەوە، لاواز دەکا.

لەبەرهەمە ناوبراوەکەیدا دکتۆر رەخنە لەبەکر دەگرێ، کە لەنێو ئەفسەرانی کورددا دوورترینیانە لە بزووتنەوەی کورد و مەسەلەکەی، چونکە نە لەرۆژگاری کودەتاو نە پێش ئەوەش ئەندامی هیچ کۆمەڵەیەک یان رێکخراوێکی کوردی نەبووە، سەرەڕای ئەوەی ئەوانەی لێیەوە نزیکبوون رۆڵێکی دیاریان هەبووە لەریزەکانی ئەو کۆمەڵانەدا. ئەمە دەڵێ و وەک ئەوەی ئەم ئەندامبوونە تاکە بەڵگەی راستگۆیی پیاوەکەو قوڵایی ناخی بێت بەرانبەر مەسەلەکەی، لەکاتێکدا لەوانەیە پێچەوانەکەی بەڵگە بێت. ئەو بەم روانگەیەی حوکمی بارودۆخ و کاریگەریی لەسەر رەفتاری سیاسەتمەدار و هەڵسوکەوتی لەگەڵ رووداو پوچەڵدەکاتەوە، بەتایبەت لەمەسەلەیەکی چارەنووسسازدا و خاوەنەکەشی لەپێگەیەکی هەستیاردابێ وەک پێگەی بەکر سدقی، لانی کەم لەو ماوە سەختەدا. بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر ئەم روانگەیە بدەین و نزیک بکەوینەوە لە ئاستی واقیعیبوونی، یەکەمجار ئەوە دێنینەوە کە سەلاحەدین ئەلسەبباغ دەیڵێ، کە یەکێک لەگەورەترین ناحەزەکانی بەکرەو هەڵگری ئاڵای عروبەیە لەو ماوەیەدا و لەهەڵوێستێکدایە زۆر جیاواز نییە لەهەڵوێستی بەکر سدقی، پاشان بڕیار لەسەر روانگەی دکتۆر و لێکدانەوەکەی بۆ وردەکارییەکانی مەسەلەکە دەدەین: " عەقید روکن تۆفیق وەهبی کوردە و ئەفسەر روکن بووە لەسوپای عوسمانی و پاشان پێوەندیی بە سوپای عێراقەوە کردووە، پاش ئەوەی ماوەیەک، کە کەم نەبووە،

لەسوپای لیڤیی ئینگلیز خزمەتیکردووە، پۆستی گرنگی پێسپێردراوەو چەندین مەسەلەی ترسناک، کە چارەنووسسازبوون بۆ تواناکانی سوپای عێراق و رۆشنبیرییەکەی و کاروباری سوپایی خراونەتە ئەستۆی، قسەشی دەڕۆیشت لەبڕیاردان لەسەر چارەنووسی ئەفسەرانی سوپاو رقیشی لەعەرەبە و رقی لەپێغەمبەریشە کە عەرەبە و فەرماندەی قوتابخانەی سەربازی بوو یان بەڕێوەبەری جوڵەبوو و سوپاش هەر بەو شێوەیە مایەوە تا بەکر سدقی کوژرا. وایدەزانی لەبەر ئەوەی من ناوم سەلاحەدینە رەچەڵەکم کوردە، بەکوردی پێیدەگوت: نە حوشتر ئاژەڵەو نە عەرەبیش مرۆڤە"[٥].

ئەگەرچی دەربڕینەکەی زیادەڕەویی تێدایە، بەڵام ئەمە لەئاستی سەبباغ کەم ناکاتەوە کە بێدەنگ و هێمن بووە بەرانبەر بەو سەرنجە قەڵسکەرە، لەکاتێکدا دەزانێ راستی و لۆجیک ئەمەی بەسەردا دەسەپێنن، بەتایبەت کە ئەو بۆ مەسەلەیەکی چارەنووسساز کاردەکا و پێویستی بە بێدەنگبوون و دان بەخۆداگرتن هەیە. ئەمەش بەسەرماندا دەسەپێنێ بپرسین: ئایا دەبێ گومان لە گیانی عەرەبایەتیی سەلاحەدین بکەین، چونکە ملیکەچ کرد و خۆی بەدەستەوەدا بەبێ ئەوەی مەیلی نەتەوەیی خۆی ئاشکرا بکات، یان نارەزاییەک دەرببڕێت بەرانبەر بەوەی تۆفیق وەهبی لەبارەی نەتەوەکەیەوە گوتی؟ ئایا گومان بکەین و بڵێین زۆر دوورە لە گیانی عەرەبایەتی، چونکە ئەندامبوونی خۆی لەم رێکخراو یان ئەو کۆمەڵەیەدا ئاشکرا نەکرد؟ پاشان مانای چییە کە لەو ماوەیەدا چەندین مەسەلەی ترسناکی پێوەست بەتواناکانی سوپای عێراق بەئەفسەرێکی کورد بسپێردرێ کە بەوە ناسراوە بەرگری لە مافەکانی گەلەکەی کردووە؟ ماناشی چییە کە ئەو دەستڕۆیشتن و ئیمتیازە ترسناکانە بە کوشتنی بەکر سدقی کۆتاییان هاتبێ؟ ئایا ئەو

---

[٥] - مذكرات صلاح الدين الصباغ – من رواد العروبة، چ ٢، بغداد، ١٩٨٣ لا ٨٥.

دەستڕۆیشتنانە بەبێ ئاگایی و مەبەست بەخشراون؟ یان سیاسەتی نەتەوەیی بەکر سدقی سەپاندوویەتی؟ ئەمانە چەندین پرسیارن کە خۆیان دەسەپێنن و هەرچەندە وەڵامەکانیشیان بەویژدانانە بێت، ئەوا بەرەو یەک راستیمان دەبەن ئەویش ئەوەیە کە بەکر سدقی نزیبکووەو زۆریش نزیکبووە لەئازارەکانی گەلەکەی خۆی، کە کوردە، لەکاتێکدا بێ هاش و هوش و بەروانگەیەکی تایبەت و دوور لە لاساییکردنەوە کاریکردووە لەپێناوی مافەکانی. پاشان ئایا شاردنەوەو دەرنەخستنی راستیی نیازەکانی خەسڵەتی سەرکردەی بەئاگاو خاوەن ئاوات نین، هەر وەک بەکردەوەش وابوو، کاتێ کودەتاکەی کرد بەبێ ئەوەی ئەوانەی چاویان بڕیبووە جوڵەو چالاکییەکانیشی چاوەڕوانی ئەوەی لێبکەن؟ با ئەوە بخوێنینەوە کە مەحمود شەبیب لەمڕووەوە نووسیویەتی و چۆن تەها ئەلهاشمی ئاگادارینامەکەی مەحمود سەلمانی بەهەند وەرنەگرتووە لەپای ئەو متمانەیەی بەکر لەئەنجامی سیاسەتی شاردنەوەو داپۆشین پێیبەخشیوە: " سەرەڕای ئەو ناحاڵیبوونەی لەنێوان مەحمود سەلمان و تەها ئەلهاشمی سەرۆکی ئەرکانی سوپادایە، چوو بۆ لای و لە ئاقیبەتی سەفەرکردنەکەی ئاگادریکردەوە، چونکە بەکر سدقی دەیەوێ پیلانێک بگێڕێ بۆ رووخاندنی رژێمی فەرمانڕەوایی. تەها بڕوای بەمە نەکرد و لەوەڵامدا گوتی: کێ، بەکر؟ ئەگەر یەکێکیتر بوایە بڕوام دەکرد .. ئەو لەیاسینی برام لێمەوە نزیکترە" . پاشان دەڵێ: " بەکردەوەش دۆستایەتییەکی پتەو لەنێو ئەو دوو پیاوەدا هەبوو، پاشان رەوتی رووداوەکان دەریانخست مەبەست لێی خەڵەتاندنی تەها بوو"[٦].

---

– مەحمود شەبیب لە بەرهەمەکەیدا: محمود سلمان طريق المجد الى ارجوحة الابطال، چ١، بغداد، ١٩٧٦، ل٦.٧٤

کە سەلاحەدین سەبباغ بۆتە نمونەی ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ روونی بکەینەوە، ئەوا راستییەکەی بەئەنقەست ئەمەمان کرد، چونکە ئەو گیانی عەرەبایەتییەی لەپێناویدا شەهیدبوو شاردراوە نییە و بێگەردە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتریشەوە دکتۆر بەمەبەستی پترکردنی راستگۆیی بۆچوونەکانی، ئاماژە دەکات بە چاوپێکەوتنێکی عەقید عەزیز یامولکیی نزیک لەسەبباغ. رەنگە یەکێک بپرسێ: جا ئەمە چ خەوشێکی تێدایە؟ وەڵامەکەش (بەپێی باوەڕی ئێمە) دەبێ لەشێوەی پرسیارێکدا بێ و رووی لە دکتۆر بێ و بڵێین: چ قانونێک رازییە ئەوەی بەشداریی لەکوشتنی کەسێکدا کردووە ببێ بەپێوەر بۆ بڕیار لەسەردانی؟ دکتۆر چۆن رێگا بەخۆی دەدا وێنەی بەکر بەپەڕەمووچەی یەکێک بکێشێ کە یارمەتیدەربووە لە کوشتنەکەی؟ چۆن ئەقڵ دەیگرێ کە یامولکی راستییەکان وەک خۆیان باس بکات، لەکاتێکدا پێچەوانەکەی دەچێتە عەقڵەوە؟ سەرەڕای ئەوەش دکتۆر یەک هۆی لۆجیکیی نەداوینەتێ کە یامولکی سەرچڵیی کردبێ و هانیدابێ بەشداری لەکوشتنی بەکر سدقی بکات، وەک هاوئاهەنگییەک لەگەڵ ئەو دەستەیەی کە بانگەشەی عروبەی لەعێراقدا کردووە، لەسایەی یەکێتییەکی عەرەب، کە کوردستانی بەخۆیەوە لکاندووە. هەر بۆ زانینیش بەهەر هۆیەکەوە نارەزایی دەربڕێ و هەرچەندەی هەوڵیش بدا وێنەکەی جوان بکا، دواجار تەنیا دەچێتە خانەی ململانێی نێوان بەکر سدقی و مەیلە کوردییەکەی و سەرکردایەتیکردنی ئەو دەستەیەی کە بانگەشەی عێراق بۆ عێراقییەکان و هەرێمایەتیبوونی دەکرد، ئەمە لەلایەک، لەلایەکیتریشەوە ململانێی لەگەڵ گیانی عەرەبایەتی و یەکێتیی عێراق کە دەستەی چوارینەی زێڕین لەگەڵ هەندێ ئەفسەری کورد بانگەشەیان بۆ دەکرد. چوارینەی زێڕینیش ئەمانەن: سەلاحەدین ئەلسەبباغ، فەهمی سەعید، کامیل شەبیب و مەحمود سەلمان. هەر کۆبوونەوەیەکیان (بەئاشکرا یان نهێنی بێ) بۆ

راوێژكردنە لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەكانی نەتەوەی عەرەب و یەكێتییەكەی و وەلانانی ئەو توخمانەی كە داوای هەرێمایەتیبوون دەكەن. ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە كە عەزیز یامولكی هاوسۆزی ئامانجەكانیان و مەیلی نەتەوەییان و نەخشەكەشیان، بۆ كوشتنی بەكر سدقی، بووە؟ پاشان بۆچی دژایەتیكردنی بەكر سدقی و دوژمنایەتیكردنی بۆتە پێوەری گیانی عەرەبایەتی لەعێراق؟ وەلامەكە روون و بەردەستە بۆ هەر یەكێك، كە بەویژدانەوە، بەدوایدا بگەڕێ لەنێو ئەوەی قەڵەمەكان نووسیویانە، جا بەقینەوە بێ، یان هەندێكیان نەبێ كە دەگمەنن و بێلایەنانە نووسیویانە. سەرەڕای ئەو پێوەندییەی نێوان یامولكی و ئەفسەرانی چوارینەی زێڕین، كەچی ئەلسەبباغ دوودڵ نەبووە لەوەی هەستی راستەقینەی خۆی لەبیرەوەرییەكانیدا لەسەری ئاشكرا بكات، كاتێ دەڵێ كورد رقیان لە یامولكییە، چونكە باری نییە.

دكتۆر لەستایشی عەزیز یامولكی و محەمەد خورشیددا دەڵێ یەكەمیان چەند وتارێكی لەبارەی مێژووی كوردەوە نووسیوە، بێئەوەی پتری لەبارەوە بڵێ. لەبارەی دووەمیشەوە دەڵێ وا ناسراوە كە هاوسۆزبووە لەگەڵ خەباتی رزگاریخوازیی گەلەكەی، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەك بۆ تێڕوانینەكەی پێشكەش بكات. ئەوەی سەیریشە ئەو گەواهیدانە پاش ئەوەیە، كە بەخوێنەریان دەناسێنێ لەهەمان ئەو لاپەڕەیەدا كە لەبارەیانەوە دەڵێ: " دوو لەئەفسەرانی ناسراوی كورد رۆڵی كارایان بینی لە رێكخستنی پڕۆسەی كوشتنەكە، كە ئەوانیش عەبدولعەزیز یامولكی و محەمەد خورشیدبوون و لەدیارترین ئەندامانی كۆمەڵەی نهێنیی - ئەستێرەی ئاگر - بوون كە لەماڵی یامولكیدا دروستبوو و چوار ئەفسەری دیكەی لەخۆ دەگرت كە كۆكبوون لەسەر پێویستیی لەناوبردنی فەرمانڕەوایی دكتاتۆرییانەی بەكر سدقی، موقەددەم عەزیز یامولكی ئەركی ئەفسەری پێوەندیی

کۆمەڵەکەی رادەپەڕاند و هەر ئەویش باوەڕی بەمحەمەد ئەمین ئەلعومەری فەرماندەی ناوچەی موسڵ هێنا کە بچێتەپاڵیان. هەرچیی سەرۆک محەمەد خورشیدە، ئەوە خۆی سەرپەرشتی پڕۆسەی کوشتنی بەکر سدقی بووە"[7].

با ئەو دوو دەقە بخوێنینەوە لەگەڵ ئەو ناوانەی تێیدا هاتوون، پاشان بڕیاربدەین لەسەر پێگەی نەتەوەیی و سیاسیی یامولکی، بەپێی روانگەکەی دکتۆر و بەڵگەهێنانەوەکانی " سیاسەتی مەدفەعی بووەهۆی دابەشبوونی دەستەبەندیی سەربازی بۆ دوو پۆل: یەکەمیان، کە پێکهاتبوو لەئەفسەران و بەرپرسانی جوڵەی لەناوبردنی بەکر سدقی و دەستیان بەسەر سوپادا گرتبوو، سەرکردەکانی ئەم پۆلەش بریتیبوون لە: سەلاحەدین ئەلسەبباغ، مەحمود سەلمان، فەهمی سەعید، کامیل شبیب و عەزیز یامولکی. پاشان ئەمین ئەلعومەری و حسێن فەوزی چوونەپاڵیان و بوون بە حەوت ئەفسەر. پۆلەکەی دووەم، ئەوانیش دوژمنی بەکر سدقی بوون، بەڵام لەگەڵ حەوت ئەفسەرەکەدا نەدەگونجان"[8]. ئەلسەبباغ لەبارەی وازهێنانی وەزارەتەکەی نوری سەعید لەسەرەتای ١٩٤٠ ئەمەی خوارەوە دەڵێ: " لەهەژدەی شوباتی ١٩٤٠دا حسێن فەوزی لەماڵەکەی خۆیدا من و ئەمین ئەلعومەری و ئیسماعیل نامیق و عەزیز یامولکی و فەهمی سەعید و کامیل شەبیب و مەحمود سەلمان کۆیکردینەوەو رێکەوتین لەسەر ئەوەی دەنگمان ئازاد بێ و لەبن کاریگەریی پۆست و پلەدا نەبێ، وەک لەڕێسای سەربازیدا وایە، ئیدی رای زۆرینەی ئەمانە، بوو بە رای سوپا".

---

– د. کەمال مازهەر ئەحمەد– سەرچاوەی پێشوو، لا ٧١٢٨

٨ – د. فاضل البراک – دور الجیش العراقي فی حکومة الدفاع الوطني والحرب مع بریطانیا، ١٩٤١، لا ١٤٤.

ئـەو پرسـیارەی کـە لێـرەدا خـۆی دەسـەپێنێ و نـاکرێ پشـتگوێ بخـرێ ئەوەیـە: ئایـا ئەفسـەرێک کـە دەسـتەی چوارینـەی زێـڕین وەریگرتـووەو لەکۆبوونەوەکانیشـی ئامـادە دەبێـت، دەتـوانێ جگـە لـە گیـانی عەرەبایـەتی و عـەرەب بـۆ شـتێکیدیکە کـار بکـات؟ ئایـا عـەزیز یـامولّکی، یـان یەکێکیدیکـەی کـورد دەتـوانێ بانگەشـەی کوردبـوونی بکات و لەگەڵ توخمەکانی ئەم دەستەیەش کاربکات؟ وەڵامەکەش هەر یەک وەڵامە بۆ هەر کەسێک کە راستیی مەیلی نەتەوەیی توندڕەوانەی ئەمانە بزانێت. جا ئەو دەستەیە سەرەڕای ئاراستە نەتەوەییەکەیان کە ئامانجەکـەی بنیاتنـانی قەوارەیـەکی عەرەبییـە، کـە باشـووری کوردسـتانیش دەگرێتـەوە، ئـەوا نـاتوانێ لـەریزەکانی خۆیـدا، جگـە لەوانـەی هـەمان ئامـانج و مەبەسـتیان هەیـە، کەسـیتر وەربگرێـت. سەیرەکە لەوەدایە دکتۆر ئەم راستییە باش دەزانێ، دەشزانێ ئەگەر کوردێک وەربگرێت، لەسەریەتی کار بۆ ئامانجە ستراتیجییەکانی بکات و هەر ئاراستەیەکی کوردانە، نەک هـەر رەتبکاتـەوە، بـەڵکو بەگژیشیدا بچێتەوە. خوێنەری ئازیز ئایا دەزانیت ئامانجـەکانی کۆمەڵـەی نهێنیی ئەستێرە، کە دەستەی ئەفسەرانی نەتەوەیی پێکیانهێنا، ئەوەیە کە ئەو دەسـتەیە لـەناو ببـەن کـە داوای هەرێمایـەتی و سـەرکوتکردنی ئـەو بۆچوونانەیان دەکرد کە داوای مافی کورد دەکەن؟ ئایا دەزانی دکتۆر ـ رەنگـە بەئەنقەسـت ـ نـاوی نـەهێنابن، چونکـە سـیمبولی عروبـە و ئاراستەی توندڕەوی نەتەوەیی بوون، کە لەلایەن زۆرینـەی دەوڵـەتانی عەرەبـەوە پشـتیوانییان لێـدەکرا، لـەپێناوی یەکخسـتنی عێـراق، وەک یەکـەمین هـەنگاو بـەرەو یـەکێتیی عـەرەب و بـەکر سـدقیش کۆسـپێکە لەبەردەم ئەم ئاراستەیەدا و دەبێ لـەناوببرێت؟ دەشـکرێ لەسـەر ئـەم راستییانە هەڵوەستە بکـەین، لەڕێگـەی گـەلێ سـەرچاوەو توێژینـەوەی مێژووییـەوە، لەوانـە بیرەوەرییـەکانی ئەلسـەبباغ ـ رواد العروبة ـ کـە خەیروڵلا تولفاح پێشەکیی بۆ نووسیوە. هـەر ئـەویش (بـۆ رێزلێنـان لـە

ڕۆڵـی نەتـەوەییان) و وەک وەفایـەک بـۆ قوربانیدانـەکانیان، ئێسـک و پڕوسکیانی، بەشێوەیەکی شایستە بەخۆیان، گواستەوە بۆ گۆڕستانی شەهیدان لە ئوملتبول.

مـەحمود شـبیب لـەبارەی ژیـانی مـەحمود سـەلمان و هەڵوێسـتی بەرهەڵسـتکەرانەی دژ بـە کودەتاکـە، بـەدەق دەڵـێ: " بــەم شـێوەیە مـەحمود سـەلمان و براکـانی، خۆیـان لەبـەردەم هەڵوێستێکدا بینییـەوە کـە بەخەیاڵیانـدا نـەدەهات. هاوکـاریکردنی کودەتاکـەو سـەرکردەکەی مـەحاڵبوو لەبـەر دووریـی بیـر و هەڵوێستیان، بـەرەنگاربوونەوەشـیان کـەمتر نییـە لـە مـەحاڵ، بۆیـە هیچیـان لەبەردەمـدا نـەبوو، جگـە لـە ملکەچکردن بۆ واقیعەکە و چاوەڕێکردنی چارەنووس، کـە داخـۆ چیـی پێیە. کەچی ئەنجامەکەی حەتمی بـوو، ئـەوەبوو هاوکـاریی ئەفسـەرانی نەتـەوەیی، کـە هەنـدێک کوردیشـیان لەگەڵـدابوو و هەسـتیان دەکـرد یەکپارچـەیی نیشـتمان لەمەترسـیدایە، بـووە هـۆی لـەناوبردنی ژیـانی بـەکر سـدقی لەموسـڵ، بەمـەش دیمـەنێکی مێـژووی سیاسـیی عێـراق کۆتـایی هـات و دیمەنێکیدیکـە دەسـتیپێکرد."[٩]. (ئەفسـەرەکان بـە پێـی پاشـخانی نەتـەوەیی و سیاسـییان بـوون بـە دوو بەشـەوە: هەرێمچییـەکان، کـە نکوڵییـان لـە یـەکبوونی ئوممـەی عـەرەبی دەکـردو پێیان وابـوو هێنـدەی ژمـارەی وڵاتـانی عـەرەب، گـەلانی عـەرەب هـەن، لەگەڵ نەتەوەچییەکان کـە بەلایانـەوە عـەرەب یـەک نەتـەوەیە، گـەرچی چەندین وڵاتی جیاوازیشیان هەیە).

وەک دەربڕینێـک بـۆ نائومێـدی و خۆبەدەسـتەوەدان، دەڵـێ ملکەچکردن بۆ واقیعەکە چارەنووسێکی حەتمیبوو، بەڵام لەگەڵ خۆیـدا دەکەوێتـە ناکۆکییـەوە، کـاتێ جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە ئەنجامەکە حەتمیبوو و ستایشـی هاوکـاریی ئەفسـەری عـەرەب لەگـەڵ ئەفسەری کورد دەکات، بۆ کوشتنی ئەو کەسەی، کە لـەڕووی فیکـر و

٩- محمود شبيب – طريق المجد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩ .

هەڵوێســـتەوە لێیـــان دووركەوتۆتـــەوە. ئـــەم بڕگەیـــە خـــۆی ســەرباریکیدیکەیەو جـەخت دەكاتـەوە لەسـەر ئـەوەی، بـەكر سـدقی نەتەوەكـەی خـۆی، كـە كـوردە، خۆشویسـتووەو تـا ئـەو رادەیـەی هەڕەشە بێت بۆ سـەر یـەكێتیی نیشتمان، بەجیاكردنـەوەی كوردستان لەهـەردوو ویلایـەتی بەغـدا و بەسـرە، ئەمـە لەلایـەك، لەلایـەكیترەوە جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەوەی، ئەو ئەفسەرە كوردانەی هاوكاربوون لەگـەڵ نەتەوەییـەكان، ئەوانـەن كـە لەگـەڵ پێوەلكـانی كوردسـتانن بەدەوڵەتی عێراقی عەرەبییەوە، كە بەپێویست، واتا دەورەدانی گەلی كـورد لـەنێو سـنوورەكەیدا. راستییەكەشـی، نەخشـەی كوشـتنی بـەكر سدقی، بەو ئاسانییە سەرینەدەگرت، ئەگەر ئەو دوو ئەفسـەرە كوردە، بـەو جۆشـەوە، بەشـدارییان نەكردبایـە. دەبـێ ناسـنامەی كوردبـوونی خۆیان بـەكارهێنابێ بۆ بەدەستهێنانی متمانـەی بـەكر، كە بیری لـەوە نەكردۆتـەوە ئەفســەرێكی كـورد دەگگـەی لێـدەدا، بـەڵام چـارەنووس ئـەوەبوو كە كوردێک بیكوژێ، كەچی ئەفسـەرێكی عـەرەب (محەمـەد عـەلی جـەواد) هەوڵـدەدا بیپارێزێ و تـا ئاسـتی شـەهیدبوون بـەرگریی لێبكا.

دكتـۆر وایلێكدەداتـەوە كـە ئـەو گیانـە كوردایەتییـەی دراوەتـە پـاڵ بـــەكر ســـدقی، بـــەو مەبەســـتەبووە كـــە هێـــزە جیاوازەكـــان لەدژیـــدا كۆبكەنەوە تا لەدەسەڵاتی بخەن. لەمـەش دوورتـر دەڕوا و وایدادەنێ، كە سەرتاپای پڕۆسەكە، تەنیا دەچێتـە چوارچێوەی ململانێ لـەپێناوی دەســـەڵاتدا، كـــە ئەمـــەش بەسەرماندادەســـەپێنێ، بپرســـین: ئەگـــەر مەسـەلەكە وابـێ، ئـەدی حكومەتـە عەرەبییەكانیدیكـە هـەقیـان چییـەو بۆچی لەپیاوی كودەتاكە، بەكر سدقی، دەترسن؟ ، ئایا هـەر بـۆ نمونـە، نیگەرانیی حكومەتی میسریش لـەپێناوی دەسـەڵاتدابووە؟ ئایا دەیـەوێ لەعێراق دەسەڵات بگرێتەدەست؟ كەواتە بۆچی گۆڤاری ـ اللطائف ـ ی میسـری، كـە گوزارشـت لەسیاسـەتێكی نەتـەوەیی دەكـا، دەڵـێ كابینـە

وەزارییەکــەی ئێســتا (وەزارەتــی کودەتــا) باشــترینی ئــەو کابینــە وەزارییانەیە کە لەعێراق پێکهاتوون، چونکە هیچ کوردێکی تێدا نییە؟ مەبەستەکەش لێرەدا کورد و بەکر سدقییە، نەک دەسەڵاتی ئەو حزب یان ئەم گروپ. ئەلسەبباغیش لەبیرەوەرییەکانیدا جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە دەڵێ: " کاتێ لەسەردەمی بەکر سدقیدا، حکومەتی حیکمەت سلێمان دامەزرا، هەموو حکومەتەکانی عەرەب هانیانداین بۆ رووخاندنی". لەبارەی شەهیدبوونی بەکریش دەڵێ: " سوپا بۆ پاراستنی عەرەبایەتیی عێراق، کوشتی".

بەڵێ کوشتنی بەکر سدقی بەهۆی ئاراستە نەتەوەییەکەی بووە، نەک لەپێناوی دەسەڵاتدا، وەک دکتۆر دەڵێ، چونکە ئەو لەبنەڕەتدا دەسەڵاتی رەتکردەوە، وەک لەبڕگەکانی دواتردا روونیدەکەینەوە.

چۆن و بەپێی چی لێکبدەینەوە کە قەڵەمەکانی دژ بەسیاسەتی بەکر سدقی لەماوەی حکومەتی چاکسازیدا کتێبێکی سیاسی دەردەکەن بەناوی (أيام النكبة) و نووسەرەکەی ئەو ماوەیە بەنەهامەتی وەسف دەکات، (تالیب موشتاق لەسەردەمی کودەتاکەدا، کە خۆی لە دەرەوەی عێراق، لە لوبنان، بووە نووسیویەتی، بێ ئەوەی ناوی خۆی بخاتە سەر، تەنانەت ناوی ئەو کەسانەشی نەنووسیوە، کە لە دەقەکەدا باسیان دەکات، بەڵکو لەبری ناوەکان چەند خاڵێکی ریز کردووە)، سەرەڕای نیشتمانپەروەریی بەکر کە تەنانەت هەندێ لە ناحەزەکانیشی دانییپێدادەنێن. ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەو قەڵەمانە راستیی تەواویان پێکاوە، کاتێ کە بەکر سدقی بەمایەی نەهامەتی دادەنێن لەبەردەم خاوەنانی ئاراستەی توندڕەوی رەگەزپەرستی؟ چونکە سەرۆکایەتیی ئەرکانی سوپای عێراق، لەلایەن ئەفسەرێکی بەتواناوە، کە هەموان داندەنێن بەلێهاتوویی و توانا سەربازییە باڵاکانی، ناکرێ جگە لە مایەی نەهامەتی شتێکیتر بێ بۆ

ئەوانەی راهاتوون لەسەر رەتکردنەوەی بەرانبەر، بەرانبەریش لێرەدا، بێگومان، هەر کوردە.

دکتۆر سوکایەتی بەوە دەکا کە سەرکردەی عەرەب عەبدولفەتاح ئەبولنەسر ئەلیافی لە کتێبەکەیدا ـ العراق بین انقلابین ـ گوتویەتی کە بەکر سدقی فەرمانبەرانی عەرەبی دەرباری پاشای گۆڕیون بە کورد، ئیدی دەڵێ ئەو رۆژگارە هیچ کەسێکی کورد پایەی نەبووە لەنێو دەرباری پاشا، جگەلە ئەفسەر فوئاد عارف و بەکریش هیچ رۆڵێکی لەدەستنیشانکردنی بۆ ئەو ئەرکەدا نەبووە.

ئەوەی دکتۆر باسی دەکا بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی مەبەستیەتی و نزیکیشمان ناکاتەوە لەو ئەنجامەی دەیەوێ، چونکە ئەوەی لەدەرباری پاشادا کاربکات، بەپێویست، مانای ئەوە نییە دەتوانێ خزمەتی کێشەی کورد بکات، بەڵکو کارکردن تێیدا، بەپێی چەند فەرمانێکی میکانیکیی وشک بووە، کە رێگربووە لە هەر جوڵەیەک، تەنیا ئەوە نەبێ کە لەبەرژەوەندیی دەوروبەری دەرباردا بوبێت. سەرلەبەری بیانووەکەش، نە شتێ زیاد و نەکەم دەکا لەراستیی نەتەوەپەروەریی بەکر سدقی، لەکاتێکدا باشتربوو دکتۆر ئاماژەی بکردایە بەوەی سەلاحەدین ئەلسەبباغ باسی کردووە، لەبارەی سیاسەتی بەکر لەسوپادا لەماوەی کودەتاکەدا و ئەو کردەوانەی کردوونی بۆ دوارۆژی نەتەوەکەی، کە دەڵێ: " ٩٠٪ ی ئەو سەرکردانەی جڵەوی سوپایان بەدەستەوەبوو تا کۆتایی ساڵی ١٩٣٧ عەرەب نەبوون (مەبەستی تەنیا لە کوردە، بەکر لە مانگی هەشتی هەمان ساڵدا شەهید کرا). هەر بۆ زانینیش رێژەی ئەو هاووڵاتییانەی عەرەب نین لە کۆی دانیشتوانی عێراق ١٠٪ پتر نییە، ئەم رێژە زۆرە ناهەقەش بەردەوام لەپتربووندابوو تا خودا دەسەڵاتیدا بە من و بە براکانم و توانیمان جڵەوی سوپا بگرینەدەست، ئیدی رێژەکە بەدادپەروەرانە دیاریکراو بابەتەکە، بەراشکاوی، چارەسەرکراو ئیدی هەموو

عـەرەبێک دڵخـۆش بـوو بـە کردەوەکـەم و پـەیمانگا سـەربازییەکان پڕبـوون لـە خوێنـدکاری عـەرەب و لاوانـی دەروون پـڕ لـە عروبـەی نەفرەتکەر لە هەرێمایەتیی تەسک و جێگەی ئەو دەستە بەکرێگیراوە ناحەزەیان گرتەوە، کە نایەوێ عێراق عەرەبی بێت، (هەرێمچێتی کە لە وشەی هەرێم وەرگیراوە، وەک رێبازێک ئاماژەیە بۆ ئەو بزووتنەوە سیاسییانەی کاردەکەن بۆ هەستکردنی کەسەکان بە ناوچەگەرێتی و داواکردنی ئۆتۆنۆمی یان جیابوونەوە لە دەوڵەتێکی گەورەتر، ئەوەش بـە ئامـانجی سیاسـی یـان ئـابووری یـان کولتـوریی یـان هـەموویان پێکەوە) ئەوەبوو عروبە لە بەشەکانی سوپادا بووژایەوەو کاریگەریی باشـی کـردە سـەر دامـەزراوەکانی حکومـەت و فەرمانگـە و پـەیمانگا زانسـتییەکانیش. لاوانـی عـەرەب لەفەلەسـتین و سـوریا و یەمـەن و سعودیەش بەم دەستپێشـخەرییە ئاسـودەبوون و عێراق لـە ١٩٣٧ەوە تا ساڵی ١٩٤١ کە بەجێمانهێشت، بەرووخسار و ناوەڕۆک، بەعـەرەبی ژیا"[١٠].

لێـرەدا دەبـێ بپرسـین: تـۆ بڵێـی ئـەو دەسـتە ناحـەزە کێـبن کـە ئەلسـەبباغ مەبەسـتیەتی؟ ئـەو دەسـتەیەی کـە نایـەوێ عێـراق عـەرەبی بێت؟ ئایا ئەمە بەڵگە نییە بۆ راستیی بـەکر کـە شـۆڤینیزم هەلهەلـەیان بـۆ کوشـتنی لێـدا؟ ئایـا بەڵگەیـەکی بێچەنـدوچوون نییـە لەسـەر هەوڵـەکانی بـۆ سـازکردنی زەمینەیـەکی پتـەو، تـا کـورد بـۆ دەستەبەرکردنی دوارۆژیان، لەسەری بوەستن؟ یان ئێمە ئەمـە بـەدرۆ دەخەینەوەو ئەویتر بەڕاست دەزانین، بەپێی میزاج و روانگەی خودی خۆمـان و بەپێچەوانـەی واقیعەکـەوەو بـەبێ ئـەوەی گـوێ بـەئەنجامـە خراپەکانیشی بدەین؟

بـا ئـەم برگەیـە بخوێنینـەوەو لێبـڕابمێنین و ئـەنجامگیری بکـەین: " ئەنجومـەنی وەزیـران لـەرۆژی ١٩٣٦/١١/٢٦ بڕیاریـدا بـەڕێز تۆفیـق

---

١٠ – سەلاحەدین ئەلسەبباغ– سەرچاوەی پێشوو، لا ٩١،٩٢.

وەهبی بکا بە بەڕێوەبەری کاروبار، کە ئەفسەرە لەسوپاو ناودارە بە مەیلی کوردانەی، خودی مەیلی کوردانەش تاوانێک نییە ئەگەر یەکێک لەو تاوانانەی لەگەڵ نەبێ کە لەقانوندا بەدەق هاتوون، بەلاّم کە موتەسەڕیفی سلێمانی بوو، خێڵە کوردەکانی هاندەدا بۆ یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەو هەستی نەتەوەیی تێدا دەبزواندن بەشێوەیەک کە هەڕەشە لە یەکپارچەیی عێراق بکات، بۆیە دامەزراندنی لەسلێمانی، لەسەردەمی وەزارەتەکەی حیکمەت سلیمان، بووە مایەی ناڕەزایی لەنێو رای گشتیی عێراق، بەلاّم کێ دلێرەو دەوێرێ دەمی بکاتەوە ـ دەمم ئاوی تێدایەو ئەوەی دەمی ئاوی تێدابێ ئایا دەتوانێ دەمی بکاتەوە؟[11] ـ". هەر ئەم هەڵوێستە خۆی رەوانترین دانپێدانان و روونترین بەڵگەی زاڵبوونی هەستی نەتەوەیی توندڕەوە، لەنێو دیمەنی سیاسیی عێراقدا، لەماوەی کودەتاکەدا، سەرەڕای ویستی کورد کە بەپێی توانا هەوڵی بەرتەسککردنەوەیدا بەڕێگای ئیداری و قانونی. بەلاّم رای گشتیی عێراق، تۆفیق وەهبی، وەک بەڕێوەبەری کاروبار رەتدەکاتەوە، نەک لەبەر کەموکوڕی لەتوانا و لێهاتووییەکەی، بەڵکو لەبەر ناسنامەکەی و هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، ئەگەرچی سنووردابوو لەچاو ئاواتەکانی بەکر و ئامانجە سیاسییەکانی.

دکتۆر لەسەری دەڕواو دەڵێ: " بەکر سدقی دوورترین ئەفسەری کوردبوو لەبزووتنەوەی کورد، کەچی بەجۆشەوە لەنێو ریزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب دژبە فەرمانڕەوایی عوسمانی کاری دەکرد و یەکێک بوو لەو ژمارە کەمەی وێرایان بروسکەی لایەنگیری لەبەغداوە بۆ یەکەمین کۆنگرەی عەرەب بنێرن".

ئێمە متمانەمان هەیە، کە دکتۆر ئاگای لەو دۆخەیە، کە هەلومەرجی ئەو قۆناغە سەپاندبووی، دەشزانێ زۆرینەی ئەفسەرانی

- ایام النكبة – سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٢. ١١

کورد، کە سوپای عوسمانییان بەجێهێشت، بەسەرکردایەتیی شازادە حوسێن پێوەندییان بەسوپای عەرەب و پاشان سوپای عێراقەوە کرد پاش دروستبوونی و ئەوەی دکتۆر باسی کردووە راستە، بەس بۆ مەبەستێکی خراپ بەکاریدێنێ. دۆخی بەکر و هەڵوێستی لەمەسەلەکە، لەو هەلومەرجەدا، هەمان دۆخ و هەڵوێستی تۆفیق وەهبی و محەمەد ئەمین زەکی و جەلال بابان و زۆر ئەفسەریدیکەی کوردە، کە هاوسۆزبوون لەگەڵ نەتەوەکەیاندا، بگرە جەلال بابان، کە ناسراوە بەهەڵوێستە شەڕەفمەندانەکانی بەرانبەر بەگەلەکەی، کە کوردە و مشتومڕە گەرمەکانی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بۆ داکۆکیلێکردنیان، کە لاوبووە بۆ مەسەلەی عەرەب کاریکردووە لەنێو ریزەکانی کۆمەڵەی نهێنیی عەهد و لەدامەزراندنی پارتی (حرس الاستقلال)یشدا بەشداربووە[١٢]، پاشان لایەنگیریکردن لە کۆنگرەیەکی عەرەب هەڵوێستێکی شەڕەفمەندانەیە بەلای کوردەوە، نەک بەپێچەوانەوە، بەکریش هیچ رۆژێک دژی ئاواتەکانی نەتەوەی عەرەب نەوەستاوەتەوە، مادام ئەو ئاواتانە لەسەر حسێبی کورد و مافەکانیان نەبووبێ، هەر سەرکردەیەکی کوردی بەئاگاش لەپێگەی بەکردابێ هەر وەک ئەو سیاسەتێکی عەقڵانیی دانایانەی پێڕەو دەکرد. لەکاتێکدا دکتۆر ناردنی بروسکە بۆ کۆنگرە بە بوێری دادەنێ، کەچی پێیوانییە هاوکاریکردن لەگەڵ شۆڤینیزمی عەرەب، بۆ کوشتنی بەکر، بەزاندنی سنوری بوێری بێت، بگرە بە شکۆمەندیشی دادەنێ.

لەبارەی ئەو کۆنگرەیەی لەپاریس گیرا لە ١٨ـ١٩١٣/٦/٢٤ مەحمود شبیب بەپێچەوانەی دکتۆرەوە، قسە دەکاو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەندامانی کۆنگرە خوازیاری هاوبەشییەک بوون کە هەندێ مافی ئیدارییان بۆ دابین بکا و دژی فەرمانڕەوایی عوسمانیش

١٢ – ئەحمەد محەمەد ئەمین قادر- هەڵوێستی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە کێشەی کورد، لا ١٠٢.

نەبوون، هەر وەک لەم بڕگەیەدا هاتووە: " .. کە ساڵی ١٩١٣ کۆنگرەی عەرەب لەپاریس بەسترا، بیرۆکەی جیابوونەوە لەدەوڵەتی عوسمانی بەخەیاڵی ئەندامانی کۆنگرەدا نەهات، بەڵکو بەپێچەوانەوە، وتەی ئەندامانی کۆنگرە هەمووی لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی ئیمپراتۆرییەت بوو، بەو مەرجەی عەرەب لەبەڕێوەبردنی وڵاتەکانی خۆیاندا هاوبەش بن لەچوارچێوەی شێوەیەکی ئیداریی نامەرکەزی، ڕێکخراوەکانی عەرەبیش بەتەمای جیابوونەوە لەئیمپراتۆرییەت نەبوون، لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان پابەندبوونی عەرەب بەخیلافەتی ئیسلامی و پێوەندییان بەدەوڵەتی عوسمانییەوە، دووەمیش ترسیان لەهاتنەناوەوەی دەسەڵاتی بێگانە"[١٣].

کەواتە بەپێچەوانەی ئەوەی دکتۆر بۆیچووە، عەرەب لەو ماوەیەدا دژی فەرمانڕەوایی عوسمانی نەبوون، ئیدی بۆچی وایدانەنێین کە بەکریش بەهەمان شێوە بیریدەکردەوەو نەخشەی دەکێشا و خوازیاری نامەرکەزی بوو بۆ کورد، بەتایبەت ئەگەر خواستەکانی عەرەب لە فەمانڕەوایی و ئیدارە، بێنەدی؟

با ئەمەی خوارەوە بخوێنینەوەو پاشان بڕیار لەسەر روانگەی دکتۆر بدەین و بەراوردێکی بکەین لەگەڵ تێزەکانی ناحەز و دوژمنەکانی بەکر: " پاش ئەوەی بەکر ساڵی ١٩٣٦ کودەتای کرد و سەرکەوتوو بوو لەڕووخاندنی حکومەتەکەی یاسین ئەلهاشمی، کە چاوپۆشیی کرد لە چالاکیی ئەفسەرانی نەتەوەیی، کە خۆبەخش و چەک و زەخیرەی شەڕیان بۆ شۆڕشگێڕان لە فەلەستین دەنارد، تووڕەیی دەستەی نەتەوەیی پتربوو، بەتایبەت سەرۆکی ئەرکانی سوپا تەها ئەلهاشمی و هەر چوار عەقیدەکە، سەرەڕای دۆستە نەتەوەییەکانیان، لەوانە مولازم خەیری خورشید و مولازم حمود ئەلسەعدون و مولازم مەحمود ئەلدوڕە و ئەفسەریتریش.

---

١٣- محمود شبیب – سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٠.

لەلایەکیدیکەشەوە کودەتا بەجۆشێکی ئاشکراوە لەلایەن ئەفسەرانی کوردەوە پەسەند کرا، ئەوەبوو ئەفسەرێکی کورد، کە ئامر لیوابوو، وتەیەکی پێشکەش بەئەفسەران و سەربازانی کرد، کە تیایدا هاتووە: (ئێستا فەرمانڕەوایی عەرەب کۆتاییهات). خەریکبوو ئەو وتەیەی دابەشبوونێکی ترسناک لەنێو سوپادا دروست بکات، ئەگەر زوو فەریق بەکر سدقی، بەپشتبەستن بە دۆستی خۆی عەبدوللەتیف نوری فریا نەکەوتبایە، کە وەک پەردەپۆشکردنێک بەوەرگرتنی وەزارەتی بەرگری خەڵەتاندبووی"[١٤].

دکتۆر لەهەمان چێوەدا لەسەری دەڕواو دەڵێ بەکر لەهەموو بۆنەیەکدا هەوڵیداوە لەبەرگێکی عەرەبیدا کە باوەڕی بە مەسەلەی عەرەب هەیە، خۆی پیشان بدا. نمونە بەنامەیەک دێنێتەوە کە پاش کودەتاکە بۆ ئەدیب و سیاسەتمەداری ناسراو یوسف ئیبراهیم یەزبکی نووسیوە، کە تیایدا داوای لێدەکا جیهاد بکا لەپێناوی نیشتمانی عەرەب و دواڕۆژی. نامەکەش یەزبک لە رۆژنامەی سەوت ئەلئەحرار (صوت الاحرار)ی بەیروتیدا بڵاویکردۆتەوە.

لێرەدا دکتۆر بەو روانگەیەی، بەسەرماندا دەسەپێنێ، کە هەمان ئەو پرسیارەی پێشتر کردمان دووبارەی بکەینەوەو بڵێین: ئەگەر بەکر سدقی بۆ مەسەلەکانی عەرەب بەپەرۆش بووبێت و تا ئەو رادەیە بایەخی پێدابن، ئەدی بۆچی نەتەوەییەکانی عەرەب دەیکوژن؟ ئایا لایەنگیریکردنی لە مەسەلەی فەلەستین و مەسەلە رەواکانی عەرەب، بەڵگەن لەسەر ئەوەی کە ئەوەی مێژوونووسان گووتوویانەو نووسیویانە لەبارەی مەیلی نەتەوەییانەی و ئاواتی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، درۆیە؟ پاشان چۆن دژی ئاواتەکانی نەتەوەی عەرەب بوەستێتەوە، کە ئەو لەهەمان کاتدا، داوای مافەکانی نەتەوەی

---

١٤- البراک – دور الجیش العراقي، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥٤. یان محمود الدرة – الحرب العراقیة البریطانیة، لا ٧٢.

کورد دەکات؟ هەر بۆ زانینیش یوسف ئیبراهیم یەزبک، لەبەر پایەی سیاسی و رۆشنبیریی، هەلی بۆ رەخساوە پێوەندی بەسەرکردەکانی عەرەبەوە بکات، لەپێشەوەیان مەلیک غازی و هەروەها لەنزیکیشەوە لەواقیعی عێراقی کۆڵیوەتەوەو لەبەرهەمەکەیدا (المحررون) لەبارەی کودەتاکەو سەرکردەکەیەوە نووسیویەتی و داوای وەلانانی توندوتیژی و نەڕووشاندنی شکۆی پیاوەکانی حکومەتی پێش کودەتای کردووە. ئەگەر یەزبک ستایشی پیاوەکانی کودەتا دەکات لەبەر ئەوەیە کە تێڕوانینیان نزیک بووە لەیەک و هاوبەشبوون لەمەیلی چەپایەتی و پشتیوانیکردن لە رەنجدەران و جووتیاران و ئەو سیما عەلمانییەش کە هەیانبووە[15]. پاشان بەدەق دەڵێ: " بەڵام ئەو پارچە چالاکییەی، کە لەنێو ریزی نیشتمانپەروەرانی کورددا هەبووە هیچ نەبووە، جگە لەرەنگدانەوەی ئەو تەوژمە سنووردارەی کە هەموو هێزە دیموکراتییەکانی لەوڵاتدا گرتبوەوە، لەو ماوە زووەی کەوتبووە پاش کودەتاکەوە، کەچی ئەمە تەنیا هەر لەناو توێژی رۆشنبیرانی کوردستاندابوو، کە بەرۆڵی خۆیان کەوتبوونە بن کاریگەریی بیروباوەڕی دیموکراتییانەی گروپی ئەلئەهالی. ئیدی پەرەسەندنێکی چۆنیەتیی گرنگ روویدا لەشێوازی خەباتیداو لەناوەرۆکی دروشمەکانیدا، کە بۆ یەکەمجارو بەشێوەیەکی زانستی دەستیکرد بە جەختکردنەوە لەسەر بنەماکانی هاوکاریی عەرەب - کورد و رێگاکانی دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد، ئەم گۆڕانکارییانەش بەرەنجامی سروشتیی چەند گۆڕانکارییەکی گرنگ بوون، کە پێش دەرکەوتنی بەکر سدقی لەسەر شانۆی سیاسی پەیدابوون و ئەو هیچ دەستی تێیاندا نەبوو[16]" ، واتە ئەو گۆڕانکارییانەی دوای کودەتاکە بەرەنجامی ئەو کودەتایە نەبوون، ئەو

---

- یوسف ابراهیم یزبک – المحررون، لا ١٠٤،١٠٥. ١٥
- دکتۆر کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٥. ١٦

پارچە چالاکییانەش کە لەڕیزی نیشتمانپەروەران و ڕۆشنبیرانی کورد روویاندا لەبن کاریگەریی بیروباوەڕی دیموکراتییانەی ئەلئەهالی بوو. بەڵام ئەم تێڕوانینە بەسەرماندا دەسەپێنێ، کە بپرسین و بڵێین: ئەگەر مەسەلەکە وەک ئەوەبێ کە دکتۆر باسی دەکا، ئیدی ئەوانە بەکێ کاریگەربوون، کە بەبێوچان و لەمەیدانی جیاجیاداو لەدامەزراوەکانی حکومەتداو لەکاتی مشتومڕە پڕ لە سەداکانیاندا لەگەڵ ئەندامان، لەئەنجومەنی نوێنەراندا، لەو کاتەوە کە لەساڵی ١٩٢٤دا ئەنجومەنی دامەزراندن کرایەوە، داکۆکییان لە مافەکانی گەلەکەیان دەکرد؟ لەخەباتی بێپچڕان و شۆڕشەکانیاندا، کە بیست ساڵی خایاند، پێش کودەتاکەی بەکر، بەکێ کاریگەربوون؟ چالاکیی رۆژگاری کودەتاشیان بەهۆی گروپی ئەلئەهالییەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی ئەو کەشە گونجاوەوە بوو کە سیاسەتی بەکر و گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرانبەر، بەشێوازێکی چۆنیەتیی نوێ لەخستنەڕووی راستییە مێژووییەکانی پەیوەست بە گەلی کورد و مافە رەواکانی، رەخساندبووی. پێمانوایە ئەوەی لەو نامە بڵاوکراوەیەدا عەرەب و کورد (العرب و الاکراد)دا هاتووە، کە ئیبراهیم ئەحمەد لەرۆژگاری کودەتادا، بەپشتیوانیی دەستەیەک لاوی کورد نووسیویەتی، گوزارشتێکی راستەقینەیە لە بیری سیاسەتمەداری کورد و گوتاری عەقلانییانەی لە داواکردنی ئەو مافانە. ئەوەی ناوەڕۆکی نامەکە بخوێنێتەوە، دەگاتە ئەو راستییەی، کە دەڵێ کەشی سیاسیی باوی بەغدا، لەماوەی کودەتاکەدا، نائاسایی بوو و بەغدا پێشتر بەخۆیەوە نەیدیبوو. پاشان دکتۆر دەڵێ بەکر خۆشحاڵنەبوو بە چالاکییەکانی توێژی رۆشنبیری کورد لەرۆژگاری کودەتادا، چونکە کەرەستەیەکی دەوڵەمەندی دەخستەبەردەست دوژمنەکانی بۆ بەکارهێنانی لەدژیدا. ئەوەی لێرەدا دکتۆر دەیڵێ دەشێ، چونکە لێرەدا پاساوی ئامانج هۆکارەکەیەتی. بەکر وەک دۆست و دوژمنەکانی جەختی لەسەر

دەکەنـــەوە، وا ناســـراوە کـــە بـــەنهێنی بـــۆ ئامـــانجێکی گـــەورەتر کـاریکردووە، نـەک بکەوێتـە بـن کاریگـەریی چالاکییـەکی سیاسـی، کـە لەتوێژێک یان دەستەیەک تێپەڕ نەکات و پاشان ببێ بەنیشانەیەک، کە دوژمنـــەکانی کـــورد بیقۆزنـــەوە، نـــەک هـــەر لەلایـــەن عێراقییـــە توندڕەوەکانـــەوە، بگـــرە لـــەدەوڵـــەتانی عەرەبیشـــەوە، کـــە تووشـــی دڵـــەڕاوکێ بـــوون بـــەهۆی ئـــەو تەدارەکانـــەی بـــەکر لـــە بـــن چەنـــد ناونیشانێکدا جێبەجێیکردن، کە ئاماژەی روونیان بۆ مافەکانی کورد تێدابوو. لەکاتێکدا دکتۆر رەخنە دەگرێ لە سیاسەتی بەکر بەرانبەر بە مەســەلە گرنگــەکانی عــەرەب، ستایشــی هــەمان سیاســەت دەکــا کــە کوردیتر دەیگرێتەبەر و بە هاوکاریی نێوان هەردوو گەلی عـەرەب و کوردی دادەنێ.

پاشان لۆمـەی بـەکر دەکـا و رەخنـەی لێدەگرێ، چونکـە نـەیتوانیوە سـادەترین مـافی کـورد دەسـتەبەر بکـا، سـەرەڕای ئـەو دەسـەڵاتەی هـەیبووە لـەو کەشـە گونجـاوەدا، کـە گروپـی ئەلئـەهالی فەراهـەمیان کردبوو، نەیتوانی لانی کەمی ئەو مافانە دابین بکا، تەنانـەت ئەوانەشـی کە لەقانون و رێوڕەسمەکانی پێشووی پێش کودەتاشدا هاتبوو، وەک قانونی (زمانە ناوخۆییەکان)[١٧].

ئەو قانونـەی دکتۆر بـە دەسکەوتی دادەنێ، حکومـەتی عێراق بۆ چەنـــدین ئامـــانجی سیاســـی دەریکـــرد، لەکاتێکـــدا کـــورد بەتـــەمای دەوڵەتێکی سەربەخۆبوون کە شایستەیان بێ، بەو پێیـەی نەتەوەیـەکن زمـانی تایبـەتی خۆیـان هەیـە و سـەرژمێریشـیان بـەملیۆنانـە، کـەچی حکومـــەت دەســـتیان دەبەســـتێتەوە بـــەقانونێکی کـــاتیی وەک قـــانونی زمانەکانی ناوخۆیی، کە لەبنەڕەتدا لەبن ناونیشانێکدا هاتووە، کە بۆنی بچوککردنەوەو پەراوێزخستنی لێدێ، سەرەڕای ئەوەش بە یەکێک لـەو دەســـتکەوتانەی دانـــاوە کـــە شایســـتەی ئەوەیـــە پێـــی لـــە کۆمەڵـــەی

١٧- دکتۆر کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٤.

نەتــەوەکان وەربگیرێــت. وشـــەی نــاوخۆیی، جگــە لــەوەی مانـــای پەراوێزخســـتن و بچووککردنـــەوە دەگەیـــەنێ، بۆئـــەوەش بـــوو کـــە نەرمییـــەکی فێڵبازانـــە و خۆدزینـــەوە بـــدا بەبڕگـــەکانی قانونەکـــە بـــە ئامانجی لەناوبردنی، کە کاتی گونجاو هاتەپێشەوە. سەرەڕای ئەوەش، کــە وەک قانونێــک، هیچــی پێشــکەش بــەکــورد نــەکرد، بــەڵکو بــوو بـــەبارگرانی بەســـەریەوەو تـــەوەرێک بـــۆ موزایـــەدەکردنی سیاســـی بەســەریەوە، کــە درێــژەی چەنــد مادەیــەکی پێشــووە کــە بەرووخســار بێــوەی و لەناوەڕۆکیشــدا دڵڕەشــن. وەک جەختکردنەوەیــەکیش بــۆ ئەوەی دەیڵێین، ئەنجومەنی وەزیران داوایەکی ئەنجومەنی شـارەوانیی لیــوای هـــەولێری لـــەدانیشـــتنی رۆژی ١٩٢٨/٤/٢١دا رەتکـــردەوەو جــەختیکردەوە لەســـەر خوێنــدن لەهـــەردوو پــۆلی پێــنج و شەشـــی سەرەتایی بەزمانی کوردی، کەچی رەزامەندبوو لەسەرداوایەکی لەو چەشنەی تورکمان.

رەنگە بۆ خوێنەری بەڕێز، داوای ئەنجومـەنی شـارەوانی و پاشـان رەتکردنـەوەی لەلایـەن ئەنجومـەنی وەزیرانـەوە، دوو دەستپێشـخەریی سەیر بن و مایەی حەپەسان بن، بەڵام حەپەسـانەکە زوو دەرەوێتـەوە کە زانیی، حکومەت نیازیبوو بەشێوازێکی فێڵبازانەو موزایەدەکردنێکی ئاشـکراوە، قوتابییـان بخاتـە گێژاوی دوورخسـتنەوەیان لـە خوێندن و فێربـوون بـەزمانی خۆیـان، ئەمــەش بـەم شـێوەیەبوو: ئەنجومــەنی وەزیـران (بۆ چەند ئامانجێکی سیاسـی) بڕیاریدا کوردی لەهەندێک شـاری کورددا زمـانی خوێندن بێت، ئیدی قوتـابی لەزۆرینـەی کاتدا دەبوایە واز لەخوێندن بێنێت، چونکە خوێندن بـەزمانی کوردی تـەنیا لەو قۆناغەدابوو، واتە قوتابی دەبوو لەناوەندیدا بـەزمانی عـەرەبی، کە نـایزانێ، بخـوێنێ، وەک چارەســەرێک بـۆ ئـەو گرفتـە دروسـتکراوە، بەخێوکەرانی قوتابییان داوایان کرد خوێندن لەهـەردوو پۆلی پێنج و شەشـدا بەعـەرەبی بێت تـا قوتـابی ئامـادە بێت بۆ قۆنـاغی ناوەنـدی، کـــەچی داوای بـــەرزکراویان لەڕێگـــەی وەزارەتـــی نـــاوخۆوە بـــۆ

ئەنجومـەنی وەزیـران بەتـەواوی رەتکرایـەوە، تـا دوارۆژی رۆڵـەکانی کـورد، بەهەڵواسـراوی بمێنێتـەوە، وەک ئـەوەی ئەنجومـەن رووی لـە قوتابییـان و بەخێوکـەرانیان بێ و پێیـان بڵـێ ئەوە خوێندنی کوردییـە ئـەو واقیعـە سـەیرەی بەسـەریاندا سـەپاندووەو باشـتر وایـە دەرگـای قوتابخانــەکانیان دابخــەن. کــەچی ئەنجومــەن رەزامەنــدبوو لەســەر داوایـەکی هاوچەشـن کە چەند لایـەنێکی تورکمـان بـەرزیانکردبوەوەو هـەمان کێشـەیان هـەبوو[١٨]. ئەمەیە ئـەو دەسـتکەوتانەی کە حکومـەتی عێراق، ئەوکات لەبن ناونیشانی زمانەکانی ناوخۆیی، پێشکەش بەگەلی کــوردی کــردو بــەکر ســدقی نــەیتوانی بــەکاریبهێنێ و ســودیان لێوەربگرێت!

دکتـۆر دەڵــێ: " ئاوێتــەبوونی بەپەرۆشــی بــەکر لەگــەڵ گەمــەی ململانێ لەپێناوی دەسەڵاتدا، پتر لەهەموو شتێک، رەنگدانەوەی ئـاواتی خـودی خۆیبـوو و لەواقیعیشـدا بـەکر ئامـادەبوو بـۆ بـەجێهێنانی ئـەو ئاواتە گەورەترین گورز لە بزووتنەوەی کورد و هەر شتێک پێوەنـدیی پێوەی هەبێ بوەشێنێ". کە دکتۆر تـا ئـەو رادەیـەو بێ هـیچ بەڵگەیـەک دڵنیـابێ، جـەختیش بکاتــەوە لەســەر خوێندنەوەیــەک کــە پێچەوانــەی واقیعەکەیــەو لەگــەڵ رووداوەکانیشــدا ناکۆکــە، ئــەوا ئەمــە بــەخراپی رەنگدەداتـەوە لەسـەر راسـتیی هـەموو ئـەوەی لـەبارەی ئـەم بابەتـەوە گوتویەتی، بەتایبەت کە خوێنەر مافی هەیە داوای بەڵگە بکا کە جـەخت بکاتـەوە لەسـەر ئـەوەی بـەکر ئامـادەبووە لـەپێناوی دەسـەڵاتدا گـورز لـەکورد بوەشـێنێ! ئەگـەرچـی بەڵگـەکان ئامـاژە بـۆ پێچەوانـەی ئـەوە دەکـەن کە دکتـۆر دەیڵێ. بـەکر سـدقی، بـەکردەوە، پشتڕاسـتیکردەوەو سـەلماندی، کە گوێی بەدەسـەڵات نـەداوەو بەقـەد مافـەکان و دوارۆژی نەتەوەکـەی پێیـەوە سـەرقاڵ نـەبووە. ئـەوەی بـاڵیۆزی بریتـانی باسـی

١٨- عبدالرزاق الهلالي، تاريخ التعليم في العراق في عهد الانتداب البريطاني، لا ١٣٢، ١٣٣.

دەکا لەو راپۆرتەی کە بەژمارە ٣٧/٤٩/١٠٠/٢٧٤ لە٣ی گەلاوێژی ١٩٣٧ بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەرزکردۆتەوە باشترین بەڵگەی ئەمەیە، کە دەڵێ لە دکتۆر روشدی ئاراس وەزیری دەرەوەی تورکیا، کە لەبەغدا بووە، بیستوویەتی و ئەویش لە مەلیک غازیی بیستووە، کە حیکمەت سلێمان هەوڵیدەدا سەرلەنوێ وەزارەتەکەی دروستبکاتەوە، کە مەلیک بەبەکر سدقیی گوتووە، ئەو ئامادەیە بیکا بە سەرۆک وەزیران، بەس ئەو بەهۆی سەرقاڵبوونی بەسوپاوە رەتیکردۆتەوە؟[19].

هەروەک لەلاپەڕەکانی ناجی شەوکەتدا هاتووە، مەلیک بەکری هاندا سەرۆکایەتیی وەزیران وەربگرێت، کەچی ئەو رەتیکردۆتەوە، بەبیانووی ئەوەی بەسوپاوە سەرقاڵەو بەس[20]. دانپێدانانی زۆری ناحەزان و دوژمنانی بەکر هەیە کە جەختدەکەنەوە لەوەی گوێی بەدەسەلات نەداوە، بگرە ئەو چاودێرانی سەرسامکرد، کە پاش سەرکەوتنی کودەتاکەو زاڵبوونی بەسەر مەیدانی سیاسیدا، هەر بەسەرۆکی ئەرکانی سوپا مایەوە. نازانین چۆن دکتۆر گەیشتە ئەو باوەڕەی، کە پێیوابێ بەکر ئامادەبوو گەورەترین گورز بسرەوێنێ لە بزووتنەوەی کورد لەپێناوی دەسەلاتدا؟ دواتر خاڵ دەخرێتە سەر پیت لەبارەی ئەم روانگەیەوە.

دکتۆر پێیوایە رێکەوتنی سەعد ئاباد کە لەدووتوێیدا مەترسیداربوو بۆ گەلی کورد، بەرەزامەندیی بەکر و هاندانی ئەو کراوە، وەک لەم دەقەدا هاتووە: " پەیمانی سەعد ئاباد بەرەزامەندی و هاندانی بەکر کراوە"[21].

---

١٩- تاریخ الوزارات العراقیة، بەرگی ٤، لا ٣٤٤.

٢٠- أوراق ناجي شوكت، دراسة في تاريخ العراق الحديث والمعاصر، بغداد، ١٩٧٧،لا ٤٦.

٢١- دکتۆر کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٧.

رەنگە چاوپۆشیمان لەو بڕگەیە بکردایە ئەگەر دکتۆر هەر بە وشەی (ڕەزامەندی) وازیبهێنایە، کە زۆر لەبابەتیبوون دووری ناخاتەوە، بەڵام بێ بەڵگە و پاڵپشت بەسەر بەکریدا بسەپێنێ کە هانی ڕێکەوتنەکەیداوە، ئەوا ئەوە ستەمێکە لەو مرۆڤە دەکرێ کە هەلی بەرگری لەخۆکردنی نەماوە. با بەویژدانەوە لەدکتۆر بپرسین: بەکر، چۆن و بەچی هانی بەستنی ڕێکەوتنەکەیدا؟ ڕەزامەندی و هاندان جیاوازن، لەوانەیە هەلومەرجێک بەسەر یەکێکدا بسەپێنێ کە ڕێکەوتنێک بکات و لەسەری ڕەزامەند بێ، کە هەر لەبنەڕەتەوە بڕوای پێی نییە، بەڵام هانی ئەم ڕێکەوتنە بدات، ئەوە مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە، پاشان وتوێژەکانی ئەم ڕێکەوتنە پێش کودەتاکە هەبوون، بگرە شێوەی کۆتایی ڕێکەوتنەکەش لەرۆژگاری حکومەتی جەمیل مەدفەعیدابوو، نەک لەرۆژگاری بەکر سدقیدا، لێرەشدا دەبێ ئاماژە بکرێ بۆ ئەوەی لە (تاریخ الوزارات العراقیة)دا لەبارەی بابەتەکەوە هاتووە تا یەکلاکەرەوەبێ لەنێوان ئەوەی دکتۆر دەیڵێ و ئەوەی بەڵگەنامە فەرمییەکان پێشکەشی دەکەن. ئەوەتا مامۆستا عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی لە(تاریخ الوزارات العراقیة)دا و لەبن ناونیشانی - ڕووداو و هەواڵی جۆراوجۆر - دا ئەمەی خوارەوە باس دەکات: " رای گشتی لە رۆژی ۱۹۳٥/۱۰/۳۰ حەپەسان بەم راگەیاندنە رەسمییەی خوارەوە: لەجنێف ڕێککەوتن کراوە لەسەر بەستنی پەیمانی دەستدرێژینەکردنەسەر یەکتری لەنێوان عێراق و تورکیاو ئێرانداو حکومەتی ئەفغانیش دەچێتەپاڵ ئەم پەیمانەو هەروا ڕێکەوتن کرا لەسەر پەیمانی تەحکیمی نێوان عێراق و ئێران" و پاشان لەسەری دەڕوا: " ئەمە دەقی راگەیاندنەکەیە کە بەپەیمانی سەعد ئاباد ناونراوەو سەرەڕای کورتیەکەی مەترسیدار و گرنگە بۆ کاروباری سیاسیی رۆژهەڵات و لەڕووی ناوەڕۆکەوە پەیمانی

دەستدرێژینەکردنەســەر و یەکلاکردنــەوەی ناکۆکییەکانــە بەشــێوازی داوەریکردن"[٢٢]. واتە رێکەوتن لەسەر هێڵە پانەکانی پەیمانەکە، ساڵێک پێش کودەتاکەی بەکر سدقی بووە. لەبەر ئەوە، پێمانوایە ئەم بەڵگەیە بەسەو زیادیشە بۆ پیشاندانی راستییەکەو پەرێزپاککردنەوەی شەهید بەکر سدقی بێ ئەوەی پێویست بەهیچ توانجێکیدیکە بکات.

دکتــۆر دەڵــێ: " چەنــدین رووداوو شــایەت هــەن بەڵگــەن لەســەر ئــەوەی کــە بــەکر و عەقیــد بــەرقی عەســکەریی بــرای هەڵوێســتی دوژمنانــەیان بەرانبــەر بــەمەســەلەی کــورد نوانــدووەو ئــەمــەش لەبەشــداریی بەکردەوەیانــدا دەرکــەوت دژی ئــەو جوڵانــەی کــە لــەم ســاڵانەی دوایــی رۆژگــاری ئینتیــدابی بریتانیــدا بــەهێزەوە تەقینــەوە، ئــەوەبوو، کــە بــەکر فەرمانــدەی پێگەیــەک بــوو لەسلێمانی لــەرۆژانی بزووتنەوەکانی شێخ مەحمود لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٩٣١دا، کە ماوەی چەند مانگێک بەردەوام بوو و تێیدا بەکر نەیتوانی هیچ تەدارەکێک وەربگرێت بۆ پەلەکردن لە لەناوبردنی ئەو بزووتنەوانەو هەڵوێستی براکەشی، کە لەناوچەی موسڵ فەرمانده‌بوو، لەگەڵ ئەمە جیاوازیی نەبوو"[٢٣].

لەبەرهەمە ناوبراوەکەیدا دکتۆرە بەڕێزەکەمان هەوڵدەدا بەهەموو شتێکەوە بنووسێ کە لەوانەیە پاڵپشتیی روانگە خراپەکەی لەبارەی بەکرەوە بکەن و دایماڵن لەو وێنە راستەقینەیەی قەڵەمی توێژەران، بەدەر لەنیازی خاوەنەکانیان کێشاویانە، لەبارەی پێوەندیی بەمافەکانی نەتەوەکــەی و بــەرگری لێکردنیــان، بــەڵام ئــەوەی تووشــی سەرســوڕمانمان دەکــات ئەوەیــە، دکتــۆر یــەک بەڵگــەی مێژوویــی ســەلمێنراومان پێشــکەش ناکــات، کەپاڵپشــتی روانگــە خراپەکــەی بێــت، کــەچی چەنــدین شــایەت هــەن کــە بەدرۆیدەخەنــەوەو پێچەوانەکــەی

٢٢- تاریخ الوزارات العراقیة، بەرگی ٤، لا ٢٢٢، ٢٢٣.

٢٣- دکتۆر کەمال مەزهەر، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢٧.

دەردەخەن. واشپێدەچێ بوونی بەکر سدقی وەک فەرماندەی پێگەیەک لەسلێمانی، ئیدی ئەوە بەلایەوە بەس بێ بۆ ئەوەی ناپاکی لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی بکات. بەهەر حاڵ، ناکرێ مەسەلەی وا هەستدار کە ئێمە لەبارەیەوە دەدوێین یەکلا بکرێنەوە، تەنیا بەپیشاندانی شایەت و بەڵگەی وا نەبێت کە پاڵپشت بن بۆ روانگەکەمان. بۆیە لەبەر ئەوەی ئێمە ناکۆکین لەگەڵ روانگەکەی دکتۆر، داوا لەخوێنەری بەڕێز دەکەین، ئەو بەڵگانە بخوێنێتەوە کە پشتمان پێبەستوون تا هەردوو روانگەکە بخاتە نێو دوو تای تەرازووەوەو بەویژدانەوە بڕیاریان لەسەر بدات.

عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی دەڵێ: " ناجی شەوکەت پێیگوتم: کە لەدووەمین وەزارەتی نوری پاشا سەعیددا وەزیری ناوخۆبووم، زانیم کە دەستەیەک لەهەڤالانی شێخ ئەحمەدی بارزان، ناوە ناوە، هێرش دەکەنە سەر چەند خێڵێک لەهەولێر، ئیدی لە راوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ مستەر کۆرنوالیسم پرسی داخۆ سەرکردایەتیی فڕۆکەوانیی بریتانی لەعێراق توانای هەیە یارمەتیی سوپای عێراق بدات، بۆ جوڵەیەکی تەمێکەرانە دژبە بارزان، بەئەرێ وەڵامیدایەوە. کە زانیم دەستەکەی شێخ چوونەتە هەولێر و شێخ خۆی لەگوند ماوەتەوە، داوام لەوەزیری بەرگری جەعفەر عەسکەری کرد فەرمان بدات بە سریەیەکی سەربازی، کە شێخی بارزان بگرن و سریەیەک ئامادەکرا بە سەرکردایەتیی عەقید بەرقیی برای بەکر سدقی و ئەوەی سەیر بوو ئەوەبوو کە ئەو عەقیدە فەرمانی بە سریەیەک کردبوو، کە ئەفسەرێکی کوردی بۆ سەرکردایەتیکردنی دەستنیشان کردبوو، لەجیاتی ئەوەی هێرش بکاتە سەر شێخی داواکراو، نامەیەکی بۆ نووسیبوو و داوای لێکردبوو لەبەردەمیدا ئامادەبێ، ئیدی شێخ پاشماوەی هێزەکەی خۆی کۆکردەوەو دەوری سریەکەی گرت و (٣٠ـ ٤٠) سەربازی لێکوشتن و ئەوانیتریش توانییان هەڵبێن. بەهۆی ئەمەوە سەرۆک وەزیران نوری سەعید داوای لە مەلیک فەیسەڵ کرد

فەرمان بدات بە ناجی شەوکەت کە وازهێنانی خۆی پێشکەش بکات، بەڵام ناجی پابەندنەبوو بە داواکەوەو داوای لە مەلیک کرد کە وەزیری بەرگری جەعفەر عەسکەری بیداتە دادگا، ئیدی مەلیک داواکەی خۆی کێشایەوەو هەروا سەرۆک وەزیرانیش پاشەکشەی لێکرد"[٢٤].

ئایا ئەمە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی کە بەرقی نامەیەکی راشکاوو راستەوخۆی بۆ شێخ ئەحمەد ناردووەو لە هێرشێکی بەم زووانە ئاگاداریکردۆتەوە؟ حکومەتیش سەرەڕای ئەوەی بەراستیی نامەکەی زانیوە، کەچی چاوپۆشییکردووە لە لێپێچینەوەی، کە رەنگە بۆ موجامەلەکردن بوو بێ لەگەڵ بەکر، یان بۆ خۆلادان لە ئەگەری کاردانەوەی؟ کە ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو راستییەیە کە پێچەوانەی رای دکتۆرەو ئەوە پوچەڵدەکاتەوە کە ئەو بۆیچووە (لەگەڵ داخمان بۆ قوربانییەکان).

هەر لەم چێوەیەدا لیوا روکن ئیبراهیم ئەلڕاوی دەڵێ: " ئینگلیز ویستیان تۆڵەم لێبکەنەوە، ئەوەبوو منیان پاڵاوت بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی بارزان، کە دەیانزانی شێخ ئەحمەد پیاوێکی گیرە و خاکەکەشی سەختە، بەڵام مەسەلەکە بەباش شکایەوە، ئەوەبوو موتەسەڕیفی ئەوکاتی موسڵ عەبدولعەزیز ئەلموزەففەرو فەرماندەی ناوچەکە بەکر سدقی لەگەڵ شێخ ئەحمەد گەیشتنە لێکتێگەیشتن و هەموو شتێک بەئاشتی بڕایەوە"[٢٥].

ئەگەر بەکر سدقی پێوەندییەکی پتەوی (ئاشکرا، یان نهێنیی) نەبوو بێ لەگەڵ بزووتنەوەی کورد و کەسانی سەرکردەی، ئەوا لەم ئەرکەیدا وا بەئاسانی سەرنەدەکەوت، حکومەتی عێراقیش ئامادەنەدەبوو داوای لێبکا ئەو ئەرکە ئاڵۆزە بگرێتەئەستۆ، شێخ

---

٢٤- تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی٣ ، لا١٨٩.

٢٥- من الثورة العربية الكبرى الى العراق الحديث، امير اللواء الركن المتقاعد ابراهيم الراوي، لا ٣٥٢.

ئەحمەدیش ئەو نەرمییەی نەدەنواند لەگەڵ ئەو و لەگەڵ موزەففەر، کە ئەویش بەرۆڵی خۆی پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ گەلێ کەسایەتیی ناسراوی کورد هەبوو. پاشان، بەرێکەوت نەبووە، کە حکومەتی عێراق دەستنیشانیکردووە بۆ ئەرکێکی ترسناکی سیاسیی عەسکەری وەک ئەوەی باسمان کرد، ئەگەر خۆی یەکەم شت، باوەڕی بەکاریگەرییە نەتەوەییەکەی و پاشان و دووەمیش سیاسی و مەعنەوییەکەی نەبووبێ لەسەر سەرکردە کوردەکان لەو قۆناغە هەستیارەدا. ئەمەش لەبەر ئەو هەیبەت و ڕێزەی هەیەتی بەهۆی پاشخانە نەتەوەییەکەی و هاوسۆزیی لەگەڵ ڕۆڵە کوردەکانی گەلەکەی. سەرەڕای ئەوەش کە لەهەوڵی گەڕانداببووین هیچمان نەدۆزییەوە ئاماژە بکات بۆ ئەوەی بەکر سدقی بەشداربووبێ لەبەرەوڕووبوونەوەیەکی سەربازی دژی ڕۆڵەکانی گەلەکەی کە فەرماندەی هێزێکبووە لەکوردستان، چونکە هەر بەرەوڕووبوونەوەیەکی سەربازی دەلکێت بەناوی ئەوەوەو ناکرێ لەبن هیچ پەردەپۆشکردنێکدا بشاردرێتەوەو بەپێی ئاگاداریی ئێمە، مێژوو باسی هیچ شەڕێکی نەکردووە، کە بەکر دژی کورد سەرکردایەتیی کردبێ. پاشان ئەگەر بەکر دژی نەتەوەکەی و شۆڕشە چەکدارییەکانی بووبێ، کەواتە نەتەوەییە توندڕەوەکان بۆچی ئەوەندە بەپەرۆشبوون بۆ لادانی و نەیاندەقۆزتەوە بۆ بەتەواوی لەناوبردنی ئەم شۆڕشانە؟ یان ڕاستییەکە پێچەوانەی ئەوەیە کە دکتۆر بۆیچووە؟ بەم ڕوانگەیەی، بەڕاستی، تووشی سەرسوڕمانمان دەکاو وامان لێدەکا بپرسین: ئەگەر بەکر دوژمنی کورد و بەرگریکەری ڕاستەقینەبووبێ لەعروبە، کەواتە بۆچی نەتەوەییەکانی عەرەب دەیکوژن، کە لەسەر هەمان مەیلی سیاسی و نەتەوەیی ئەوان ڕۆیشتبێ؟

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف دانەری کتێبی سنووری مێژوویی و جوگرافیی کوردستانی باشوور لەماوەی پێنج هەزار ساڵ (حدود

کوردستان الجنوبية تاريخيا وجغرافيا خلال خمسة الاف عام) باسی ئەوە دەکا کە خوالێخۆشبوو شێخ ڕەئوف شێخ نوریی نەقیب باسی سەردانێکی خۆی لەگەڵ باوکی بۆ بەغدا بۆ لای شێخ مەحمود کردووە، کە ڕۆژانی دوورخستنەوە بەسەرداسەپێندراوەکەی بەسەر دەبرد، واش ڕێکەوتووە هەمان ڕۆژ بەکر سدقیش بۆ هەواڵپرسینی سەردانی کردووە، کە شێخ ناڕەزایی لەدۆخی خۆی لەرەمادی دەربڕیوە، بەکر بڕیاریداوە نزیکی بکاتەوە بۆ بەغداو هەر لەو کتێبەدا هاتووە کە بەکر نەخشەی کێشاوە بۆ بنیاتنانی کۆڵەگەکانی دامەزراندنی دەوڵەت، تا ئەو ڕادەیەی داوای لە چەند کەسایەتییەک لەسلێمانی کردووە بەپارە پیتاک بدەن و لای خوالێخۆشبوو تۆفیق قەزازی دابنێن، بەو پێیەی دەوڵەت پێویستی پێی دەبێ، ئەگەر بڕێکی کەمیش بێ. ئێمە کە لەسەر ئەم ڕاستییانە هەڵوەستە دەکەین، ئەوا کارێکی بەویژدانانە نییە، بێ بەڵگەو پاڵپشت، تۆمەتی خراپ بدەینەپاڵ مێژووی درەوشاوەی بەکر سدقی و براکەی، بەتایبەت سەرکردەی گەورە بەکر سدقی. ئەمە جگە لەوەی مێژووی هەردووکیان مێژووی نەتەوەکەمانە، کە هەمیشە پڕۆژەیەک بووە بۆ شێواندن لەلایەن هەندێ توندڕەوەوە. لەکاتێکدا ئەرکی ئاکاری و نەتەوەییمانە بەدوای ڕاستیدا بگەڕێین بەبێ هەڵچوون و ئارەزووی سەرپێیی.

دکتۆر ڕوانگەیەک دەخاتەڕوو، کە وەک ڕوانگەیەکی ڕەهابێ وایە، کاتێ هاوپیشەکانی بەوە تۆمەتبار دەکات کە ڕایەکانیان ناکۆکەو تیۆرییەکانیان لاوازە، بەشێوەیەک کە بەدەق لەبارەیانەوە دەڵێ: " زۆربەی دانەران و نووسەران کە باسی ئەوەیان کردووە کە ناویاننەوە پێوەندیی بەکر بەبزووتنەوەی کوردەوە، کەوتوونەتە کۆمەڵێک ناکۆکیی ئاشکراوە، کە بەڕوونی لاوازیی تیۆرییان دەردەخات". نمونەش لەسەر ئەمە دێنێتەوەو باسی ئەوە دەکا کە عەبدولفەتاح ئەبولنەسر ئەلیافی، هەندێک ڕووداو هەڵدەبەستێ، بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆیچووە لەبارەی پێوەندیی بەکر

بەبزووتنەوەی کوردەوە. بەڵام دکتۆر بەڵگەیەکمان پێشکەش ناکات و هیچ سەرچاوەکیش ناخاتەڕوو، کە بیسەلمێنێ بەکردەوە ئەلیافی رووداوی هەڵبەستووە، ئەمەش بەسەرماندا دەسەپێنێ، کە لێیبپرسین بە چ هۆکارێک گەیشتە ئەو راستییە؟ پاشان باسی شتێک دەکا کە تووشی سەرسوڕمانمان دەکا، کە دەڵێ نزیکەی ژمارەیەکی زۆری مێژوونووسانی عەرەب و هەموو مێژوونووسانی بیانی نەکەوتوونەتە بن کاریگەریی ئەوەی دەگوترێ لەبارەی پێوەندیی بەکر بەمەسەلەی کوردەوە، بەڵام دیسان ئەو سەرچاوەیەمان پێنالێ کە پشتیپێبەستووە، بۆ نمونە ئایا ئەمەی لەتوێژەرەکان خۆیانەوە بیستووە، یان لەسەرچاوەیەکەوە وەریگرتووەو بەئەنقەست ناوی نەنووسیوە. ئەو باوەڕە لەکوێوە هات کە وای لەدکتۆر کرد دڵنیابێت، کە ئەوانەی جەخت لەسەر پێوەندیی بەکر بەبزووتنەوەی کوردەوە دەکەن بەهەڵەداچوون، ئەوانەش کە پێچەوانەی ئەمەبوون راستیان کرد؟.

مێژوونووس و توێژەری گەورەمان دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد روانگەی خۆی لەبارەی بەکرەوە بەوە کۆتایی پێدێنێ کە تۆمەتباری دەکا بەوەی نکوڵیی لەرەچەڵەکی خۆی کردووە، کاتێ دەڵێ: " لەبەڵگەیەکی بریتانیەوە هاتووە، کە بەکر بەژەنەڕاڵ - هی - ی سەرۆکی نێردراوی سەربازیی بریتانیا لەعێراقی گوتووە، کە ئەو عەرەبەو کورد نییە، هیچ پێویست بەوەش ناکا جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە نەتەوەیی رەسەن نابێ نکوڵی لەرەچەڵەکی خۆی بکا، لەپێناوی هەرچییەکدا بێ". بەڵام لەسەر ئەو نهێنییەی، کە لەبارەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییەوە بۆ گروبای باسکردووە، دکتۆر توانجی لەسەر دەدات و دەڵێ : " جگە لەدەربڕینێکی ناواقیعییانەی هەڵچوونێکی دەروونی، لەکەشێکی بارگاوی دژی بەکر و رەچەڵەکە نەتەوەییەکەی، شتێکیتر نییە". دەبا لەدکتۆر بپرسین: بۆچی بەکر سدقی درۆزن و خەڵەتێنەرە، کاتێ نیازی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بۆ گروبا پشتڕاست دەکاتەوە؟ (دکتۆر فریتز گروبا

Dr. F. Grobba – دیبلۆمـــات و کەســـایەتییەکی سیاســـی و کۆمەڵایەتی و کولتوریی بـەناوبانگی ئـەڵمانی بـووە لـە قۆنـاغی گرنگـی سـەرەتای جـەنگی یەکـەمی جیهـان تـا پـاش جـەنگی دووەمـی جیهـان ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی عەرەبیدا گێڕاوە، بەتایبـەتیش لـە عێـراق. پـاش جـەنگی دووەمـی جیهـان بـەدیل گیـراوەو دە سـاڵ لای ڕووسـەکان بـە دیلـی ماوەتـەوەو دواتـر ئـازادکراوە) بـەکر ڕاسـتگۆو سەرڕاستیشـە کـە نکوڵی لەرەچەڵـەکی خـۆی دەکـا و بەفەرماندەیـەکی بریتانی دەڵێ ئەو عەرەبـەو کورد نییە. سـەرەڕای ئـەوەی ئـەو تێزەی دوایـی، ئەگـەر ڕاسـتیش بێ، مەسـەلەیەکی ئاسـاییە بـۆ بەلارێدابردنی دوژمنە ئینگلیزەکانی، کە چاودێریی جوڵەکانی ئەویان کردووە. ئـەوەی بەرانبەرەکەی بەلاڕێدا دەبا جیاوازە لەوەی نکوڵی لەرەچەڵـەکی خـۆی دەکا. بۆچی ئەوەی بۆ گروبای باسکردووە بەدەربڕینێکی نـاواقیعیی هـەڵچوونێکی دەروونیـی دادەنێـت؟ لەکاتێکـدا، کـە بەچرپەشـەوە، بـۆ بەلاڕێدابردنی دوژمنەکانی، ورتەیەکی کردووە، بەقسەیەکی هاوسـەنگ و بەئاگای دادەنێ؟

وایـدەبینم ئـەوەی لەلاپـەڕەکانی ئـەم کتێبـەدا هـاتووەو دێت، خـاڵ دەخاتە سەر زۆر پیت کە دکتۆر وروژاندوونی، ڕاستیی بـەکر سدقی و براکـەی و نیازیشـیان بەرانبـەر بـەخـەباتی کـورد و خـەباتگێڕانی دەردەخات. لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەری ئازیز، ئەگەر تۆش ئەم بابەتـەت بـەلاوە گرنگـە و ڕوانگەکـەمان ناتگەیەنێتـە ئـەنجامێکی یەکلاکـەر، دەتـوانی ئەوەنـدەی دەتـەوێ، لاپـەڕەی توێژینـەوەو ئـەو لێکۆڵینەوانـەی لەبارەیـەوە نووسـراون هەڵدەیتـەوە، تـا وێنەکـە بـەبێ دەسـکاری و بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە، لات ڕوون ببێتەوە، بەتایبەت کە ئامانجمـان خزمـەتی مێـژووی کـوردە، کـە نـەک هـەر لەلایـەن هەنـدێ قەڵـەمی دڵڕەشـەوە، بـەڵکو هەنـدێ جـار لەلایـەن قەڵەمـەکانی خۆشـمانەوە، بەئەنقەست بووبێ یان نا، شێوێنراوە.

## ناوزڕاندنی بەکر و
## پشتگوێخستنی ئەوانیتر، بۆچی؟

ئەو توندڕەوانەی مەیلی نەتەوەییان هەبوو، هەر بەوە نەوەستان بەکر سدقییان بەجەستە لەناوبرد، بەڵکو پێیانداگرت و پەنایان بردەبەر هەر شتێکیش، کە بتوانێ کەسایەتییە مەعنەوییەکەی لەکەدار بکات، ئیدی ناوزڕاندن دەستاوێژیان بوو، هەوڵیاندا وا وێنەی بخەنەبەرچاوان، کە دوور بێ لە راستیی خۆی کەفەرماندەیەکی گەورەی بەئاواتبوو بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی نەتەوەکەی. بۆ نمونە ئەوەی لێ بەعەیب دەگرن کە ژنێکی نەمسایی هێناوە، بە وشەی نەشیاو وەک بیانییەکی بەرباد باسی دەکەن. بەڵام هێنانی ژنی بیانی، لەلایەن هاوئاستەکانی لە ئەفسەرانی دەستەی نەتەوەیی، لەبیرخۆیان دەبەنەوەو بەکارێکی باشی دەزانن. وەک ژنهێنانەکەی سەلاحەدین ئەلسەبباغ، کە بەژنێکی ئینگلیزەوە گیرسابۆوە، بێئەوەی کەسیش رەخنەی لێبگرێت. دەشتوانین ئەم وشانەی بەبەڵگە بێنینەوە کە وای باس دەکات کە بۆتەهۆی پتەوبوونی پێوەندیی بە ئینگلیزەوە، کە لەبیرەوەرییەکانیدا بە دەق دەڵێ:

".. پاشان دەیان ئەفسەری پلە جیاوازی ئینگلیزم ناسی، هەموویان هاوڕێم بوون، کە لەگەڵ کەتیبەی پاشایی ئینگلیزیی رمهاویشتن (٥/١٦) بەپلەی سەرۆک رەوانەی ئینگلتەرا کرام، هەندێ لەهاوڕێ ئینگلیزەکانم هەلی چاوپێکەوتنی پاشاکەیان جۆرجی پێنجەمیان بۆ رەخساندم، تەنانەت پێوەندیم لەگەڵ ئینگلیز پتەوتر بوو کە ژنێکی ئینگلیزم هێنا، کە دایکی رەبیعەی کوڕمە، پاشان لەتافی لاویداو دوو ساڵ پاش هاوسەریمان، مرد. پوختەی قسە ئەوەیە کە

لەنێوان من و ئینگلیزدا پێوەندییەکی دۆستایەتیی شەخسی هەیە کە تا ئێستاش پاراستوومە"[٢٦].

هیچ کەسێک باسی ئەوەی نەکردووە کە شازادە زەید کوڕی حوسێن ژنێکی تورکی هێناوە، کە بووە هۆی ئەوەی پاش کوژرانی غازی وەک وەسیی سەر تەختی عێراق پەسەند نەکرێ، هەر بۆ زانین دایکیشی تورکە. تەنانەت چیرۆکی هێنانی ژنێکی ئەمریکی لەلایەن عەزیز عەلی میسرییەوە چیرۆکێکی ناسراوەو لەڕووبەرێکی فراواندا، هەر لە قاهیرەوە تا عێراق و تارانیش دەنگیدایەوە. ئەوەبوو کوڕێکی لێبوو ناوینا خالید، لەکاتێکدا لەدڵی خۆیدا پەیمانیدابوو ژن نەهێنێ تا ئەفسەری عەرەب نەگاتە ئاستی ئەفسەری بیانی[٢٧].

لەوکاتەدا، کە بەکر تۆمەتبار دەکەن بەڕابواردن و چوون بۆ مەلهاکان و مێزی قومار و تانەی لێدەدەن، کەچی چاوپۆشی دەکەن لەوەی ئەفسەر و کەسایەتییدیکەی دەستەی نەتەوەیی دەیکەن، وەک مێزەکانی قوماری یونس ئەلسەبعاوی (کە یەکێکە لە جەمسەرەکانی دەستەی نەتەوەیی) و بەدەستەواژەی وا پاساوی بۆ دێننەوە خەریکە قومار بکەن بەکارێکی باش، نەک بەپێچەوانەوە، وەک ئەوەی خەیری ئەلعومەری لەلاپەڕەکانی کتێبەکەیدا ـ یونس السبعاوي سيرة سياسي عصامي: یونس ئەلسەبعاوی ژیننامەی سیاسەتمەدارێکی بێلەکە ـ بەرجەستەیکردووە، کە بەدەق دەڵێ:

"پەنادەباتە بەر مێزەکانی قومار و بەشێوازێکی بوێرانە ئەم گەمەیە دەکات و کاغەزەکەی فڕێدەدات و گوێی پێنادات ئەگەر ئەوەی لەگیرفانیدایە بیدۆڕێنێت یان بیباتەوە. پاش ئەوەی ژنیهێناو بوو

---

٢٦- ئەلسەبباغ، سەرچاوەی پێشوو، لا٧٣.

٢٧- من الثورة العربية الكبرى الى العراق الحديث – الراوي لا ١٠١.

بەلێپرسـراوی خێزانێـک، هاوڕێکـانی هەوڵیانـدا لـەمێژی قومـار دوور بکەوێتەوەو وازبێنێ، بەڵام هەوڵەکانیان سەرینەگرت"[٢٨].

ئێمە کە باسی ئەو وێستگانە دەکەین، تەنیا مەبەستمان بـەراوردە، لـەنێوان ئـەوەی قەڵەمـە دڵڕەشـەکان لـەبارەی تایبەتمەندییـەکانی بـەکر سـدقی و خـودی ژیـانی نووسـیویانە لەگـەڵ ئـەو ئـاوازەی کـە ژیـانی کەسـانیتری دژ بـەویان پێنووسـیوەتەوە. ئامانجیشـمان لەمـەدا ئەوەیـە بگەینە ئەو ئەنجامانەی یارمەتیمان دەدەن بۆ دەرخستنی راسـتییەکان. ئەگەر هەمان ئەو قەڵەمانە لـەبارەی بـەکرەوە بیاننوسـیبایە ئاوازەکـەی تەواو پێچەوانە دەبوو، قوماریان بەکارێکی خراپی نەشـیاو بـۆ پیـاوانی دەوڵـەت دادەنـا و رەنگـە بەخەسـارکردنی دارایـی گشـتییان دانابـا، بـا لەسەر مێژی تایبەتیش بێت، بگرە رەنگە لەمە پتریشیان بنووسیبا.

پاشـان رەخنـەیان لێگرتـووە لەسـەر چوونـە یانـەی شـەوان، وەک بلێی ئەگەر پیاویدیکەی دەوڵەت ئەمەیان کردبێ سزای بدەن. نمونـەش لەسـەر ئەمـە زۆرە بـۆ یـەکێک ئەگـەر بیـەوێ پتـری لەسـەر بـڕواو هەڵوەسـتە بکـات لەسـەر ئـەو راسـتییانەی ئێمـە بۆیچـووین. بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش، بەدەگمـەن، یـەکێک هەوڵیـداوە بێلایـەن بێـت و جیاوازی بکات لەنێوان قەڵەمە دڵڕەشەکان کە راستییەکان دەشێوێنن، لەگـەڵ ئـەو قەڵەمـە راسـتگۆیە بوێرانـەی بەویژدانـەوە دەنووسـن. بەشـێوەیەک، کـە بەهـەمان مـەوداوە، لەسـەر هـەموویان بوەسـتن و هەڵوەسـتە بکـەن لەسـەر ژیننامـەی فەرمانـدە بـەکر سـدقی و خـودی ژیانی و ژیننامەی کەسانیدیکەش کە دژی بوون و بەخراپە شتیان بۆ هەڵبەستووە، بەڵام بۆچی ئەمە روویننەداوە؟ هەڵبەت وەڵامەکە ئەمەیـە: لەبەر ئاڕاستە نەتەوەییەکەی و سەرەڕای ئەوەش پاشخانە سیاسـی و فیکرییەکەی، کە نەتەوەییە توندڕەوەکان دژیبوون.

---

٢٨- خيري العمري – يونس السبعاوي، سيرة سياسي عصـامي – بەغداد، ١٩٨٧، لا ١٣٣.

**چەند وتەیەکی دڵڕەشانە،**

**بەڵام بەتامی میدالیای ڕێزلێنان**

سەیرە بەئەنقەست هەندێ مێژوونووسی کورد وتەو شایەتیی چەند کەسایەتییەکی سیاسی و عەسکەری، کە قورسایی خۆیان هەیە و پشتیوانیی ئەو رایە دەکەن کە دەڵێ بەکر سدقی نەخشەی بۆ پڕۆسەیەکی عەسکەریی سیاسیی گەورەتر لە کودەتا بوێرانەکەی لەساڵی ١٩٣٦ دەکێشا، پشتگوێ دەخەن. ئەو وتەو شایەتییانە، ئەگەرچی هەندێکیان بەویژدانانە و هەندێکیشیان دڵڕەشانەن و بەپێی نیاز و بۆچوونەکانیان جیا جیان، بەڵام خاوەنەکانیان، لەو بڕوایەدان، کودەتاکەی ڕێگەخۆشکردن بووە بۆ پلانێکی ستراتیجیی پێوەندیدار بەسنور و ئایندەی کوردستان، هەر لێکۆڵینەوەیەکی وردی ڕووداوەکانی ئەو ماوەیەش، دەمانباتە سەر ئەو باوەڕە، تەنیا ئەگەر پێشوەخت بڕیارمان دابێ ئەنجامە لۆجیکییەکانی بەلاڕێدا ببەین، وەک هەندێ لەمێژوونووسانمان وایانکردووە.

دەبا پێکەوە پوختەی راو وتەکانی ئەو کەسایەتییانە بخوێنینەوەو لێیانڕابمێنین، تا هەڵوەستە بکەین لەسەر ئەو خوێندنەوانەی لێیدەخوازن و لەدووتوێی دێڕەکانیان و مانای وشەکانیاندا دەردەکەوێ، ئەگەرچی دژ بە سیاسەتی بەکر و پاشخانە نەتەوەییەکەین:

١ـ " سوپا بۆ پاراستنی عەرەبایەتیی عێراق، کوشتی": ئەم دەستەواژەیە سەلاحەدین ئەلسەبباغ گوتوویەتی و لەبیرەوەرییەکانیدا بەڕوونی و راشکاوی تۆماریکردووە. گومانی تێدا نییە ئەفسەرانی دەستەی نەتەوەییش لەمەدا لایەنگیریی دەکەن. خۆ ئەلسەبباغ، لەڕووی پێوەندیی کەسێتییەوە، هاوڕێی بەکر سدقی بووە، ئەگەرچی

هاوڕێکانی ئاگاداریان کردۆتەوە کە نەکا لەترسی ژیانی، دوژمنایەتیی سیاسیی خۆی پیشانی بەکر بدات"[29].

٢تەها ئەلهاشمی لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: " شێخ کامیل ئەلخەتیب لەگەڵ عەلی مومتاز کۆبوەوە، پاش هاتنەوەی لەفەلەستین و ویستی لەگەڵ بەڕێز یاسینیش کۆببێتەوەو پاش ئەوەی پێیڕاگەیاند کە نەخۆشە گوتی دەمەوێ لەگەڵ براکەیدا کۆببمەوەو ئەوکات لەدەرەوەی ماڵ بووم، ئیدی گوتی : ئیبن ئەلسعود بەدۆخی عێراق خۆشحاڵ نییە و ئامادەی یارمەتیدانە و هەرگیز نایەوێ، نە کورد فەرمانڕەوایی عێراق بکەن و نە شیعەش سەرکردایەتیی بکەن"[30].

هەڵبەت مەبەستەکەشی لەکورد ، بەکر سدقی و ئەفسەران و سیاسەتمەدارە لایەنگرەکانیەتی.

٣. ئەلسەبباغ لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێ: " بەڵام وەزارەتەکەی تەها ئەلهاشمی، لەبەرانبەر جەمیل و جەلال بابان و عەلی جەودەت لاوازبوو، کە لەگوتارەکانیاندا رەخنەیان لەسوپا دەگرت، هەروەها نەیتوانی هەژموونی وەسی و بەتوندی دژایەتیکردنی فەرماندەکانی سوپا، کە ئینگلیز و کلکەکانیان وروژاندبوویان، کەم بکاتەوە، چونکە ئێمە بەرمان لەبەکر سدقی گرت و ئەوان لایەنگیرییان دەکرد، یان لەبەر ئەوەی ئێمە عەرەب بووین و خوازیاری عەرەبایەتی بووین و ئەوانیش غەیرە عەرەبی ناوچەکە بوون و پرنسیپی عێراق بۆ عێراقییەکانیان هەڵگرتبوو".

٤. دپلۆمات و سیاسەتمەداری ناوداری ئەڵمان دکتۆر فریتز گروبا لەبەرهەمەکەیدا رجال ومراكز قوى في الشرق بەدەق دەڵێ"

" سەرۆکی یانەی موسەننا دکتۆر سائیب شەوکەت لەبارەی هۆیەکانی کوشتنی بەکر سدقی قسەی بۆ کردم و گوتی: پاش ئەوەی

---

٢٩- ئەلسەبباغ، رواد العروبة- سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣.

٣٠- مذكرات طه الهاشمي، ١٩١٩- ١٩٤٣، دار الطليعة، بيروت، لا١٧٨.

حکومەتی نویَ گەیشتە دەسەڵات دەرکەوت بەکر سدقی، وەک خۆی بانگەشەی بۆ دەکات، بەڕاستی نییەو نایەویَ عەرەب بەختەوەر بکات و بەهەموو دڵسۆزییەکەوە ویستوویەتی چاوتێبڕینەکانی لەپێناو کورد بەدیبێنیَ، بەردەوام ئەفسەرانی عەرەبی لەجێگە هەستیارەکان لادەبرد و ئەفسەری کوردی دەخستە شوێنیان، ئەفسەرانی عەرەبی بۆ ناوچە دوورەکان دووردەخستەوەو ڕێژەی وەرگرتنی قوتابییانی کورد لەقوتابخانە سەربازییەکانی بەغدا ٧٠٪ بوو، ئەفسەرانی کورد پرسیاری زمان و نەتەوەیان لە خۆبەخشەکانی ریزەکانی سوپا دەکرد و عەرەبەکانیان رەتدەکردەوەو کوردەکانیشیان وەردەگرت. بەکر هەموو نەتەوەییەکانی لە پۆستەکانیان لە یانەی موسەننا دوور خستەوە، بێئەوەی لە تۆڵەکردنەوەی عەرەب بترسیَ"[٣١].

٥ـ هەروەها (گروبا) باسی ئەوە دەکات کە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی چاکسازی، دوای کوشتنی بەکر سدقی، توانجی لەسەر دۆخی کورد ئەوەبووە کە گوتوویەتی : " کورد لەسەردەمی ئەم حکومەتەدا، هەست بەبەختەوەری ناکەن، بەتایبەت کە دەترسن لەوەی حکومەت رووی لەیەکێتیی عەرەب و نزیکبوونەوە لەتورکیایە". مەبەستیشی لە دەستەواژەی (ئەم حکومەتە) ئاماژەیە بۆ ئەو کابینە وەزارییەی دوای وەزارەتەکەی حیکمەت سلێمان و کوشتنی بەکر هات[٣٢].

٦ـ ئەلحەسەنی لە بەشی چوارەمی تاریخ الوزارات العراقیةدا، لەبارەی کودەتاکەی بەکرەوە، بەدەق ئەمەی خوارەوە دەڵیَ: " جیهانی عەرەب تووشی سەرسامی بوو لەو کودەتایەی بەکر سدقی کردی بۆ لادانی وەزارەتەکەی ئەلهاشمی، ئیدی رۆژنامە عەرەبییەکان لەوڵاتە

---

٣١- کروبا – رجال ومراکز قوی فی الشرق، بەرگی ١، لا ٢٨٣

٣٢- کروبا – سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ٢ لا ٢٩٩.

جیاجیاکاندا ئیدانەی ئەو بزووتنەوەیەیان کردو پێیانوابوو مەترسییە لەسەر عەرەب و کێشەکەیان".

٧. فریتز گروبا دەڵێ: " پاش ئەوەی هەڵوێستەکە ئاڵۆزبوو لە ٢٩ی مایسی ١٩٤١ لەگەڵ رەشید عالی گەیلانی قسەم کرد و لەدڵی خۆمدا ئەو بیرۆکە بەرگرییەم هێناوبرد کە عەقید روکنی ئەڵمانی هاینز لەسەر داوای سەرۆکی پێشووی ئەرکانی سوپا بەکر سدقی لەساڵی ١٩٣٧ بۆ بەرگریکردن لەباکوری عێراق داینابوو ، لەباری وازهێنان لەبەغدا و گواستنەوەی پایتەخت بۆ کەرکوک"[٣٣].

٨ــ ئەلحەسەنی باسی ئەوە دەکات کە وتارێک نووسراوە لەرۆژنامەی ئەلقەبەسی دیمەشقی لەژمارە (٩٧٨)، کە لەیەکی تشرینی دووەمی ١٩٣٦دا دەرچووەو بەم بڕگەیە دەستپێدەکات: "ئەوەی دەروون ئازار دەدا و مایەی ترسە لەهەموو وڵاتانی عەرەبدا، ئەوەیە کە ئەوانەی پاڵەوانی کودەتا سەربازییە نوێیەکەن بەمەیلی ناوچەگەریێتی و هەروا ناعەرەبیشیان ناسراون"[٣٤].

٩. ناجی شەوکەت دەڵێ: " تورک ئاسودەبوون کە زانییان پیاوانی کودەتا رقیان لەمەسەلەی عەرەبەو مەیلی تورکیان هەیە، بەڵام کە دەرکەوت حیکمەت سلێمان جڵەوی کاروباری بەدەستەوە نییەو بەکر هەموو شتێکە و مەیلێکی کوردانەی هەیە، ترسیان لێنیشت"[٣٥].

١٠. دکتۆر وەلید محەمەد سەعید ئەلئەعزەمی لەبارەی کودەتاکەی بەکر سدقییەوە بەدەق دەڵێ:" ئەوەندە بەسە کە بڵێین کودەتاکە نسکۆبوو بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەب لەعێراق" پاشان لەسەری دەڕواو دەڵێ " عەقید سەبیح نەجیب ڕێبازەکەی بەکر سدقیی لەبەرەوڕووبوونەوەی ئەفسەرانی نەتەوەیی گرتەبەر، ئەوەبوو

---

٣٣- کروبا- هەمان سەرچاوە، بەرگی ٢، لا ٤٢٥.

٣٤-تاريخ الوزارات، بەرگی ٤، لا ٢٦٣.

٣٥- مذكرات طه الهاشمي، لا ١٨٦.

گروپێکـی دژبـەوانی پێکهێنـا کـە باوەڕیـان بەدروشـمی عێـراق بـۆ عێراقییـەکان هـەبوو، ئـەم ڕەفتـارەش دەسـتەی ئەفسـەرانی نەتـەوەیی تورەکرد کە بڕوایان بە عروبە هـەبوو، بڕواشـیان بـەوەبوو کـە عێراق نیشتمانی ڕەسەنی عەرەبە"[٣٦].

١١ـ تەها ئەلهاشمی دەڵێ: "عەبدوللەتیف نوری لەپیلانەکەدا دەستی لەگەڵ بەکر سدقی تێکەڵکردبوو. ئەو پیـاوێکی لەسـەرخۆو سـەنگینە و بەئەسعەد داغری گوتبوو بەکر جێی متمانە نییە و بیروباوەڕی خراپی دژبـە وڵات هەیـەو هانـدەری بیـری کوردایەتییـە". هـەروەها دەڵـێ: " هەنـدێ لەئەفسـەران سـەرنجیان رادەکێشـام بـۆ ڕەفتـارە خراپـەکانی بـەکر و هەوڵـەکانی بـۆ مەسـەلەی کـورد"[٣٧]. بـەڵێ مەسـەلەکانی کـورد بەلایانەوە بیری خراپن.

١٢ـ ئەلحەسەنی لەبەشی چوارەمی تاریخ الـوزارات العراقیـة دا، کـە تێبینـی لەسـەر کتێبـی ـ عێـراق لـەنێوان دوو داگیرکردنـدا ـ ی عەبدولفـەتاح ئەبولنەسـر ئـەلیافی دەدات، دەڵـێ ئامـانجی بـەکر سـدقی لەکودەتاکەیدا، هـەر ئـەوە نـەبوو کـە حیکمـەت سلێمان بکا بەسـەرۆک وەزیـران، بـەڵکو لەمـە ئـەولاتربوو و دوو لایەنـەبوو، یەکـەم شـت ئـەوەبوو ویستی پاشـا لا ببات و تـەختی عێراق زەوت بکـات، پاشـان کـوردی پەرشـوبڵاو لـە ڕۆژهـەڵاتی ئـەنادۆڵ و ڕۆژئـاوای ئێـران و باکووری عێراق کۆبکاتـەوەو قسـەیان لـەبن ئاڵای خۆیدا یـەکبخات و حکومەتێکی سەربەخۆیان لێپێکبێنێ، بەشێوازەکەی ئەتاتورک.

---

٣٦- ولید الاعظمي، انتفاضة رشید عالي الکیلاني والحرب العراقیة البریطانیة ١٩٤١، لا ٣٧.

٣٧-مذکرات طه الهاشمي، لا١٥٣، ١٥٦.

١٣ـ لەبیرەوەرییەکانی تەها ئەلهاشمیدا هاتووە: " ناجی شەوکەت بەنیازبوو سەرنجی عیسمەت ئینۆنۆ بەلای ئاواتی کوردانەی بەکردا رابکێشێ، تا رێگر نەبێت لەهەر کارێک کە بەکر بەنیازی[٣٨] بێت".

١٤ـ لەسەر باڵادەستیی فەرماندە بەکر سدقی و هەژموونی بەسەر هەردوو مەیدانی عەسکەری و سیاسیدا، لەلاپەڕەکانی بیرەوەریی ناجی شەوکەتدا بەدەق هاتووە: " ... زۆری نەبرد هەژموونی سەرکردەی کودەتاکە بەسەر جومگەکانی دەوڵەتدا دەرکەوت، ئەگەرچی بەڕووکەش، هەر لەپۆستی سەرۆکی ئەرکانی سوپادا مابووەوە". هەروەها تێیدا هاتووە: " هۆیەکی کوشتنی بەکر دوورکەوتنەوەی عێراق بوو لەسیاسەتی عەرەب کە عێراق گرتبوویەبەر، هەر لەدامەزراندنی یەکەمین حکومەتی عێراقەوە لەساڵی ١٩٢٠".

١٥ـ "... دەستبەسەرداگرتنی نیمچە تەواوی بەکر بەسەر دەسەڵاتدا، کە عەرەبیش نییەو هێنانەپێشی حیکمەت سلێمان کە سەربە خێزانێکی تورکمانەو رووخاندنی حکومەتی نەتەوەیی یاسین و دەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان بەدروشمەکانیانەوەو ئەوەی بەدواشیدا هات کە کیژانی جوو وەک خۆشییەک بۆ رووخاندنی حکومەتی نەتەوەیی یاسین، ئەو کەرتە سەربازییانەیان گوڵباران کرد کە چوونە نێو بەغداوەو ئەوەی وەک دەنگۆیەک بڵاوبووەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد لەناوچەکەداو بانگکردنی ئەفسەرێکی ئەڵمان بۆ دانانی نەخشەی بەرگریکردن لەکوردستان، هەموو ئەمانە بوونە مایەی ترساندنی نەتەوەییەکان و پەستبوونیان لەفەرماندەی کودەتاکەو تاقمەکەی"[٣٩].

٣٨-مذکرات طه الهاشمي، لا٢٠٥ .

٣٩- محمود شبیب – طریق المجد، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٦، ٧٧ .

١٦ـ دكتۆر گروبا لەبەرھەمەكەیدا (رجال ومراكز قوی)، بەدەق دەڵێ: " فەرماندە نیشتمانپەروەرەكانی عەرەب، كە بەنەخشەی بەكر سدقی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردییان زانی، وەستانی بەكریان لە موسڵ لەرۆژی ١١ی ئابی ١٩٣٧، كە پاسەوانەكانی كەمتربوون، قۆستەوە چونكە كوشتنەكەی ئاسانتر دەكرد".

١٧ـ لەبارەی نەخشەكەی بەكر و لێبڕاوییەكەی بۆ دامەزراندنی قەوارەی كوردی لەو ماوەیەدا، گروبا لەسەری دەڕواو دەڵێ: " لەو كاتەدا، كە بەكر سدقی تۆمەتبار كرا، بەوەی بەرەو زۆرداری دەچێ، رەتیكردەوە كە لەجێگەی وەزیرە وازهێنراوەكان وەزیریدیكە دابمەزرێندرێن، (لە كابینەكەی حیكمەت سلێماندا، ئەم وەزیرانە: جەعفەر ئەبو ئەلتمەن، سالح جەبر، كامل جادرجی، یوسف عزەدین، لە بەر هۆكاری سیاسی و كارگێڕی دەستیان لەكاركێشاوەتەوە) كە لێمپرسی بۆچی، گوتی حیكمەت سلێمان لەو گونجاوترە بۆ ئەو ئەركە. بەكر لەسیاسەت دووردەكەوتەوەو بایەخی بەسوپاو بەهێزكردنی دەدا لەپێناو بەهێزكردنی توخمە كوردەكانی نێو ریزەكانی سوپا، وەك رێگەخۆشكردنێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك، كە ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتی كوردییە"[٤٠].

١٨ـ سەلاحەدین سەبباغ لەبیرەوەرییەكانیدا بەدەق ئەمەی خوارەوەی نووسیوە: " بەكر سدقی یەكەمین كەس بوو كە سوپای قۆستەوە، ئەوەبوو جوڵەیەكی كودەتایی كرد كە بڕوای بەعروبە و ئایین نەبوو، بەڵام ئەوانەی بێدەسەڵاتبوون پەرت و بڵاویكردن، ئیدی

٤٠- گروبا – سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ٢ لا ٢٧٧.

نـوری و جـەمیل و بەکرێگیراوەکانیدیکـە، بـۆ ئـەوەی گیـانی خۆیـان رزگار بکەن، عێراقیان بەجێهێشت".

١٩- خاتوو دکتۆر رەجا حوسێن ئەلخەتتاب لەکتێبەکەیدا بـەناوی – تأسـيس الجـيش العراقـي وتطـور دوره السياسـي- لـەبارەی دەسـتەی بـەکر سـدقییەوە، بـەدەق ئەمـەی نووسـیووە: " لـەبارەی دەرکـەوتن و سروشـتەکەیەوە رای جیـاواز هەیـە، هەنـدێک پێیانوایـە چەنـد سـاڵێک پێش کودەتاکـە دەرکـەوتووەو کۆمـەڵێک ئەفسـەری گرتۆتـە خـۆی کـە زۆر هانـدەر کۆیکردبوونـەوە، کـە گرنگترینیـان، سەرسـامبوون بـوو بـەکەسـایەتیی بـەکر سـدقی و هەسـتکردن بـەوەی بەلێنزیکبوونـەوەی ئاسانتر پلەیان بەرز دەبێتەوەو پۆست وەردەگرن. پاشـان ئەفسـەرانی کـورد لـەدەوری کۆبوونـەوە، چونکـە لەسـاڵی ١٩٢٨دا، کـە لەدەسـتەی ئـەرکانی گشـتی- بـەشـی پرۆسـەکان لـەوەزارەتی بـەرگری دامـەزرا، بیروباوەڕی لایەنگیریکردن لەتورک و کوردی دەدەبڕی".

ئەمانـە کۆمـەڵێک را بـوون لـەبارەی بـەکر سـدقییەوە کـە چەنـد توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی تۆماریان کردوون، کە زۆرینـەی رەهایـان ئـەوە پەسـەند دەکـەن و جـەختی لێدەکەنـەوە کـە دەیویسـت قەوارەیـەکی سـەربەخۆ بۆ گـەلی کـورد دابمـەزرێنێ و لـەم پێناوەشـدا چەنـدین هـەنگاوی بەڕاسـتی و کاریگـەری نـا، کـە پێشـووتر مەیـدانی سیاسـیی عێـراق پێیـان ئاشـنا نـەبوو، ئەمـەش بـووە هـۆی وروژانـدنی توندڕەوانی مەیلی نەتەوەیی کە مافی بەرانبەر رەتدەکەنـەوە، ئـەوەبوو بەهاوکاریی هەندێ کورد لەناویان برد. هەر بەڕاستیش لە ئابی سـاڵی ١٩٣٧دا ئەمە روویدا.

## دەربڕینی ڕاستییەك بەڕاشكاوی

ڕاستە بەكر سدقی (تا ئەو ڕادەیەی دەیزانین) بیرەوەرییەكانی نەنووسیوەتەوەو هیچی تۆمارنەكردووە، بۆ ڕوونكردنەوەی ڕەوتی ڕووداوە سیاسی و عەسكەرییەكانی كە تێیاندا ژیاوە، تا نزیكمان بكاتەوە لە دەنگدانەوەی ئاسەوارەكانی و كاریگەرییەكانی، لەسەر دەمەزەردكردنەوەی هەستی نەتەوەیی و لەبەر ئەو ڕۆشناییەش سیمای ئاراستەكانی دیاری بكرێ، بەڵام ئەوەی كەسانیتر باسیانكردووەو لەبارەیەوە نووسیویانە، بەسە بۆ ئەوەی كەسایەتیی ئەم پیاوە گەورەیە، بەهەموو دووراییە نەتەوەیی و سیاسی و عەسكەرییەكانیەوە، ڕوون بكاتەوە، ئەگەر نیاز و مەبەست بەلاڕێدابردن نەبێت. ئەوەی دۆستان و كێبڕكێكەران و دوژمنان گووتوویانە، بەسن بۆ ڕوونكردنەوەی وێنەی ئاراستەكان وەك خۆی.

ئەوەی لێرەدا بەلامانەوە گرنگە، پیشاندانی نیشتمانپەروەریی ئەم فەرماندەیەو شانازیكردنیبووە بە نیشتمانپەروەریی خۆیەوە لەلایەك، لەلایەكیتریشەوە خۆشەویستیی گەلی خۆی، كە كوردەو ڕەتكردنەوەی ڕەگەزپەرستی، كە زاڵبووە بەسەر دەستەیەك لەعەسكەری و سیاسەتمەدارانی عێراق. وایدەبینین كە دوژمنانی، لەعەسكەری و سیاسەتمەدارەكان، ئەوەی لەبارەی بزووتنەوەو ڕەفتارە عەسكەری و سیاسییەكانیەوە گوتوویانە، نزیكن لەڕاستییەوە، نمونەش لەوبارەیەوە زۆر و جۆراوجۆرە، هەر بۆ نمونە، ئەوەی لە كتێبی ــ أيام النكبة ــ دا هاتووە، كە نووسەرەكەی دەیەوێ لەبارەی دۆخی سیاسی لەسەردەمی بەكر سدقیدا بەدواداچوون بكا، كە داخۆ عەرەبایەتیی عێراق چیی بەسەردا هاتووە، دەڵێ :

" لایەنگرانی سیاسەتی نەتەوەیی لەعێراق، پاش نیوەڕۆی ١٩٣٧/١/٢١ ، كۆبوونەوەیەكیان كرد و تێیدا لەدۆخی سیاسییان كۆڵییەوەو داخۆ چی بكرێ بۆ سووككردنی كاریگەریی پیاوانی

بزووتنـەوەی ٢٩ی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٣٦، بۆ لەیـەکتردابڕینی پیـــاوانی ئـــەو بزووتنەوەیـــەو لایـــەنگرانی کۆمـــۆنیزم". (لەبـــەر لایـەنگیریکردنی لـە زەحمەتکێشـان و جوتیـاران و چینـی کرێکـاران، دەنگۆ بڵاو ببۆوە کە بەکر لایەنگری مارکسییە و لە کۆمۆنیستەکانەوە نزیکـە) وەک جێبـەجێکردنێکی ئـەم پلانـەش، بـەڕێز عـەلی مـەحمود ئەلشێخ دەستنیشانکرا کە پێوەندی بەبەکرەوە بکات و هەڵوێستەکەی بۆ بـاس بکـات، ئـەوەبوو لەتـەلاری وەزارەتـی بـەگری چاوپێکـەوت و سـێ کـاتژمێر گفتوگـۆی لەگـەڵ کـرد، تـا چەنـد راسـتییەکی بـۆ روونبکاتـەوە، کـە گوزارشـت بـن لەدیـدی دەسـتەی نەتـەوەیی و وەک هەندێکیشـی لـەم دەقـەدا هـاتووە: " عێـراق هـەمووی پێکـەوە وڵاتێکـی عەرەبـە، ئەگـەرچی تـوخمی ناعەرەبیشـی تێـدابێ. نـابێ عێـراق، جگـە لەسیاسـەتی عەرەبییانـە، سیاسـەتێکیتر بگرێتەبـەر و نـابێ رێگایـەک بگرێت ناکۆک بێت لەگەڵ سیاسـەتی عـەرەب و بیروبـاوەڕی عـەرەب. باشـترە بـۆت سـەرۆکێکی عـەرەب بیـت و عـەرەبی عێـراق و عـەرەبی غەیری عێراق دواتکـەون، لـەوەی سـەرۆکایەتییەکەی خـۆت گیـر بکـەی لـەنێو تایەفەیـەکی بچوکـدا، کـە رەنگـە بـەهـۆی رەگەزپەرسـتییەوە سەرۆکایەتییەکەشت پەسـەند نـەکرێت"[٤١]. نووسـەر ئـەوەش دەڵێت کە بەکر بەراشکاوییەکەی عەلی مەحمود ئەلشێخ سەرسامبووە.

وایدەبینین ئەوەی ئەلشێخ بەبەکری گوتووە، شایستەی هەڵوەستە لەسـەرکردن و تێڕامانـە، لەلایەکـەوە مایـەی شـانازییە بـۆ کـورد، کـە هـەموو عێراقییـەکان بەخۆشـحاڵییەوە سـەرۆکایەتیی فەرماندەیـەکی کورد پەسەند بکەن. لەلایەکیتریشـەوە رەوانترین رەتدانەوەیە بۆ ئەو کوردانەی گومانیان لەگیانی نەتەوەیی و مەیلی کوردانەی بەکر سدقی هەیە، ئەوەش رووندەکاتەوە کە چۆن لەو دۆخە ئاڵۆز و پڕ لـەناکۆکی و کۆسـپەدا، بـەکر نەخشـەی کێشـاوە تـا دوو لایـەن، کـە دژی یـەکن و

---

٤١- ایام النکبة، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨٤.

لەگـەڵ یـەک نـاکۆکن هاوسـەنگ بکـات، لایـەنێک داوای بـەهێزکردنی سـوپای عێـراق و چەسـپاندنی حکومـەتێکی ئاراسـتە و دوورایـی نەتـەوەیی دەکـات، کـە دژی سیاسـەتەکەی بـەکرەو بەتونـدی دوژمنایەتیی دەکات. لایەنێکیتر داوای مافی کورد و کەمینەکان دەکات و لایەنی یەکەم کە دەستەبەندییە نەتەوەییە توندڕەوەکان پشتگیریی دەکـەن ڕەتیدەکاتـەوەو بێوچـان بـەگـژ بـەکردا دەچێتـەوە. کـەچی سـەرەڕای ئـاڵۆزی و تەگـەرەکانی بـەردەمی، بـەکر پاڵپشـتی لایـەنی دووەمە.

بەدڵنیاییـەوە، ئـەو ئامۆژگارییانـەی بـەکر گـوێی لێگـرتن، ئـەو باوەڕانـەی لا چەسـپاوتر کـرد کـە هـەیبوون و جـەختیش دەکاتـەوە لەسەر ئەو ڕاستییانەی کە هیچ ڕۆژێک لای گوم نەبوون. ئەلشێخ کە ئامۆژگاریی بەکری دەکرد، گەلی کوردی بە تایەفەیەکی بچوک دانا، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئاراستە سیاسییەکان لەبەغدا ئەوکات ئەو مەیلەبووە کە هێشتا پەسەندکردنی مافەکانی کوردی ڕەتکردۆتەوە، بەڵام داواکارییەکەی کە ببێ بە سەرۆکی عەرەبی عێراق و غەیری عێراق بەو مەرجەی ئاراستەی نەتەوەیی خۆی و مافەکانی نەتەوەی کـوردی پێشـێل بکـات، شـایەتییە کـە بـەکر ڕێگـا سـەختەکەی هـەڵبژاردووەو پێیباشـتربووە لـە سـەرۆکایەتیی دەوڵـەتێک کـە ڕێـزی لێدەگرێت، بەڵام مافەکانی نەتەوەکەی پەسەند ناکات.

دەستەواژەکەشـی (ڕەنگـە سـەرۆکایەتییەکەت پەسـەند نەکـەن)، بەڵگەی ئەوەیە کە چەندین تـوخمی کـورد هـەبوون لەناسنامەکەیان دوورکەوتوونەتـەوە، تـا ئـەو ڕادەیـەی دژایـەتیی بـەکرو ئاراسـتە نەتەوەییەکـەیان کـردووە، بگـرە هەنـدێکیان، وەک پشـتگیریکردنی نەتەوەییـە تونـدڕەوەکان، بەشـداریی کوشتنەکەشـیان کـردووە. لەئامۆژگارییـەکانی ئەلشـێخەوە، ئـەو ئەنجامـەمان دەستدەکەوێ، کـە عێراق بەپێی سیاسەتی حکومەتەکەی دەبێتە وڵاتێکی تەواو عـەرەبی،

بەڵام ئەو کات کورد ناتوانێ لەقەوارەیەکدا بژیت کە سیاسەتێکی نەتەوەیی فەرمانڕەوایی دەکات و پێیوایە مافەکانی کورد بەخششێکە دەسەڵاتی ئەو قەوارەیە دەیدا و مافی داواکردنیان نییە، تەنیا بەپێی تێگەیشتن و پەسەندکردنی سیاسەتە نەتەوەییەکەی حکومەت نەبێت.

## کودەتا، هۆیەکانی و پاڵنەرانی

کودەتا، یان ئەو بزووتنەوە چاکسازییەی بەکر سدقی کردی، زادەی ئەو چرکەساتە نەبوو، یان بە راگوزەر بەبیریدا هاتبێت و ژیانی خۆی، بەبێ چەندین مەبەست یان چەندین ئامانجی ستراتیجی خستبێتە مەترسییەوە، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەمەوە، بیرۆکەی کودەتا لەبن کاریگەریی چەندین هۆکار و هۆی بابەتی و خودی لەزەینیدا خەملیوەو گەڵاڵەبووە، کە بەشی خۆیان کاتیان پێویست بووەو دەکرێ لەڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی وردی باری سیاسیی ئەوکاتی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی ئەنجامی لێهەڵێنجین، بەتایبەت لەو قۆناغە ترسناک و گرنگەی کە درێژدەبێتەوە لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانەوە تا جێبەجێکردنی بزووتنەوە چاکسازییەکەی، کە پێوەندداربوو بە کودەتاکەی، کە بەکودەتای بەکر سدقی لەساڵی ١٩٣٦ ناسرا (لە ٢٩/تشرینی یەکەمی ١٩٣٦ دا جێبەجێیکرد). ئەمە سەرباری ئەوەی دەکرێ لەنووسینەکانی مێژوونووسان و توێژەرانەوە هەڵیبهێنجین وەک خستنەسەرێکی گرنگ، کە یارمەتیمان دەدات هەڵوەستە بکەین لەسەر هۆیەکانی کودەتاکە، سەرەڕای پاشخان و بۆچوونی نەتەوەیی و سیاسییان، بەڵام لەهەموو بارێکدا، ناکرێ هۆکاری نەتەوەیی پشتگوێ بخەین، کە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر ئاراستەکانی بەکر سدقی و هاندانی بەرەو رێکخستنی کارتەکان و پاراستنیان لەتێکەڵکردن، کە ئینگلیز و زلهێزەکان

سـەپاندبوویان، بـۆ پشتگوێخسـتنی مافـەکانی گـەلی کـورد و گـۆڕینی نەخشـە جیۆسیاسـی و دیمۆگرافییەکـەی. ئاشـکرایە سیاسـەتی بـەکر، بەرانبـەر بـەو وەرچەرخانـە مێژووییـەی قۆناغەکـەی پێدەناسـرایەوە، ئاماژەیـــــە بـــۆ ئـــەوەی بــــەکر عێراقــــی وەک دەروازەیـــــەک دەستنیشانکردووە، بۆ گەیشتن بەمەبەست و ئامانجە ستراتیجییەکانی، زاڵبوون بەسـەر ئـەم دەروازەیەشـدا تـەنیا بـەوە دەبێ کـە کلیلـەکانیت هـەبێ، ئیـدی کودەتاکـە تاکـە دەسـتاوێژیبوو، بەتایبـەت کـە دڵنیـابوو ئینگلیــز هاوکــاری دەســەڵاتی عێــراق دەبــن بــۆ لێــدانی هـــەر بزووتنەوەیەک، یـان ڕاپـەڕینێک کـە داوای مافـە ڕەواکانی گـەلی کورد بکات و بەپێچەوانەی ئەوەی کە ناحەزە توندڕەوەکانی بڵاویدەکەنـەوە، ئـەو حـەزی لەدەسـتگرتن بەسـەر دەسـەڵاتدا نـەبووە، تـەنیا بـەو هێندە نـەبێ کـە خزمـەت بـە ئامانجـەکانی بکـا، بـۆ دابینکردنـی دواڕۆژێکـی باشـتر بـۆ گـەلی کـورد و عێراقییـەکان بەگشـتی. سـەبارەت بـەکورد، هـــەموو چرکەســاتێک چەرمەســەرییەکانی لەبــەرچاوبوو، لەکاتێکـدا فێڵـەکانی ئینگلیز و قەڵسـکردنەکانی دەسـەڵاتی عێراق بـەردەوامبوون، ئینگلیــز پێشــوەخت بڕیاریانــدابوو ویلایــەتی موســڵ (باشــووری کوردســتان) بلکێـنن بەهــەردوو ویلایـەتی بەغـداو بەسـرەوە لـەبن فـەرمانڕەوایی شـازادەیەکی عـەرەب، کـە وەک گەمەیـەکی دوو لایەنـە، خەریکی جێبەجێکردنی بوون، لەکاتێکدا ئەوپەڕی کۆششیان دەکرد کە دۆخــی کوردســتان هێــور بکەنــەوەو بەبــەڵێنی درۆزنانــە لــەبارەی مافەکانی کورد و دواڕۆژیـان ئاسـایی بکەنـەوە، کـەچی لەهـەمان کاتـدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عـەرەبی کاریـان دەکرد و لایـەنگیرییان بـۆ پەیـدا دەکـرد، بەبەرزکردنـەوەی ڕاپـۆرت و یادداشـتنامەی پێچەوانـەی واقیعی کورد بۆ کۆمەڵەی نەتـەوەکان و ئامانجیشـیان کێشـانی وێنـەی

دەوڵەتێکـە، کـە وای پیشـان بـدەن دەتـوانێ دەسـەڵات بـەڕێوەببات، لەبەرگی حکومەتێکی عەرەبیدا، کە بەغدا ناوەندەکەی بێت. بەهۆی ئـەم دووفاقییەوە، بەکر سدقی لەئینگلیز و عێراقییە هاوکارەکانی هەڵپێچا.

پاڵنەرێکیدیکەی کودەتاکە، بەهۆی دۆخی تاکی عێراقییـەوەبوو، کە بەدەسـت دۆخـی خراپـی ئـابووری و سیاسـییەوە دەیناڵانـد، هەسـتی نیشـتمانیی بـەکر سـدقی و مـەیلی مرۆڤانـەی بۆ پشـتیوانیکردنی چینـە زەحمەتکێش و چەوسـاوەکان دەیجوڵاند، بـەو ئاراسـتەیەی بیگەیەنێتـە بەدەسـتهێنانی کلیلـەکانی دەروازەکـە، کـە لەڕێگەیـەوە یارمـەتیی گەلەکـەی بـدات، کـە کـوردە. باشـترین بەڵگـەش بـۆ ئـەوەی دەیلێـین تۆمەتبارکردنیـەتی بەکۆمۆنیسـتبوون، بـەهۆی پشـتیوانیکردنی ئـەو ئاراسـتەیەی، کـە داوای بەگژداچوونـەوەی هـەژاری و لـەناوبردنی و نەهێشتنی جیاوازییە چینایەتییەکان و هاندانی سەندیکاکانی کرێکارانی دەکرد. سەلاحەدین ئەلسەبباغ، کە لەسیاسەتدا ناحەزی بوو و لەگەڵیدا ناکۆک بوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەکر سدقی و بەهادین نوری پێکەوەبوون لـەرۆژێکی سـاڵی ١٩٣٦دا، کـە کۆشـکی نـوری سـەعیدی لەوەزیرییـەوە لێدەرکـەوت، بەدەستی ئامـاژەی بۆ کـردووەو سـوێندی خـواردووە کـە زۆر لەناپاکـەکان لـەناو دەبـات و کۆشـکەکانیان دەکـا بەقوتابخانەو هەتیوخانە، ئەوکاتەش تەنیا چەند هـەنگاوێک دووربـووە لە کودەتاکەی.

تەها ئەلهاشمی کە رەخنە لەحکومەتەکەی یاسینی برای دەگرێ، بەدەق ئەمەی خوارەوەی نووسیوە: " چی، بووە هـۆی ئـەم کودەتایـە؟ ئەگـەر ئـاواتی خودی بـەکر و حیکمـەت سلێمان بخەینـە لاوە، دەبینـین بێزارییـەکی راسـتەقینە هـەبوو لـەو گەندەڵییـەی لـەنێو کۆمـەڵی عێراقدا هــەبوو، پاکتــاوکردنی مــافی زەوییــە کشــتوکاڵییەکان، رووبــەرێکی گەورەی زەویی دەخسـتە سـەر دەستڕۆیشـتووە سیاسـەتمەدارەکان و دۆسـتەکانیان، ئەوانـەی ترومپایـان هـەبوو، هـەروەها ئـەو زەوییانـەی

مولْکی هاوبەشی هۆزبوون، بوون بەمولْکی تایبەتی سەرۆکی هۆز. خراپیی بەڕێوەبردن و ڕەفتاری هەندێ وەزیر، هەندێ لەلایەنگرانی یاسین ئەلهاشمیی هاندا، کە بێزاربین، وەک محەمەد زەکیی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، چونکە وەزیرەکان بەپارەی تایبەتی خۆیان رایاندەبوارد، ئەوەبوو کودەتاکە چەند تۆخمێکی سۆسیالیستیی هێنایەپێش، کە چوونە نێو حکومەتەکەی حیکمەت سلێمانەوەو پشتیوانییان کرد و پێڕەوی– چاکسازیی میللی – کە ئەو توخمانە هێنایانە ئارا، داوای چاکسازییەکی کۆمەڵایەتیی بەڕاستییان کرد، بەڵام ئەمانە هەڵوێستێکی دوژمنانەی راشکاویان، بەرانبەر بە هەستی نەتەوەیی هەبوو، کە لەناخی پرنسیپەکانیانەوە هەڵدەقولاّ"[٤٢].

لەلێکۆڵینەوەی رەوتی رووداوەکانی ئەم ماوەیە، باوەڕێکمان لەلا گەلاڵەبوو، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەکر سدقی لە یاسین ئەلهاشمیی هەڵپێچابوو، هەر لەو کاتەوە کە لەئابی ساڵی ١٩٢٤دا یەکەمین حکومەتی پێکهێنا، چونکە ئەو لەگەڵ وەرگرتنی جڵەوی سەرۆکایەتیی وەزیران و هەروەها بەوەکالەت وەزارەتی بەرگریش، هەڵمەتێکی سەربازیی گەورەی، بەپشتیوانیی چەکی ئاسمانیی بریتانی، کردە سەر شێخ مەحمود و زیانێکی کاریگەری لەو هێزەدا، کە بەرگرییان لە شاری سلێمانی و دەوروبەری دەکرد. ئەمەش یارمەتیی حکومەتی عێراقیدا، دەسەڵاتی کارگێڕی و سەربازیی خۆی بسەپێنێ و بەدرێژایی هێڵەکانی هاتوچۆ قەڵاو سەنگەر دروست بکات. هەر لەرۆژگاری حکومەتەکەی ئەودا، مەلیک لەمانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٤دا، سەردانی هەردوو لیوای هەولێر و کەرکوکی کرد و ئەمەش یەکەمین سەردانی بوو بۆ ئەم دوو شارە، بۆ یەکەمین جاریش لەو سەردانەدا ئاڵای عێراق لەسەر فەرمانگە حکومییەکانیاندا

---

٤٢- مذكرات طه الهاشمي، لا ٢٢ .

بەرزکرایەوە[٤٣]. وەک ئەوەی پەیامێکی جەختکردنەوەبێ بۆ کورد، کە حکومەت بەنیازە هەموو شارە کوردییەکان بە دەسەڵاتی ناوەندەوە بلکێنێ.

ئازارەکانی کورد و ئەو ستەمانەی لەهەڵمەتە سەربازییەکاندا لێیانکرا، کاریانکردە سەر بەکر سدقی و هانیاندا بەرەو کودەتا و لەناوبردنی سیاسەتی نەتەوەیی حکومەتی ئەلهاشمی بجوڵێ، ئەو حکومەتەی کە تەنیا بڕوای بەیەکێتیی عێراق هەبوو، کە هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی تێدا بتوێتەوە. خاوەنەکانی ئەم مەیلە، جەختیان لەسەر لایەنێکی کردەوە، کاتێ ئەنجومەنی سەربازیی عورفییان لەساڵی ١٩٣٥دا بۆ دادگاییکردنی ئێزدییەکان پێکهێنا، کە چەندین حوکمی دڵڕەقانەی سەپاند، کە بەپێی ئەوە یازدە کەس لەسێدارە دران، جگە لە بەندکردنی (٣٢٦) و دوورخستنەوەی (٤٩)یدیکەیش. لەنێو حوکمدراوەکان بەسێدارە دوو کەسی ناسراوی لەموسڵ تێدابوو، کە بریتین لە: پارێزەر عەبدوڵلا فایق و عەبدولکەریم قەرەگلە. کە باڵیۆزی بریتانی دەستیتێخست بۆ سوککردنی حوکمەکە، وەزیری ناوخۆ رەشید عالی گەیلانی، بەوپێیەی وەکیلی وەزیری دادە، وردبینیی پەڕاوەکانی لێکۆڵینەوەی گرتەئەستۆو لەجیاتی گۆڕینی حوکمی سێدارە بەحوکمێکیدیکە، دەستبەجێ حوکمی سێدارەی بەسەر نۆیان جێبەجێکرد. ئەوانیدیکەیش لەبەندیخانە مانەوە تا کودەتاکەی بەکر سدقی، کە هەموویان بەبڕیارێکی پاشایی[٤٤] ئازادکران. وتەو شایەتیی زۆریش لەبارەی بەهای نیشتمانی و خۆشویستنی گەلی عێراق و قوربانیدانی لەپێناویدا هەبوو، کە لەنێویاندا ئەوەی دکتۆر گروبا باس دەکەین کە بەدەق ئەمەی خوارەوە دەڵێ: " بەکر سدقی سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق، لێدوانی بۆ رۆژنامەنووسێکی تورک

---

٤٣- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی ١ لا ٢٤٢، ٢٧٣.

٤٤- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی ٤ لا ١٦٩.

داوه، کە لەگەڵ هاوڕێکانی تێبینییان کردووە بەڕێوەبردن لەرۆژگاری حکومەتەکەی یاسین ئەلهاشمی خراپە، تا ئەو رادەیەی نائاسودەیی گەلی لێکەوتۆتەوەو نەیویست گوێ لەو هەموو ئاگادارکردنەوانە بگرێت، بۆیە خۆیان بەناچار زانی هێزەکانی سوپا بەکاربهێنن، تا بەزەبری هێز، حکومەتی ناوبراو لەسەر کار لاببەن و هیچ بەتەمای دامەزراندنی حکومەتێکی زۆردار نین و سوپا ئەرکی خۆی بینیوە لەپاراستنی مافە نیشتمانییەکان و دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ گەل"[٤٥] و سەرەڕای ئەوەی ئەستێرەی بەکر سدقی لەسەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوودا درەوشایەوە، بەڵام ئەو پێش ئەوەش دوور نەبوو لە مەیدانی سیاسی لەعێراق و کوردستاندا، بەڵکو لەنێو وردەکارییەکانیدابوو، لەهەموو رووداوەکانیەوە نزیکبوو، ئەمەش کاریکردە سەر ئاراستە سیاسی و نەتەوەییەکانی. لەکاتێکدا وەک هەموو رۆڵەکانی نەتەوەکەی، بەئاواتی دەوڵەتێکی کوردیبوو لە هەلومەرجێکی جیاواز و گونجاوتردا، هەر خۆی هاوئاهەنگیی هێزە نێودەوڵەتییەکانی بینی، بۆ نەهێشتنی ئەو ئاواتەو زیندەبەچاڵکردنی و بەستنەوەی زەویی باوو باپیران بەدەوڵەتێکەوە، کە دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەناسنامە و کولتوور عەرەب بەڕێوەیببات و ئەوەیان بەسەردا بسەپێنێ، کە لەهەموو جومگەیەکی ئەو دەوڵەتەدا، خزمەت بەبەرژەوەندییەکانی خۆی بکات.

لەلاپەڕەکانی دواتردا خوێنەری بەڕێز هەڵوەستە دەکات، لەسەر چەند وێستگەیەکی ئەو ستەمانەی لەکورد کران، کە بەکۆی هەموویانەوە، کاریان لەبەکر سدقی کرد و هەست و مەیلی نەتەوەییان تێدا جوڵاند، تا دواجار بوونەهۆی جوڵەیەکی سەربازیی چاوەڕواننەکراو، کە بەهۆیەوە هەندێ ئامانج بێنێتەدی، کە خەونی پێیانەوە دەدیت، ئەوەبوو کودەتاکەی کرد، کە دەنگیدایەوە.

---

٤٥- گروبا – سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ١ لا ٢٦٨.

## بەیاننامەیەك كە نیشتمانپەروەری و بێلایەنییەكەی دەنوێنێ

پـــاش ســـەركەوتنی كودەتاكـــەی و چەســـپاندنی حكومەتـــە چاكسـازەكەی، چەنـدین نامـە دەگەیشـتنە بـەكر، كـە بیركردنـەوەی خاوەنـــەكانیان دەنوانـــد، زۆربەشـــیان هـــەوڵی خۆنزیككردنـــەوەو ماستاوكردنیان بۆ حكومـەتی نوێ دەدا، ئەمـەش بـارێكی نـاوازە نییـە لەدەوڵەتێكدا كە پڕیەتی لەململانێی سیاسی و نەتـەوەیی و تایەفـەیی و بەرژەوەندیی جیا جیا، كە هەم هەق و هەم ناهەقی تێدایە، كاریگـەریی لەسـەری هەیـە. بەهـەر حـاڵ ئامانجـەكانی لەبـەكر شـاردراوە نـەبوون، بۆیـە بەیاننامەیـەكی رەسـمیی بەناونیشـانی (وتەیـەك لەبـەكر سـدقی سـەرۆكی ئـەركانی سـوپاوە) بڵاوكـردەوە، كـە ئـەم روونكردنەوانـەی خوارەوەی تێدابوو:

١- نامەیەكی زۆرم بۆ دێ، كە زۆرینـەیان خۆیـان دزیوەتـەوە لـە ئیمزاكردن بەناوی خۆیانەوە، كە نووسەرەكانیان بوختانی جۆراوجۆر دەكەن، بەوەی كە فڵان كەس جاسوسە و فیسار كەس لـەفڵان دوكـان كۆدەبێتەوەو ئەمە دەڵێن و ئـەوە دەڵێن. ئەوانـەی ئـەو نامانـە دەنێرن بـا بـزانن كـە مـن كـەمترین بایـەخیان پێنـادەم و چارەنووسـەكەی سـەبەتەی زبڵـە. تكـام وایـە هـیچ كـەس بـەو نامانـە هەراسـانم نـەكات، چونكە كارم زۆرەو ناچارم خەریكی ئەركەكانم بم و كاتمـان بـۆ ئـەو كاروبارە پڕوپوچانە بەدەستەوە نییە.

٢- نامەیەكی زۆرم بۆدێ، كـە خاوەنـەكانیان باسـی ئـەوە دەكـەن كـە لەسـەردەمی فڵانـدا سـتەمیان لێكـراوەو بـەهۆی فـڵان بڕیـارەوە مافیان خوراوە. تكام وایە كە بزانن ئەمـەیان شـێوازێكی نمونـەیی نییـە بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی مافەكـەیان، ئەگـەر راسـت بكـەن، ئـەوا دەبـێ نامەكەیان بنێرن بۆ وەزارەت، تا بەپێی رێنماییەكان چاوی لێبكرێ[٤٦].

---

٤٦- ایام النكبة- طالب مشتاق- لا ٨٤.

سـەرەڕای ئـەوەی ئـەم دوو بەیاننامەیـە روویـان لـەتویژێکی دیاریکراوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا وەڵامێکی روون و راشکاون بۆ ئەوانەی گومانیان لەو سیاسەتە هەیە، کە بەکر بەرانبەر بەهەموو عێراقییەکان گرتوویەتیەبەر و جەختکردنەوەیەکیشە کە بەهۆی نەتەوەو مەزهەب و تایەفەیانەوە، جیاوازیی لەنێوانیاندا نەکردووە. لەهەمان ئەو کاتەدا کە رقی لەماستاوکردن و مامەحەمەیی ئەو کەسانەیە، کە بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی خودی خۆیان، لەگەڵ شەپۆل رێدەکەن، ئەوا بێدوودڵی پشتیوانی ستەملێکراوانەو لەسەریان دێتە وەڵام. بۆیە دەبینین، کە داوا لەسکاڵاکەر دەکات، سکاڵای ستەملێکراوییەکەیان بدەن بە لایەنی پێوەندیدار، تا بەپێی قانون و رێنماییەکان، دادگەری رەوتی خۆی وەربگرێ. سەرەڕای ئەوەش نامەکان ئاماژەیەکی روونی جەختکردنەوەی بەکر سدقین لەسەر پشتیوانیکردنی چینەکانی زەحمەتکێش و هەژار، بۆیە خاوەنی نامەکان بۆ بەکریان ناردوون، نەک بۆ لایەنی تایبەتمەند.

دواجار ئەوەی لەدوو بەیاننامەکەدا دەیانخاتەڕوو، رەتکردنەوەو بەدرۆخستنەوەی ئەوانەیە کە ژیانی بەکریان وا پیشانداوە کە دۆزەخێکی پڕ لەترس و ئاگر بووە. ئەگەر ئەمەی ئەوان دەیڵێن وابوایەو نامەکانی بەهەند وەربگرتایە، دەبوو لێکۆڵینەوەی بکردایە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ناویان لەنامەکاندا هەیە، کە خۆیشی بەتەواوی دەیزانی دوژمنان و ناحەزان چاودێریی دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی وڵاتیان بەجێهێشتووە، یان خۆیان لەبن ناونیشان و ناوی جیاوازدا شاردۆتەوە، تەنانەت بەکر لەوکاتەشدا کە کوژرا، بەبێ پاسەوان دانیشتبوو، تەنانەت پاسەوانە تایبەتەکەشی لەگەڵ نەبوو، بەشێوەیەک کە بکوژەکە ئەوەندە لێینزیکبووەوە دەستی دەیگەیشتێ، ئەوەبوو تەقەی لێکردو یەکسەر شەهیدبوو.

## چەند ڕێوشوێنێك،
## كە خستنەڕوویان عە یبە نییە

لەبارەی هەڵوێست لەكودەتاكەو فەرماندەكەی بەكر سدقی، خاتوو دكتۆر رەجا حوسێن ئەلخەتتاب لەبەرهەمەكەیدا بەناوی – تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي- دا ئەمەی خوارەوە، بەدەق، دەڵێ:

" بەكر سدقی كەسێكی ئاسایی نەبوو، كە لەگۆشەیەكی نادیارەوە بازیدابێتە ناو مەیدانی رووداوەكانەوە، بەڵكو بەپێچەوانەوە زۆربەی سەرچاوەكان قسە لەسەر تواناو لێهاتوویی سەربازی و ئاواتی و دیدی پێشكەوتووانەی بۆ دۆخی سیاسی دەكەن. بەڵام هەر زوو هەڵوێستی خۆی دیاریدەكا لەرۆڵی سیاسیی سوپا لەدژایەتیكردنی هەر رۆڵێكی نەتەوەیی عێراق، ئەوەبوو دەستەكەی ئەو دژایەتیی ئەفسەرانی نەتەوەیی و دەستەكەیان كرد و سروشتیش بوو كە سیاسەتە هەرێمایەتییەكەی پێداگیری بكا لەسەر گۆشەگیركردنی هێزە نەتەوەییەكان. ئەگەر كودەتاكە،بەشێوەیەكی رەسمی، حكومەت و ئاراستە نەتەوەییەكەی لەناوبردبێ، ئەوە پاش كودەتاكە، چالاكیی ئەفسەرانی نەتەوەیی لەڕێگەی گواستنەوەیان لەپۆستە هەستیارەكان و سڕكردنیانەوە، نەهێڵدرا". لەبارەی ئەو رێوشوێنانەشەوە كە دوای كودەتا گرتوویەتیەبەر، خاتوونی دكتۆر لەهەمان سەرچاوەدا لەسەری دەڕواو بەپێی تۆمارەكانی بەڕێوەبەرایەتی كارگێڕیی ئەفسەران و فایلە كەسییەكان لە وەزارەتی بەرگری، دەڵێ: " سیاسەتی بەكر ئەو رێوشوێنانەی لێكەوتەوە كە بانگەشەن بۆ هەرێمایەتی و دژی یەكێتیی عەرەب بووەو لەم چەند خاڵەدا كۆدەبێتەوە:

یەكەم - گواستنەوەی ئەفسەرانی نەتەوەیی لەپۆستەكانیان و بەم شێوەیە:

١- سەلاحەدین ئەلسەبباغ لەپۆستی مامۆستا لەقوتابخانەی ئەركان و مامۆستای ئامادەسازی لەكۆلێجی سەربازی، سەرەڕای

پۆستی بەوەکالەت بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی جەستەیی و ڕاهێنانی سەربازی لەوەزارەتی بەرگری، بۆ پۆستی جێگری میرە، کە ناڕازیش بوو، بەکر سدقی ناچاریکرد فەرمانەکەی جێبەجێ بکات.

٢- موقەدەم مەحمود سەلمان لەپۆستی ئامری پاسەوانی پاشایەتییەوە بۆ ئامری کەتیبەی دووەم گواسترایەوە.

٣- مەحمود فەهمی سەعید پاش کودەتا بوو بەموقەدەم لەلیوای ناوچەی باکوور، کە بارەگاکەی لەموسڵ بوو.

٤- محەمەد ئەمین ئەلعومەری لەپۆستی جێگری سەرۆکی ئەرکانی سوپاوە بۆ پۆستی ئامری ناوچەی موسڵ گواسترایەوە.

دووەم - سڕکردنی سیستمی فتوە (لاوان)و دوورخستنەوەی ئەفسەرانی نەتەوەیی لەپۆستەکانیان لەسەرپەرشتی و ئاراستەکردن.

سێیەم - بڵاوکردنەوەی کەشی ئازادیی کۆمەڵایەتی کە پێچەوانەی نەریتەکانی گەل بوو و هاندانی تیپەکانی بیانی و گۆرانی و تێکەڵبوونیان بەئەفسەران لەڕێگەی سازدانی ئاهەنگەوە.

چوارەم - پەکخستنی ڕۆڵی نەتەوەیی عێراق و پەکخستنی کۆمەڵەی بەرگری لەفەلەستین و دابینکردنی سەلامەتیی جووەکان و هاوسۆزنەبوون لەگەڵ مەسەلە نەتەوەییەکان و پیشاندانی بایەخدان بەباکووری عێراق لەجێی مەسەلەکانی نیشتمانی عەرەب.

پێنجەم – ئاراستەکردنی گەل بەرەو یەکێتیی عێراق، لەسەر حسێبی یەکێتیی عەرەب)[٤٧].

ئەو ڕێوشوێنە کارگێڕییانەی بەکر سدقی، پاش کودەتاکە، لەسوپادا گرتنیەبەر دژی ئاواتەکانی عەرەبی عێراق نەبوون، وەک هەندێک وای بڵاودەکەنەوە، بەڵکو بۆ پاراستنی کوردبوو لەتوخمە نەتەوەییە توندڕەوەکان و دەستەکەیان، ئەوەبوو بەدەستاوێژی

---

٤٧- د. رجاء حسين – تاسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي، لا ١٧١، ١٨٤.

قانونی هەوڵیدا ئەمانە گۆشەگیر بکات و لەناوەندە هەستیارەکان دووریان بخاتەوە. سروشتیش بوو کە ئەم ڕێوشوێنانە توڕەیان بکات، هەر وەک سروشتیش بوو کە بیخەنە نێو بازنەی دوژمنانی عەرەب و عەرەبایەتی. لەجیاتی پەنجەبۆڕاکێشان و ستایشکردن، ئەوان ڕەخنەی لێدەگرن وگلەیی لەسیاسەتی باشی بەرانبەر بە کەمینەکان لێدەکەن. پاشان کەی هاندانی تیپە هونەرییەکان بۆ سەردانکردنی وڵات، لای حکومەتەکانی عەرەب، کارێکی نەشیاوبووە، تا لای بەکر و ئەندامانیدیکەی حکومەتە چاکسازەکەشی وابێ؟

دیدی ئەوانیتر لەبارەی ئەو ڕێوشوێنانە هەرچەند خراپ بێ، ئەوەندە بەسە کە ڕەتکەرەوەی بۆچوونی هەندێ لەمێژوونووسانی کوردە، کە دەیانەوێ وای پیشان بدەن ئەوەی بەکر بۆ نەتەوەکەی کردووە، دروستکراوو بوختانە. ڕەنگە هەندێ کەسیش بەهەڵەدا بچن وابزانن ئەو ڕێوشوێنە تۆڵەستێنانەی توندڕەوان پاش کوشتنی بەکر لەدژی ئەفسەرانی کورد گرتیانەبەر، بەهۆی ئەو ڕێوشوێنە کارگێڕی و قانونییانەوە بووە کە بەکر لەماوەی حکومەتی کودەتادا بەرانبەریان کردی، سەرەڕای ئەوەی واقیعەکە بەتەواوی پێچەوانەیە، چونکە ڕووداوەکان سەلماندیان ئەو لەسەر هەق بوو کە لەهەموو چرکەیەکدا چاوەڕێی خراپەی لێدەکردن، کە ئەویش ڕازینەبوو بەعێراقێک، ئەو عێراقەی ناویاننابوو (بروسیای عەرەب) کە داننان بەکورد وەک نەتەوەیەکی تەواو، ڕەتبکاتەوە.

ئەو ڕێوشوێنە خۆپارێزییانەی بەکر گرتنیەبەر، بۆ پاراستنی کورد بوو لەو توندڕەوانەی چاویان تێبڕیبوو. لەو کاتەدا کە دەستەی نەتەوەیی دژی ئەو ڕێوشوێنانە وەستانەوە، کە پیاوەکانیان هەمان ئەو ڕێوشوێنانەیان، لەهەمان ئەو شوێنانەدا و پاش کوشتنی بەکر دژی کورد کرد، لایەنگرەکانیان و تەنانەت هەندێ کوردیش پەنجەیان بۆ ڕاکێشان و ستایشیانکردن، کە ئەمەش پارادۆکسێکەو ناکرێ پشتگوێ بخرێ.

## لەیارمەتیدانی فەلەستینییەکان و پشتیوانیکردنیان بەردەوام بوو

سەرەڕای نیشتمانپەروەریی راستگۆیانەو شانازیکردنی بەنەتەوەکەی، کە کوردە، هەڵوێستی بەکر سدقی بەرانبەر بەمەسەلەکانی عەرەب، شایستەی لەسەر وەستان و ستایشکردنە، بەتایبەت مەسەلەی فەلەستین، کە بەمەسەلەی ناوەندی و یەکەمینی عەرەب دادەنرێ. ئەو لەرۆژانی حکومەتە چاکسازەکەی کودەتادا، سەرەڕای ئەو ئاڵۆزییانەی هەبوون، دوودڵیی نەنواند لەو پشتیوانیکردنەی. ئەمەش بەسەر هەندێ لەمێژوونووسانیدا سەپاند، کە سەرەڕای سڵکردنەوەیان لەکوردبوونی، ستایشی خۆی و هەڵوێستی حکومەتەکەی بکەن، ئەگەرچی ستایشکردنەکانیش شەرمنانەبوون، نمونەش لەمبارەیەوە، ئەوەی لەکتێبی - محمود سلمان، طريق المجد الى أرجوحة الأبطال- دا هاتووە لە نووسینی مەحمود شەبیب و جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە بەکر پشتیوانیی فەلەستینییەکانی کردووەو یارمەتییداون، وەک لەم دەقەدا دەردەکەوێ و رووندەبێتەوە: " سەرکەوتنی کودەتاکەو بەو خێراییەی کرا، گورزێکی کوشندەبوو لەو ئاواتانەی ئەفسەرانی عەرەب، کە وا راستە بەنەتەوەیی ناوبرێن، بە سوپای عێراقەوە هەیانبوو. سەرەڕای ئەوەی حیکمەت و بەکر ئەو یارمەتییانەشیان نەبڕی کە بۆ فەلەستین دەنێردران و گۆڕانکاریی جەوهەریشیان لەم سیاسەتەدا نەکرد"[٤٨].

لەبارەی کاردانەوەکان بەرانبەر بە کودەتاکە، لەهەندێ سەرچاوەدا هاتووە،لە رۆژی کودەتاکەدا کە کاروانی بەکر سدقی چووە نێو بەغدا، کیژە قوتابیانی جوو بەگوڵەوە پێشوازییان لێکردووە، کوڕە

---

٤٨- محمود شبیب، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٦.

قوتابییەکانیشـیان لەگـەڵ خۆپیشـاندەران هاواریـان کـردووە ژیـانی پـارێزراو بـێ، ئەمــەش لەســۆنگەی سیاســەتەکەی بــۆ پاراســتنی کەمینـەکان، لەنێویشـیاندا جـوو. بـەڵام ئـەم کاردانەوانـە کاریگـەرییان نــەکردە ســەر هەڵوێســتی لایەنگرانــەی بەرانبــەر بەعــەرەب و وای لێنـەکرد هـەر لـەنێو سنووری دەوڵـەتی عێراقـدا گیـر بخـوات، بـەڵکو پەلیهاویشت و گەیشتە مەسەلە گرنگەکە، کە ئەویش لایەنگیریکردنی گــەلی فەلەســتین و پشــتیوانیکردنی و ڕەتکردنــەوەی پــڕۆژەی دابەشــکردنی دەوڵەتەکەیانــە، ســەرەڕای ئــەوەی زانیویــەتی ئــەم هەڵوێســتە تایبەتمەنــدێتی هەیــەو هەســتیارەو لــەڕووی هــەرێمی و نێودەوڵەتییەوە ئەگەری ئاسەواری هەیە".

گروبا لەبەرهەمەکەیدا بەناوی – رجال ومراکز قوی – لـەبارەی ڕەتکردنـەوەی پڕۆژەی دابەشـکردنەکە، لەلایـەن حکومـەتی کودەتـاوە، دەڵـێ: "یوسـف یاسـین راوێژکـاری پاشانشـینیی عـەرەبی سـعودی و رازگـری تایبـەتی ئیـبن سـعود لەسـەرەتای تشـرینی دووەمـی ١٩٣٧ سـەردانی بەغـدای کـرد بـۆ وتـوێژکردن لەگـەڵ حکومـەتی عێـراق و بەستنی ڕێککەوتن لەگەڵیدا، بەڵام لەپێنجی هەمان مانگدا سەردانیکردم و پرسـیاری لێکـردم لـەبارەی ئاسـتی نـاڕازیبوونی ئـەڵمانیا بەرانبـەر بــەپلانی بریتانیــا بــۆ دامەزرانــدنی دەوڵــەتی جــوو لەفەلەســتین و چاوەڕێیی چـی لـەدەوڵـەتانی عـەرەب دەکـا بـۆ پەکخستنی ئـەو پلانـە. لەوەڵامدا گوتم ڕەنگە بەپلەی یەکەم ئەرکی دەوڵەتانی عەرەب بێ ئـەو پلانــە پــەک بخــەن. بۆیــە گرنگــە پشــت بــەخۆیان ببەســتن بــۆ بەرەنگاربوونـەوەی پلانەکـەی بریتانیـا، چونکە ئـەوە کێشـەی خۆیانـە، کێشەی عەرەبە، پتر لەوەی جێی بایـەخی ئـەڵمانیا بێت. بـەڵام ئـەڵمانیا تێبینیی کردووە کە عەرەب بەتایبەت بەرانبەر بەو کێشەیە یەک نین و ئـەوەی مـن بیـزانم تـەنیا عێـراق بەرهەڵسـتیی پلانەکـەی بریتانیـای بـۆ دامەزرانــدنی دەوڵــەتێکی جــوو لەفەلەســتین کــردووەو بەتونــدی و

بەڕاستی نارازییە بەپلانەکە. پێدەچێ ئیبن سعود (کە زۆر سڵدەکاتەوە) بەئاواتەوەبێ یارمەتیی فەلەستینییەکان بدات، بەڵام بەو مەرجەی ئینگلیز پێینەزانێ، چونکە لەو ئەنجامانە دەترسێ کە لەو یارمەتیدانە دەکەونەوە"[٤٩].

سەرەڕای سیاسەتی ئەرێنی و بوێرانەی بۆ پشتیوانیکردنی مەسەلەی فەلەستین، کە شانی لەشانی هەمان سیاسەت دەدا کە دەستەی نەتەوەیی گرتبوویانەبەر، کەچی کە توندڕەوان (دەستی هەندێ کوردیشی تێدابوو) بڕیاریاندا لەناوی ببەن ئەم سیاسەتەی دادی نەدا، بەمەش جەختیانکردەوە لەسەر ئەوەی کە ئەوان بەهۆی ناکۆکیی پاشخانی نەتەوەیی و دژایەتیی لەگەڵیان لەناویان نەبردووە، بەڵکو لەبەر ناسنامەکەی و مەیلی کوردانەو پلانی بۆ دامەزراندنی قەوارەیەک بووە، کە ئێستاش کورد خەونی پێوە دەبینن.

### هەڵوێستی بەرانبەر بەیەکێتیی عەرەب

کە بڕیار دەدەین مێژوو بنووسینەوە، یان هەوڵدەدەین بەدیدێک راستی بکەینەوە کە بڕوامان پێی هەبێت، دەبێ بوێر بین و خۆمان بەدوور بگرین لەچاوپۆشین، یان پشتگوێخستنی ئەوانەی ناکۆکن یان پێچەوانەن لەگەڵ رای ئێمە. لەبابەتێکی گرنگی وەک ئەم بابەتەی ئێمەدا، پێویست ناکا خستنەڕووی راستیی بەکر سدقی و دیدی بۆ یەکێتیی عەرەب پێشتگوێ بخەین، یان خۆمانی لێبەدوور بگرین، ئەگەرچی پێچەوانە یان ناکۆک بێ لەگەڵ رای بەرانبەر، بەڵکو ئەرکیشە وەک خۆی بیخەینەڕوو، بەبێ ئاوڕدانەوە لەو ئەنجامانەی کە ڕەنگە لایەنی بەرانبەر پەسەندی نەبێ. یەکێتیی عێراق، کە رووی لەیەکێتیی خوازراوی عەرەبە، مانای ئەوەبوو کوردستان، بەپێویست، دەبێتە بەشێکی، ئیدی لێجیابوونەوەشی بەکوفرێک دادەنرێ کە مایەی

---

٤٩- گروبا – سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ١ لا ١٨١، ١٧٥.

لێبووردن نییەو بەلای کوردیشەوە نامۆییەکی راستەقینەو وێڵبوونە. ئایا ئەمە (بەلای کوردەوە) مانای ئەوە نییە کە بەکر لەسەر هەق و راستی بووە کە بەرەوڕووی ئەو دەستەیە وەستایەوە کە ئالاهەڵگری لکاندنی هەموو عێراقبوون بە قەوارەی گەورەی عەرەب و بەرەنگاربوونەوەی هەر دیدێک کە پێچەوانەی ئەمە بێت؟ جگەلەمەش گەلی کورد، هیچ رۆژێک، هاوبەشێکی راستەقینە نەبووە لەدەوڵەتی عێراقدا لەوەتەی لە٢٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ حکومەتی کاتیی عێراق دروستبووە. هاوبەشبوونی کورد مانای وەزارەتێک، یان چەند وەزارەتێک نییە، بەڵکو (بەپێوانەی پێدراوەکان) زۆر لەوە پترە. تەنانەت ئەو لێدوانانەش کە هەندێ جار بۆ دڵڕاگرتن دەدران، هەرزوو نەدەمان و دەبوون بەهەڵم کە یەکێتیی عێراق و عەرەبایەتییەکەی دەکران بە سەنگی مەحەک. کەواتە چۆن دەکرێ، یەکێک کە داوای مافی کورد بکات، رازی بێت بەو یەکێتییە عەرەبییەی خاک و نیشتمانیان بەخۆیەوە بلکێنێ، تا پاش ئەوە چاپکردنی گۆڤارێک، یان رۆژنامەیەکی رۆشنبیری، یان دامەزراندنی چەند قوتابخانەیەک بەژمارەی پەنجەکانی دەست، بەزمانی خۆیان، بەزۆر بزانێ و پاشان وای دابنێ کە لەمافی خۆیان پتریان وەرگرتووە؟ ئەگەر بەچەکی کیمیایی لێیاندراوە یان ئەنفالکراون، لەبەر ئەوەبووە داوای مافی رەوای نەتەوەیی خۆیان کردووەو لەپێناویدا شەڕیان کردووە؟ هەر بۆ زانینیش ڕووداوە تاڵەکانی رابردوو و ئەزمونەکانی یەک سەدە، دەیسەلمێنن و جەختدەکەنەوە لەسەر ئەوەی کێشە گەورەکان، ئەگەر بەشێوەیەکی بابەتی و بەباشی دەسکارینەکرێن و لەنێو ژینگەی سروشتیی خۆیان بمێننەوە، هەزار جار باشترە لەوەی بەزۆرەملێ بخرێنە شوێنێک کە هی خۆیان نەبێ و شتی ناماقوڵیان بەسەردا بسەپێنن. بۆیە، لەنێو گەرمەی ئەم هاوکێشە بەنێو یەکداچووانەدا، کارێکی بەویژدانانە نییە کە یەکێک داوا لەبەکر بکات چ نەخشەیەکی

بــۆ دوارۆژی نەتـــەوەی کـــورد هـــەبووە رایبگەیاندایـــە، لەکاتێکـــدا ئاشـکراکردن، جگـە لەمرانـدنی پرۆژەکـە، هـیچ مانایـەکیتر نابەخشـێ. کەچی لایەنی دوژمن، کە فەرمانڕەوایە، کار بەپرنسیپی نەرمی نواندن دەکا کە هەلومەرجەکە بیسەپێنێ، کە پێویستیش بکا هێز دەخاتەکار. بــۆ نمونـــە، مـــەلیک فەیســـەڵ بەئاشـــکرا داوای نـــەکرد کوردســـتان بـەعێراقـەوە بلکێنـدرێ، چونکـە کاتەکـە گونجـاو نـەبوو، بـەلاّم لەبنـەوە کۆششـێکی زۆری بـۆ جێبـەجێکردنی کـرد. تەنانـەت سیاسـەتمەدار و کەسانی سـەربازییعێراقی و بریتانییـەکانی دەوریشـی بەهـەمان شـێواز و بەهـــەنگاوی جێگیـــر، بـــەلاّم بـــەبێ هـــەرا و ئاشـــکراکردن، بەڵکوبـەدەسـتاوێژی پـەنهان و دەسـتی دەسـتیپێکردن ئـەو کارەیـان دەکرد.بەلێکۆڵینەوەی وردی راستی وررووداوەکانی پێوەنددار بە بـەکر سـدقی، بۆمـان دەردەکـەوێ هەڵوێسـتێکی دوژمنانـەی بەرانبـەر بـە یـەکێتیی عـەرەب نـەبووە، ئەگـەر لەسـەر حسـێبی مافـەکانی کـورد و دوارۆژیان نەبووبێ. ئەمەش مافێکی رەوای بەکر و هـەر کوردێکە کـە داوای مـافی زەوتکراوی وەک گـەلێک بکـات، کـە لەسـەر خـاکی خـۆی دەژیـت و پاشـان بلکێنـدرێ بەدەوڵەتێکـەوە، کـە بەسـەریدا بسـەپێنێ لەژینگەیەکـــدا بژیـــت کـــە زمانەکـــەی جیایـــە لـــەزمانی ئـــەو و رۆشـنبیرییەکەی جیـاوازە لـە رۆشـنبیری و کەلەپورەکـەی. سـەرەڕای ئـاینی ئیسـلام کـە کۆیاندەکاتـەوە، پێوەنـدیی دراوسـێیەتی و ماوەیـەک پێکـەوەژیان، کـە نـاکرێ بەئاسـانی نادیـدە بگیـرێ، بـەلاّم نـاکرێ ئەمـە جێگـەی مـافی خـۆی لەسـەربەخۆیی و ناسـنامەی تایبـەت بـەخۆی بگرێتـەوە.بـەکر هەوڵیـدا ئەمـە بکـات لەڕێگـەی رێوشـوێنە کـارگێڕی و سیاسـییەکانەوە، کـە لەپێگـەو دامـەزراوە جیاجیاکـانی دەوڵەتـدا پـاش کودەتاکـەی کـردی، ئـەو کودەتایـەی کـە هەنـدێ دوژمنـی کـورد بەکودەتای رەش ناوی دەبەن.

**بەکر وەك دوژمنی**

**ئینگلیز و ئیستیعمار، نەك عەرەب**

سەرەڕای جیاوازیی پاشخانی نەتەوەییان، سەلاحەدین ئەلسەبباغ هەڵگری ئاڵای عەرەبایەتی و ناحەزی بەکر سدقی، پەسەندی دەکاو دانیپێدا دەنێ کە بەکر سەرەڕای هەڵوێستی بەرانبەر بە عەرەبایەتیی عێراق، رقی لەئینگلیز و ئیستیعماربووە. لەدووتوێی بیرەوەرییەکانیدا ئەمەی تۆمارکردووەو دەڵێ:

" ئەگەرچی بەکر سدقی دژی بیری عەرەبایەتی بوو و سووربوو لەسەر داخستنی یانەی موسەننا، بەڵام دوژمنی ئینگلیز و ئیستیعماربوو"[٥٠].

ناچێتە ئەقڵەوە بەکر سدقی دژی بیری عەرەبایەتی و یەکێتییە نەتەوەییەکەی بووبێ و بەچەک و کۆمەکی سەربازیش یارمەتیی فەلەستینییەکانی دابێ، تەنیا ئەگەر، لەسەر حسێبی مافەکانی گەلی کورد و دوارۆژی نەبووبێ، وەک پێشتریش باسمان کرد. چونکە عەرەبایەتیی عێراقو یەکگرتنی لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی عەرەب، بەپێویست مانای ئەوەیە کورد پشتگوێدەخرێ و دوور دەخرێتەوە لەمافەکانی و دەور دەدرێ لەنێو بازنەی یەکێتیی عەرەب و ژینگەکەیدا، کە پرنسیپەکانی یانەی موسەننا لەو ماوەیەدا بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەو یانەیەی، بەپێچەوانەی ئارەزوو و ئاواتەکانی توندڕەوانەوە، بەکر دایخست. ئەگەر کورد لە قەوارەیەکی سەربەخۆدا بژیابان و مافەکانی خۆیان هەبایە، ئەوا بەکر سدقی (وەک رووداوەکانیش سەلماندیان) سڵی نەدەکرد، یان دوودڵ نەدەبوو لەپشتیوانیکردنی ئەو یەکگرتنەی کە هیچ رۆژێک کۆدەنگییەکی عەرەبیی لەسەر نەبوو، بەقسە نەبووبێ و بەپێی ئەو لەبەرچاوگرتنە نەبووبێ کە هەمیشە دژبەیەک بوون و کۆک نەدەبوون تەنیا لەسەر

---

٥٠- یاداشتەکانی ئەلسەبباغ، لا ٩٠.

یەک مەسەلە نەبووبێ، کە ئەویش مەسەلەی کوردە، کاتێ وەک مەسەلەیەکی هەمیشە مەترسیدار لەسەر ئەو یەکگرتنە، پیشانیان دەدا. هەر بۆ زانینیش، بەکر سدقی بەتەواوی دەیزانی، هەر یارمەتیدانێکی فەلەستینییەکان لەو ماوەیەدا، واتا بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیز و سیاسەتەکەیان، هەر داواکردنێکی قەوارەی کوردیش واتا راگەیاندنی شەڕ لەدژیان. بۆیە بەکر، رقی زیاتری لەئینگلیز هەڵگرت و لێیهەڵپێچان ئەو رۆژەی چارەسەری حازربەدەست و نادادپەروەرانەیان بەسەر کورددا سەپاند و نیشتمانەکەیان بەقەوارەیەکی عەرەبییەوە لکاند، بەبێ ئەوەی مافەکانیان و دوارۆژیان لەبەرچاوبگرن و ئیدی پاش ئەوەش بەدرێژایی چەندین دەیە ستەمیان لێکرا. شتێکی سروشتیش بوو، کە ئەم سیاسەتە کاریگەریی بەسەرمەیلی نەتەوەیی بەکرەوە هەبێ و وایلێبکا رق هەڵگرێ و بگرە دوژمنی ئینگلیز و توندڕەوان و ئەو پلانانەشیان بێ کە زیانی بەکورد گەیاند و خەڵکیتریش سودی لێوەرگرت.

### سیاسەتی ئینگلیز دژی کورد، رقی بەکری وروژاند

لەپەیمانی سیڤەرەوە تا پەیمانی ساڵی ١٩٣٠ی عێراق بریتانیا، کورد وەک گەلانی ناوچەکە بەئاواتی بەدەستهێنانی مافە رەواکانیان بوون، بێوچان و بەهەموو دەستاوێژێکی ئاشتییانەو نائاشتیانەش داوایان دەکرد و مێژووشیان لەمڕووەوە دیارە. بەڵام دەسەڵاتدارانی بریتانی و عێراقی، دەستی دەستییان پێدەکردن و لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ مەسەلە چارەنووسسازەکەیان، کاتیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردەهێنا، لەوکاتەدا کە هێشتا سەربەخۆیی عێراق پڕۆژەبوو. کە پێویستیشی کرد دوودڵییان نەنواند لەوەی تاوێک پەنابەنەبەر چەک و بۆردومانی فڕۆکە، تاوێکیتریش بەڵێنی بەدرۆ بدەن و هەندێ

بەخششـی لـەرزۆک بخەنـەڕوو، بـەڵام گرنگتـرین شـت بەلایانـەوە ئەوەبوو، کە کۆمەڵەی نەتەوەکان، لەو مەسەلەیەدا، لێیان رازی بێت.

وەک خۆگونجانـدنێک لەگـەڵ ئـەم سیاسـەتەو لـەوەڵامی ناڕەزاییـەکانی کـورد دژی پـەیمانی سـاڵی ١٩٣٠، نوێنـەری بـاڵای بریتانیـا، راپـۆرتێکی لـەبارەی بـاری کـارگێڕی و رۆشـنبیریی گـەلی کورد، بۆ ئەنجومەنی ناوبراو، بەرزکردەوە. بەئەنقەست راستییەکانی شـێواند و سـاختەیکردن، بـێ ئـەوەی ئەمـە لای ئەنجومەنەکـە هـیچ جیاوازییـەکی لێبکەوێتـەوە، چونکـە دەبـێ کاروبارەکـان بەباشـی بـەڕێوەبچن، مـادام سـەرچاوەکەی نوێنـەری بـاڵای بریتانیایـە. ئەمـەی خوارەوەش دەقی راپۆرتەکەیە:

"... ئەگـەر کـوردیش ببیـنن پەیمانەکە ئـەو بەندانـەی تێدا نییـە کـە مافـەکانیان دابـین بکـات، ترسـیان پتـر دەبێـت، باشـترین رێگـاش بـۆ هێشتنەوەی متمانەیان، ئەوەیە حکومـەتی عێراق، هەنـدێک رێوشـوێنی کـارگێڕی و یاسـایی شـیاو بگرێتەبـەر، نوێنـەری بـاڵا لەگـەڵ مـەلیک فەیسەڵ و سەرۆک وەزیرانەکەی و راوێژکارەکانی لـەم مەسـەلەیەیان کۆڵیوەتەوەو لەگەڵیاندا ئەم رێوشوێنانەیان ئامادەکردووە، کە دەتـوانن بانگەشـەکانی کـورد پوچـەڵ بکەنـەوە. یەکـەمین هـەنگاویش دانـانی قـانونی بـەکارهێنانی زمـانی کـوردی و دروسـتکردنی نووسـینگەیەکی وەرگێڕان بوو لەوەزارەتی ناوخۆ بۆ وەرگێڕانی قانون و سیسـتمەکان و فەرمانـە رەسـمییەکان بـۆ زمـانی کـوردی، هـەروەها قوتابخانـە کوردییـەکانی لـەهـەولێر و کـەرکوک و سـلێمانیدا، لـەبن یـەک بەڕێوەبەرایـەتیی پشـکنیندا کـۆکردەوەو جێگرێکـی گشـتیی بەڕێوەبەرایەتیی ناوخۆیی کوردی دامەزراند. هـەموو ئەمانـەش، پێش کۆتایی ساڵی ١٩٣٠ کران" و وەزارەتی نـاوخۆ لـە رۆژی دەی نیسـانی سـاڵی ١٩٣٠ بەیاننامەیـەکی دەرکـرد، بـۆ پشتبەسـتن بـەزمانی کوردی

لەهەندێ شاری کوردستاندا، کە ئەمە دەقەکەیەتی: " وەزارەت پاش ئەوەی کاروبارەکانی گرتەدەست پێیباشبوو ئەوەی بەلایەوە گرنگەو ئارەزوو و ئاواتەکانی گەل دێنێتەدی بیانکات. لەمانەش هەندێ مەسەلە، کە تایبەتن بەبەشێک لەدانیشتوانی لیواکانی باکوور، ئەوەبوو بڕیاریدا کۆبەندێک ئامادە بکاو بیخاتە بەردەست ئەنجومەنی نەتەوە، ئەو کاتەی کۆدەبێتەوە،تا زمانی کوردی لەناوچە کوردییەکاندا، بەپێی مادەی حەڤدەهەم لە دەستور، بکا بەزمانی رەسمی و حکومەتیش سوورە لەسەر گرتنەبەری پلانێک، کە جووتە لەگەڵ ئەو بەڵێنانەی پێشتر بەکوردیعێراقی داوە"[٥١].

ئەوەی لەو دەقە وردبێتەوە کە بۆ کۆمەڵەی نەتەوەکان بەرزکراوەتەوە، تێبینی دەکا کە شێوازێکی دەستی دەستیپێکردن و بەکەمتەماشاکردنی مافەکانی کوردی تێدایە، چونکە دەستەواژەی: (باشترینرێگاشبۆهێشتنەوەیمتمانەیان،ئەوەیەحکومەتیعێراقهەندێکرێوشـوێنیکارگێڕیوپاساییشیاوبگرێتەبەر)، واتا ئامانجی ئەم رێوشوێنە، بۆ بەدەستهێنانی متمانەی کوردە، نەک بۆ ئەوەی مافەکانیان بدرێتێ. پاشان نوێنەری بالاش دەڵێ گرتنەبەری (هەندێک رێوشوێن) و ناڵێ گرتنەبەری رێوشوێن. روونیشە وشەی –هەندێک- هیچ مانایەکی نییە جگە لە خۆدزینەوەو سوکایەتیکردن بەمەسەلەکەو پەڕاوێزخستنی. پاشان دەڵێ: (ئەو رێوشوێنانەی دەتوانن) و ئەمەش واتا، ئەوان لەگەڵ هەر رێوشوێنێکدان کە بانگەشەکانی کورد پوچەڵبکاتەوە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ مافەکانیشیان ناکۆک بێت، چونکە ئامانجی راپۆرتەکە بەدرۆخستنەوەی ئەوەیە کە کورد دەیڵێ، نەک مافی زەوتکراویان بداتێ، ئەگینا چۆن دەبێ داواکارییەکانیان و ئەو ستەمانەی لێیانکراوە، بە بانگەشە وەسف بکرێن. ئەوانەی ئەم راپۆرتەیان نووسیوە،

٥١- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، چاپی پێنجەم، بەرگی ٣ لا ١٢، ١٣.

بەئەنقەست لەبابەتیبوون دوورکەوتوونەتەوە، کە بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی قۆناغی سیاسیدا، کورد لەسەروبەندی دروستکردنی دەوڵەتدابووە، پاشان وێنەکە پێچەوانە دەبێتەوەو لەجێگەی دەوڵەتەکەیان، خوێندن بەزمانی خۆیان، دەبێتە دەسکەوتێکی گەورە.

وشەکانی بەیاننامەکەی وەزارەتی ناوخۆ،پەراوێزخستنێکی ئاشکرای کورد لەناواخنیاندایە و هەندێ وشە، تەنانەت ناسنامەشیان لێدادەماڵێ، کاتێ کە بەدانیشتوانی ناوخۆییان دادەنێ، نەک وەگ گەلێک باسیان بکات، وەک بڵێی مافەکانیان مەسەلەیەکی جێگەی بایەخ نییە و یەکێکە لەمەسەلە لاوەکییەکان (هەندێک مەسەلە لەو مەسەلانە)، نەک هەر ئەمە، بەڵکو رۆژنامە ناوخۆییەکان بەتوندی دژی بەیاننامەکە وەستانەوەو رەخنەیان لەوەزارەت گرت و بەمایەی پرسیاریان دانا کە لەو بەیاننامەیەدا کورد لەمافی خۆی زیاتری دراوەتێ، نابێ ئەو ئازادییە زۆرەیان بۆ خوێندن بەزمانی خۆیان بدرێتێ. بێگومان ئەو رەخنانە،رەنگدانەوەی سیاسەتی حکومەتی عێراقن لەوکاتەدا.عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی، لەمبارەیەوە بەدەق، دەڵێ: " رۆژنامەکانی ناوخۆ، رەخنەیان لەو بەیاننامەیە گرت، سەرەڕای ئەوەی مادەی ١٧ی دەستور بەدەق دەڵێ زمانی عەرەبی زمانی رەسمییە، بێجگە لەوەی بەقانونێکی تایبەت دەردەچێت، بەڵام بەڵگەنامەکە بەباشی و بێکێشە تێپەڕی)[٥٢]، واتە قانونەکەو ئەوەی تێیداهاتووە، تەنانەت خوێندن و نووسینیش، بەزمانی خۆیان، بۆ کورد بەزۆر دەزانێ. بۆیە دەبینین، ئەو دۆخە خراپەی کە دووڕوویی ئینگلیز بەسەر کوردیدا سەپاند، کاری زۆریکردە سەر بەکر سدقی و نارەزایی بەرانبەر بە سیاسەتی پراگماتییانەیان لەدڵیدا چاند، بەتایبەت کە ئەو لەنێو رووداوەکان و ئاسەوارەکانیدا دەژیا.

---

٥٢-الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی ٣ لا ١٣.

## کورد هاواردەکەن فریایان بکەون و
## ئینگلیزیش فێڵ دەکەن

کــورد زۆر نــاڕازیبوو لەبەنــدەکانی پــەیمانی ســاڵی ١٩٣٠ و عێـراقیش نزیکـدەبوەوە لــە چوونــەنێو کۆمەڵــەی نەتــەوەکان، وەک دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی یـەکگرتوو، کـە کوردسـتانی پێوەلکاوە. کورد بەتوندی ناڕەزاییان دەربڕی کە بارودۆخیان وایلێهاتووەو سکالایان سەبارەت بەزوڵمەکانیان بۆ حکومەتی عێراقو نوێنـەری بالای بریتانیا و کۆمــەڵـەی نەتــەوەکان بــەرزکردەوە، تێیـدا داوای مافـە نەتەوەییـە رەواکانی خۆیان، لەلایەنە نێودەوڵەتییە بڕیاردەرەکان کرد، کە عێراق لـەبن ئینتیدابدایـە. بۆ ئـەوەی لـەئازارەکانیان و ئـەو سـتەمەی لـەکورد کراوە تێبگەین، دەقی یادداشتێک دەخەینـەڕوو، کە لەڕێگـەی نوێنـەری بــالا لـــەعێراقـــەوە بــۆ ســـکرتاریەتی کۆمەڵـــەی نەتـــەوەکانیان بەرزکردۆتەوەو لەمێژووی (تأریخ الوزارات العراقية)دا هاتووە:

" سلێمانی/ کوردسـتانی باشـوور ١٩٣٠/٧/٢٦ لەڕێگـەی نوێنـەری بالاوە لەعێراق

بۆ سکرتاریەتی کۆمەڵەی نەتەوەکان- جنێڤ:

بــەڕێز، بــۆ پاراســتنی برایەتییــەکی جێگیــر و هەمیشــەیی لــەنێو عــەرەب و کــورددا، کــورد لەهــەموو دەرفەتێکـدا و لەوکاتــەوە کــە قبوڵیـانکردووە لـەعێـراق بـژین، داوایـانکردووە مافـە نەتەوەییـەکانیان بـدرێتێ، کـە کۆمەڵـەی نەتـەوەکان دانیپێدانـاوە، بـەڵام لـەهیچ دۆخێکدا ئەمە جێبەجێنەکراوە. سەبارەت بەپەیمانی نوێش داوای ناناوەندێتیمان لەعەرەب کردووە، بەڵام بەداخەوە، زانیمان فەرمانبـەرانی کارگێڕیی و جێبـــەجێکردن لەناوچـــەکانی کـــورددا، کـــە زۆربـــەیان عـــەرەبن، دەستیانکردووە بەتۆقاندنی کورد و فشارخستنەسـەریان، تـا ناچاریـان بکەن واز لەمافە رەواکانیان بێنن. لە رەفتاری فەرمانبـەرانی حکومـەتی عێراق، کە هێشـتا لـەبن ئینتیدابدایـە، ئـەو ئەنجامـەمان دەسـتکەوت، کـە

ئیدارەی ئێستا لەئیدارەی تورک خراپتر دەبێ، ئەگەر ئینتیداب کۆتایی بێت. هەڵسوکەوتی فەرمانبەرانی عەرەب، بەهیچ شێوەیەک، باشتر نییە لەکردەوەکانی تورک دژی کورد لە رابردوو و ئێستاشدا. بەپشتبەستن بەو راستییانە، بڕیاری لێبڕاوو یەکجاریی کورد ئەوەیە داوا دەکەن حکومەتێکی کوردی، بەسەرپەرشتیی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێکبێ. ئێمە داوای یارمەتی و بەدیهێنانی ئاواتە رەواکانمان دەکەین. حکومەتی عێراقیش رایوابوو بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەیادداشتەکەدا هاتووە، ئەم رێوشوێنانەی خوارەوە بگیرێتەبەر:

١- موتەسەڕیفی سلێمانی دەستبەجێ دەربکرێ.

٢- بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی دەربکرێ و بەڕێوەبەرێکیتر، یان جێگرەکەی، کە کوردی بزانن، بچنە جێگەی.

٣- ئەو قایمقام و بەڕێوەبەرانەی رایان وەک ناوەند نییە، لاببرێن.

٤- گرتنی گرنگترین ئەو کەسانەی داوای حکومەتێکی کوردی دەکەن.

٥- بەدواداچوونی قانونیی توند دژی ئەوانەی داوای جیابوونەوە دەکەن".

لەبن کاریگەریی ئەم نارەزایەتییانە، ئینگلیز، بەپشتیوانیی حکومەتی عێراق، بڕیاریدا جێگری نوێنەری باڵا لەعێراق، بەهاوڕێیەتیی جەعفەر عەسکەری، کە ئەوکات جێگری سەرۆک وەزیران نوری سەعیدبوو، سەردانی کوردستان بکات. ئامانجی سەردانەکەش راگەیاندنی، سیاسەتی هەردوو حکومەتی عێراقو ئینگلیزبوو بەرانبەر بەکورد تا بەلایخۆیاندا رایکێشن. ئەوەبوو ئەنجومەنی وەزیران لەدانیشتنی رۆژی پێنجی ئابی ١٩٣٠ سەبارەت بەسەردانەکە بڕیاریدا جەعفەر عەسکەری سەردانێکی بەسەرکردنەوە بکات بەهاوڕێیەتیی مێجەر (یۆنگ) کە نوێنەرایەتیی همفرز نوێنەری باڵای بریتانیا لەعێراق

دەکات، چونکە ناوبراو لەگەڵ نوری سەعید چۆتە لەندەن بۆ وتوێژ لەبارەی دۆخی سیاسیی عێراق. لەسەردانەکەدا، کە بەمەبەستی نەهێشتنی نارەزایەتیی کوردبوو، جەعفەر عەسکەری رۆژی نۆی مانگی ئاب لەسلێمانی وتارێکیدا، کە لەیەکێک لەبڕگەکانیدا جۆرێک لەبەبیرهێنانەوەو هەرەشەی تێدایە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

" حکومەتی عێراق،بەدڵنیاییەوە، دەیەوێ ئەو وادەیەی دیارییکردووە بۆ جێبەجێکردنی ئارەزووەکانی کورد لەبەرچاوبگرێت و نەک هەر تەنیا بۆ ساڵی ١٩٣٢ کاری پێدەکەین، بەڵکو لەدوای ئەو مێژووەشەوە، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی خاوەن شکۆ مەلیک فەیسەڵی یەکەم بەتەواوی سوورە لەسەر ئەوەی پارێزگاکە پلانی روونی خۆی هەبێت، لەلایەکیدیشەوە، بەتەواوی پابەندە بەوەی دەبێ هەر مەیلێکی روو لە تێکدانی یەکێتیی نیشتمانی عێراق لەناوببات. مەخەڵەتێن بەقسەی ئەو کەسانەی خۆشگوزەرارنیی راستەقینەی کورد، کە لەبن سەرپەرشتیی خاوەن شکۆی مەزن مەلیک فەیسەڵدان، چاوی کوێرکردوون"[٥٣].

ئەوەی کەمێک ئەقڵی بخاتەگەڕ و وردبێتەوە لەو ساڵەی کە جەعفەر عەسکەری لەوتارەکەیدا دیارییکردووە، دەبێ بپرسێ، چ هۆیەک بەسەریدا سەپاندووە کە ئەو ساڵە دیارییبکا، یان بۆچی باسی ئەو ساڵەی کردووە. زانراوە ئەو ساڵە (١٩٣٢) وادەی بەرەسمی وەرگرتنی عێراقە لەکۆمەڵەی نەتەوەکان، وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە کوردستانی پێوەلکاوە، ئەمەش مانای وایە فشاری داخوازییەکانی کورد، کە هەندێ دەنگی شەرمنی نێودەوڵەتی پشتیوانییان دەکرد، لەو ساڵەدا کۆتایی دێت، ئەمەش ئەوکاتە یارمەتیدەر دەبێ بۆ سەرکوتکردنی، دوور لەچاودێریی جوڵەو چالاکییەکانیان، ئیدی سیاسەتی عێراقییەکان، بەرانبەر بەداخوازییەکانی کورد، دەگۆڕێ و

---

٥٣- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی ٣ ، لا ٦٢.

جیاواز دەبێ لەو سیاسەتەی لەرۆژگاری ئینتیداب و کۆتوبەندی پەیمانەکان پێڕەوکراوە. ئەگینا کێ لە عەسکەریی پرسیوە، لە چ ساڵێکدا کورد مافەکانیان بەدەستدەهێنن؟ واتە خستنەڕووەکەی عەسکەری، جۆرێک لە ناکۆکیی لەخۆگرتووە، بێ ئەوەی هەستی پێبکات. ئاگادارکردنەوەکەشی بۆ ئەوانەی داوای مافی نەتەوەیی دەکەن، روون و ئاشکرایە. لەهەمان چێوەدا، جێگری نوێنەری باڵا، لەبڕگەیەکی وتارەکەیدا، بەدەق دەڵێ: "حکومەتی عێراق نایەوێ جیاوازی بکاتلەنێوان کورد و عەرەب کە هاووڵاتییانی خاوەن شکۆ مەلیک فەیسەڵن. سەبارەت بەحکومەتی بریتانیاش، تاکەشت کە بەلایەوە گرنگ بێت ئەوەیە دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆی عێراق دابمەزرێنێ و بەپێزانین و سوپاسەوە بەبریتانیاوە پەیوەستبێ و هەردووکیان بچنەریزی کۆمەڵەی نەتەوەکان و بریتانیا یارمەتیی هیچ جوڵانەوەیەک نادات، کە لەگەڵ ئەم سیاسەتەدا نەگونجێ، وەک مەیلی کورد بۆ جیابوونەوە"[٥٤]. کەواتە بەپێی دیدی ئینگلیز و وەک گونجانێک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆیان، کورد هاووڵاتیی مەلیکن، نەک گەلێک بن، نیشتمان و زمان و مێژووی خۆیان هەبێ. وەک لەهەردوو وتارەکەشدا دەردەکەوێ دیدی هەردوو حکومەتی بریتانی و عێراقی یەک شتەو داوا لەکورد دەکەن خۆبەدەستەوە بدات و ئەو حاڵەی تێیدان قبوڵی بکەن. لەکاتێکدا کە جەعفەر عەسکەری هەڕەشە لەوانە دەکات کە بانگەشە دەکەن بۆ دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ و جیابوونەوە لەو یەکێتییەی بەسەریاندا سەپێنراوە، نوێنەری باڵاش لایەنگیریی دەکات و جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی حکومەتەکەی، پشتگیریی هیچ جوڵانەوەیەک ناکات کە داوای جیابوونەوەی کورد لەعێراق بکات. بەم شێوەیە نیازی راستەقینەی حکومەتی بریتانیا بەرانبەر بەکورد و چارەنووسیان کەوتەڕوو،

٥٤- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی ٣ ، لا ٦٣.

بەردەوامیشــبوو لەســەر پشــتگیریکردنی حکومــەتی عێـراق لـەڕووی نێودەوڵـەتی و هەرێمییـەوە، بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی عـەرەبی کـە کوردسـتانی پێوەلکابێ، تـا کـورد تێکـەڵ ببن بـە کولتورێـک کـە لەگـەڵ مێــژووی نەتەوەییانــدا نــاگونجێ و بــەم هۆیەشــەوە چەوســانەوەو ئازارێکی زۆریان چەشت.

## لەناڕەزایی ناکەون

کورد کۆڵینەدا لەبەرزکردنەوەی یادداشتی ناڕەزایی دژی پەیمانی عێراق- بریتانیا، کە لـە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٣٠)دا مۆرکرابوو. هەرزوو پیاوماقوڵ و رۆشنبیرەکانیان بروسکەیەکیان بۆ سکرتاریەتی کۆمەڵەی نەتەوەکان نارد و تێیدا داوای مافە رەواکانی خۆیانیان کرد، ئـەو مافانـەی کـە بەلایـەنی کـەم، لـەم ماوەیـەدا، سـەرەڕای ئاڵۆزییـە سـەپێندراوەکانیش، هـیچ لایـەک نکـوڵیی لێنـەدەکـرد، بـەڵام هـەموو جارێک، کۆمەڵەی نەتەوەکان، تۆپەکەی دەخستەوە مەیدانی حکومـەتی بریتانیـا، تـا ئـەو بڕیـار بـدات و هــەموو ڕێگەیـەک بگرێتەبـەر بـۆ پشتگوێخستنی مافەکانی کورد و بەرتەسککردنەوەی سنورە سیاسی و کارگێڕییەکـەی. لەبـەرانبـەر ئـەم دۆخـەدا، پیاومـاقوڵانی کـورد، لـە مـانگی مـارتی هـەمان سـاڵدا، بروسـکەیەکیان بـۆ سـەرۆک وەزیـران بەرزکردەوە، کە لەیەکێک لەبڕگەکانیدا بەدیاریکراوی باسی قەزاکانی موسڵ کراوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

" لەجـەنابتان شـاردراوە نییـە، کـە لیـوای موسـڵ، بـەم دۆخـەی ئێسـتایەوە، بیسـت و چـوار ناحیـە و نـۆ قـەزای هەیـە، کـە ئەمانـەن: شـێخان، ئـاکرێ، زێبـار، ئامێدی، زاخـۆ، دهـۆک، تەلەعفـەر، شـنگال و قەزای موسڵ. شتێکی نوێمان نەگوتووە، ئەگەر بڵێین زۆرینـەی هـەرە زۆری هــۆز و خــەڵکی ئــەم قەزایانــە، بــەزمان و دابونــەریت و مێژوویانــەوە کــوردن و نەخشــەکانی کۆمەڵــەی نەتــەوەکانمان

لەبەردەمدایە کە لەسەر بنەمای رەگەز نەخشاندوویانەو بەڕوونی ئەمە دەسەلمێنن، بۆیە داوا دەکەین لیوایەکی کورد پێکبهێندرێ، کە ناوەندەکەی دهۆک بێت و قەزاکانی ئاکرێ و زێبار و ئامێدی و زاخۆی بخرێتەسەر و زمانی کوردیش تێیدا رەسمی بێت"[٥٥]. جگە لەم بروسکەیە، یادداشتێکیان بۆ نوێنەری بالاّی بریتانی لەبەغدا بەرزکردەوە، کە ئەمە دەقەکەیەتی: " لەوکاتەوە کە پەرلەمان هەڵوەشێندراوەتەوەو دەقی پەیمانی عێراق- بریتانیا راگەیەندراوە، کورد دەبینن کە هەموو مافەکانیان لەو پەیمانەدا پشتگوێخراوە، کورد بەڕوونی وایدەبینن کە دوای پەسەندکردن و مۆرکردنی پەیمانی ناوبراو، بێئەملاو ئەولا دەکەونە بن دەستی عەرەب، کە ئەمەش لەگەڵ بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەکان و لەهەمان کاتیشدا حەزی کوردیش ناگونجێ، بۆیە کورد لەزاخۆوە تا خانەقین وروژاون و هەموویان پێکەوەو بەزار و بەنووسین داوای مافەکانیان دەکەن. وەلاّمی عەرەب، لەبەرانبەر ئەم داواکارییانە، کوشتاری بەکۆمەڵبوو لەسلێمانی، کە تیایدا رەشاش و تفەنگ بەکارهێنراو رۆشنبیرەکانیان و پیاوماقوڵەکانیان گیران و هەندێکیشیان دوورخرانەوە. پاش ئەوەی مافەکانی کورد بەم شێوە خەمناکە پشتگوێخرا، بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن لەگەڵ عەرەب پێکەوەبن، بۆیە کورد بڕیاریاندا بەتەواوی لەعەرەب جیاببنەوە.

حکومەتی بریتانیا کە بەئینتیداب لەسەر عێراق قایلبووە، لەبەر هۆکاری مرۆیی شەرەفمەندانە، بەبێ گومان گوێ لەداوا رەواکانمان دەگرێ و باوەڕ بەعەرەبیش دێنێ کە داواکانمان رەوان:

١- دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد، لەچوارچێوەی سنوری سروشتیی خۆی، کە درێژدەبێتەوە لەزاخۆوە تا پشتی خانەقین و ئەم

---

٥٥- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی ٣ لا٦٥، ٦٦ .

ناوچەیە لەڕووی سەربازی و مەدەنییەوە لەعەرەب چۆڵبکرێ و بدرێتەوەدەست حکومەتی کورد.

٢- ئەو ناوچەیەی لەسەرەوە ناوبراوە وەک حکومەتی کورد لەبن ئینتیدابی بریتانی بهێڵدرێتەوە تا ئەو کاتەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەوبارەیەوە بڕیاری خۆیدەدات.

٣- ئازادکردنی گیراوو دوورخراوەکانی پشێوییەکانی سلێمانی.

٤- گواستنەوەی هەموو ئەفسەران و فەرمانبەرانی کورد لەناوچەکانی عەرەبەوە بۆ ناوچەکانی کورد. ئومێدەوارین جەنابتان بەسۆزەوە وەڵامی ئەو داوایانەمان بدەنەوە. تکا دەکەین ڕێزی دڵسوزانەمانپەسەند بکەن"[٥٦].

لێرەدا دەبێ باسی ئەوە بکەین کە بەکر سدقی هەمان سیاسەتی گرتبووەبەر کە لەیادداشتەکەدا هاتووە، وەک بڵێی ئەو داوایانە جێبەجێ دەکات کە تێیداهاتووە. هەوڵیدا کورد لەبەغدای پایتەخت و شارەکانیدیکەوە بگەڕێنێتەوە بۆ کوردستان و بیانگوازێتەوەو تا شەهیدیشبوو لەسەر جێبەجێکردنی ئەمە بەردەوامبوو، دوژمنانیشی جەختی لێدەکەنەوە کاتێ لەسەر ئەم سیاسەتەی، کە هەوڵیدەدا کورد لەقەوارەیەکی سەربەخۆدا کۆبکاتەوە، ڕەخنەی لێدەگرن. ئەو بەردەوامبوو لەسەر گواستنەوەی ئەفسەران و پلەبەندانی ئەفسەری و سەربازانی کورد بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەگوێرەی ئەوەی دەگونجا لەگەڵ بیروباوەڕو بۆچوونەکانی خۆی لەدواڕۆژداو ئیدی ئەوکاتە خۆی کاروبارەکانی کارگێڕی و سیاسیی بەڕێوەدەبرد. هەروەها ئەوەی لەداواکاریی سێیەمدا هاتووە لەبارەی گیراوو بەندکراوانی کورد، بەتایبەت ئێزدییەکان، کە حکومەتی هاشمی گرتبوونی و هەموویان ئازادکران. تەنانەت ئەو بڕگەیەش کە پەیوەستە بەسنوری کوردستانەوەو ئەو نەخشەیەی کە بۆ هێڵی

---

٥٦-الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی ٣ لا ٦٧، ٦٨.

بەرگری لەگەڵ ئەندازیارێکی ئەڵمانی نەخشاندبووی، ئاماژە بۆ دوو دوورایی دەکا، کە بریتین لە (زاخۆ) و (پشت خانەقین)، بەوپێیەی ئەو هێڵە درێژەی نێوانیان، کە بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، وەکو خاڵەکانی بەیەکگەیشتن وانو سنوری کوردستان لەگەڵ ناوەند دیاریدەکەن. ئەم هێڵەش روونیدەکاتەوە کە کورد داوای هەموو ناوچەو شارە کوردستانییەکانیان کردووەو هیچیان نەبواردووە. کورد ئازایانەو ئاقڵمەندانە و لەهەموو دەرفەتێکی رەخساودا داوای مافە زەوتکراوەکانی خۆیان کردووە، بەڵام هەموو جارێک بڕیاربەدەستەکان داوا رەواکانیان رەتکردۆتەوەو دواجار ناچاریانکردوون پەناببەنە بەر چەک و ئەگەر ناوەناوەش بووبێ... ئەوانیش وایانکردووە.

### بیرەوەرییەکانی فەیسەڵ و دۆخی بەرقەرار

مامۆستا عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی دەڵێ: " مەلیک فەیسەڵ بیرەوەرییەکانی لەدۆخی جیاجیادا نووسیوەتەوە، بەشی زۆری شاردراوەتەوەو دوای مردنی فەوتێنراوە. بەڵگەنامەیەکی ترسناکی تێدایە کە تێیدا رای خۆی لەبارەی عێراق و گەلەکەی باسکردووەو بەسەر هەندێ لەکەسە نزیکەکانی خۆی وەک: جەعفەر عەسکەری، یاسین هاشمی، ناجی شەوکەت، نوری سەعید و ناجی ئەلسویدی دابەشیکردووە تا رای خۆیان لەبارەیەوە بدەن"[٥٧].

مەلیک فەیسەڵی یەکەم لەماوەی فەرمانڕەواییەکەی لەعێراق (١٩٢١-١٩٣٣) سەرنجە تایبەتەکانی خۆی لەبارەی گەلی عێراقو سیاسەتوانانی و جیاوازییە نەتەوەیی و مەزهەبی و تایفەییەکانیانەوە نووسیوە، تێیدا دیدی تایبەتی خۆی دەرخستووە، لەبارەی ئەو گرفتانەی لەو جیاوازییانەوە پەیدابوون و دەستەو حزبەکان، کە

---

٥٧- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی ٣ لا ٣١٦، ٣١٨.

لەململانێدابوون، قۆستوویاننەتەوە. هەروەها رادەی جیاوازیی دیدی خۆی و دیدی وەزیرەکانی لەبارەی ئەو گرفتانەو ناکۆکییەکان و میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردنیان و هۆیەکانی چارەسەرکردنیانی روونکردۆتەوە. ئەوەی فەیسەڵ باسی دەکا پتر لەراستیی بارودۆخی ئەو ماوەیە نزیکمان دەخاتەوەو یارمەتیمان دەدا بڕیار لەسەر رووداوەکان و ئاسەوارەکانی بدەین، بەپێی ئەو پێشەکییانەی کە کەمترین شت لەبارەیانەوە بگوترێ ئەوەیە کە نزیکن لەواقیعی سیاسەتی حکومەتەکانی ئەو ماوەیە. لەهەندێ برگەی ئەو بیرەوەرییانەدا هاتووە کە: " وڵاتی عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی بێبەشە لە یەکێتیی فیکری و نەتەوەیی و ئایینی، بیروباوەڕ و مەیلی زۆر جیاوازی تێدایە، بەسەر چەند بەشێکدا دابەشبوون:

١-لاوانی نوێخواز،بەپیاوانی حکومەتیشەوە. ٢-دەمارگیرەکان. ٣-سوننە. ٤-شیعە. ٥-کورد. ٦-کەمینە ناموسڵمانەکان. ٧-هۆزەکان. ٨-سەرۆکهۆزەکان. ٩-رەشەخەڵکی نەزان، کە ئامادەن هەموو بیرێکی خراپ بەبێ گفتوگۆو لێپێچینەوە قبوڵ بکەن".سەرەڕای بوونی ئەم دەستانەو جیاوازیی بیروباوەڕیان، فەمانڕەواکان، مادام هێز و قانونیان بەدەستەوەیە، بەپێویستیان دەزانی بەرەوپێشەوە سەرکردایەتیی وڵات بکەن، بەبێ وەرگرتنی رای توخمەکانی و بگرە ناچارکردنیان کە ملکەچبن. کەچی مەلیک پێیوایە بایەخ نەدان بەڕای بەرانبەر، هەرچەندە رایەکی پوچیش بێ، هەڵەیەکە مایەی لێخۆشبوون نییە و ئەگەر حکومەت هێزی پێویستی هەبێ بۆ بەڕێوەبردنی گەل، سەرەڕای ویستی خۆی، ئەوا ئەو لەگەڵیاندادەبوو، بەڵام تا دەگەنە ئەو هێزە لێیاندەخوازرێ سیاسەتێک بگرنەبەر لەنەتەوەیان نزیک بکاتەوە، بۆ ئەمەش نمونەیەک دێنێتەوەو دەڵێ: " بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی هێزەکانمان ئەوەمان بەسە کە لەکاتی شۆڕشەکەی شێخ مەحموددا چەشتمان و ئەوکات هێزی سەربازیمان کەمیی ژمارەی زۆر پێوەدیاربوو. ئەمە هەمووی واملێدەکا بڵێم حکومەت زۆر لە گەل

لاوازتره. ئەگەر وڵات چەکی تێدا نەبوایە، مەسەلەکە ئاسایی‌بوو، بەڵام لەنێو مەملەکەتدا نزیکەی سەد هەزار تفەنگ هەیە، لەبەرانبەریدا حکومەت (١٥) هەزاری هەیە. ئەم کەمییەی چەک واملێدەکات دووربین و وردبم و ئاقڵمەندانە سەرنجی پیاوانی دەوڵەت بۆ ئەوە رابکێشم کە ئاقڵ بن و سەرەڕۆیی نەکەن". پاشان دەڵێ عێراق مەملەکەتێکە حکومەتێکی عەرەبیی سوننی فەمانڕەوایی دەکات، فەرمانڕەوایی بەشێکی کوردی دەکات کە زۆرینەیان نەزانن، کەسانی وایان تێدایە تەماعی خۆیان هەیە بەبیانووی ئەوەی حکومەت توخمی کوردیی تێدانییە. زۆرینەیەکی شیعەی نەزانی تێدایە، کە بەشێوەیەکی رەگەزپەرستانە، لەنێو هەمان حکومەتدان، کەچی ئەو چەوسانەوەیەی لەسەر دەستی حکومەتی تورک بینییان لەفەرمانڕەوایی دووریخستنەوەو چاڵێکی قوڵی خستە نێو گەلی عەرەب کەبەسەر ئەو دوو مەزهەبەدا دابەشبوون و هەشیانە هێشتا پێیوایە چەوساوەن". هەروەها دەڵێ: " نامەوێ هەڵوێستی زۆرینەی نەزانی شیعە دەربخەم و ئەوە بگوازمەوە کە هەزاران جار گوێملێبووە: باج هەر لەشیعە دەسەندرێ. مردن هەر بۆ شیعەیە. پۆستەکانیش هەر بۆ سوننەن. چی بۆ شیعەیە؟ تەنانەت بۆنە ئایینییەکانیشی رێزی لێناگیرێ. جگە لەمانەش، پیلانی ئاسوورییەکان و کلدانی و ئێزدییەکان و عەقڵی بەدوییەکان و دەسەڵاتی هۆزەکانیش هەن. ئەگەر ئەم هۆکارانە بەهێزێکی مادی و بەداناییەوە چارەسەر نەکرێن، هەڵوێستەکە ترسناکە. بەبڕوای من لەعێراقدا، هێشتا گەلی عێراق بوونی نییە. بەڵکو دەستەی مرۆیی خەیاڵی هەیە کە بەدەرن لەهیچ بیرۆکەیەکی نیشتمانی و هیچیش کۆیان ناکاتەوە. گوێ لەخراپە دەگرن، حەزیان لەئاژاوەیە. دەمانەوێ ئەم دەستە مرۆییانە بکەین بەگەلێک، رێکیبکەینەوە، مەشقی پێبکەین، فێریبکەین... ئەگینا هەڵوێستەکە ترسناکە".

مـەلیک لەبڕگـەکانی قسـەکەیدا دەریدەخات یەکـەمین شـت، کـە ئـەو دەیەوێ، ئەوەیە گـەل بـەو شـێوەیە ئاراسـتە بکات کـە خـۆی دەیـەوێ، دووەمین شتیش ئەوەیە، کە هێزی پەیداکردبەزەبری هێز  گـەل ملکـەچ بکات. ئـەگینا پەنابردنەبـەر هێزبـۆ حکومـەت دەبـێ بەبـەڵا، وەک لەگـەڵ شۆڕشـەکەی شێخ مەحمووددا روویـدا. بۆیـە حکومەتەکـەی رادەسـپێرێ کە پەلـە نـەکات تـا هێـزی دەبـێ، ئەمـەش مانـای وایـە مـەلیک لـەجیاتی ئـــەوەی بگـــەڕێ بـــەدوای چارەســـەری کێشـــەی کـــورد، ســـوپا وریـــا دەکاتەوەو داوای لێدەکات بەتەواوی ئامادەی بەرەنگاربوونـەوەی هـەر بزووتنەوەیەکیان بێ تا حکومەتەکەی تووشی ئازار نـەبێ وەک لەگـەڵ شـۆڕش و راپەڕینـەکانی شـێخ مـەحمود تووشـیبوو. پاشـان مـەرجێک دەخاتـەڕوو کـە تێیـدا دیـدی خـۆی بەراشـکاوی لـەبارەی بابەتەکـەوە روونـدەکاتـەوە: " مـن داوا لەسـوپا ناکـەم ئاسایشـی دەرەکـی بپارێزێ، ئـەوەی ئێسـتا لێیـداوا دەکـەم ئەوەیـە کـە ئامـادەبێ بـۆ سـەرکوتکردنی دوو شۆڕش، کە – خوانەخواستە- لەیەک کاتدا، لەدوو ناوچـەی دوور لەیـەک، بـەرپا دەبـن. مـن دڵنیـانیم لـەوەی، کـە هێشـتا تـەنیا خۆمـان، بتـوانین بەرپرسـیارێتیی ئـەم وڵاتـە لەئەسـتۆ بگـرین، ئەگـەر ئینگلتـەرا پشت لەم وڵاتە بکات. وایدەبینم کارێکی شـێتانەیە چاکسـازیی گـەورە بکـەین، بـەبێ ئـەوەی دڵنیـا ببـین لـەوەی هێـزی پێویسـتمان هەیـە، بـۆ پاراســـتنی ئـــەو چاکســـازییانە. لەبـــەهاری داهـــاتوودا، جوڵانـــەوەی بارزانمـان لەبەردەمدایـە و پێویسـتەهێـزی یـەدەک لەدەسـت خۆمانـدا ببینم بۆ بەرەنگاربوونـەوەی هـەرڕووداوێکی لـەناکاو کـە لەمەملەکەتدا روویـدا". کەواتـە بەدانپێدانانی مـەلیک فەیسـەڵی یەکـەم، حکومەتەکـەی بەشـی زۆری یەکـە سـەربازییەکانی بـۆ شـەڕی کـورد ئامـادەکردبوو، نـــەک بـــۆ رێگـــرتن لەدەســـتدرێژیی دەرەکـــی ئەگـــەر روویـــدا، چونکـــە ســنووری دەرەکیــی وڵات بــەپارێزراوی دەمێنێتــەوە مــادام ئامــانجی پرۆسە سەربازییەکان لێدانی کوردە. ئەمەش مانای وایە عێراق ترسـی دەستدرێژیی دەرەکیی نییەو بریتانیاش لەسیاسـەتەکانی حکومەتەکـەی

رازییە. هەروەها مانای ئەوەش دەبەخشێت کە شۆڕشی کورد هەر هەیەو بەردەوام دەبێ تا مافەکانیان پێشێلکراوبێ.

ئەو هێزە یەدەکەی مەلیک دەیەوێ بۆ سەرکوتکردنی دوو شۆڕش، مەبەست لە شۆڕشی کوردە لە کوردستان و جوڵانەوەی هۆزەکان و راپەڕینەکانیان لەناوەڕاست و باشوور. هەروەها مەلیک پێشنیازیتر دەخاتەڕوو، کە بەپێی دید و باوەڕی خۆی لەبەرژەوەندیی دەوڵەت و سەقامگیریی ناوەندداییە، لەهەمان کاتیشدا دژی هەرێمایەتی و ناسنامە سیاسییەکەیەتی.

بەڵام لەبارەی ئەو دزییانەی لەدەزگاکانی دەوڵەتدا هەبوون، دەڵێ: " مایەی خەمگینی و پێکەنین و گریانە، کە بالاخانەی گەورە بەخەرجییەکی زۆر بنیات بنێین و ریگا لێبدەین بەملیۆنان روپیەو دزینی پارەی دەوڵەتیشمان لەبیربچێت".

دواشت، مەلیک فەیسەڵ وتەیەکی ناوداری هەیە، کە تێیدا بەڕوونی باسی دیدی خۆیکردووە لەبارەی نەتەوەکەی خۆی و ئایینەکەی کە عەرەبە. ئەوەی لەمانای وشەکان وردبێتەوە بۆیدەردەکەوێت کە نەتەوەی لەسەرووی ئایینەوە داناوە. ئەمەش بەسەرماندا دەسەپێنێ، کە وەک کوردی موسڵمان، ماناکانی وتەکە وەربگرین و مەبەستەکانی لەبەرچاوبگرین و لەڕووی سیاسییەوەلێیوردببینەوە، بەتایبەت کە ئێمە لەژێر ناونیشانێکدا، کە دەقەکەیان لەدەستوری ئیسلام وەرگرتووە، ئەنفالیانکردووین و چەکی قەدەغەیان لەدژمان بەکارهێناوە. دەقی وتەکەی مەلیک فەیسەڵیش ئەمەیە: " ئێمە عەرەبین، پێش ئەوەی موسڵمان بین، محەمەدیش عەرەبە، پێش ئەوەی پێغەمبەر بێت"[58].

---

٥٨- فيصل بن حسين في أقواله وخطبه - مديرية الدعاية العامة، لا ١٧٥، يان (كريم ثابت) له كتێبەکەیدا بەناوی (فيصل)، لا ٩٩.

**هەندێك، كە یسی ئاسورییەكانیان،**
**لەڕووی سیاسییەوە، دژی بەكر قۆستەوە**

ئەو هەڵمەت یان پڕۆسە سەربازییەی یەكەكانی سوپای عێراق دژی جوڵانەوەی چەكداریی ئاسورییەكان لەساڵی ١٩٣٣ جێبەجێیانكرد، بەگرنگترین رووداو دادەنرێ، كە نووسێنراوە بەناوی بەكر سدقی و رەوتی سیاسی و سەربازیی ئەوەوەو ئەوكات لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە لەدژیدا بەكارهێنرا. ئیدی بوو بەمەسەلەیەك مشتومڕی لایەنە جیاوازەكانی لێكەوتەوە، كە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، كە پاشخانی جیاجیای سیاسی و نەتەوەیی یا تایەفەیی كاریگەرییان لەسەر ئەو جیاوازییانە هەیەو بەپێی ئەو جیاوازییانەش دید و بۆچوونەكان جیاواز دەبن، بۆیە یان پێچەوانەی راستییەكان دەبن، یان لەگەڵیدا دێنەوە.

زۆربەی ئەوانەی هەوڵیانداوە مەسەلەكە دژی بەكر سدقی(لە ساڵی ١٩٣٣ دا كاتی بزووتنەوەكە فەرماندەی ناوچەی باكوور بووە) بوروژێنن لەخۆشەویستی و هاوسۆزییان بۆ ئاسورییەكان ئەمەیان نەكردووە، بەڵكو بۆ شێواندنی وێنەی بەكر سدقی و مێژووی سیاسی و سەربازیی ئەوو ناشیرینكردنی ناسنامە نەتەوەییەكەی بووە. بۆیە زۆربەی توێژینەوەكان دوودڵبوون یان خۆیان بەدوورگرتووە لە گوتنی قسەی یەكلاكەرەوەو وەك پێویست خاڵیان نەخستۆتە سەر پیت. مەسەلەكە لەورووەوە، كە پێوەندیی بەبەكر سدقی و كوردەوە هەیە، جێگەی بایەخپێدانی بەرفراوان و لێكۆڵینەوەی تێروتەسەلە، كە تێیدا لایەنە نهێنی و نادیارەكان بخرێنەڕوو و یان ئەو لایەنانەی بەپێی ئامانج و مەبەستێك لێكدراونەتەوە، كە لەراستی نزیكمان دەخەنەوە یان دوورماندەخەنەوە.

لێرەدا بەکۆششی سادەی خۆمان هەوڵدەدەین شتێک لەبارەی مەسەلەکە بخەینەڕوو، ئەمەش بەپشتبەستن بەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانەی قەڵەمە جیاوازەکان نووسیویانە. سەرەڕای دڵنیاییمان کە گەیشتن بەریشەی مەسەلەکە تاڕادەیەک بەڕێگایەکی دڕکاویدا تێدەپەڕێ، بەڵام پابەندبوون و خۆدامالین لەهاوسۆزی، تا ئەو جێگەیەی بڕوامان پێیەتی، ئەرکەکە ئاسان دەکەن.

راستی و رووداوە مێژووییەکان ئاماژە دەکەن کە مەسەلەی ئاسورییەکان دروستکراوەو سەپێنرا، گرفتیشی بەدوایخۆیداهێنا، کە ئینگلیز لەهەلومەرجێکدا دروستیانکرد کە پێویستیان پێیبوو، لەمەشدا ئامانج و مەبەستی سیاسی و سەربازیی تەکتیکی و ستراتیجییان هەبوو، ئەوکاتەش دەستیپێکرد کە هەزارانیان هێنایە کوردستان و بەجۆرەها رێگاو بیانوو نیشتەجێیانکردن، بەتایبەت پاش ئەوەی چەندین یەکەی سەربازیی خاوەن کارامەیی و گیانی جەنگاوەریی بەرزیان لێدروستکردن، کە هەلومەرجی شەڕ و ژینگەکەی پێویستیانە. ئەو یەکە سەربازییانە بەوە ناسرابوون، کە بەشێوەیەکی بێبەزەییانە، دڵڕەق و توندوتیژو خوێنڕێژبوون. بۆیە وایدەبینین کە ئەم مەسەلەیەو گرفتەکانی و ئەو ئاڵۆزییەی هەیەتی، پێویستیان بە وردبوونەوەو وردەکاری هەیە، تا ئەو گرێیانە بکەینەوە، کە پەیوەستن بە دڵڕەقیی ئاسورییەکان لەگەڵ کورد لەلایەکەوە، لەلایەکیدیکەشەوە دڵڕەقیی بەکر سدقی لەسەرکوتکردنیاندا، ئەو دڵڕەقییەی کە ئاسەواری سیاسیی لەسەر بەکر سدقی بەجێهێشت و بەردەوامیشەو لەگەڵیدایە هەر کاتێ، بەمەبەست بێ یان بێمەبەست، مەسەلەکە بوروژێنرێ.

## ناسنامەی ئاسورییەکان و بوونیان لەکوردستان

کە ئێمە لەلایەکەوە لەمەسەلەی ئاسورییەکان دەکۆڵینەوە لەبەر پێوەندیی پتەویانە بەبابەتی لێکۆڵینەوەکەمانەوە، لەلایەکیدیکەشەوە دەبێ بڵێین ئێمە لەپێگەیەکدانین ناسنامە بدەین بەمانە، بۆیە پشتمانبەستووە بەوەی لەتوێژینەوەو نووسینەکانی مێژوونووسان و پسپۆراندا هاتووە، ئەوانەی کە لەوبڕوایەدابن بەویژدانەوە راستییەکانی مەسەلەکەیان خستۆتەڕوو. (تأريخ الوزارات العراقية)ی مامۆستا عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی گرنگترین و یەکەم وێستگەمانبوو.ناوبراو بەوەناسراوە کە توێژینەوەو لێکۆڵینەوەکانی بەڵگەدار و بابەتین (ئەلحەسەنی بە گواستنەوە لە جەیمس مۆریس لە - الملوك الهاشميون- دەڵێت ئەمانە پەیوەندییەکی رەگەزییان بە ئاشورییەکانی نەینەواوە نییە، گەرچی لە نزیکیانەوە نیشتەجێبوون. الوزارات، بەرگی ٣ لا ٢٥٦).دووەمینیش ئەو زانیارییانەن کە پشتیان بە بەڵگەنامە رەسمییەکان بەستووە کە عەمید (جی. کلبرت براون) نووسەری کتێبی هێزەکانی لیڤیی عێراق (قوات الليڤي العراقية) لەسەرچاوە رەسمییەکان دەستیکەوتووە. پاشان دکتۆر فریتز گروبا دپلۆماتی بەناوبانگی ئەڵمان. جگە لەسەرچاوەی لاوەکییتر.

لە(تأريخ الوزارات العراقية)دا هاتووە کە ژمارەیەک مێژوونووس لەسەر ئەوە کۆکن کە ئاسورییەکان کوردن و لەمێژە بوونەتە کریستیان و پاشئەوەیبوونبەکریستیان، لەجیاتی زمانە کوردییەکەی، خۆیان زمانی کڵێسەیان بەکارهێناوە. ئەم چەشنە رایە عەبدولڕەزاق ئەلهیلالی، ئەنوەر مایی، سدیق دەمەلوچی، محەمەد ئەمین زەکی، مەعروف جیاوک، دکتۆر رۆف و هیتر، باوەڕیان پێبووەو وەک بەڵگە باسیانکردووە. کەچی هەندێک وایدەبینن کە ئاسورییەکان

تایەفەیەکن لەنەستورییەکان و زۆریان هاتوون لەنێو خێڵەکانی کورد و کێڵگەکانیاندا بەسەلامەتی ژیاون، ئەم رایە هەر یەک لە: مینۆرسکی و دکتۆر عەبدولڕەحمان ئەلبەزاز بڕوایان پێیهەبووەو عەلی جەودەت ئەلئەیوبیش لایەنگیریی ئەو رایەی ئەوانی کردووە. لەکاتێکدا هۆڵند لەکتێبەکەیدا (ثورة العراق١٩٢٠) دەڵێ ئاسورییەکان پاشماوەی تایەفەیەکی مەسیحیی کۆنن، کە لەشێوەی هۆز و دەستەی خەڵکدا خۆیانڕێکخستووە. هەندێکیش دەڵێن هیچ پێوەندییەک نییە لەنێوان نەستورییەکانی عێراقو ئاسورییەکانداو بەشێک نین لەو نەستورییانەی لەدەرەوەی عێراقدا بڵاوبوونەوەو گۆرگیس عەواد جەخت لەسەر ئەمە دەکاتەوەو مێژوونووس عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنیش بڕوای پێیەتی. ژمارەیەک زانای ئاشوریناسیش جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە هیچ پێوەندییەک نییە لەنێوان ئاسورییەکان و ئاشورییەکان، لەنێویاندا زمانەوان جاسم ئەلخەلەف و دکتۆر تاریق ئەلمەزلوم بەڕێوەبەری توێژینەوە ئاشورییەکان لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی شوێنەواری عێراق. زانای عێراقی تەها باقریش بوونی ئەم پێوەندییە رەتدەکاتەوەو پێیوایە ناوبردنی ئاسورییەکان بەئاشوری هاندەرێکی سیاسیی لەپشتەوەبووەو ئینگلیز دەستیان لەمەدا هەبووەو هەر ئەوانیش ئەو ناوەیان بەسەریاندا دابڕی، کە کاتێکی زۆر درەنگتر دەرکەوت. دەشێ بگوترێ ئاسورییەکان، کۆمەڵێک خێڵی چیایین و زۆر شانازی بەخۆیانەوە دەکەن و جەنگاوەری باشن، ئاژەڵدارن و کشتوکاڵ دەکەن. لەڕووی ئایینییەوە مەسیحین و مەزهەبیان نەستورییە، زمانەکەیان تێکەڵێکە لەئارامی و سریانی، لەبەر ئەوەی

دراوسێی کوردن و نیشتەجێی چیان، بۆیە زۆر دابونەریت و تەنانەت شێوەی جل لەبەرکردنیشیان لەوانەوە وەرگرتووە[٥٩].

عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی لەبەرهەمەکەیدا(تأريخ الوزارات العراقية) لەبارەی ئاسوورییەکان و مێژوویان لەناوچەکەدا، بەدەق دەڵێ: " تەیارییە نەستورییەکان،خۆیان بە پاشماوەی ئاسوورییەکان،دانیشتوانی دێرینی عێراق دادەنێن، نیشتەجێی قەزای جولەمێرگن لەویلایەتی وان لەرۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ نزیک سنوری ئێران روسیا و لەژێر فەرمانی سەرۆکی گەورەیان (مارشەمعون)ن، کە ئەمە نازناوی هەر پەتریارکێکە کە سەرۆکیان بێ. کە جەنگی یەگەمی جیهان راگەیەندراو روس لەساڵی (١٩١٥) دەستیان بەسەر ئەم ویلایەتەداگرت، هەرزوو ئەو نەستورییانەیان هاندا دژی تورک یاخی ببن پاش ئەوەی چەکیان دانێ، ئەوەبوو خەڵەتاوەکان کاری وا دڕندانەیان کرد کە موچوڕکە بەلەشی مرۆڤدادێنن، ئیدی حکومەتی تورک ناچاربوو بکەوێتەکوشتاریان، ئەوەبوو ئەوەی بۆیان کرا کوشتیان و ئەوانیدیش شوێنبزرکران. ئەوانەی مانەوە ئاوارەی خاکی ئێران بوون و پێوەندییان بەو نەستورییانەوە کرد کە لەوێ نیشتەجێبوون و ریزەکانی خۆیان یەکخستەوە. سیاسەتی لیژنەی رۆژهەڵاتی بریتانی، کە لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان پێکهێندرا، ئامانجی ئەوەبوو لەقەفقاس ئەو توخمانە دژ بە تورک هانبدا تا هەوڵە جەنگییەکانی تورک دژبە هاوپەیمانان پەکبخا، ئەوەبوو حکومەتی ئینگلیز نێردەیەکی سەربازیی بەسەرۆکایەتیی جەنەڕاڵ (ویستەر فیل) ناردە ورمێ تا ئەو نەستورییانەی لەدەوری کۆبوونەوە هانیان بدا بەرانبەر بەهێزەکانی تورک بوەستن. ئیدی لەکانونی دووەمی ساڵی

---

٥٩- عەمید کیلبرت براون، قوات الليفي العراقية، ١٩١٥- ١٩٣٢ لا ٢١، ٢٢.

١٩١٨ نێردەکە بەئامانجی خۆی گەیشت، پاش دانوستانێکی درێژ لەگەڵ سەرۆکی نەستورییەکان، حکومەتی بریتانیا، لەمانگی تەمموزی هەمان ساڵدا، بارێکی گەورەی چەک و تەقەمەنیی بۆ ئەم خەڵەتێنراوانە نارد، بەڵام پێش ئەوەی یارمەتییەکە بگات، تورک هێرشیان کردەسەر ورمێ و ژمارەیەکی زۆری لێکوشتن. ئینگلیز هەر بەوەڕاگەیشتن دەربازبووەکان بگوازنەوە بۆ ئەو خێوەتانەی بۆیانهەڵدابوون لەکەناری لای راستی رووباری دیالەی تەنیشت بەعقوبە کە ٥٩ کیلۆمەتر لەبەغداوە دوورە"[٦٠].

ئەلحەسەنی لەبەرهەمە ناوبراوەکەیدا درێژەیدەداتێ و دەڵێ نەستورییەکانی ناوچەکانی کورد لەو ماوەیەدا گرفتێکی ئاڵۆزیان تووشهات، چونکە تورک قایلنەبوون ئەوان بگەڕێنەوە هەواری خۆیان، لەبەر هاوکاریکردنیان لەگەڵ دوژمنان، کوردیش متمانەیان پێیان نەبوو، ئیدی ئینگلیز ناچاربوون لەگەنجینەی تایبەت بەخۆیان خەرجییان بکێشن، بەڵام کۆلۆنێل لجمن بیرۆکەیەکی سەیری بۆهات، ئەویش ئەوەبوو حکومەتی بریتانی ناوچەیەکی کوردستان دەستنیشان بکات تا لەوێ بژین، وەک بڵێی ئەو بیرۆکەیە تۆڵەکردنەوەیەک بووبێ لەکورد، لەپای ئەوەی دژایەتیی ئینگلیزیان کردبوو و حاکمی سیاسیی ئینگلیز کاپتن (میلی) و (مکدوکل)یان کوشتبوو. ئەوەبوو حاکمی گشتیی پاشایەتی لەعێراق (ولسن)،بەکردار بیرۆکەکەی پەسەندکرد و لەوبارەیەوە بروسکەیەکی لەئابی ١٩٢٠ بۆ وەزارەتی جەنگیی بریتانیا ناردو بەم بڕگەیە کۆتایی پێهێنا: " دەرفەتێکمان بۆ دەڕەخسێ کە لەگەڵ تایەفەی ئاسوری بەویژدان بین و بەوشێوەیە رازییان بکەین کە بەدڵی ئەوان و

٦٠- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی٣ لا ٢٥٦، ٢٥٧.

بیروباوەڕەکانی ئەوروپییەکان بێ لەلایەنگیریی هەق و دادگەری و ڕێگەشمان پێدەدات سەختترین گرفتی تایبەت بەکەمینەیەکی ئایینی و ڕەگەزی لەکوردستان چارەسەر بکەین و مەترسییەکی سەر ئاشتیشمان لەدواڕۆژدا لەباکوری فورات لەکۆڵدەکاتەوە. لەهەمان کاتیشدا، سزایەکی بەرپرسانی پشێوییەکانی ئامێدی دەدەین، کە ئەمەش دەرفەتێکە دووبارە نابێتەوە"[٦١]. بەڵام حکومەتی بریتانیا، لەبەر گەلێک هۆی نەتەوەیی و سیاسی و سەربازی و لۆجستی، پاشەکشەی لەجێبەجێکردنی پڕۆژەکە کرد.

پاش ئەوەی ئاسورییەکان، لەژیانی بن خێوەتان لە بەعقوبە بێزاربوون، سەرکردەکانیان بڕیاریاندا بەجێیبهێڵن و بچنە ناوچە چیاییەکان، گەورەیان (ئاغا پوترس) پەیمانیدا حکومەتێکی ئاسوری، لەباکوری موسڵ، لەسنوری نێوانتورکیا و عێراق دابمەزرێنێ. ئینگلیز بیرۆکەکەیان پەسەندکرد و بەهەموو شێوەیەک لایەنگیرییان لێکرد، چونکە بوونی هێزێکی ئاسوری لەوێ، یەکەمین شت، هەڕەشەیە بۆ تورک، دووەم بایەخی کوردیش کەمدەکاتەوە، سێیەمیش دەرگای ئێرانیان بەڕوودا دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەی بیرۆکەکە خزمەت بەبەرژەوەندییە ئیستعمارییەکانی ئەوانیش دەکات و خەرجیی ئەم ئاوارانەشیان لەکۆڵدەکاتەوە. لەکاتێکدا کە حکومەتی نیشتمانی لەعێراق، لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، وەک لایەنێکی نێودەوڵەتی ڕەچاودەکرا، بۆ ئەم مەبەستەی سەرەوە ئۆردوگایەکیان لەدەوروبەری پردی (مەندان) لەکلکەی ڕۆژهەڵاتی چیای مەقلوب، نزیک ڕووباری خازر، لەنێوان موسڵ و ئاکرێ کردەوەو دەهەزار ئاسورییان تێدا نیشتەجێکرد. لەمبارەیەوە نووسەری ئاسوری (لۆقۆ

٦١- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی ٣ لا ٢٥٧.

زۆدۆ) لەبەرهەمەکەیدا – المسألة الكردية و القوميات العنصرية في العراق- بەدەق دەڵێ:" فەرمانگە هەواڵگرییەکانی بریتانیا،بەگەرمی لەڕێگەی مژدەدەرەکانەوە، کاریان دەکرد بۆ ئەوەی ئاسورییەکان لەنەینەوای پایتەختی ئیمپراتۆریەتی دێرینیان کۆببنەوەو سوپایەک لەهۆزەکان پێکبێنن، تا ئەم سوپایە ببێتە ناوکێک بۆ پاراستنی سنوری نیشتمانی نەتەوەیی ئاشوری لەهێرشی کورد و ڕێگەخۆشکەریش بێ بۆ ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئاشور، وەک جێبەجێکردنێکی ئەو بەڵێنانەی لەکاتی جەنگدا پێیاندرابوو"[٦٢].

دواجار ڕۆژنامەنووسی هۆڵەندی (مالیبارد) لەبەرهەمەکەیدا – نواعير الفرات أو بين العرب والكرد- لەبارەی ئاوارەبوونی ئاسورییەکانەوە، بەدەق دەڵێ: " کۆمەڵێکی زۆری ئاسوری، ئاوارەی عێراقبوون، کە لەوبڕوایەدان سەربە ڕەچەڵەکی گەلی ئاشورین، کە مێژووی کۆن باسیان دەکات، ئەگەرچی تا ئێستا نەزانراوە، ئایا ئەمانە لەڕەچەڵەکی ئاشورییە کۆنەکانن، ئەو گەلە بەهێزەی لەسەردەمەکانی بەراییدا ژیاون". بەم شێوەیە ناسنامەی ئاشورییەکان بەپێی جیاوازیی دید و ڕای پسپۆڕان جیاوازە.

## هێزەکانی لیڤیی ئاسوری

دکتۆر موئەییەد ئیبراهیم ئەلوەنداوی، لەپێشەکیی وەرگێڕانەکەی کتێبی (قوات الليفي العراقية)دا کە نووسەر کیلبرت براون نووسیویەتی ئەمەی خوارەوە دەڵێ: " سەرەڕای ئەو هەموو خۆبەدوورگرتنانەی نووسەران و توێژەرانی عێراق، لەکاتی باسکردنی بابەتی ئەم هێزانە -لیڤی- ، کە هەندێک لەم خۆبەدوورگرتنانە تاڕادەیەک

---

٦٢- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية، بەرگی٣ لا٢٥٩.

لەجێگەیخۆیاندان، بەڵام هەرگیز نابێ ڕۆڵی ئەم هێزانە، لەناوچەی کورد، لەباکوری وڵات، لە ماوەی سالانی (١٩١٩-١٩٢٥) بۆ دوورخستنەوەی تورک لەو ناوچەیە پشتگوێبخەین و وەک ڕێگەخۆشکردنێک بۆ ڕاگەیاندنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، کە عێراق نەک تورکیا مافی بەسەر ویلایەتی موسڵەوە هەیە، شەڕێکی سەختیان کرد و هەرگیز سڵیاننەکردەوە لەوەی توندوتیژی و دڵڕەقییەکی زۆری تێدا بەکاربهێنن لەدژی دانیشتوانی مەدەنی و هێزەکەیان چووبێتە هەر گوندێک سیاسەتی سوتاندنی گوندەکەو کشتوکاڵەکەیان پێڕەوکردووە"[٦٣].

ئەم هێزە، لەوکاتەوە پەیدابوو، کەئەفەسەری بەتوانای هەواڵگری ڕائید ئێدی (J.I.Edie) توانیی (٤٠) سوارەی عەرەبی هۆزەکانی دەوروبەری ناسرییە بکا بەسەرباز بۆ جێبەجێکردنی چەند ئەرکێک لەبەرانبەر کرێدا، بەسەرپەرشتیی ئەفسەرانی هەواڵگریی بریتانی. ئەم هێزە بچوکە وردە وردە پەرەیپێدراولەکۆتاییدا بەهێزەکانی لیڤی (Livies) ناسرا، ئەگەرچی زۆربەی توخمەکانی عەرەببوون، بەڵام بەتێپەڕینی ڕۆژگار بوو بەهێزێکی پێکهاتوو لە تێکەڵەی دانیشتوانی عێراق تا دواجار و بەتەواوی لەسەر ئاسورییەکانساغبوەوە[٦٤]. پێش ئەوەی حکومەتی عێراق دروستبکرێ، هێزەکە، بۆ پڕۆسە سەربازییەکانی دژی کورد خرایەگەڕ، کە عەمید نایتنکال دەستیپێکرد ئەو ڕۆژەی سودی لەدوو بەتالیۆن بینی کە سەربازەکانی تەنیا ئاسوری بوون و لە٨ی ئابی ساڵی ١٩١٩سەرکردایەتییکردن بەرەو ئامێدی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆسەیەکی سەربازی دژی خێڵەکوردەکانی بەرواری و گۆیان و گلی. لەبەر خۆنەویستییان لەشەڕدا

٦٣- عەمید کیلبرت براون، قوات الليفي العراقية، ١٩١٥- ١٩٣٢ لا ٦.

٦٤- کیلبرت براون، هەمان سرەچاوەی پێشوو، لا ١٥.

سەرکردایەتیی سەربازیی بریتانی بڕیاریدا پشت بەئاسورییەکان ببەستێ و ببن بەبڕبڕەپشتی هێزەکانی لیڤی.

لەکاتی بەستنی کۆنگرەی قاهیرە لەئاداری ساڵی ١٩٢١ ئەرکی هێزەکانی لیڤیی عێراق دیاریکراو لەبەر رۆشنایی ئەمە جێگەی هێزەکانی بریتانی هیندیی گرتەوە، ئەمەش بۆ پاراستنی مەخفەرەکانی پێشەوە لەویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان)[٦٥] بەڵام پاش ئەوەی کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا ئەم ویلایەتە بلکێنێ بەعێراقەوە، ئاسورییەکان ناچاربوون پابەندبن بەو واقیعە نوێیەوەو پێوەندیی باش لەگەڵ خەڵک دروستبکەن و رابردووی پڕئازار بخەنەلاوە، بەڵام بریتانییەکان بۆ خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندییە ستراتیجییەکانی خۆیان بەردەوامبوون لەسەر بەکارهێنانی ئاسورییەکان و کردنیان بەسەرباز لەریزەکانی هێزەکانی لیڤی و تێوەگلاندنیان لەشەڕەکانی دژبە کورد تا ئەو هێزانە هەر لایەنگیری خۆیان بن و تێکەڵ بەکۆمەڵی نوێ نەبن و لەمەشدا ئامانجیان نانەوەی دووبەرەکی و دوژمنایەتیبوو لەنێوان ئاسورییەکان و کورد.

سەرچاوە مێژووییەکان جەخت لەسەر ئەو راستییە دەکەنەوە کە لەوکاتەدا سەرکردەکانی ئاسورییەکان واقیعی سیاسەتی نێودەوڵەتییان بەتەواوی دەرکپێنەکردبووو نەیاندەزانی دەبێ چی بکەن بۆ ئەوەی دوارۆژی خۆیان دەستەبەر بکەن و لەجیاتی ئەمە بەردەوامبوون لەسەر هەڵەکردن، کە هەموو جارێکیش زۆر گران لەسەریاندەکەوت. لەبەر ئەوەی بریتانیا نیازی باش نەبوو لەگەڵ کورد و لەگەڵئاسورییەکانیش، بۆیە بەپێی ستراتیجێک، کە لەگەڵ خۆیدا گونجاوبێ و خزمەت بەبەرژەوەندییەکانی بکات، هێزەکانی لیڤیی بەسەر شارەکانی کوردستاندا دابەشکرد. ئیدی ئەو هێزانە

---

٦٥- کیلبرت براون، هەمان سرەچاوەی پێشوو، لا ١٩، ٢٠.

لەساڵی ١٩٢١ەوە لەم شارانەدا جێگیربوون، وەک عەمید کلبرت براونیش لەبەرهەمە ناوبراوەکەیدا باسیکردووە:

زاخۆ: دوو سریەو دوو کەتیبە.

ئاکرێ: دوو سریەو دوو کەتیبە.

دهۆک: بارەگای سەرکردایەتی و بارەگای سەرکردایەتیی فەوجی پێنج و کەتیبەی دووەم.

تەلەعفەر: دوو دەستە لەفەوجی پێنج.

هەولێر: فەوجی چوار.

کەرکوک: فەوجی دوو.

سلێمانی: دەستەیەک لەهێزەکانی لیڤیی سلێمانی و لەگەڵ یەک سریە.

رانیە: فەسیلێک لەسریەکانی سلێمانی.

چەمچەماڵ: نیو سریە.

هەڵەبجە: یەک فەسیل.

خانەقین: فەوجی سێیەم.

## ساڵێکی تایبەت بە دژایەتیکردنی کورد

لە باسی چالاکی و جموجۆڵەکانی یەکە سەربازییە ئاشورییەکانی ناو هێزەکانی لیڤی لە کوردستان، عەمید (جی، کیلبەرت براون) دەڵێت، هیزەکانی لیڤی لە ساڵی ١٩٢٥ چالاکی زۆری نواندووەو وەک هێزێکی گرنگ دەرکەوتووەو خاوەنی بارەگای سەرکردایەتی و هێزی پشتیوانی و نەخۆشخانەی مەیدانی و ئۆردوگای جێگیرو گوازراوە بووە. بۆ نموونە کە باسی هەوڵەکانی بۆ چوونە ناو سلێمانی دەکات، دەڵێت سەرەڕای ساردی و سەختی زستانی (١٩٢٤-١٩٢٥) شەڕ لە دەوروبەری شار، کە بەلای هەردوو حکومەتی عێراق و بریتانییەوە گرنگ بوو، بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەکەی شێخ مەحمود و ئەو هێزە

کوردیانــەی پشــتگیرییان دەکــرد، هــەر زوو دەســتی پێکــرد. هێــزە پەلاماردەرەکە ناچار بوو شەڕ ڕابگرێت و چاوەڕوانی باشتربوونی کەشوهەوا بکات، بەڵام هەر لە سەرەتای بەهارەوە دەستیپێکردەوە. هەروەها لەم سەرچاوەیەدا هاتووە کە پێکهاتەی ئەو هێزە لە ڕووی ژمارەو شوێنی چالاکییەکانی بەمشێوەیە بووە:

کەتیبەی یەکەمی سوارە – لیڤی .... هەولێر.

کەتیبەی دووەمی سوارە – لیڤی .... کەرکوک.

فەوجی یەکەمی عەرەبی ئەهوار .... بەغداد (لەگەڵ تەنیا یەک سریە لە شەرگات).

فەوجی دووەمی لیڤی ئاشورییەکان .... چەمچەماڵ (لەگەڵ یەک سریە لە کۆیە).

فەوجی سێیەمی لیڤی ئاشورییەکان .... ئاکرێ ( لەگەڵ دوو سریە لە بیبادیەوە).

فەوجی چوارەمی لیڤی ئاشورییەکان .... کانی عوسمان( لەگەڵ سریەیەک لە ڕەواندوزەوە).

هێزە سەربازییەکان لە سەرەتای مانگی ئازارەوە کەوتنە ئابلۆقەدانی شاری سلێمانی و چاوەڕوانی کاتژمێر سفر بوون بۆ داگیرکردنی. لە ٢٢/ نیسانی ئەو ساڵەدا بە کردارەکی هێرشەکە دەستیپێکرد، موقەدەم کامیرۆن بە دوو سریەوە لە سریەکانی لیڤی ئاشوریەکانەوە بەرەو شار کشا و سریەیەکیلە کۆیە جێهێشت و سریەیەکیشی بۆ پاراستنی سەربازگەکەی لە چەمچەماڵ هێشتەوە. هەروەها لە باکووری موسڵەوە هێرش کرایە سەر ئێزدییەکانی شنگال. سریەیەکی سەر بە کەتیبەی یەکەمی سوارەی هێزەکانی لیڤیش دەستیان بەسەر دهۆکدا گرت و کەتیبەیەکی تریش گەیشتە ئەوێ بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا جێگایان بگرێتەوە.[٦٦]

---

٦٦- عەمید کیلبەرت براون، سەرچاوەی پێشوو، لا١٣٥.

عەقید عـەلی رەزا بـەگی عەسـکەری، بـرای جەعفـەر عەسـکەری فەرمانـدەی بەرپرسـی یەکـەکانی سـوپای عێـراق بـوو لـە ناوچەکـەدا، بـەڵام بـەپێی برگـەی یـانزەی * پەیماننامـەی ڤێرسـای فەرمانـدەی بریتـانی، موقـەدەم کـامیرون بـوو بـە سەرلەشـکری هـەموو هێـزە بریتانی و عێراقییەکان بەرەو سلێمانی بۆ دوورخستنەوەی کورد لـە ناوچـەکانی ژێردەسـتیان، بـە سـێ رەتڵـی هێزەکـانی لیڤـی و سـوپای عێـراق چیـای (ئـەزمڕ) گیـرا و لـە (١٥)ی مـایس موقـەدەم لـۆرانس و فـەوجی دووی سـوارەی لیڤـی لـە کەرکوکـەوە بـە ئامـانجی گرتنـی هەڵەبجـە کەوتنـە ڕێ. لـە ١٨ مـایس فـەوجی دووی لیڤـی گەیشـتە سلێمانی و ٢٠ی ئەو مانگە گەیشتە عەربەت. کە هێزەکە کەوتنە بەر گوللـەی چەکدارانی کورد، موقـەدەم لـۆرانس نـەقیب (فوسـدەک)ی بۆ لەناوبردنی ئەو هێزەکوردییە ڕاسپارد، ئـەویش بـەرەنگاریان بووەوەو (١٩) کەسـی لێیـان بـەدیل گـرت. هێزەکـانی لیڤـی کوژراوێـک و سـێ بریندارییان هەبوو.

بۆ درێـژەدان بـە جـەنگ، دژ بـە کـوردو سـەرکردەکانیان، هێزێکـی نوێ لە (٢٠٠) سـوارەی غـەیرەنیزامی و (٥٠)ی پیادە لـە ئاشـوریەکان پێکهێنــرا بــۆ ڕاوەدوونــان و گرتنــی شــێخ مــەحمود و لایــەنگرە ناودارەکانی. ئەو هێزە لە حوزەیرانی ئەو ساڵەدا لـە بـەرەکانی جـەنگ لە شـەڕی (کەناروێ) لە پێشڕەویدا بوو، ئازایانـە دەجـەنگان، بـەڵام نـە قـەبارەی هێزی بەرانبـەریان رەچاودەکردو نـە پـەیڕەوی مەرجـەکانی جــەنگیان دەکــرد، هــەر کــە نزیـک پێنجـوین بـۆ شــەڕ دامــەزران، شــوێنەکایان جێهێشــت و چوونــە نــاو گوندەکــەوە بـۆ تــاڵانکردنی،

*- بە گوێرەی ئەم برگەیە لە هاوبەشیکردنی هێزە بریتانییەکان لە گەڵ هێزەکانی عێراق لە پرۆسە سەربازییەکاند، دەبووایە فەرمانـدەی هێز بریتانی بووایە.

سـەرەڕای ئـەوەش بەباشـی کاریـان کـردوەو هـەموو کاتێک لەلایـەن کوردەوە حسابی خۆیان بۆ دەکرێت[٦٧].

هەروەها دەڵێت:

(( لــە ٧ی ئــەیلولی ســاڵی ١٩٢٥دا رەتلێــک لــە دوو ســریە لــە سریەکانی فەوجی دووی لیڤی و دوو سریەی سوپای عێراق جوڵان و هێرشیان کردە سەر (ئەسینە و کانی دڕکەو بزەینیان) و کوردیش لە دەوروبـەری گونـدی کانی دڕکـە، سـەنگەریان گرتبـوو، سـریەکـەی نــەقیب (ماکــای لــویس) بــە رێگــاوە بــوو بــۆ گــەمارۆدانیان، دوای خۆرئــاوابوون، تەقــە دەســتیپێکردو ئاشــورییەکان کەوتنــە شــەڕی دەستەویەخە لەگەڵ کوردو قەمەیان بەکارهێنا، ژمارەیەکی زۆریـان لـە ڕێڕەوێکی نێوان هێزەکانی لیڤی و سـوپای عێراقـەوە بـەرەو شـۆکی هــەڵهاتن. مـاوەی نیـو کـاتژمێر شــەڕەتەقە بــەردەوام بـوو، ٢٢ کـورد دیلکـران و دەسـت بەسـەر ١٧ تفەنگـداگیرا. دوای سـوتاندنی (کـانی دڕکە) ڕەتڵەکە بە بزەیناندا گەڕایەوەو لـە ڕێگا دوو کەسـی لـە دوژمـن کوشت))[٦٨]. بەمشێوەیە ئاشورییەکان پێش سوپای عێراق کەوتوون بۆ لێدانی گوندە بێ چەکەکانی کوردو بـەناڕەواو بێ هـۆ هێرشـیانکردۆتە سەر دانیشتوانەکانی.

لێرەدا پێویسـتە ئامـاژە بۆ ئـەوە بکرێت کـە بریتانیا ئاسـوریەکانی بەوە فریودابوو کە لەسەر خاکی کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆیان بۆ دادەمـەزرێنێت، بۆیـە بـە دڵ دژی کـورد دەجـەنگان، بـەڵام بریتانیـا کـە بەرژەوەنـدی خـۆی دەخاتـە سـەروو هەمووشـتێکەوە، هـەر ئەوەنـدەی دڵنیابوو کە ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە دەلکێنرێت بـۆ دروسـتکردنی دەوڵــەتێکی عــەرەبی، کەوتــە هەڵوەشــاندنەوەی هێزەکـانی لیڤــی، بــۆ خۆگونجانـدن لەگـەڵ پێشــهاتە نوێیــەکان کـە بــەرەو ســەربەخۆبوونی

---

٦٧- عەمید کیلبەرت براون – لیڤی عێراقی، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٦، ١٣٧، ١٤٢.

٦٨ – عەمید کیلبەرت براون، سەرچاوەی پێشوو، لا١٥٠.

عێراق و خۆئامادەکردن بۆ داوای چوونە ناو کۆمەڵەی نەتەوەکان دەچوو.

سەرباری کەمکردنەوەی ژمارەیان، بەڵام ئینگلیز بایەخی ئەم هێزەی لە کوردستان دەزانی، ئەوەش لە ڕاپۆرت و نووسراوەکانیانەوە دەربارەی لیڤی دەردەکەوێت، هەروەک لە دەقی ئەم نامەیەوە دیارە، کە (ستافۆرد – F.E. Stafford ) یاریدەدەری دارایی مەندوبی سامی لە عێراق نووسیویەتی:

((... ناتوانم ڕێگەبدەم بە نەمانیکەتیبەی یەک و دووی سوارە وەک یەکەی جیاواز لە هێزی لیڤی عێراقی، بێ ئەوەی سوپاسیان بکەم بۆ ئەوکارە باشەی لە ڕابووردوودا پێشکەشیانکردووەو هەروەها بەبۆنەی یەکگرتنیانەوە، ڕێزێکی زۆریان بۆ دەردەبڕم. ئەم دوو کەتیبەیە بە درێژایی دوو ساڵی ڕابووردوو بەبەردەوامی بەشداربوون لە پرۆسە سەربازییەکان لە کوردستان و هەمووکاتێکیش لە کارەکانیاندا سەرکەوتووبوون))[٦٩]، لەبەر بەگەرمی شەڕکردنیان دژی شۆڕشگێڕەکانی کوردو شێخ مەحمودی سەرکردەیان، هەردووحکومەتی بریتانی و عێراقی پاداشتیان کردوون و ئەو سزایانەیان لەسەر لابردوون کە دادگاکانی عێراق بەهۆی کوشتن و بریندارکردنی دەیان کەسی دانیشتووی کەرکوکەوە، لەو ڕووداوەدا کە بە پشێوییەکانی کەرکوک بەناوبانگە سزادرابوون، کە کەتیبەیەکی هێزەکانی لیڤی و تانکی سەربازی تیایدا بەشداربوون و هەرچەندە حکومەتیش هاتبووە سەر خەت، بە زەحمەت توانرا دابمرکێتەوە. موقەدەم کیلبەرت براون لە کتێبە ناوبراوەکەیدا بەم بڕگەیە باسی کردووە: (لە مایسی ١٩٢٤ کەتیبەی دووەمی لیڤی عێراقی لە کەرکوک بووە بەمەبەستی دامەزراندنی سەربازگەیەک لە چەمچەماڵ بۆ پرۆسەکانی سلێمانی و لە ڕاستیدا ڕەوشەکە ڕوو لە گرژی بوو،

---

- کیلبەرت براون – سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٩.١٧٠

ژمارەیـەکی زۆری دانیشـتوانەکە هاوسـۆزی شـێخ مـەحمود بـوون و بـەهۆی ناکۆکییـەوە لەسـەر نرخـی شـتێک لـە دوکـانێکی زەڕەنگـەر لـە بـازاڕی کـەرکوک سـەربازێکی ئاشـوری برینـدار دەکرێـت، ئـەو دوکاندارانـەی دەسـتیان لـە کێشـەکەدا هـەبووە دەگیـرێن بـۆ ئـەوەی دادگایی بکرێن. بەڵام کۆمەڵێک سەربازی ئاشوری توانیان ریزی ئەو پۆلیسـانە بشـکێنن کـە چـواردەوری شـوێنەکەیان دابـوو، ئیتـر تەقـە دەسـتپێکردو ڕووبەڕووبوونـەوەکان ئەوەنـدە فـراوان بـوو کـە ناچـار فەرمانـدەی ناوچەکـە لـە بەغـداوە بـە فڕۆکـە هـات و زرێپـۆش بەکارهێنراو بە نامە باسی ڕەوشەکە بۆ موقەدەم سوریل کامیرۆن لـە چەمچـەماڵ و فەرمانـدەکانی بەغـدا روونکرایـەوە. لـەو ڕووبەڕووبوونەوە خوێناویانەدا پێنج سەربازی لیڤی کوژران، بـەڵام لـە دانیشـتوانی کـەرکوک نزیکـەی پـەنجا کەسێک کوژران). سـەرەڕای گـرتن و دادگـاییکردنی سـەرپێچیکاران، مەنـدوبی سـامی بریتـانی لـە مـاوەی حـەوت مانگـدا داوای تێهەڵچوونـەوەی دادگاییکردنەکـەو ئـازادکردنی کـردن، ئـەوەش وەک پاداشـتێک بەرانبـەر ئـەو پەلاماردانـە تونـدو نائاسـاییانەی کەتیبـەی دووەم کردبوونیـە سـەر شـێخ مـەحمود. بـەکردارەکی ئینگلیزەکـان ویسـتی خۆیـان سـەپاندو لیژنەیـەکی لێکۆڵینـەوە لـە ڕاوێژکـاری یاسـایی مەنـدوبی سـامی و ئەفسـەرێکی بریتانی پێکهێنراو لیژنەکەش بەرپرسیارێتی کوشتنی نەدایە پاڵ هیچ کەسێکی هێزی لیڤی.

فەرمانـدەی گشـتی هێزەکـانی بریتانیـا لەسـەروبەندی شۆڕشـی بیسـتدا، دەربـارەی شـەڕێک لـە دەوروبـەری ڕەوانـدز دەڵێـت: ((بـۆ گێڕانـەوەی سـەقامگیری لـەم ناوچەیـەدا، فڕۆکـەکانمان لـە موسـڵەوە هـاتن و بۆردومانیـانکرد. کـە عەشـیرەتی سـورچیەکانیش هەوڵیانـدا هێرش بکەنـە سـەر سـەربازگەی ئاشـوریەکان لـە بـاکوری ڕۆژئـاوای موسڵ، لەگەڵ کەمی چەکی سەربازگەکەشدا، بەڵام لەبەرئـەوەی زەبت

و ڕەبتیان هەبوو، چەکەکانیان باش بەکارهێنا و بەسەر کوردەکاندا سەرکەوتن و چواریان کوشت و هەشتیان برینداری کرد، هەروەها توانییان شەست کەسیان لێ بکوژن و ئەوانەیتر بەرەو ئاوی زێ ڕاویان بنێن و وەک دەگوترێت ١٤٠ کەسیان لێ خنکاوە))[٧٠]. هەروەها دەڵێت رووسەکان ساڵی ١٩١٦ بەسەرکردایەتی ئاغا بوترس دەستەی چەتەیان لە ئاشوورییەکان پێکهێنا بۆ هێرشکردنە سەر عەشیرەتەکانی کوردی نیشتەجێی سەر سنووری ئێران، چونکە ئەوانە خاوەن خەسڵەتی داگیرکاری و تاڵانکاریی و دزی و سوتاندن و کوشتن و ئازاردانی زۆرن.

هیچ پاساوێک نییە بو ئەوکارانەی هێزەکانی لیڤی عێراقی دژ بە کوردو ناوچەکەیان کردویانە؛ بۆیە ئاساییە گەر ببێتە مایەی چەکەرەکردنی جۆرێک لە رق و مەیلی تۆڵە لە دژیان لە دڵی بەکر سدقیدا. ئەمە هەمووی دەمانخاتە سەر ئەو بۆچوونە کە کاردانەوەکەی بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوە سەربازییە بەرفراوانەکەیان ڕەنگدانەوەی ئەو شتانە بووە کە بەهۆی هێرشەکانی ئەمانەوە بۆ سەر شارو گوندە بێوەیەکان دووچاری کورد بووە؛ بۆیە ئەوەی ڕوویداوە ڕوویدا.

**پەیمانی نشتیمانی، مەبەست و ئامانج**

وەک چۆن پەیمانی ١٩٣٠ نێوان عێراق و بریتانیا دژ بە خواستەکانی کورد بوو، بەهەمان شێوەش پێچەوانەی ئاواتی ئاشوورییەکانیش بوو؛ گومان لایان دروست بوو، زیاتر لە داهاتووی نادیار ترسیان لێنیشت، بۆیان دەرکەوت بەڵێنەکانی حکومەتی بریتانی بۆ فریودانیان بووە.

---

- ثورة العراق -١٩٢٠- الفريق هولدن، لا ٧٠.٣١٨

له دەرئەنجامی ئەو پەیمانەو دەرهاویشتە سیاسییە نوێیەکانی و لەبەر ئەوەی برگەکانی باسیان لە سەربەخۆیی عێراق دەکرد، سەرکردەو گەورەی ئاشوورییەکان لە حوزەیرانی ١٩٣٢ لە (ئامێدی) کۆبوونەوەیەکی نهێنیی نائاساییان کرد بە مەبەستی داڕشتنی پەیماننامەیەکی نیشتمانی، کە ڕەنگدانەوەی ئامانجە نەتەوەیی و سیاسی و فەرهەنگی و ئایینییەکانیانو دەستکەوتی ئیداریی بێت. بایەخیان بەم خاڵ و بڕگانە دابوو:

١- دانبنرێت بە بوونی ئاشوریەکاندا وەک گەلێکی نیشتەجێی عێراق، نەک وەک تایەفەیەکی ئایینی یان ئیتنی.

٢- پێویستە نیشتمانەکەیان لە هەکاری بۆ بگێڕدرێتەوە.

٣- گەر نەتوانرا بڕگەی دوو جێبەجێبکرێت، ئەوا پێویستە لە عێراقدا نیشتمانێکیان بۆ بدۆزرێتەوە، کە کراوەبێت بۆ هەموو:

أ- ئاشورییەکانی عێراق و دەرەوە، کە سەنتەرەکەی لە دهۆک بێت و موتەسەڕیفێکی عەرەبی هەبێت و راوێژکارێکی ئینگلیز یاریدەدەری بێت.

ب- پێویستە دەستەیەک دابمەزرێنرێت بۆ دۆزینەوەی زەویوزاری گونجاو بە بڕێک کە بەش بکات، لەگەڵ دابینکردنی دارایی پێویست، بەمەرجێک ئەو زەوییانە بەناوی کەسانی ئاشورییەوە تۆماربکرێن.

ت- کارە ئیدارییەکانی ئەم ناوچەیە بە پلەی یەکەم بدرێن بە کەسانی ئاشوری.

٤- دەبێت حکومەتی عێراق بە فەرمی دانبنێت بە دەسەڵاتی ئایینی و دنیایی مارشەمعون و مەدالیایەکی بەرزی پێببەخشێت.

٥- ئەندام پەرلەمانێک لە پەرلەمانی عێراق نوێنەرایەتی ئاشورییەکان بکات.

٦- پێویستە قوتابخانە بکرێنەوەو هەردوو زمانی عەرەبی و ئاشوورییان پێکەوە تێدا بخوێنرێت.

٧- ئەوقاف بۆ پیاوانی ئایینی ئاشوریی دابمەزرێت.

٨- نەخۆشخانە لە دهۆک دابمەزرێت و لە گوندەکانیش مەڵبەندی تەندروستی هەبێت.

٩- ئاشوورییەکان چەک نەکرێن.

پاش کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکە، کۆپییەکی ئەو پەیماننامەیەیان بەرزکردەوە بۆ هەریەک لە حکومەتی عێراق و حکومەتی بریتانیا، بەڵام هەردوولا بە مەبەست پشتگوێیان خست. وەک کاردانەوەیەکیش بۆ ئەو گوێپێنەدانە، سەربازە ئاشوورییەکان بە ئەفسەرەکانیان ڕاگەیاند، کە لە یەکی تەموزی هەمان ساڵ (١٩٣٢) بەکۆمەڵ دەست لە خزمەتی عەسکەری دەکێشنەوە. هەروەها سەرکردە ئایینییەکەیان (مار شەمعون) پلانێکی ئامادەکرد بۆ گردبوونەوەی سەربازە دەست لەکارکێشاوەکان لە ناوچەی دهۆک – ئامێدی. گەرچی هەندێکیان دوای هەڕەشەکانی موعتەمەدی سامی بریتانی وازیانهێنا، بەڵام زۆربەیان ئەو بڕیارەیان جێبەجێکرد کە پێشتر درابوو[٧١]. سەبارەت بە کوردیش هەنگاوێکی ئاوا مەترسیدار، بەتایبەتی لەو کاتەدا (سەرەڕای ئەوەی یاسایی نەبووە) مەترسی سیاسی و نەتەوەیی زۆری لە خۆ گرتووە، کە لەبەر ئەم تێبینی و خاڵانەی لای خوارەوە، هیچ هۆکارێک و بە هیچ شێوەیەک نەدەکرا بەهەند وەرنەگیرێت و چاوپۆشی لێبکرێت:

١- ئاشوورییەکان بە پشت بەستن بەو خزمەتگوزارییە سەربازییە کاریگەرانەی لەشەڕی دژ بە کورد پێشکەش بە عێراقییەکان و بریتانییەکانیان کردبوو ئەم هەنگاوەیان نا، وەک بڵێیت داوای پاداشتێک دەکەن کە خۆیان بە شایانی دەزانن.

---

٧١- الحسني – تاريخ الوزارات ج٣، لا ١٨٥، ١٨٦.

٢- داوای شــارێکی کــوردی دەکــەن، بــێ ئــەوەی حســاب بــۆ نەتەوەیــەک بکــەن کــە هــەزاران ســاڵە لەوێــدا نیشــتەجێیە. وەک نیشتمانێک، بۆ ئەو نیشتمانەی جێیانهێشتووە، دهۆکیان هەڵبژاردووە.

٣- بـە ڕوون و ئاشـکرا داوای موتەسـەڕیفێکـی عـەرەب دەکـەن، وەک ئاماژەیەکی ئاشکرا بۆ نەهێشتنی ڕۆڵی کوردو بایەخ نـەدان بـە بوونی مێژووییان و مافەکانیان لە کوردستانی نیشتمانیاندا.

٤- داواکردنی کردنەوەی قوتابخانەش تەنیا بە زمـانی عـەرەبی و ئاشوری، لە دژایەتیکردنی کوردو زمانەکەیان و بەسوک تێڕوانین و بێ بایەخکردن و تورەکردن زیاتر بەولاوە هیچیتر نەبووە.

٥- داواکردنیشـیان بـۆ چـەک نـەکردنیان، بـەو واتایـە دێـت کـە لەلایەکـەوە مـەیلێکیان تێدایـە بـۆ دژایـەتی کـورد و لـە لایـەکیترەوە دەیانەوێت بۆ بـەرگریکردن لـە بەرژەوەندییـەکانی خۆیـان و حکومـەتی ناوەنـد لـە کوردسـتاندا بجـەنگن. بەتایبـەتی گـەر حکومـەتی بریتـانی و عێراقــی ڕەزامەنــدبن لەســەر داواکانیــان. نــەک هــەر ئــەوە، بــەڵکو خواستەکانی ئـەمان بـوە هۆکـاری هانـدانی کەمایـەتی ئەرمـەنیش کـە داوای نیشتەجێبوونیان بکەن لە ناوچەی – هوریسکی – و گوندەکانی دەوروبەری لـە موسـڵ و بـەخشینی هەندێک مـاف پێیـان، بۆ ئـەوەش داوایەکیان پێشکەش مەندوبی سامی بریتانی لە عێراق کرد. بـەلام کـە مەنـدوبی سـامی داواکـەیانی گەیانـدە حکومــەتی عێـراق، بەتونـدی ڕەتیانکردەوە، نەک لەبەر چاوی کاڵی کورد، بەڵکو لەبـەر کوردسـتان، کە دەبووە بەشێکی گرنگی دەوڵەتە عەرەبییەکەیان.

بـەمجۆرەو لـە ئـەنجامی جوڵـەی سـەربازییانەی ئاشـورییەکان و سیاسەتی پراگماتییانەی ئینگلیزەوە، کوردستانی بێ خـاوەن، جگـە لـە کورد، ببووە مافێکی ڕەوا بۆ هەمووان. تورک و عەرەب داوایـان کـرد، ئاشوری و ئەرمـەنی داوای چەنـد بەشـێکیان دەکـرد وەک نیشـتمانێکی

هەمیشـــەیی بۆخۆیـان؛ لـەوناوەدا مـاف شـێوێنرا و مـافی کـورد لـە نیشتمانی خویاندا بزرکرا، وەک بڵێی لەسەر خاکی خۆیان بێگانەبن.

لەبەر ئـەوە ئـەم هـەموو نـاکۆکی و ململانـێ سیاسـی و سـەربازییە بـۆ دزینـی مێـژووی کـوردو مـافی لـە نیشـتمانەکەیدا، کاریگـەرییان هـەبووە لەسـەر بیروبۆچـوونی نەتەوایـەتی بـەکر سـدقی و مـەیلی بەرەنگاربوونـەوەی لا بـەهێزکردووەو پاڵنـەربووە بۆ وەستانی دژ بە هـەموو ئـەو لایەنانـەی سـتەمیان لـە گـەلی کـوردکردووە یـان دژیـان جەنگیون، هەڵبەتە ئاشوریەکانیش کەوتونەتە ئەو بازنەیەوە.

### ئینگلیزو سیاسەتی دووبەرەکی خستنەوە

نکـــوڵی لـــەوەناکرێت کـــە بریتانییـــەکان بـــە دووڕوویـــی و جیاکارییەکانیان، بوونەتە مایەی مانـەوەو پتـەوکردنی ناکۆکییـەکان لـە ناوچەکـــەداو بەمەبەســـت بـــەڵێن دەبەخشـــنەوە بـــۆ بـــەکارهێنانی هەرلایەنێک دژ بەلایەنێکیتر، کە خۆیـان دەیانـەوێت و بۆ بەرژەوەندی خۆیـان. ئـەوەی لەگـەڵ کورد کردیـان، لەگـەڵ ئاشـوریش کردوویانـەو بـــەڵێنێکی ناواقیعییـــان پێـــداون، کـــە نیشـــتمانێکی ســـەربەخۆیان بـــۆ دابمـــەزرێنن. ئامـــانجیش بـــەکارهێنانیان بـــووە، وەک کـــارتێکی فشـــار بۆســـەر حکومـــەتی عێـــراق بـــۆ ســـەپاندنی ئـــەو بڕیـــارو پەیماننامانـــەی خزمـەت بـە بەرژەوەندییـە سـتراتیجییەکانیان دەکـات. ئـەوەش هـەمان سیاســـەتە کـــە لەگـــەڵ کـــوردیش گرتیانەبـــەر. لەلایەکـــەوە هەســـتی نەتەوایـــەتیان دەجوڵانـــدن بـــۆ ئـــەوەی داوای مافـــەکانیان بکـــەن، لەولاشـــەوە حکومـــەتی عێراقییـــان هانـــدەدا بـــەزۆرو زۆرداریـــش بێـــت یاســـاکانیان بەســـەردا بســـەپێنێت. واتـــە کـــوردو ئاشـــوری وەک یـــەک قوربانیی ئەو سیاسەتە بوون کە لـەو کاتانـەدا بریتانییـەکان لەسـەری دەڕۆیشـتن. نووسـەری ئاشـوری (لوقـا زودا) لـە کتێبەکـەیدا (کێشـەی کورد و نەتەوە ئیتنییەکانی عێراق) بەم بڕگەیە وێنای دەکات:

(( ... لێرەدا بریتانیا ڕۆڵێکی دوفاقی گێڕا؛ لەلایەکەوە سەرکردە ئاشورییەکانی هانددەدا داوای سەربەخۆیی ئۆتۆنۆمی بکەن، لەلایەکیتریشەوە بەهۆی راوێژکارەکانییەوە لای ڕەشید عالی و غازی وەلی عەهد کە لە شوێنی مەلیک فەیسەڵی باوکی حوکمداریی دەکرد، فەرمان دەرکرا بۆ یەکێ لە فەرماندەکانی سوپای عێراق کە ناوی بەکر سدقی بوو، کورد بوو، بۆ ئەوەی شۆڕشی ئاشورییەکان دابمرکێنێتەوە)). نەک هەر ئەوە، بەڵکو بریتانییەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بە دووفاقی ئەو سیاسەتەیاندا دەنێن و دەڵێن لە مەسەلەی نیشتەجێکردندا ئاشورییەکانیان فریوداوە، بەلام هۆکارەکەی دەخەنە ئەستۆی لایەنیتر. پاش مۆرکردنی پەیمانی ١٩٣٠ و باسنەکردنی چارەنووس و داهاتووی ئاشورییەکان، لە بڕگەی چواری راپۆرتی بریتانیدا سەبارەت بەم کێشەیە بەڕوونی باسی ئەنجامەکانی ئەو سیاسەتە کراوە، وەک لەم دەقەدا هاتووە:

((بێگومان دەستی نابەرپرس هەیە، کە لەپشت پەردەوە کاردەکات، زیاتر لە بەغدادەوە، بۆ بڵاوکردنەوەی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان کوردو ئاشوریدا، ئاشکرایە مەبەست وەرچەرخاندنی رقی کوردە لە عەرەب و گۆڕینێتی بۆ رقی کورد لە ئاشوری و لاوازکرنی کورد و ئاشوری لەسەر بنەمای سیاسەتی پەرتکەو زاڵبە))[٧٢]. ئەمە ئاشکرای دەکات کە بریتانیا لە سیاسەتەکەیدا لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێکەوتووە بۆ دژایەتیکردنی کوردو ئاشوری، بەلام کەی ویستبێتی فشارێک بخاتە سەر حکومەتی عێراق بۆ بەرژەوەندییەکانی و مەبەستەکانی بەئامانجی گەیشتن بە پەیماننامەو ڕێکەوتننامەی درێژخایەن بۆ مسۆگەرکردنی ئەو بەرژەوەندی و مەبەستانە لێیان نزیکبۆتەوە.

---

٧٢- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية ج٣، لا ٢٦٤،٢٦٥.

بەهــەرحاڵ ئــەوەی لــە توێژینــەوەو لێکۆڵینــەوە مێژووییەکانــدا ســەبارەت بــە کودەتاکــەو ســەرکردەکەی نووســراوە ئامــاژە بــۆ ئەوەدەکــەن کــە بــەکر ســدقی کینــەی بەرانبــەر ئاشــوری یــان هــیچ لایەنێکی تر لەدڵدا نەبووە، هەرچییەکیشی بەرانبەرکردبن لەبەر ئەو هۆکارانە بووە کە پێشتر باسمانکردوون. با نووسینەکەی (دکتۆرە رەجا حسین ئەلخەتاب) بخوێنینەوە کە لە ڕاپۆرتە بریتانییەکەوە وەرگیراوە:

(باڵەکــەی بــەکر ســدقی دژ بــە بــاڵی ئەفســەرە نەتەوەییــەکان و لایــەنگری کەمایەتییــەکان بــوو، هــیچ پەیوەندییــەک نییــە لــە نێــوان کودەتاکــەو هەســتەکانی پێشــوو دژ بــە مەســیحییەکان، لایــەنگرانی پاشــایەتی و جولەکــەو ئــەو بزووتنــەوە سیاســیانەی دروشــمەکانی یەکێتی عەرەب بە پێویست نازانن لایەنی کودەتاکەیان گرت)[٧٣].

**ڕووداوەکان و نیازی دەستبەسەرداگرتن**

ئەو پرۆسە سەربازییانەی هێزەکانی لیڤی ئاشوری، دژی کورد ئەنجامیانـدەدا، بێ مەبەسـت و نیـاز نـەبووە، بـەڵکو بـۆ ئامانجـەکانی داهاتوویــان بــووە، کــە زۆر بــەڕوونی ڕایانگەیانــدبوو، لــەپێش هەموویانەوە داواکردنی دروستکردنی قەبارەیەکی ئاشوری بوو لە ســەر خــاکی کوردســتان. شــان بەشــانی پرۆســەکانیش جموجــۆڵ و چالاکی سیاسی و پڕۆپاگەندە هەبووە بۆ ڕاکێشان و فریودانی توێژو کەسایەتییە ناسراوەکانی کورد بۆ بەرژەوەندی خۆیان؛ بە یارمەتی و ڕاوێـژی ئینگلیـز دەستپێشـخەرییەکی رازاوە بــە دروشــم و بەڵێنــەوە بڵاوکرایــەوە، کــە هــەرهیچ نــەبێت دەتوانرێــت بگوترێــت وروژێنــەری

---

٧٣- د. رجاء حسين الخطاب – تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي، لا ١٨٣.

سۆزی کۆمەڵگەی کوردی بێبەش لە مافە سیاسی و کەلتورییەکانی بوو.

هەر بەڕێکەوت نەبووە کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٣١دا (هرمز رەسام)ی ئەفسەری بریتانی گەیشتۆتە بەغدادو پەیوەندی  بە هەندێک کەسایەتی ناوداری غەیرەعەرەب کردووەو بایەخێکی نائاسایی بە ئاشورییەکان داوە، بەڵکو هاتنەکەی بۆ ئامانجی ستراتیجی بووە، کە لە کوردستان جێبەجێی بکات. هەر بۆ ئەو مەبەستە کاپتن (ما یسوم کوب)ی هاوڕێی، کە ئەفسەری دەریاوانی بریتانی بوو، بانگهێشتکردووە بۆ بەغداد. پاشتر چووە بۆ موسڵ و پەیوەندی کردووە بە سەرکردەی کەمایەتییە غەیرە عەرەبەکانەوە بۆ هاندانیان لەسەر داوای جیابوونەوە لە عێراق. هەر خێرا ئەم دووانە پەیوەندییان کردووە بە هاوپیشەیەکییانەوە لە بریتانیا بە ناوی ئەمیرال (سیمۆن هول)، ئەمیش هاتووەو لە موسڵ جێگیر بووەو لەگەڵ دوو هاوڕێکەیدا کەوتۆتە پلاندانان بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی نەتەوەیی و تایەفەیی. دوای ماوەیەک (رەسام و هول) گەڕانەوە بۆ لەندەن و (کوب) مایەوەو بە نهێنی کاری دەکرد، تا ئەوکاتەی پۆلیس پێی زانی و لەگەڵ ئەوانەدا کە پەیوەندییان پێوە دەکرد گیران و بران بۆ لێکۆڵینەوە.

(کوب) بە مەرامی گەیشتن بە ئامانجەکانی، لای کورد وەک پارێزەری ڕاستەقینەی مافی کورد، لە ناوەندە جیهانییەکان خۆی ناساندبوو، لەبەرئەوەی کورد هانایان بۆ هەرکەسێک دەبرد کە تروسکاییەک هیوایان تیابەدی بکردایە، لێی نزیک بوونەوە. بەو هۆیەوە ئاشکرا بوون و لەلایەن دەسەڵاتەوە دەگیران و وا بڵاودەکرایەوە کە ئەم کەسە بیانییانە بە دەستوەردانیان لە کاروباری سیاسی ڕێگەپێنەدراو مەترسین بۆسەر ئاسایشی عێراق و دەیکردە بیانوو بۆ دەسگیرکردنی کۆمەڵێک لە سیاسەتمەدارانی کورد، کە

بەرگرییان لە مافی گەلی خۆیان دەکرد، ئەوەش بۆ چاندنی بێهیوایی لە دەرونیاندا. هەروەک لە کتێبی (تاريخ الوزارات العراقية) دا هاتووە، رۆژنامەی (العراق) لە ژمارە ٢١٩٢ لە ساڵی ١٩٣١ بەم شێوەیە باسی ئەو گرتنانەو هۆکارەکانیانی کردووە:

((دوێنێ چەند سەرچاوەیەکی فەرمی تایبەتمان بینی سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە کێشەی گیراوەکانی بەغداو موسڵ، بە تاوانی زیان گەیاندن بە ئاسایشی دەوڵەتی عێراق، تێگەیشتین کە: بۆ حکومەتی عێراق ئاشکرابووە هەندێک کەس لە بەغدا و موسڵ، کە زۆربەیان بێگانەن، بوونەتە ئامرازێکی پڕۆپاگەندەی بیانی و بە بیانووی مەسەلەی کوردو کەمایەتییەکان دڵەڕاوکێ و پشێوی و دووبەرەکی بڵاودەکەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە گەل و حکومەتی عێراق بە تەواوی لە دڵسۆزی کوردو کەمایەتییەکان دڵنیان، کە وەک برا لەگەڵ گشت عێراقییەکانی تر برایانە یەکییان گرتووە، کە یەکێتی نیشتمان و دڵسۆزی لە دڵەوە هەڵقولاو، پێکەوەی گرێداون. گیراوەکانی بەغدا ئەمانەن:

١- تۆفیق وەهبی، موتەسەڕیفی پێشووی سلێمانی.

٢- سەعید نامیق / پارێزەر.

٣- دکتۆر شوکری محەمەد صکبان/ چەند کاتژمێرێک پاش گرتنەکەی ئازادکراوە.

٤- عەبد نعمان و کشمش نعمانی برای.

٥- توما هرمز، طوبیا حنا، داود توما، ئەلیاس حنا/ خاوەنەکانی گازینۆی دار ئەلسەلام.

هەروەها لە موسڵ یوسف ئەندریا و عەبدولکەریم قەرەکلە ی وەرگری رەگەزنامەی عێراقی گیراون و ئاشکرا بووە کە یوسف ملک پێشەنگی ئەمانە بووە، بەڵام بەر لە ماوەیەک عێراقی جێهێشتووە)).

لێـرەدا شــایانی باســە کــە هــەڵبژاردنی کــاتی چالاکییــەکانیان و پەیوەنـدیکردنیان بـەو کەسـانەوە کـە ناومـان هێنـان دوای ئەوکاتانـە بووە کە شێخ مـەحمود خـۆی داوەتـە دەسـت دەسـەڵاتی عێراقی، واتـە دوای نەمانی پرۆسە سـەربازی و جەنگییـەکانی گۆڕەپانی کوردستان و هــێمن بوونـــەوەی دۆخەکــە، وەک بڵێیــت گونجــاو بووبێــت بــۆ بــەدیهێنانی ئامانجەکـەیان کـە دامەزرانـدنی قەوارەیـەک بـوو لەســەر خاکی کوردستان، بێ گوێدانە ئالۆزییەکانی. لەمبارەیەوە مێژوونووس عەبـدولرەزاق ئەلحەسـەنی دەڵێـت کـە مافناسـی شـارەزا (مـەعروف جیاووک) لەسەر لایەنێکی گرنگی ئەم کێشەیە لەگەڵیدا دواوەو ئـەمیش بەکورتی لە کتێبەکەیدا (تـاریخ الـوزارات العراقیـة) بەمشـێوەیە تۆمـاری کـردووە: ((ڕۆژێکیـان بـەڕێز تۆفیـق وەهبـی داوای لێکـردم پەیوەنـدی بکەم بە مستەر کوب ی کۆلۆنیـالی ئینگلیـز، کە لـە کۆتاییـەکانی ١٩٣٠ گەیشـتبووە عێراق، بۆ ئـەوەی لەگەڵیدا باسـی کێشـەی کـورد بکـەم و لەســەر داوای خــۆی ڕێگــەی پێبـدەم بـۆ ئـەوەی داوای ســەربەخۆیی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بکات، چونکە پەیوەندی بە بـەڕێز تۆفیق وەهبی و کۆمـەڵێک کـوردەوە کردبـوو، بانگەشـەی ئـەوەی کردبـوو کـە زانیـاری زۆری دەربــارەی کەســانی جیــاواز لایــە کــە ســەبارەت بــە کێشـــەی کامایەتییەکان لە عێراق کاردەکـەن و ئـەم خـۆی ئەندامی کۆمەڵەیـەکی بەهێز و خاوەن دەسەڵاتە لـە لەندەن و لەگـەڵ مـەلیک و سـەرۆکایەتی وەزیــران پەیوەنـدی نامــە گۆڕینــەوەی هەیــەو مەزبەتەیــەکی پێیــە و دەیــەوێت ســـەرکردە کوردەکـــانی عێــراق ئیمــزای بکــەن، ئەمـــەش ناوەڕۆکەکەیەتی:

١- ئــەژمارکردنی هرمــز رەســـام وەک بریکـــاری کـــورد، بـــۆ بەرگریلێکردنیان لای عوسبەتولئومەم.

٢- داننان بەو زەوییانەدا کە لە عێراقدا عوسـبەتولئومەم بڕیـاری لێدەدات بۆ ئاشورییەکان.

٣- كــورد رازی بێــت ببێتــە کەمایــەتی لــەو ناوچانــەدا کــە تەیارییــەکان (هــوزێکی مەســیحین – وەرگێــڕ) تێیــدا زۆرینــەن و مافەکانیشیان پارێزراو دەبێت))[٧٤].

هـەروەها بـەڕێز جیاووک دەڵێت لەگـەڵ مسـتەر کـوب کۆبۆتـەوەو وەڵامی ناوەڕۆکی مەزبەتەکەی داوەتەوەو پێیڕاگەیاندووە کورد قبوڵ ناکەن ئەو بکەنە بریکاری خۆیان، چونکە کورد نییە، بەهیچ جۆرێکیش ناکرێـت کـورد کـە خۆیـان زۆرینـەی ڕەهـان و خـاوەنی ڕەسـەنی ناوچەکەن، وەک کەمایـەتی لـەو شـوێنانەی ئاشـوری تێدا نیشـتەجێن ئـەژماربکرێن. مـەعقولیش نییـە کـورد دان بـەو بڕیارانـەدا بنێـت کـە عوسـبەتولئومەم دەربـارەی زەویـوزار بـۆ ئاشـوریەکانی دەردەکـات، چونکـە ناکرێـت دانبنرێـت بـە شـتێکی نادیـاردا. ئـەم ڕوونکردنەوانـە بـەرچاوی کـوب ی ڕەشـکرد، چـوو بـۆ لای محەمـەد ئـەمین زەکـی و چەندین سەرکردەیتری کورد، بەڵام کەس گوێی لێنەگرت؛ لەبەرئەوەی دەیانزانی نیازەکانی بۆ داهاتووی کورد باشنین.

دوای ئـەم ڕووداوە دراماتیکییانـە، واتـە پـاش خۆبەدەسـتەوەدانی شـێخ مــەحمودو دەســتگیرکردنی کۆمەڵەکــەی هرمــز ڕەســام، بــۆ ماوەیـەکی کـورت جـۆرە ئارامییـەک بـاڵی بەسـەر کوردسـتاندا کێشـا، مـەلیک فەیسـەڵ ڕەوشـەکەی قۆسـتەوەو لـە حوزەیرانی هـەمان سـاڵدا (١٩٣١) ســەردانێکی کوردســتانی کــردو دە ڕۆژی لــە شــارەکانیدا بەســەربرد. ئـەوەش سـەردانێکی بەمەبەسـت بـووەو هێمـا بـووە بـۆ سووربوونی ئینگلیزو عێراقییەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی عـەرەبی بەبێ بوونی قەوارەیەکی کوردی بە تەنیشتییەوە.

٧٤- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية ج٣،لا ١٣٦.

**شایەتییەك دەربڕی ڕاستییەكە**

دوای ئـەوەی بریتانیـا پەیماننامـەی سـاڵی ١٩٣٠ لەگـەڵ عێـراق مۆرکرد، بڕیاریدا هێزەکانی لیڤی کەمبکاتەوەو بیانخاتە سەر یەکەکانی سوپای عێراق. تفەنگێک و فیشەکی تـەواویش درا بـە خۆبەخشـەکانیان بۆ ئـەوەی بتـوانن لـە شـوێنی نیشـتەجێبوونی نوێیـان، لـە کوردسـتان بەرگری لەخۆیان بکـەن؛ ئەمـەش دوایی بـووە هاندەری سـەرکێشـی و یاخیبوون و ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٣٣ی لێکەوتەوە، کە بـە کارەسـاتی جـەرگبڕو خوێنـاوی دەسـتپێکردو بـە شـێوازێکی دراماتیکی کاریگـەر کۆتـایی هـات و شـوێنەواری خـۆی لەسـەر ڕەوش و داهـاتووی ئاشورییەکان لە عێراق جێهێشت.

وەزیری ڕاسپێردراوی ئەڵمانی لـە عێـراق (فریتـز گروبـا) لـە باسـی بزووتنـەوەی چەکـداریی ئاشـورییەکان و دەرئەنجامـەکانی و لـق و پۆپەکانی کە بڵاوبوونەوەو گەیشتە بەکر سدقی بەو پێیەی فەرماندەی سـەربازیی دامرکاندنـەوەی بزووتنەوەکـە بـووە، هـەموو شـتێکی ئاشـکراکردووەو لایەنـە بەرپرسـەکانی کارەسـاتەکەی دەستنیشـانکردووەو لـە کتێبەکەیدا بـەناوی (رجـال ومراكـز قـوی فـي الشـرق) بـۆ ڕاسـتکردنەوەی لایـەنێکی گرنگـی ئـەم کێشـەیە، کـە بەهۆیەوە چەندین پرسیار وروژێنرابوون، کە هەندێکیان تـا ئـەمڕۆش بـێ وەڵامـی یەکلاکـەرەوە ماونەتـەوە وتـەکانی فرانسـیس همفریـز باڵیۆزی بریتـانی دەخاتـە بـەرچاوی خوێنـەران. کە ئەمـە دەقەکەیـەتی: ((لـە کـاتی ناشـتنی تـەرمی مـەلیک فەیسـەڵی یەکـەم، کـە لـە کۆشـکی مەلیکەوە تا گۆڕستانی شاهانە کاتژمێرونیوێکی خایاند، من بەتەنیشـت – فرانسـیس همفریـز- ەوە دەڕۆیشـتم. بـەم شـێوەیە باسـی کێشـەکەی بـۆ کـردم: گـەر بمانـەوێت بـەدوای بەرپرسـاندا بگـەڕێین و سـزایان بدەین، دەبێت لە پێشدا لـە سـەرکردەی ئاشـورییەکانەوە دەسـتپێبکەین، دواتـریش لێپرسـینەوە لـەو فەرەنسـییانە بکـەین کـە بەرپرسـن لـە گێڕانەوەی چەک بۆ ئاشـورییەکان، هـەروەها بریتانیـاش بێتـاوان نییـە،

چونکه پێشتر بەلایەنی کەمەوە (٣٤٠٠) ئاشوری پڕچەککردووە. دوای سزادانی هەموو ئەوانە دەتوانرێ بیر لە سزادانی عێراقییەکان بکرێتەوە. ئەم کارەش دەبێتە هۆی بەرپابوونی شۆڕش لە وڵاتەکەدا))[٧٥].

پێمان وانییە گروبا لەم مەسەلەیەدا سۆزی بۆ لایەک هەبووبێت، دژی لایەنێک لایەنگری لایەنێک بووبێت، بەتایبەتی لەبەرئەوەی سیاسەتمەدارو دیپلۆماسێکی هاوسەنگ بووەو بەدرێژایی ماوەی کارکردنی لە عێراق، سەرەڕای سەختی ئەرکەکەی، کە پێویستی بە پەیوەندییەکی یەکسان بوو لەگەڵ کۆی لایەنەکان، مایەی ڕێز بووە تەنانەت لەلای رکابەرو نەیارەکانیشی. دەربڕینی ئەم ڕاستییە، بێ فشاری هیچ لایەنێک دەبێت بێتاوانی بەکر سدقی لەو تاوانانەی دەربارەی کوشتاری ئاشورییەکان ئاراستەی دەکران بسەلمێنێت. هەر لەسەر هەمان بابەت دەڵێت:

((... بەهاوکاری لەگەڵ پەیامنێری هۆبەی ڕۆژهەڵات لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە بەغداد، دکتۆر (بریوفر) یاداشتێکمان نوسی بۆ وەزارەتی دەرەوە لە بەرلین، تیایدا نووسیبوومان تا هەموو ئاشورییە رق هەڵگرتووەکان لە عێراق، لەو وڵاتە دوورنەخرێنەوە، ئارامی ناگەڕێتەوە بۆ باکووری عێراق))[٧٦].

لەهەندێ سەرچاوەدا باسکراوە کە مەلیک غازی لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ ناوچەکانی رووداوەکە لە ئابی ١٩٣٣ دا، سوپاسی هەڵوێستی کوردی کردووە بۆ پاراستنی سەروماڵی ئاشوری و مەسیحییە بێ چەکەکان، بە تایبەتی کە هێشتا شەڕەکان لەوپەڕی گەرمیدا بوون.

---

٧٥ – د. گروبا، رجال ومراکز قوی، ج١، لا ١٣٤.

– د. گروبا، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٦.١٣٥

بەپێی ڕوانین و بۆچوونی ئێمە ئاشورییەکان بوونەتە قوربانی سیاسەتی هەڵەی خۆیان دەرهەق بەکورد، ئەوەش بە زیادەڕەوییان لە پشتگیریکردنی هێزە عێراقی و بریتانییەکان لەکاتی هێرشە سەربازییەکان بۆسەر شارو گوندەکانیان، کە زیانێکی زۆریان بەرکەوتبوو بەهۆی ئەو جەنگەی بەسەریاندا سەپێندرا بوو. بۆیە پێمان وایە ئەو سیاسەتەی ئاشورییەکان و جموجۆڵە سەربازییەکانیان لە کوردستان ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر بەکر سدقی و بۆتە هۆکاری جولاندنی سۆزی نەتەوایەتیی؛ وەک مەترسییەک بۆسەر کوردو دوارۆژیان سەیریکردوون و خۆیان بەهانەیان داوەتە دەستی بۆ ئەوەی دژیان بجەنگێت و وەک خۆیان ڕەفتاریان لەگەڵ بکات و ئەوە ڕووبدات کە ڕویدا و (وەک دەگوترێت) زیادەڕەویی کرد لە بەکارهێنانی هێز لە دژیان. گەرچی بەهیچ شێوەیەک ڕەوایی نادەین بەو کارەی بەرانبەر ئاشورییەکان کرا، بەڵام ڕەواییش نادەین بە بێدەنگبوون لە درکاندنی ئەو ڕاستییانەی پەیوەستن بە وەستانیان دژ بە ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد، لەسەرچاوە مێژووییەکاندا، کە ئاماژەمان بۆ کردن، باسکراوە.

## بەکر سدقی بوو بە قوربانیی بزووتنەوەکەی فوراتی ناوەڕاست

بەگوێرەی ئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو ڕاپۆرتانەی لە لاپەڕەکانی مێژوودا سەبارەت بە ڕاپەڕینەکەی فوڕاتی ناوەڕاست باسکراون، کە لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابووردوو ڕوویدا، ئەو هۆکارە ڕاستەقینانەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە بوونەتە هۆی جولاندنی هۆزەکان، کە حکومەتەکەی هاشمییان لە گەندەڵی بەربڵاوی ناو فەرمانگەو دامەزراوە فەرمییەکانی وریاکردۆتەوە، کە بەهۆی ململانێ بەردەوامەکانی نێوان وەزیرەکان و پیاوانی دەوڵەتەوە بڵاوببوەوەو

ڕەنگدانــەوەی هــەبووە لەســەر بزووتنــەوەو یــاخیبوونی هۆزەکــان. گــەرچی ســەرکردایەتییەکەی لەســەر پــلان، یــان ڕێبــازێکی دیــاریکراو ڕێکنەکەوتبوو، بەڵام هەڕەشەی هەڵگیرساندنی شۆڕش و یاخیبوون و پەککخســـتنی فەرمانگـــەو دامـــەزراوەکانی دەوڵـــەت و پـــەلاماردانی ناوەنـــدەکانی خزمـــەتگوزاریی پەیوەســـت بـــە ژیـــانی ڕۆژانـــەی هاونیشتمانیان دەکرد. ناکرێ لە هیچ حاڵەتێکیشدا نکوڵی لە کاریگەری لایەنی مەزهەبی و ئایینی لەسەر ئەو بزووتنەوەیەو جۆشدانی بکرێت. دەسـەڵاتیش چەنـدین جـۆر چارەسـەری بـە ڕێگـاو میکـانیزمی جیـاواز پێشکەشــکرد، کــە بــەگوێرەی جیــاوازی و خواســت و باکگراونــدی سیاسی و مەزهەبی خاوەنـەکانیان بـوون، تەنانـەت بـەلای هەندێکـەوە، لــە ســەر بنــەمای ئــەو باکگراوندانــە، وەک هــەلێک بــۆ تۆڵەکردنــەوە سەیردەکران. ئەوەی لێرەدا بەلامانـەوە گرنگـە، پرۆپاگەنـدەی هەندێکـە، کــە گوایــە بــەکر ســدقی هێــزی زیــاد لــە پێویســتی بــەکارهێناوە بــۆ چارەســـەرکردنی ئـــەو ڕاپەڕینـــە. ئەگـــەر ئـــەوە ڕاســـتە، ئایـــا وەک کاردانەوەیەک بووە بۆ کارە تێکدەرانەییەکانی ڕاپەڕینەکە؟ یان گەر بە پێچەوانەوەیە، ئایا هەر تاوانبارکردنێکی بـە ئەنقەسـت بـووە بـۆ لێدانی لەبـــەر رەچەڵـــەکی نەتـــەوەیی، وەک ئـــەوەی لـــە مەســـەلەی ئاشورییەکانیشـدا روویـدا؟ بـە تایبـەتی کـە ئـەو لـەو کاتانـەدا تـەنیا فەرماندەیەکی سەربازی بووەو بە فـەرمانی سـوپاو حکومـەت ئـەرکی پێسـپێردراوەو هـەر دەبووایـە ئـەو ئەرکـە جێبـەجێبکات. گـەرچی ئـەم کێشەیەش هاوشانی کێشەی ئاشـورییەکان تـا ڕادەیـەک ئاڵۆزە، بـەڵام وەک باسمانکرد دەتوانرێت، بە پشتبەستن بەو توێژینـەوەو لێکۆڵینـەوە مێژوویانـــەی ســـەرەڕای جیـــاوازی بیروبۆچـــوون و مەبەســـتی هەنـدێکجاری نووســەرەکانیان، لــە بارودۆخەکـەی و هۆکارەکــانی و پاڵنەرەکانی بگەین.

## بەرپرسیارێتی یاخیبوونەکە
## دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و هۆزەکان

دەربارەی ڕاپەڕینەکەی فوڕاتی ناوەڕاست، ئەلحەسەنی دەڵێت: ((سێیەم وەزارەتی ئەلمەدفەعی دامەزرا، کاتێک بوو قوڵپەقوڵپ دەکولا، هۆزەکان بە ئاشکرا چەکیان هەڵگرتبوو، گیانی یاخیبوون بە ئاشکرا لە ولاتدا بلاو بووبۆوە، لەهەموو لایەکەوە شیرازە پچڕابوو، لەناو فەرمانبەرەکاندا بەرتیلخۆری تەشەنەی کردبوو، بازرگانی و کشتوکاڵ پەکیان کەوتبوو، هیوابڕاوی لە چاکسازی دەروونی هەمووانی تەنیبووەوە. لەبەر ئەوەی کارمەندانی لیواکان بە پلەی یەکەم لەم ڕەوشە بەرپرس بوون، عەبدولعەزیز ئەلقەساب لە یەکەم ڕۆژی وەرگرتنی وەزارەتی ناوخۆدا بروسکەیەکی ئاراستەکردن و داوایلێکردن پابەند بن و بە ڕەفتاری دروست و بەباشی جێبەجێکردنی یاسا، شکۆی حکومەت بپارێزن و هەڕەشەی لەوانە کردبوو کە لە ئەرکەکانیاندا کەمتەرخەمی دەکەن. لەگەڵ کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران لە ١٠/ ئازاری/ ١٩٣٥ بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاپۆرتی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا دەربارەی خراپی ڕەوشەکە، سەرۆک وەزیران هەڕەشەی لە هۆزەکان دەکرد کە حکومەت بەنیازە، گەر هێمنی نەپارێزن، کاری سەربازی دژیان ئەنجامبدات. جەمیل مەدفەعی، کە لە ١٩٣٥/٣/٤ بوو بە سەرۆک وەزیران، لەگەڵ بەکارهێنانی هێز بوو دژ بە هۆزەکان کە لەسەر لێواری ڕاپەڕین بوون، هەر لەوکاتەوە کە وەزیری بەرگری بوو لە کابینەی یەکەمی ئەیوبیدا، دەیویست هێرش بکاتە سەر ئەو هۆزانەی بەردەوام بوون لە ئالنگاریی و مل کەچ نەدەبوون بۆ حکومەت، بەلام عەلی جەودەت ئەیوبی وای بەلاوە باش بوو کە پۆلیس خاڵە گرنگەکان کۆنترۆڵ

بکات و به فڕۆکه بۆردومانیان بکات بۆ ئەوەی ناچار مل کەچ بکەن یان داوای دەخالەت بکەن و خوێنڕشتن نەمێنێت و کەرامەت و ورەی سوپا بپارێزرێت. بەڵام که مەدفەعی خۆی بوو بە سەرۆک وەزیران ئیتر بڕیاریدا هێزێکی پێویست ئامادەبکات بۆ ناچارکردنی هۆزەکان بە ملکەچ کردن))[٧٧].

## هۆزەکان داوادەکەن و حکومەت پەلەدەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە

سەرباری بەدەنگەوەهاتنی کابینەی یەکەمی عەلی جەودەت ئەیوبی بۆ دەستلەکارکێشانەوەو دامەزراندنی کابینەیەکی نوێ لە چواری ئازاری ساڵی ١٩٣٥ دا، بەسەرۆکایەتی جەمیل مەدفەعی، بەڵام هۆزەکان هێورنەبوونەوەو بەردەوام بوون لە داوای دەستلەکارکێشانەوەی کابینە نوێیەکەی مەدفەعیش؛ بە بیانووی نەبوونی جیاوازی لەگەڵ کابینەی پێشوو، نە لەڕووی پێکهاتەکەی و نە لەڕووی بەرنامەوە. دیاردەکانی چەک هەڵگرتن و ئالنگاری ڕوو لە هەڵکشان بوو، بەتایبەتی لە لیوای دیوانیە، که بووە هۆی ناچاربوونی عەبدولحەمید عەبدولمەجیدی موتەسەڕیف، کە یەکێک بوو لە لایەنگرانی بەکارهێنانی هێز، بۆ ئەوەی چەند کارێک بکات بۆ پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو. کە سەرۆک هۆزەکان هەستیان بەوەکرد، چەند کۆمەڵە کەسانێک لە هۆزەکانی ئەلئەکرەع کە شێخ شەعلان عەتییە سەرۆکیان بوو، هێرشیانکردە سەر سەرچاوەی دەغارەو دوای داگیرکردنی قەڵاکەی ئەوێ، هێزێکی چەکداریان لێدانا بۆ کۆنترۆڵکردنی بەردانەوەو دابەشکردنی ئاوەکە. هەروەها کەسانی

٧٧- الحسني، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ٤، لا ٦٨، ٧٧، ٩٦.

سەر بە هۆزەکانی ئال فتلە، کە شێخ عەبدولواحد سەکر سەرۆکیان بوو، بۆ ڕێگری لە هێزەکانی حکومەت پردەکانیان ڕووخاند. بارودۆخەکە بە پەلە گەشەیکرد، سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ناچاربوو بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان و دەرهاویشتەکانی و گرتنەبەری کاری پێویست بۆ بەرپەرچدانەوە کۆبوونەوەبکات.

ڕاوێژکاری وەزارەتی ناوخۆ (سێرکرنوالیس) لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوو، پێی وابوو ئەرکی حکومەتە کە دەستبەجێ، تا درەنگ نەبووە، بڕیاربدا بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی شۆڕشگێڕان. ئامادەبووان بۆچوونەکەیان بەلاوە پەسەند بوو، داوا لە فەریق ڕوکن تەها هاشمی کرا هێزی پێویست دژی یاخیبوونەکە ئامادەبکات. فەرمان دەرکرا بۆ یەکەکانی سوپا بەرەو ناوچە شێواوەکان بکشێن.

دوو فەوج ڕوویان کردە دیوانیە و دووانیتریش بەرەو سەماوە ڕۆیشتن، فەوجێکیش لە حلە لە ئامادەباشیدا مایەوە[٧٨].

لەگەرمەی ئەو ڕووداوانەدا ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا (عەبدولعەزیز ئەلقەساب)ی وەزیری ناوخۆ بنێرێت بۆ فوراتی ناوەڕاست، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە ڕەوشەکە بکۆڵێتەوە. لە دەی ئازاردا سەفەری کرد، بەڵام بەو مەرجەی تا دێتەوە ئەنجوومەنی سەربازی هیچ بڕیارێک نەدات. لەگەڵ گەیشتنیدا دەستیکرد بە کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان و سازشکردن بۆ گەیشتن بە ڕێگەیەک بۆ گێڕانەوەی ئارامی. بەڵام ئەنجوومەنی وەزیران بە بێ ئامادەبوونی ئەم، کۆبوونەوەیەکی کردو بڕیاریدا هێز دژی هۆزە ڕاپەڕیوەکان بەکاربهێنێت، سەرۆک وەزیران فەرمانی دا بە

٧٨- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية ج٤،لا٦٩.

موتەسەڕیفی دیوانیە کە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزیران بگەیەنێتە وەزیری ناوخۆو لە هەمانکاتدا ئینزارەکەی حکومەت بەناو هۆزەکان و دانیشتوانی ناوچەکەدا بڵاوبکاتەوەو بگەڕێتەوە بۆ بەغداد. وەزیر گەڕایەوە، ئەنجوومەنی وەزیران بۆ بیستنی قسەکانی کۆبۆوە، لە کۆتایدا بڕیار لەسەر چارەسەری سەربازی دراو بڕیارەکە ڕەوانەکرا بۆ دەرباری مەلیکی بۆ پەسەندکردن. لە ١٢/ئازاری/١٩٣٥ دا حکومەت ڕاگەیەندراوێکی فەرمی دەربارەی ڕووداوەکانی دیوانیە بڵاو کردەوەو وەک سەرپێچی لە یاسای گشتی ناوزەدیکرد.

دواتر وەزیری ناوخۆ لەگەڵ سەرانی ئۆپۆزسیۆن (یاسین ئەلهاشمی، حیکمەت سلێمان و ڕەشید عالی گەیلانی)، بەو هیوایەی بەیاننامەیەک دەربکەن و داوای ئارامبوونەوە لە هۆزەکان بکەن، کۆبوونەوەیەکی کرد، بەڵام ڕەتیانکردەوە، تەنانەت کە مەلیکیش هەمان داوای لێکردن وەڵامیان نەدایەوە. توێژەکانی کۆمەڵ دابەشبوون بەسەر ئەوانەدا کە داوای دان بەخۆداگرتن و بەکارنەهێنانی هێزیان دەکردو ئەوانەی دەیانویست بەهێز یاسا و ئاسایش بچەسپێنن. هەڵبەتە هەریەکەو لە ڕوانگەی دیدی سیاسی و پاشخانی مەزهەبی و بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە. هەروەها بەشێک لە ڕووناکبیران داوایان دەکرد هێز بەکارنەهێنرێت، بەڵکو کابینەیەکی نوێ دابمەزرێنرێت، کە مایەی ڕەزامەندی سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگەبێت. هەندێک لە زانایانیش وەک (شێخ محەمەد حسین کاشف ئەلغەتاء و شێخ عەبدولکەریم ئەلجەزائیری و شێخ جەواد ئەلجەواهیری) بروسکەیەکیان نارد بۆ مەلیک، داوایان لێکرد بۆ پەنابردنە بەر عەقڵ و خۆێنەڕشتن کار بکات.

لـه وەڵامـی داخوازییەکانـدا بـۆ چارەسـەرێکی ئاشـتییانە، مـەلیک فـەرمانی دا پەلەنـەکرێت و چـاو بـە بڕیـاری ئەنجوومـەنی وەزیرانـدا بخشێنرێتەوە کە داوای بـەکارهێنانی هێزی کردبوو. کـە ئـەو فەرمانـە بۆ جێبەجێکردن گەیشتە ئەنجوومەنی وەزیران، مەدفەعی وایلێکدایـەوە کـــە پەیامێکـــە بـــۆ کۆتایهـــاتنی حکومەتەکـــەی؛ لەبەرئـــەوە ڕۆژی ١٩٣٥/٣/١٥ نامـەی دەستلەکارکێشـانەوەی پێشکەشـکردو لـە مـاوەی دوو ڕۆژدا مـەلیک سوپاسـی مەدفـەعی کـرد کـە ئەرکەکـەی بەباشـی جێبـەجێکردووەو دەستلەکارکێشـــانەوەکەی پەســـەندکرد. ڕەوشـــەکە ئاڵۆزتربوو. ئیتر داوا لە یاسین ئەلهاشـمی سـەرۆکی ئۆپۆزسـیۆن کـرا کابینەیـەکی نـوێ پێکبهێنێـت، ڕەشـید عـالی گـەیلانی تیانـەبێت. بـەڵام لەبەرئـەوەی ئەلهاشـمی پابەنـد بـوو بـەو بەڵێنـەوە کـە لـە کـۆنگرەی (سلێخ) دابووی، کە یەکێ لـە بڕیارەکانی ئـەو کۆنگرەیـە بریتـی بـووە لەوەی نابێت سەرانی ئۆپۆزسیۆن بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەوانـەی بڕیارەکـانی کـۆنگرەی ناوبراویـان واژۆکـردووە بچنـە نـاو هـیچ کابینەیەکـەوە. بۆیـە محسـن ئـەبو تبێخـی نـارد لەگـەڵ گـەیلانی بچـن بۆلای حیکمـەت سلێمان و پێشـنیازی هاتنـە نـاو کابینـە نوێیەکـەی بـۆ بکەن، حیکمەت داواکەیانی ڕەتکردەوە[٧٩].

بـەر لـەوەی ئەلهاشـمی کابینەکـەی پێکبهێنێـت هەوڵیـدا حیکمـەت سلێمان ڕازی بکات بە وەرگرتنی هەر وەزارەتێک کە خۆی دەیـەوێت، وەزارەتـی نـاوخۆ نـەبێت. بـەڵام ئـەو سـووربوو لەسـەر وەرگرتنـی وەزارەتـی نـاوخۆ، ئـەوەش ڕەوشـەکەی ئەلهاشـمی خراپتـر دەکـرد، چونکـە گـەیلانیش داوای هـەمان وەزارەتـی دەکـرد، کـە ئەلهاشـمی پێشـــنیازی وەرگرتنـــی وەزارەتـــی دارایـــی بـــۆکرد، بـــەبیانووی نـــە

---

[٧٩]- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية ج٤،لا٧٧ ،٧٨،٧٩

شارەزایی لە یاساو ڕێسا داراییەکان ڕەتیکردەوە.لە کۆتاییدا مەلیک ئەلهاشمی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ، بەڵام کە گەیلانی بۆ وەزارەتی ناوخۆ کاندیدکرد، حیکمەت سلێمان ڕازی نەبوو هیچ وەزارەتێک وەربگرێت، ئەوەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زیاتر خراپبوونی نێوانی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن هەبوو. بەڵام ئەلهاشمی مەبەستی بوو جەعفەر عەسکەری و نوری سەعید بەشدارپێبکات لە کابینەکەدا، ئەوەش لە لایەکەوە بۆ مسۆگەرکردنی پەیوەندییەکانی عێراق- بریتانیا و بۆ خۆپاراستن لە دوژمنایەتییان ئەگەر لەدەرەوەی وەزارەتەکەدا بن.

بەپێی فەرمانی مەلیکی ژمارە (٨١)ی ساڵی ١٩٣٥، لە ١٩٣٥/٣/١٧دا کابینەی نوێی ئەلهاشمی بەمشێوەیەی لای خوارەوە دامەزرا:

١- یاسین ئەلهاشمی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران
٢- ڕەشید عالی گەیلانی وەزیری ناوخۆ
٣- ڕەئوف ئەلبەحرانی وەزیری دارایی
٤- محەمەد زەکی ئەلبەسریوەزیری داد
٥- نوری سەعید وەزیری دەرەوە
٦- جەعفەر عەسکەری وەزیری بەرگری
٧- محەمەد ڕەزا ئەلشەبیبی وەزیری مەعاریف
٨- محەمەد ئەمین زەکی وەزیری ئابووری و گەیاندن

ڕەنگە یەکێک بپرسێت (هەقیشیەتی) ئایا بۆ گەیلانی و حیکمەت سلێمان سووربوون و جەختیان لەسەر وەرگرتنی وەزارەتی ناوخۆ دەکرد نەک وەزارەتەکانیتر؟ وەڵامەکە ئەوەیە (وەک مامۆستا

ئەلحەسەنی لە کتێبی تاریخ الوزارات العراقیة) باسیکردووە کە پایەی وەزیری ناوخۆ لەو کاتانەدا بایەخێکی زۆر گرنگی هەبووە، چونکە بەڕێوەبەرایەتییــــە گشـــتییەکانی ڕاگەیانـــدن و شـــارەوانییەکان و گرتووخانەکان و تەندروستی و هەروەها بەڕێوەبەرێتی گشتی پۆلیس سەر بەم وەزارەتە بوون. تەنانەت دەرماڵە نهێنییەکانی دەوڵەت تەنیا لە ژێر دەستی ئەو کەسەدا بوو کە ئەم وەزارەتەی بەدەستەوەیە. هەروەها دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی بڕیارەکانی وەزارەتی دارایی هەبوو تایبەت بە هۆزەکان و زەویوزاری میری. دەیتوانی هەر هۆزێک رابگــوێزێ یــان ســەرۆکەکەی لا بــدات. بــەکورتی ئــەو دەســەڵاتانەی وەزیــری نــاوخۆ هــەیبوو هــیچ وەزیرێکیتــر، تەنانــەت سەرۆک وەزیرانیش نەیبوو. بۆیە کێبڕکێ بۆ وەرگرتنی پلەی وەزیری ناوخۆ لە نێو وەزیرەکاندا توند بووەو بەردەوام هۆکارێک بووە بۆ رکابەرێتی نیوان کێبڕکێکاران[80].

## کابینەی نوێ داوای گوێڕایەڵی دەکات

کابینە نوێیەکە دوای پێکهێنانی ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، تیایدا داوای لە هۆزە ڕاپەڕیوەکان کردبوو لە ماوەی سێ ڕۆژدا بگەڕێنەوە سەر ماڵ و کێڵگەو کارەکانیان، بۆ ئەوەی حکومەتیش بتوانێت هێزەکـــانی بکێشـــێتەوە بـــۆ ســـەربازگەکان و دەســـتپێبکات بـــەو چاکسازییانەی بەڵێنیدابوو بیانکات. بەڵام هۆزە ڕاپەڕیوەکان، کە بێزار بووبوون لە بەڵێنەکان، بەردەوامبوون لە یاخیبوونەکەیاندا، تەنانەت بروسکەیان دەنارد بۆ مەلیک غازی و داوایان لێدەکرد ئەو کابینە نوێیە هەڵبوەشێنێتەوە. حکومەت ناچار بوو هەندێک لەو وەزیرانەی لە ئۆپۆزســیۆنەوە نزیــک بــوون بنێرێــت بــۆ لای ئــەو هۆزانــە بــۆ

---

- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية ج٤،ل٨٩.٨٠

گوێڕایـەڵبوون و ملکـەچکردن بـۆ یاسـا، بەتایبـەتی وەزیـری نـاوخۆ (ڕەشـید عـالی گـەیلانی) کـە وتـارێکی بـۆ خوێندنـەوەو ڕایگەیانـد ئـەم کابینـە نوێیـە دەیـەوێت خزمـەتی میللـەت بکـات و ڕێز لـە داواکاریـەکی دەگرێت. بەڵام نەیتوانی کاریگەری هەبێ بۆ سـەر هەڵوێستەکەیان بۆ ڕەتکردنـەوەی چەکدانان، بەدەسـتی بەتاڵـەوە لەگـەڵ نـوری سـەعیدی وەزیری دەرەوەدا گەڕایەوە بۆ بەغداد. ئیتر کابینەکە بڕیاری دا دوا ئاگادارکردنـەوە، کـە ماوەکـەی لـە سـێ ڕۆژ تێنەپـەڕێت، ئاراسـتەی عەشـایەرەکان بکـات، هەنـدێکیان خۆیـان دا بەدەسـتەوە. هێشـتا کـار بـەردەوام بـوو بـۆ هێمنکردنـەوەی بارودۆخەکـە، ڕۆژی ٦ی مایسـی ١٩٣٥ هێزێکی پۆلیس لـە ڕومێسـە بـە بیانووی هاندانی هۆزەکـان بـۆ ڕێزنـەگرتن لـە بڕیارەکـانی حکومـەت (شـێخ ئەحمـەد ئەسـەدوڵا) یـان گرت، کە پیاوێکی ڕۆحـانی بـوو. ئیتر ئـەو هۆزانـە هێرشـیانکردە سـەر سـەرای حکومـەت و سـەربازگەی شـارەکەیان گـەمارۆدا و فەرمانگـەو دامـەزراوە حکومییـەکانیان گرت و شـێواند، لـە هەشـتی هـەمان مانگدا حکومەت ناچار بوو ئەم بەیاننامەیەی لای خوارەوە دەربکات:

(دوێنـێ شـەو چەنـد عەشـیرەتێک پـەلاماری ڕێگـەی گەیانـدنی ناوچەی ڕومێسەیان داوەو بەهۆیەوە هاتوچۆی شـەمەندەفەری نێوان سەماوەو دیوانییە ڕاگیراوە. لەبەر ئەوە جەنابی وەزیری ناوخۆ چووە بۆ دیوانییە تا لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشەکە بێت و ئامادەکاری بکات بۆ تەمێکاری کە حکومەت بڕیاریداوە یەکسەر ئەنجامی بدات)[٨١]. یەک ڕۆژ دوای بەیاننامەکـە حکومـەت بڕیاریـدا ڕەگەزنامـەی عێراقـی لـەو شـێخە بسـەندرێتەوە، بـەڵام دۆخەکـە ئـاڵۆزتربوو، چونکـە شۆڕشـگێڕە عێراقییـەکان فرۆکەیـەکی پشـکنین ی بریتانییـان خسـتە خـوارەوە، کـە

٨١- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية ج٤،ل١١٤ ، ١١٦.

وایان دەزانی عێراقییەو دەیەوێت بۆردومانیان بکات، ئەم ڕووداوەش ورەی بەرزکردنەوە.

لە کۆتاییدا حکومەت لە بەرانبەر ئەو زنجیرە گۆڕانکارییەدا بڕیاریدا هێزێکی سەربازی بنێرێت بۆ دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی عەشایەرەکان و بەتوندی ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکە، ئیتر ئەو یەکە سەربازییانەی کە هێزی فوراتیان لێ پێکهێنرا لە دیوانییەو ئیمام هەمزەو حلەو سەماوە جێگیرکران و سەرکردایەتییەکەی سپێردرا بە ئامر لیوا بەکر سدقی. ئەو هێزەی لە ئیمام هەمزە کۆکرابۆوە کرا بە دوو ڕەتلەوە، ناونران ڕەتڵی شاڵجی و ڕەتڵی فەهمی، ئەوەش بۆ گەمارۆدانی شۆڕشەکە لە بچوکترین بازنەدا. ئینجا حکومەت هەموو شۆڕشگێڕانی ئینزارکرد و داوایلێکردن لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا خۆیان بدەن بەدەستەوە، دەنا یەکە سەربازییەکان هێز بەکاردەهێنن. لەبەرئەوەی گوێیان نەدا بە ئینزارەکە، فڕۆکە بۆ دەستپێکردنی هێرش ئینزارێکیتری بە سەریاندا فڕێدایەخوارەوە بۆ دوورخستنەوەی ژن و مناڵ و پەککەوتووان لە ناوچە مەترسیدارەکان. دوای کۆتاییهاتنی ماوەکەو خۆ بەدەستەوەنەدانیان، فڕۆکەکان دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی بارەگاکانی ڕاپەڕیوەکان و یەکەکانی سوپاش بەرەو ئامانجەکانیان کەوتنە جوڵە.

### بۆچی بەکر داواکەی ئەلڕاوی ڕەتکردەوە؟

ئەلحەسەنی لە مێژووی وەزارەتەکانی عێراقدا دەڵێت حیکمەت سلێمان باسی بارودۆخی کاتی ڕاپەڕینەکەی بۆ کردووم، کە ئەو بە وردی چاودێریی ڕەوشەکەی کردووە، وتوویەتی جەمیل ڕاوی، کە ئەوکاتە موتەسەڕیفی کەرکوک بووە، بروسکەیەکی ناردووە بۆ حکومەت لە بەغداد، تیایدا ئامادەیی دەربڕیوە بۆ ناردنی هەزار

چەکدار لـە هۆزەکـانی شـارەکە بـۆ دامرکاندنـەوەی بزووتنەوەکـەی فوراتی ناوەڕاست. بەڵام بەکر سدقی، کە قائید فیرقەی دوو بووە لـە کەرکوک، ئەوە دەبیستێت، ئـەویش بروسکەیەک دەکات بۆ وەزارەتـی بەرگری و باسی مەترسی جێبەجێکردنی ئەو بیرۆکەیە دەکات بـەهۆی پشـێوی ڕەوشـی شـارەکەوە، کـە پێویسـتە هێزەکـانی بەردەسـتی بـۆ پاراسـتنی بیرەنەوتـەکان بـەکاربهێنرێن. ئیتـر حکومـەت پێشـنیارەکەی موتەســەڕیفی پشتگوێخســت و بروســکەیەکی ڕەزامەنــدی لەســەر داوکـەی بـەکر گەیشـتە وەزارەتـی نـاوخۆ. هەڵبەتـە (وەک ئەلحەسـەنی دەڵێت) بەکر پەیوەندی بە ئۆپۆزسیۆنەوە هەبووە لە بەغدا، بە تایبـەتی بـە حیکمـەت سـلێمانەوە کـە هاوڕێیـەکی نزیکـی بـوو. بـەلای ئێمـەوە داواکـەی بـەکر سـدقی بـۆ نەجوڵانـدنی فیرقەکـەی ئاشـکرای دەکـات، نەیویسـتووە ڕووبـەڕووی شۆڕشـگێڕان ببێتـەوەو دژیـان بجـەنگێت. بــەڵام لــە دوا کاتژمێرەکانــدا حکومــەت بــەرەو ناوچــەی فــوراتی ناوەڕاست جوڵاندی بۆ سـەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکـە. لەوانەیـە مەبەسـت لەمــە، وەک دەگوترێــت، لێــدانی دوو چۆلەکــە بێــت بــە بــەردێک، لەلایەکـــەوە بـــە چـــەک ڕاپەڕینەکـــە لـــەناودەبات و عەشـــایەرە شۆڕشگێڕەکان ملکەچ دەکات، لەلایەکیتریشـەوە لـەڕووی سیاسـییەوە بەکر سدقی دەهێنێتە پێشەوە، بۆ ئەوەی بەرپرسـیارێتی ئـەو زیانانـەی کە ناتوانرێت بەریان پێبگیرێت بخەنە ئەستۆی ئەم. بەتایبـەتی کـە ئـەم وەک جێبەجێکارێکی توندی پلانـە سـەربازییەکان و سڵ نەکـەرەوە لـە هێنانـەدی ئامانجـەکان ناوبـانگی دەرکردبـوو. لـەوەدەچێت بـەکر کـە داواکـــەی موتەســـەریفی ڕەتکـــردەوە، نەیویســـتبێت عەشـــایەرەکانی کەرکوک لە جەنگ دژی شۆڕشـگێڕانی فوراتی ناوەڕاست بەشداربن، چونکـە مەبەسـت زیـاتر لـە عەشـایەرە کوردەکـان بـووە، چونکـە بـە بەراورد بە عەشـایەرەکانیتر ژمارەیـان زیـاتر بـووە، بۆیـە بیرۆکەکـەی ڕەتکردۆتـەوە، چونکـە لـە ڕووی سیاسـی و عەسـکەرییەوە زیـان بـە کورد دەگەیەنێت.

**ئەحکامی عورفی و دەسەڵاتی ناڕەوا**

دوای تێکچـــوونی ڕەوشـــی سیاســـی و ســـەربازی و ملنـــەدانی عەشـایەرە ڕاپـەڕیوەکان بـۆ حکومـەت و گوێنـەدان بـە فەرمانـەکان و دوای شکستی تەقەلاکانی کەسایەتی و سـەرۆکانی هەندێ عەشیرەت و پیاوانی ئایینی بۆ هێورکردنەوەی لایەنە توندەکان، حکومەت بە پێی دەقی مـادەی(١٢٠) ی دەسـتوری عێراق، ئـەحکامی عـورفی بۆ شـوێنە کێشـەدارەکان دەرکـرد. ئـەم یاسـایە دەسـەڵات دەدات بـە مـەلیک، کـە دوای ڕەزامەنـدی ئەنجومـەنی وەزیـران، بـۆ ماوەیـەکی دیـاریکراو لـە عێراقدا، ئەحکامی عورفی ڕابگەیـەنێت. لەبـەر ئـەوەو بـە پشتبەسـتن بـە مادەی ناوبراو لە ١١/مایس/ ١٩٣٥دا ئەم فەرمانی مەلیکییە دەرکرا:

(( پاش تێبینیکردنی مادەی سەدو بیست لە دەستوری عێراق و لـە بـــەر ڕۆشـــنایی ڕوونکردنەوەکـــەی وەزیـــری بـــەرگری و بڕیـــاری ئەنجومـەنی وەزیـران ئـەم فەرمانـە مەلیکییـەم دەرکـرد بـە ڕاگەیانـدنی ئەحکامی عورفی لـە ناوچـەی ڕومێسـە و ئـەو شـوێنانەی دەوروپشـتی کە فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی لیـوای دیوانییـە بڕیاریـان لێدەدات کـــە ســـەر بـــە جموجـــۆڵی ســـەربازین، تـــا ئـــەو کاتـــەی ئاســـایش دەگەڕێنرێتەوە بۆ لیوای ناوبراو.

ئەرکی جێبەجێکردنی ئەم فەرمانە لە ئەستۆی وەزیری بەرگریدایە

**ڕۆژی هەشـتی مـانگی سـەفەری سـاڵی ١٣٥٤ ڕێکـەوتی یـانزەی مانگی مایسی ساڵی ١٩٣٥ لە بەغداد نووسراوە.**

**غازی/ مەلیک**

**جەعفەر عەسکەری/ وەزیری بەرگری**

**یاسین ئەلهاشمی/ سەرۆک وەزیران))**

ڕاستە کە مەلیک غازی و وەزیری بەرگری جەعفەر عەسکەری و سەرۆک وەزیران یاسین ئەلهاشمی و وەزیری ناوخۆ گەیلانی، سەرچاوەی دەرکردنی بڕیارو فەرمانی مەلیکی و بەلاغی عەسکەری و گشتاندنیانن لە بەغداوە بۆ یەکە سەربازییەکان، بەلام مانای وشەکان وادەگەیەنن، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر پێشنیارو ڕاسپاردەی بەکر سدقی فەرمانەدەی جموجۆڵە سەربازییەکان دەرکرابێت.واتە هەریەکێک لەوانە هەوڵیداوە پەیامێک بنێرێت، کە دەستی بە خوێنی عێراقییەکان سوور نییە، رازیبوونیشی بەو فەرمانانە لەبەر کارە سەربازییەکان بووە، کە بەکر سدقی جێبەجێیکردوون. کە دوای ئەوە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە بە ناوی ئەوەوە لکێنرا. ڕووبەڕووی ڕەخنەش بۆوە لەبەر ئەوەی وەک دەگوترێ، بە مەبەست یان بێ مەبەست، دلڕەقانە لێیداون. گەر لە تێکستی فەرمانە مەلکییەکان ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەئاشکرا باس لەوە دەکەن بەکر سدقی دەسەلاتی هەرە بالایە بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەی ناوبراو، هەروەک لە دەقی ئەم فەرمانە مەلکییەدا هاتووە:

**فەرمانی مەلیکیی (١٧٥)**

پاش تێبینیکردنی مادەی سەدو بیست لە دەستور و بە پشتبەستن بە ڕوونکردنەوەکەی وەزیری ناوخۆ و جێگری وەزیری داد و وەزیری بەرگری، فەرمانی مەلکیم دەرکرد کە بەڕێوەبردنی مولکی (مەدەنی - نووسەر) لەو ناوچانەی بەپێی فەرمانی مەلیکیی ژمارە ١٦٩ لە ١١/مایس/١٩٣٥ ئەحکامی عورفیان تیادا ڕاگەیەندراوە،

بەڕێوەبردنێکی سەربازی پەتی دەبێت و فەرماندەی هێزە سەربازییە جێگیکراوەکان لە دیوانیە دەبێتە دەسەڵاتی باڵا بۆ هەموو دەزگاکانی ناو ئەو ناوچانەی ئاماژەیان بۆکرا و بە هەر جۆرێک بیەوێت مافی دابەشکردنی کارو دەسەڵاتەکانی بەسەر هەموو کارمەندانی ئەو ناوچەیەدا هەیە. لەسەر وەزیری ناوخۆ و جێگری وەزیری دادە ئەم فەرمانە جێبەجێبکەن[٨٢].

ڕۆژی ١٣/ مایسی ١٩٥٣ لە بەغداد نووسراوە.

**غازی / مەلیک**
**یاسین ئەلهاشمی/ سەرۆک وەزیران**
**جەعفەر عەسکەری/ وەزیری بەرگری**

**ڕەشید عالی گەیلانی/ وەزیری ناوخۆو جێگری وەزیری داد**

لە ڕووی کاریگەرییەکان و دەرهاویشتە سیاسی و سەربازییەکان و تەنانەت لە ڕووی مەعنەوی و دەروونییەوە بۆ سەر ئەوانیتر، ئەوەی بڕیاردەدات و فەرمانە فەرمییەکان دەردەکات وەک ئەوە نییە کە جێبەجێیان دەکات، بە تایبەتی لە ناو گەلێکدا کە نەخوێندەواری و نەزانین تیایدا بڵاوبێت، بەدیاریکراوی لە سەردەمی ئەو ڕووداوانەدا. ئاسایی بووە پەنجەی تاوانبارکردن، دەربارەی ئەو زەبروزەنگەی یەکە سەربازییەکان پەنایان بردۆتە بەر لە دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەدا، بۆ بەکر سدقی درێژبکرێت، نەک بۆ کەسانیتر. گەرچی ئەو تەنیا ئەو بڕیارانەی جێبەجێکردووە کە لە لایەن وەزیری

---

٨٢ - الحسني – تاريخ الوزارات ج ٤ لا ١١٨، ١١٩.

بەرگرییەوە ئاراستەی کراون و ئیمزای مەلیک و سەرۆک وەزیرانی لەسەر بووەو هەردەبوایە جێبەجێیان بکات. گەر لە بەکارهێنانی هێزیشدا زیادەڕەویی کردبێت، ئەوە لە هەستی نەتەوایەتی و سیاسی و مەزهەبییەوە نەبووە، بەڵکو لە پابەندبوونیەوە بووە بۆ فەرمانەکان و بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە بووە کە پێی سپێردراوە و لە ڕوانگەی ملکەچ نەکردنییەوە بووە بۆ هەر هەڕەشەیەک لە هەر لایەنێکەوە بوایە. هەروەها بەکر سدقی ناسراوبوو بەوەی فەرماندەیەکی بەجەرگەو بۆ گەیشتن بە ئامانج، بێ گوێدان بەو وردەکاریانەی ڕەنگە کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر سەرکەوتنی چاوەڕوانکراو، بەو پەڕیی تواناوە ئەرکی سەربازیی بەجێدەهێنێت.

کە ئیشیان بە کارە سەربازییەکانی نەما، دوژمنەکانی ئەو لایەنەیان قۆستەوەو بە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بە بەکارهێنانی هێزی زیاد لە پێویست بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە یان بزووتنەوەکانی یاخیبوون (وەک ئەوەی حکومەتی جارانی عێراق ناوی دەهێنان)، تاوانباریان دەکرد. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەبوو کە دەستی دەسەڵاتداران لە پشت پەردەوە بە فێڵبازی و زیرەکانەڕووداوەکانیان ئاراستەدەکرد، جگەلەوەش هەندێک لە سیاسەتمەدارو سەرکردە سەربازییەکان ئاماژە بۆ بوونی جۆرە هاوسۆزییەکی دوولایەنە لە نێوان ڕۆڵەکانی فوراتی ناوەڕاست و برا کوردەکانیان لە کوردستان دەکەن. حیکمەت سلێمان پاش کوشتنەکەی بەکر سدقی لە قسەکردنیدا لە گەڵ گروبا دەربارەی بارودۆخی باشوورو باکوور، کە درێژکراوەی بارودۆخی بەر لە کودەتایە، ئەوەی سەلماندووە، کە دەڵێت: (وا دیارە ڕێکەوتنێک لە نێوان دانیشتوانی باشوور و کوردی دانیشتووی باکوور هەبێت، ئەوان لە خۆئامادەکردندان بۆ کارێکی هاوبەش دژ بە حکومەت)[٨٣].

---

٨٣- گروبا – رجال و مراكز قوى في بلاد الشرق – ج٢ لا ٢٩٩.

## ئەو ڕۆژەی ڕاپەڕین گەیشتە ناسریە

هۆزەکانی دەوروبەری شارۆچکەی سوق ئەلشیوخ کەوتنە شوێن پێ هەڵگرتنی عەشایەرەکانی رومێسە و دژی دەسەڵات ڕاپەڕین، ڕۆژی ٩/مایسی/١٩٣٥ کۆمەڵێک لە پیاوانی (بن خیکان) چوون بۆ (عەکیکە) و لەگەڵ سەربازگەکەیدا کەوتنە شەڕ و داگیریانکردو بینا حکومییەکانیان ڕووخاند و تۆمارەکانیان سوتاندو کەلوپەلەکانیان بە تاڵان بردو سەربازگەکەیان چەککردو کارمەندانیان دەست بەسەرکرد. دواتر ڕوویان کردە شارۆچکەی ( ئەلسوق) و بێ بەرەنگارییەکی ئەوتۆ دەستیانگرت بەسەر مەخفەرەکاندا، بە شێوەیەک بەسێ ڕۆژ لە جەبایشەوە تا ناوەندی قەزاکەیان لە دەسەڵاتی حکومەت پاککردەوە. لە بەرانبەر ئەم دۆخەدا حکومەت شڵەژا، ناچار بوو بۆ پشتیوانیکردنی سەربازگەی قەزاکە، کە لە لایەن هۆزە شۆڕشگێڕەکانەوە گەمارۆ درابوو، بە فڕۆکە تفاقیان پێ بگەیەنێت. دوای سەرنەکەوتنی گفتوگۆی نێوان شۆڕشگێڕان و ئەو هێزانەی بەرگرییان لە سەربازگەکە دەکرد، شۆڕشگێڕان بە مەبەستی داگیرکردن، هێرشیان کردە سەر سەربازگەکە، دوای ئەوەی ٢٦ سەرباز کوژرا، هێزی ناو سەربازگەکە خۆیان دا بەدەستەوە، هەروەها ٤٠ کوژراویش لە شۆڕشگێڕان هەبوو. لە چواردەی هەمان مانگدا سوق ئەلشیوخ بە تەواوی گیرا، هەموو فەرمانگەکان و یەکێک لە بازاڕەکانیشی سوتێنران، ستونەکانی کارەبا دەرهێنران، ئاسنەکانی هێڵی ئاسن لە (ئور) دەرهێنران و هێڵەکانی تەلەفۆن و بروسکە بڕان[٨٤].

---

[٨٤] - الحسني – تاريخ الوزارات ج ٤ لا ١٢٩، ١٣٠.

هەستی ڕاپەڕین گەیشتە عەشایەرەکانی دەوروبەری ناسریە، عەشیرەتەکانی ئال غزی و حسێنات و ئەزیرج ڕاپەڕین و دەستیانگرت بەسەر ڕێگای نێوان شەترەو ناسریەدا و نوقمی ئاویان کرد. حکومەت دوای ئەو ڕووداوانە پەنای بردە بەر شێخ خیون ئەلعبێد بۆ نێوەندگیری لە گەڵ عەشایەرەکان بۆ ئەوەی سوپا بەکارنەهێنرێت بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە. کە حکومەت ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە تیایدا داوای ئارامی و هێمنی کرد، ئەو نێوەندگیرییە تا ڕادەیەک ڕەوشەکەی هێور کردەوە. بەڵام دوای ئەوە دۆخەکە تەقییەوە؛ ئیتر سوپا هاتە ناوەوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکە، لە یەکی حوزەیرانی ١٩٣٥دا فەوجی چوار بەرەو شارۆچکەی سوق ئەلشیوخ جولا، دوای داگیرکردنی بە ماوەیەکی کەم توانی ناسرییەش بگرێت. وەزیری ناوخۆ ڕەشید عالی گەیلانی لە چواری هەمان مانگدا نامەیەکی نهێنی نارد بۆ موتەسەڕیفی لیوای مونتەفیک (ناسریە) داوای لێدەکات کار بکات بۆ گێڕانەوەی چەک و کەلوپەلە میرییەکان و کەلوپەلی فەرمانبەران و کارگوزارانی مەدەنی، کە بەتاڵان برابوون و سەپاندنی سزایەکی خەملێندراو بەسەر یاخیبووواندا بە گوێرەی توانای داراییان و داوا لە عەشایەرەکان بکرێت بڕێکی دیاریکراوی چەک بدەن بە حکومەت و هەندێک عەشایەر بە تەواوی چەک بکرێن، شوێنی فەرماندەو کەسانی ڕاکردوو لەلایەن پۆلیسەوە پڕبکرێنەوەو مەخفەری کاتی دروست بکەن و دارخورماکانی دەوروپشتی فەرمانگە حکومییەکان بە ماوەی بە لایەنی کەمەوە تا ٢٠٠ مەتر ببڕنەوەو گومانیان لە هەر کەسێکیش هەیە بیگرن. ئەم کردەوانە گەرچی بۆ ئەو کاتە پاساوی کارگێڕی و سەربازیشیان هەبووبێت، بەڵام مایەی بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی و رق و کینە بووە لە نێوان ڕۆڵەکانی نیشتماندا.

## هەڵوێستی بەکر لە فەرمانەکانی گەیلانی

هەندێک قەڵەم بەدەست هەوڵیانداوە وێنەیەکی شێوێنراوی بەکر سدقی بکێشن و لە لاپەڕەکانی مێژوودا جێگیری بکەن و بەرپرسیارێتی ئەو ڕووداوە جەرگبڕانەی بەسەر هۆزەکانی فوراتی ناوەڕاستدا هات لە دەرئەنجامی ڕاپەڕینەکەیان لە ساڵی ١٩٣٥دا بخەنە ئەستۆی، هەرچەندە ڕاستییەکان پێچەوانەو دژی ئەو وێنەیەن و بۆ هەرکەسێک بیەوێت غەدر لە مێژوو نەکات ئەو ڕاستییانە ڕوون و ئاشکران، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی خاوەن ڕوانینی وردن و لە هەڵهێنجان و دۆزینەوەی ئەنجامەکاندا بێلایەنن.

ڕاستە ئەو لاپەڕانە (ڕەنگە بە ئەنقەست) هەموو شتێکیان لە بارەی گفتوگۆو بیروبۆچوونەکانەوە سەبارەت بەو ڕووداوانە تۆمار نەکردووە، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەکرا قەبارەی ئەو بەرپرسیارێتییەی دەکەوێتە سەرشانی بەکر سدقی، دەستنیشان بکەن. بەڵام وردەکاری هەندێکیان بوارێک بۆ توێژەر دەڕەخسێنێت کە لە نێوان دێڕو وشەکانیانەوە بگاتە هەقیقەت. بۆ نموونە نەخوێندومانەتەوەو نە بیستوومانە کە کەسێکیان بە ڕاشکاوانە بەر پرسیارێتی دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینە بخەنە ئەستۆی ڕەشید عالی گەیلانی یان یاسین ئەلهاشمی یان مەلیک یان وەزیری بەرگری، بەڵام بەکر سدقی تاوانبار دەکەن، بەتایبەتی لەو لایەنەوە کە پەیوەندی بە توندوتیژی سوپاوە هەیەو خۆیانی لێ بێبەری دەکەن. بەڵام هەر لە هەمان مەسەلەدا دەربارەی عێراق، پەیوەست بە ئاسایش و سەقامگیریی بە ئاشکرا بەشانوباڵی یەکتردا هەڵدەدەن، وەک لەم دوو نامەیەی نێوان گەیلانی و یاسین ئەلهاشمی پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە دەردەکەوێت، کە لە سەر لاپەڕەکانی کتێبی مێژووی وەزارەتەکانی عێراقی بەڕێز عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنیدا تۆمار کراون:

ئەو ڕۆژەی وەزارەت بڕیاریدا هێزی تەمێکەر ڕەوانەبکات بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕشی دووەمی رومێسە، وەزیری ناوخۆ، ڕەشید

عالی گەیلانی بە فڕۆکەیەک گەیشتە دیوانیە، هەر کە سوپا توانی بڵاوە بە شۆڕشگێڕان بکات، سەرۆک وەزیران یاسین ئەلهاشمی ئەم بروسکەیەی بۆ نارد:

(دیوانیە، جەنابی وەزیری ناوخۆ: ئێستا جموجۆڵە سەربازییەکان لە ڕومێسە بە سەرکەوتوویی کۆتاییان هات، ئەم سەرکەوتنە پشتبەستنی گەل بە سوپا پتەوتردەکات. هەروەها ئەو متمانە مەزنەی لای هەمووان هەتانە بەهێزتردەکات. من دڵنیام ئەو کارە حەکیمانەی ئێوە بە درێژی کاتی مانەوەتان لە ناوچەی جموجۆڵەکان پشکی هەرە گەورەی هەبووە بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە و گومانمان نییە لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا لە نزیکەوە لە هۆکارەکانی پشێوییەکە دەکۆڵنەوە، بۆ نەهێشتنی و گرتنەبەری ڕێگای پێویست بۆ دووبارە نەبوونەوەی. پاش سوپاس و سەرسامبوون بەو کارە پڕشنگدارانەی لەسەردەستی تۆو ئەو فەرمانبەر وپۆلیسانەی بە ئامۆژگاریی ئێوە ئەنجامدرا ئەوەی دەیڵێم هەر نزایە، کە خودا کەسانێکی زۆر لە نموونەی ئێوە ببەخشێت بەم وڵاتە)[٨٥].

کەواتە بە گەواهی سەرۆک وەزیران و بە پێی گوتەکانی، کارە حەکیمانەکەی گەیلانی لە ناوچەی جموجۆڵەکان هۆکاری گەیشتن بەو سەرکەوتنەیە کە سوپای عێراق بەدەستیهێناوە. ئایا ناکرێ لەم حاڵەتەدا بپرسین بۆ بەکر سدقی تاوانبار دەکرێت و باسی گەیلانی سەرۆک وەزیران ناکرێت؟ ئایا مەبەست ئەوە نەبووە کە بەرپرسیارێتی ڕووداوەکانی ئەوێی بخەنە ئەستۆ؟

هەروەها ڕەشید عالی گەیلانی وەزیری ناوخۆ بە بروسکەیەک وەڵامی بروسکەکەی یاسین ئەلهاشمی سەرۆک وەزیرانی داوەتەوە، لێرەدا دەقەکەی بڵاو دەکەینەوە:

(جەنابی سەرۆک وەزیران / بەغداد/ وەڵامی بروسکەکەتان؛

---

٨٥- الحسني – تاريخ الوزارات ج ٤ لا ١٩٦.

گـەر خزمـەتێکی بچـوکم کردبێت، کـە ئەرکـەو دەبێت بکرێـت بـۆ وڵاتەکەمان، کە بۆ سەلامەتی و بەهێزییەکەی قـەرزداری پایەبەرزتانـە، گــەر یارمــەتی و ئامۆژگارییــە بەنرخــەکانتان نەبوایــە، مــن توانــای جێبـەجێکردنیانم نـەدەبوو. دانـی پێدا دەنـێم هـەردوو سـەرکەوتنەکەی جموجۆڵـەکان لـە ڕمێسـە بـە پلـەی یەکـەم دەگەڕێتـەوە بـۆ هیممـەتی ڕاستەقینەو نیەتە باشەکانتان).

بەمشـێوەیە بــە دانپێـدانانی ســەرانی حکومــەت، بەرپرســیارێتی بـەکارهێنانی هێـز بـۆ دامرکاندنـەوەی ڕاپەڕینەکـە ئەوەنـدەی دەکەوێتـە ئەستۆی بڕیـار بەدەسـتان، کـە فـەرمانیان دابـوو ئابلۆقـەی ڕاپەڕینەکـە بـدرێت و سـەرکوتبکرێت، ناکەوێتـە ئەسـتۆی بـەکر سـدقی. هـەردوو بروسـکەکە بـە وشـەیەکیش ئامـاژە بـۆ بـەکر سـدقی و کارەکـانی بـۆ جێبـەجێکردنی پرۆسـەکە ناکـەن، بـەڵکو بـەکر بـە وتەیـەک گـەیلانی ڕووگیر کردووەو بۆی دووپاتکردۆتەوە کە نایـەوێت هێـزی سـەربازی بـەکاربهێنێت و ئـەوە ڕەتدەکاتـەوە، وتبـووی: (خۆشـحاڵنابم بـەوەی سوپا ڕۆڵەکانی گەلەکەی بکوژێت و بەوە شەرمەزار دەبـم)[٨٦] لـە کـاتی وتاردانـدا بـۆ ئەفسـەران ئـەم وتەیـەی وتـووە، ئـەوەش دوابـەدوای وتەیـەکی گـەیلانی کـە سـوپای هانـداوە بـۆ لێـدانی ڕاپـەڕیوەکان لـە ناوچەی جموجۆڵەکان.

بۆ ئەوەی هـەنگاوێکیتریش لـە هەقیقـەت دەربـارەی بابەتەکـە نزیـک ببینەوە، لێرەدا باسـی بۆچـوونی لایـەنی دووەمـی کێشـەکەش دەکـەین، مەبەســتمان ســەرۆک عەشــایەرە ڕاپــەڕیوەکان و ســەرکردەکانی ڕاپەڕینەکەیە. وتـەو ڕوانینـی ئـەو کەسـانە دەربـارەی بابەتەکـە، دەبێت ڕوونـاکی بخاتـە سـەر لایـەنێکی ئـەو ڕاسـتییەو ڕوونـی بکاتـەوە. ئەمـە بڕگەیەکـە کـە دەقەکـەی لـە کتێبـی مێـژووی وەزارەتـەکانی عێراقدا لـە

٨٦- مصطفى العسكري – بكر صدقي و طموحاته فى تآسيس دولة كوردية – لا ٤٠، هەووەها عەقید روكن احمد الزيدي، لـە بەرهەمەکەیدا بـە نـاوی (البناء المعنوي للقوات المسلحة العراقية).

نووسینی مامۆستا ئەلحەسەنی بڵاوکراوەتەوەو تایبەتە بە پێشەوایانی ڕاپەڕینەکە (فرهود ئەلفندی، ریسان ئەلقاسد، مەزهەر ئەلقاسد) کە باسی هۆکارەکانی ڕاپەڕینەکەیان و هەڵویستی هەندێک دەربارەی دەکەن، لە حەوت خاڵدا کورتیان کردۆتەوە، بڕگەیەک دەهێنینەوە کە لە خاڵی چوارەمدا هاتووە:

((... چوارەم: کە سوپا گەیشتە ناسریە، لە لایەن حکومەتەوە حەسەن بەدر نێردرا بۆلامان، لە ماڵی شێخ محەمەد حەسەن حەیدەر لەگەڵی کۆبووینەوە، بە هەندێک مەرجەوە کە بە لامانەوە پەسەند بوو، بە ناوی حکومەتەوە دانوستانی لەگەڵ کردین. بەڵام ڕەشید عالی وەزیری ناوخۆ پێچەوانەی بڕیارو بەڵێنەکان فەرمانی دەرکرد بۆ سوپا، کە بە خشکەیی ڕووبکاتە سوق ئەلشیوخ. کە بە فێڵەکەمان زانی لە ڕووباری (ئەلفەزیلە) چواردەورمانگرت، ئیتر حکومەت ناچاربوو دووبارە بۆ نێوەندگیری، تکا لە سەرۆک هۆزەکان بکات))[٨٧].

لە بەرواری هەشتی حوزەیرانی هەمان ساڵ (١٩٣٥) پاش کۆتاییهاتنی ڕاپەڕینەکەو ڕووداوە ئازاربەخشەکانی، ڕەشید عالی گەیلانی نامەیەکی نارد بۆ ناجی شەوکەت، تیایدا ڕاستی هەستەکانی دەربڕیوەو بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ڕەهەندەکانی ڕاپەڕینەکەو ڕووداوەکانی دەخاتە ڕوو، مەیلی تۆڵەسەندنەوەو دڵڕەقی پێوەدیارەو هەوڵی نەداوە ڕەقی وشەکانی بشارێتەوە، بەوپەڕی ڕوونی مەبەستەکانی ئاشکراکردووە:

((سوپا و پۆلیس جەسووری خۆیان سەلماند و بۆ جیهانیان دەرخست کە عێراق شایانی سەربەخۆییەو دەتوانێت ئاسایش و نیزام بپارێزێت، ئێستا سەرقاڵی کاری باشن بۆ وەرگرتنی سزا و کۆکردنەوەی چەکی عەشایەرە ڕاپەڕیوەکان و تەمێکردن، چ بە

---

٨٧- الحسني – تاريخ الوزارات ج ٤ لا١٤٥.

هەڵواسین یان زیندانکردن یان ڕاگواستن، بۆ ئەوەی جارێکیتر کەس غیرەت نەکات بیر لە خیانەت بکاتەوە))[88].

ئەم هەموو بڕیارو کارە توندو بێ بەزەییانەی ڕەشید عالی و هاوڕێ توندڕەوەکانی، کەسێکیش باسیان ناکات، کەچی هەندێک بە دوای وشەیەکدا دەگەڕێن تا وەک تانە بەکاریبهێنن و پەنجەی تاوان بۆ بەکر سدقی درێژ بکەن. بەلای منەوە ئەمە هیچ هۆکارێکی نییە جگە لە ناسنامەو بۆچوونە نەتەوایەتییەکەی نەبێت. گەر وا نییە، بۆ بەرانبەر بڕیار بەدەستەکانیتر بێدەنگ بوون؟

سەبارەت بە یاسای لێبووردنی گشتیش لە کتێبی مێژووی وەزارەتەکانی عێراقدا ئەم دەقە نووسراوە:

((... بەڵام یاسای لێبووردنی گشتیی بەو شێوەیەی یاسادانەر مەبەستی بووە، جێبەجێنەکراوە. وەزارەت هەندێک لە شۆڕشگێڕانی ناچارکرد بە نیشتەجێبوون لەو شوێنانەدا کە بۆیانی دیاریکردبوو، زەویوزارەکانیانی داگیرکردو دای بە کەسانیتر، تا کابینەی نوێ بە سەرۆکایەتی حیکمەت سلێمان لە ٢٩/ تشرینی یەکەمی/ ١٩٣٦دا پێکنەهێنرا، ئازاد نەکران))[89]. واتە ئەو حکومەتەی پاش کودەتاکەی بەکر سدقی پێکهێنرا بەریدان و ئازادی پێبەخشین. ئەمەش دەمانخاتە سەر ئەو باوەڕەی گەر بەکر سدقی ئەوکاتانە لەگەڵ شۆڕشگێڕان هاوسۆزیش نەبوبێت، ئەوا دژیشیان نەبووە، ئەمەش قەناعەت و ئازایەتی ئەوەمان پێدەبەخشێت بڵێین، گەرچی بەکر سدقی ئەرکە سەربازییەکەی جێبەجێکردووە، بەڵام بێ باوەڕپێبوون و بە نابەدڵی جێبەجێیکردوون.

---

٨٨- أوراق ناجی شوکت ، لا ٢٣٦.

٨٩- الحسني – تاريخ الوزارات ج ٤ لا١٥٦.

## واقیعیبوونی بەکر و بەکارهێنانی هێز

سەرەڕای هەموو ئەوەی باسمانکرد دەربارەی شکستی دوژمنانی بەکر، بۆ سەلماندنی قسەکانیان لەسەر دلڕەقی، لە سەپاندنی ئاسایشدا لە کاتی ڕاپەڕینەکەی عەشایەری فوراتی ناوەڕاست، ئەو بەیاننامانەی سەبارەت بە ڕەوتی کرداره سەربازییەکان و ئەنجامەکانی دەرکراون، دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە هەوڵیداوە بە پێی توانا لە زیان گەیاندن بە سەرو ماڵی خەڵکی خۆی بەدوور بگرێت. زانیارییەک دزەی کردە ناو خەڵکەوە کە سوپا ڕێنمایی نهێنی دەرکردووە بۆ یەکە سەربازییەکان و فەرماندەکانیان کە لەگەڵ شۆڕشگێڕان نەرم و بە بەزەیی بن، چونکە لەبەر ساویلکەیی خۆیان دوای قسەی سەرۆک هۆزەکانیان و ئۆپۆزسیۆنی بەغداد کەوتوون. سەرگەرمی و پەرۆشیان بە هۆی دەستە شاراوەکانەوەیە کە لە پشت پەردەکانەوە بە نهێنی کاردەکەن و هانیاندەدەن بۆ سەرکێشی و ڕووبەڕووبوونەوە؛ لەبەر ئەوە لە سەرەتاکاندا زیانی کارە سەربازییەکان لە هەردوولا کەم بوو، بەڵام کە دووەم جار عەشایەرەکانی ڕومێسە، بێ گوێدانە ئەو نەرمی و لێبوردنە بەرانبەر ڕاپەڕینی یەکەم، ڕاپەڕینەوە؛ سوپا ئەوەی بە لە یاسا دەرچوون و سەرپێچیکردن لە نیەت باشی لەگەڵیان لە قەڵەمدا، بۆیە سروشتییە کە فشاری کارە سەربازییەکانی توندتر بکات و ڕێژەی قوربانیانیش لە ناو شۆڕشگێڕان و ڕاپەڕیواندا لە جاران زیاتر بوو.

پارادۆکس لەم ڕاپەڕینەدا کە باسی دەکەین ئەوە بووە، کە حکومەت و ئۆپۆزسیۆن یارییان بە هەمان کارت کردووە، بەڵام بۆ دوو مەبەستی جیاوازو دژ بەیەک. حکومەت لە ناوەندەوە دەیویست بەهەمووان ڕابگەیەنێت کە تەواو بەهێزە و ئەمجۆرە ڕووداوانە ئیرادەو پایەکانی نالەرزێنێ، کە خۆی لە بنەڕەتدا لەرزۆک بوو.

هـەروەها ئۆپۆزسـیۆنیش دەیویسـت بـۆ عێراقییـەکانی بسـەلمێنێت کـە حکومەت سەرباری شکستەکانی لـە بەرنامـەی ئـابووری و سیاسـی و ئیداریـدا، هـاتووە سـوپاکەی جوڵانـدووە بـۆ کوشـتنی هاونیشـتمانییە مەدەنییـە بـێ چەکـەکان. بـۆ ئـەوەی پلەیـەکیتریش وێنەکـە لـە ڕاسـتی نزیـک بکەینــەوە لێــرەدا ســێ بەیاننامــە دەخەینــەڕوو، لــەو نــۆ بەیاننامانــەی حکومــەتی عێراقــی دەربــارەی ڕەوتــی جەنگــەکان دەریکردوون کە تیایاندا پشتی بەستووە بەو زانیاریانەی کە پێمان وایە سەرچاوەکانیان فەرماندەی پرۆسە سەربازییەکان بێت. لە نێوان دێڕەکانیــدا (ســەرەڕای جیــاوازی لــە نێــوان تونــدی شــێوازی دەربڕینەکانیانـدا) ئامـاژە هەیـە بـۆ ئـەوەی کـە بـەکر سـدقی لـە دوو گۆشەنیگاوە سەیری کێشەکەی کردووە: یەکەم ئەوەیە کە ڕاپەڕینەکە لـە بۆشـاییەوە سـەریهەڵنەداوە، بـەڵکو دەرئـەنجامی هـۆ و هۆکـارێکی بابەتی زۆرە. دووەمیش ئەوەیە کە پێویستە حکومەت لەو هۆکارانە بکۆڵێتەوەو چارەسەریان بۆ بدۆزێتـەوە؛ چونکـە زۆربـەیان پەیوەسـتن بـە بـارودۆخی ڕاپـەڕیوەکان و خراپـی ژیـان و گـوزەران و ڕەوشـی ئابوورییانـەوە. هـەڵبژاردنمان بـۆ ئـەم بەیاننامانـە لـە لایەکـەوە لەسـەر بنەمای کەمی وشـەکانیان و لـە لایـەکیترەوە لەبـەر جیـاوازی تونـدی و ڕەقی تۆنی دەربڕینەکانیان بووە[٩٠].

### بەیاننامەی یەکەم

بـەر لـە چەنـد ڕۆژێـک لـە ژێـر کاریگـەرێتی پرۆپاگەنـدەی خراپـدا، کۆمەڵە کەسێکی عەشرەتی زەواڵم بە تەقەکردن هێرشـیانکردۆتە سـەر شـەمەندەفەر و ڕێگـای (ڕومێســە - ئەلحەجامــە) یـان بڕیـوە، بۆیـە حکومــەت ناچــار بــوو هێــزی تەمێکــەر بنێرێــت بــۆ ڕومێســەو لــە ئاسـمانەوە بۆردومـانی یـاخیبووان بکـات، دوێنـێش پـەلاماردانێکیتر

---

٩٠- الحسني – تاريخ الوزارات ج ٤ لا ١٨٩، ١٩١.

ڕوویـداوه لـه سـەرکارەکانی (سـراکیل) بـەنی عـارزەوە بـۆ سـەر ڕەبایـەی ئـەلعارزیات لەسـەر ڕێگـەی ڕومێسـە - حـەمزە، پـولیس و سوپا ڕووبەڕوویان بوونەتەوەو دوای زیان پێگەیاندنێکی زۆر، پـەرش و بڵاوی کردوونەتەوە، لە بـەر شـەونخونی سـەرکردەکان و دڵسـۆزی هـەمووان، ئـەو پڕۆپاگەندانـە کـاری نەکردۆتـە سـەر لایەنـەکانیتر، ڕەوشەکە بەگشتی مایەی ئاسوودەییە.

بەغداد ٤ / ئایار/ ١٩٣٦

**بەیاننامەی چوارەم**

ئـەمڕۆ هێزەکـانی پـۆلیس و سـوپا لـە ڕومێسـەوە بـەرەو باشـوور کشان، بـۆ ئـەوەی ناوچـەی زەواڵـم لـەو یاخیبووانـە پاک بکەنـەوە، کـە پـەنایان بـۆ ئـەوێ بـردووە، ئەوانـەی کـەمێک بـەرەنگارییان کردبـوو لێکدابڕێنراون و بەرەوپێشەوەچوون بەردەوامە.

بەغداد ٧/ئایار/١٩٣٦

**بەیاننامەی شەشەم**

سـەرکردەی یـاخیبووان بـە بـەردەوامی هانـا بـۆ حکومـەت دەهێنن، نیشانەی وا دەرنەکەوتووە کە پێویست بە جموجۆڵی سەربازی بکـات، تـەنیا چەنـد کـارێکی سـوک نـەبێت کـە پـۆلیس و فڕۆکـەوانی ئەنجامیانـداوە. شـەمەندەنەفەر لـە نێـوان بەغـدادو بەسـرە دەسـتیکردۆتەوە بـە گەشـتە ئاسـاییەکانی و وردبینـی بەردەوامـە بـۆ زانینـی هۆکارەکـانی هەسـتانی یـاخیبووان و بۆگرتنەبـەری کـاری پێویسـت بـۆ ڕێگریکـردن لـە دووبـارە بوونـەوەی ئـەم کارانـە کـە جێـی داخن.

بەغداد ١١/ئایار/ ١٩٣٦

گـەر وردببینـەوەو سـەرنج بـدەین لـە دوا بەیاننامـە، بۆمـان دەردەکەوێت کە ئاماژەی تێدایەو هاندەرە بۆ لێکۆڵینەوەی مەیدانی سەبارەت بە هۆکارە ڕاستەقینەکانی ڕاپەڕینەکە، ئەمە خۆی لەخۆیدا دانپێدانانـە بـەوەی هۆکـاری بابـەتی هـەبووە کـە پـاڵی بـە عەشایەرەکانەوە ناوە بۆ یاخیبوون. هەروەها ئاماژەیە بۆ بوونی نیاز بـە گرتنەبـەری ڕێکـاری پۆزەتیـف دەربـارەی عەشـایەرەکان و چارەسەرکردنی ئەو دۆخە خراپانەی تیایدا دەژین. ئەوەش دانپێدانانە بە بوونی کەموکورتی لە دامەزراوەو بەڕێوەبەرایەتییە حکومییەکاندا. هەروەها ڕووداوەکان بە جێگای داخ وەسف دەکات کە ئەوەش جۆرە پۆزشـهێنانەوەیەک و ڕازی نەبوونـە بـەوەی ڕوویـداوە. هـەروەها ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو زیانانەی بەهۆی جموجۆڵە سەربازییەکانەوە ڕوویانداوە بێ پاساون.

### شەعلان عەتییە لە گەیلانی دەپارێزێت

هەرچەندە کارەکانی ڕاپەڕیوەکان، بە تێکدەرانە وەسفکران، وەک دەرهێنـان و لابردنـی ئاسـنەکانی هێڵـی شـەمەندەفەر و پچڕانـدنی هێڵەکانی تەلەفونی زەمینی و دەرهێنانی ستونەکانی پۆست و بروسکە و داگیرکردنـی فەرمانگـەو دامـەزراوە خزمەتگوزارییـەکان و ڕێگـە پێنـەدانیان بـە بـەجێهێنانی ئەرکـەکانیان کـە پەیوەنـدی بـە ژیـانی هاووڵاتیانەوە هەبوو. هەروەها هەرچەندە بەکر سدقی تاوانبارکراو بە دلڕەقـی، فەرمانـەکانی حکومـەت و سـوپای، دوای تـەواوبوونی کـاتی ئینـزار جێبـەجێکردووە، ئـەوا ئـەو کاتـەی ڕەشـید عـالی گـەیلانی سـووربوو لەسـەر لەسێدارەدانی شێخ شـەعلان عەتییـەی سـەرۆکی ئـال شـوبانە، بـەکر سـدقی خـەریک بـوو شـێت ببێـت، چونکـە دوای خۆبەدەستەوەدانی، بەکر پەیمانی سەلامەتی پێدابوو، بەڵێنی پێدابوو لـە هـەموو ڕاوەدوونـانێکی یاسـایی لـە لایـەن ئەنجومـەنی عـورفی

سەربازی بپپارێزێت. لەبەر ئەوەو لە پابەندبوونیەوە بە بەڵێنەکەی، داوای لە سەرۆک وەزیران و سەرۆک ئەرکانی سوپا کرد کە دەخالەتەکەی شێخ شەعلان پەسەند بکەن و ئەو حوکمانەی ئەنجومەنی عورفی دژی دەریدەکات سووک بکەن. بەڵام ڕەشید عالی گەیلانی وەزیری ناوخۆ، کە لە هەمان کاتیشدا جێگری وەزیری داد بوو، دژی داواکەی وەستایەوەو سووربوو لەسەر لەسێدارەدانی و شێخی بە سەرکردەی بزووتنەوەیەکی دەرەکی ئەژماردەکرد، کە بە ناهەق بۆتە هۆکاری ڕژانی خوێن و دەسەڵاتی سەربازیش بۆی نییە دەستبخاتە کاروباری دادگایکردنی شۆڕشگێڕان. لەبەر سوور بوون و کەللەڕەقیگەیلانی، شێخ چووە بەردەم ئەنجوومەنی عورفی و فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا، گەیلانی سوور بوو لەسەر یەکسەر جێبەجێکردنی ئەو فەرمانە وەک تەحەدایەک بۆ ئەو بەڵێنەی بەکر بە شەعلانی دابوو. لەوکاتەدا وەزیری بەرگری چرپاندی بە گوێی گەیلانیداو ئاگاداریکردەوە کە بەکر سدقی بە شەرەفی عەسکەری سوێندی خواردووە، ژیانی ئەم شۆڕشگێڕە بپارێزێت، ئیتر چۆن لە سێدارەی دەدات، کە بەکر زیندووەو بەو کارە قایل نابێت؟ ئیتر گەیلانی ملی دا بۆ داواکەی بەکر، بەڵام بە نا بەدڵی و بە بێ قەناعەتییەوە. بۆ جێبەجێکردنی داواکەی بەکر، فەرمانێکی مەلیکی دەرچوو، کە فەرمانی لە سێدارەدانەکەی گۆڕی بۆ نیشتەجێبوونی ناچاریی لە شاری عانە[٩١].

پێویستە ئاماژە بەوەبدرێت گەر بەکر سوور نەبوایە لەسەر ڕەتکردنەوەو دژوەستانەوە، ئەوا گەیلانی فەرمانی لە سێدارەدانەکەی جێبەجێدەکرد. نەک هەر ئەوە، بەڵکو پێمان وایە دادگاییکردنە نارەواکانی شۆڕشگێڕان و بێبەزەییانە لەسێدارەدانی هەندێکیان پاڵنەربوون بۆ ئەوەی بەکر پەلەبکات لە کودەتاکەیدا بەسەر حکومەتی

٩١- الحسني – تاريخ الوزارات ج ٤ لا ٢٠١.

ئەلهاشـمیدا. بەڵگـەش ئەوەیـە کـە دوای چەنـد مانگێـک لـەو ڕووداوە گەرمانــە کودەتاکــەی کــرد. زۆربــەی ئەوانــەی لــە ســەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا بەشداربوون، بەخۆیان و بیروبۆچوونە توندەکانیانـەوەبۆ دەرەوەی عێـراق هـەڵهاتن. هەرکەسـێک بـەوردی لـە ڕووداوەکـان و دەرهاویشتەکانی ڕۆژانی بەر لە کودەتا وردبێتەوەو بەراوردیان بکات بەو پێشهاتانەی دواتر ڕوویاندا، دەگاتـە ئـەو دەرئەنجامـەی کـە بـەکرو حیکمەت سلێمان و ئەندامانی حکومـەتی کودەتاکە کاتی خـۆی لەگـەڵ ئۆپۆزسیۆن هاوسۆزبوون، تەنانـەت لەگـەڵ سـەرکردەکانی ڕاپـەڕین و شۆڕشــگێڕانیش. بەڵگــەش ئەوەیــە، وەک دکتــۆرە رەجــاء حســێن ئەلخـەتاب بـە پشـت بەسـتن بـە بەڵگەنامـە بریتانییـەکان باسـیکردووە، بەکر پاش کودەتا ١٧٣ سەرکردەی حوکمدراوی ڕاپەڕینەکـەی فوراتی ناوەڕاسـتی ئـازادکرد، کـە پێشـتر لـە سـەردەمی یاسـین ئەلهاشـمیدا بـە بڕیاری دادگای عورفی خزێنرابوونە زیندانەکانەوە.

لە کۆتاییدا، لەم توێژینەوەیەدا لەسـەر ئـەم کێشـەیە، گەیشـتووینەتە ئــەوەی، بــەکر ســدقی گــەر بەشــداریش بووبێــت لــە ســەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا، ئەوا لە ڕاونگەی بەجێهێنانی ئەرکی فەرمییـەوەبووەو بـە نابەدڵی و بێ قەناعەت پێبوون کردوویەتی.

## بۆ لە دامرکاندنەوەی شۆڕشەکانی کورددا بەشدار نەبووە؟

پرسیارێکە گەلێک واتاو هێما دەرەبارەی هەقیقەتی بیروبۆچـون و هەسـتی نەتەوایـەتی بـەکر لـە خـۆ دەگرێـت، بـە تایبـەتی کـە کەسـێکی ناسراوبووە بەوەی کەموێنە گورج و حازربەدەست بووە لـە پلانـدانان و جێبــەجێکردنی ئەرکــە ســەربازییەکاندا. دۆســت و دوژمــن دانیــان بەوەدا ناوە. ئەی کەواتە بۆ حکومەتی عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ڕاپـەڕین و بزووتنـەوە چەکدارییـەکانی کـورد، بـە بزووتنـەوەی کوردە ئێزدییەکانیشـەوە، ڕاینەسپاردووە؟ ئایـا هـەر بەڕاسـت ڕاینەسـپاردووە، یان داوایلێکردووەو بەڵام، ئەمێک کـە پـلان دادەنێت بۆ بەدەسـتهێنانی

مافەکانیان، ڕەتیکردۆتەوە ڕووبەڕووی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی ببێتەوە؟ لەبەر ڕۆشنایی پێدراوەکانی ئەوکاتانەو بارودۆخە بابەتییەکەی، پێمانوایە هەردوو بۆچوونەکە ڕاست بێت. حکومەت لە باشترین بارەکانیدا دڵنیانەبووە لەوەی بەکر سدقی قایل بێت بە جەنگ دژ بە براو ڕۆڵە کوردەکانی؛ بۆیە خۆی بەدوور گرت لە ڕاسپاردنی و ئەو باسەی لەگەڵدا نەکردۆتەوە. یان ڕەنگە لە ڕاستیدا ڕایسپاردبێت و ڕەتیکردبێتەوە. بەڵگەش بۆ زاڵبوونی ئەم دوو گریمانەیە، ئەوەیە کە هاوچەرخەکانی، چ دۆست یان دوژمن، باسی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمیان وەک سەرکردەیەکی سەربازی لە گەڵ بچوکترین گروپی کوردی چەکداردا لە ناوچەی شەڕەکاندا نەکردووە. بەڵکو چەندەها هەڵوێست و ڕووداو هەن کە پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن. هەر بە لۆجیکیش، عەقڵ نایبڕێت لە ناوەندێکی ئاڵۆزو سەختدا کار بۆ مەسەلەیەک بکات و لە پێناویدا ژیانی بخاتە مەترسییەوەو لە شوێنێکیتری کەمتر سەخت و ئاڵۆزدا دژی بوەستێتەوە. گەر بۆ نموونە هاوبەشییەکی سەرزارەکیشی لە گردبوونەوەیەکی سەربازیدا هەبووایە، وەک بەشداریکردنەکەی بەرقی برای دەبوو، کە وەزارەتی بەرگری ڕایانسپاردبوو سەرکردایەتی پرۆسەیەکی سەربازی بکات بۆ دەستگیرکردنی شێخ ئەحمەدی بارزانی، کە لە لاپەڕەکانی پێشتری ئەم کتێبەدا ئاماژەمان بۆ کردووە. ئەو بەشداریبوونە، لەناو سوپاو حکومەتدا، هەرایەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەو بۆنەیەوە نووری سەعیدی سەرۆک وەزیران داوای لە مەلیک کردبوو بەرپرسیارێتییەکە بخاتە ئەستۆی ناجی شەوکەت و ناچاری بکات دەست لەکاربکێشێتەوە. بەڵام کەس ئەو بوێرییەی نەبوو داوابکات لێپرسینەوە لە بەرقی بکرێت لەبەر ئەوەی هاریکاری شێخی کردووەو لەو داوەی بۆی نرابۆوە رزگاریکردووە. ئەوەش لەبەر ئەوەبووە، کە بەرقی برای بەکر سدقی بووە، هەر ئەوە بەس بووە بۆ سڵەمینەوەی هەرکەسێک ویستبێتی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات.

لەکۆتاییدا با بزانیین بۆچی کابینەکەی یاسین ئەلهاشمی، بەکر سدقی بۆ ئەرکی لەناوبردنی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٣٥ ی ئێزدییەکان ڕانەسپارد؟ کە تەنیا بەر لە دوو ساڵ بە سەرکەوتوویی بزووتنەوەی ئاشوورییەکانی دامرکاندبۆوە. ئەی بە چ واتایەک حکومەتە چاکسازییەکەی بڕیارێکی لێبووردنی بۆ سەرجەم زیندانییە ئێزدییەکان دەرکرد، کە ژمارەیان ١٩٧ ئێزدی بوو، هەروەها لە هەموو ڕێکارێکی یاسایی ئازادی کردن کە حکومەتەکەی یاسین ئەلهاشمی بەر لە کودەتا بەسەریاندا سەپاندبووی؟ ئایا بەو واتایە نییە کە دژ بەو بڕیارە ناڕەوایانە بووە کە دەرهەقیان دەرکراوە؟ یان (ئێمەی کورد) خۆرە درەوشاوەکانی خۆمان لەیاد دەکەین و لە لاپەڕەکانی مێژوویەکی چەواشە و نیازخراپدا بەدوای پەیکەرە کەڕولاڵەکاندا دەگەڕێین؟

چەندەها هەڵوێست و ڕووداو هەن کە ڕاستی نەتەوەیی و شانازیکردنی بەکر سدقی بە کوردبوونی و کارکردنی لە پێناویدا دەسەلمێنن. ڕەنگە تەنیا یەکێکیان بەس بێت بۆ ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییە، بەڵام بەمەرجێک بە مەبەست بە پێی مەیل و بۆچوونی دژ و ناکۆک بەخۆی ڕاڤەو شەن و کەوی نەکەین.

### خەون بە کوردستانی سەربەخۆوە دەبینێت

بەڕاستی مایەی داخە، کە کەسانێک (لە کوردی ڕووناکبیر) ناهەقی بکات و بچێتە پاڵ ئەوانەی گومان لە ڕەسەنایەتی گیانی نەتەوایەتی بەکر سدقی و شانازیکردنی زۆری بە میللەتە مەزنەکەیەوە دەکەن. ئەوەش بە پاساوی لاواز، نموونەی ئەوەی کە، بەکر خۆی هیچی دەربارەی ڕاستی ڕووداوەکان نەنووسیوەو تۆمارنەکردووە. یان لە یاداشتێک یان لە وتەیەکی فەرمیدا، ڕازی دڵی خۆی دەرنەبڕیوە و لە نێوەندێکی هەرێمی یان جیهانیدا داوای مافی

کوردی نەکردووە. ئەوانە یان بیریان چووە یان لەبیری خۆیانی دەبەنەوە، کە دەیان وتەی هاوڕێ و هاوپیشە و دژ و نەیارانی هەیە، کە گومانەکانیان دەڕەوێننەوەو خۆشەویستی میللەتەکەی و نیازی دامەزراندنی قەبارەیەکی سەربەخۆ بۆ کورد لە کوردستان دەسەلمێنن.

دەبینین ئەوەی پشت بە وتەو بۆچوونی سیاسەتمەدارو دیپلۆماتێکی گەورەی وەک وەزیری ڕاسپێردراوی ئەڵمانی (دکتۆر فریتز گروبا) نابەستێ، ناتوانێ پشت بە کەسانیتر ببەستێ، چەند زۆریش ڕاستییەکان دەربارەی بەکرو خۆشەویستییەکەی بۆ شوناسە کوردییەکەی بخاتەڕوو. لۆجیکی نییە ئەم پیاوە (گروبا) کە شارەزای کاروباری ناوچەیی و عەرەبی و کوردییە، لە خۆڕا و بێ گوێدانە دەرئەنجامەکان، ئەم ڕاستییانە بدرکێنێت، گەر بە پێچەوانەوە بونایە. دیپلۆماتێکی خاوەن ناوبانگی وا لە ناوچەکەو جیهاندا، چ سوودێک دەبینێت لە هەڵبەستنی ئەمجۆرە کارە مەترسیدارانە، بە تایبەتی کە بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی هەیە بە ژمارەیەک کەسایەتی بەناوبانگ و گرنگی ئەو قۆناغەوە؟ ئایا دەچێتە ئەقڵەوە گروبا بەناهەق بەکر تۆمەتبار بکات کە نیازی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەیە؟ چ بەرژەوەندییەکی لەم بۆ هەڵبەستنەدا هەیە؟ یان ئەی بۆ ئەم جۆرە کارە مەترسیدارە ناداتە پاڵ ئەفسەرو سەرکردە کوردەکانیتر، کە لە هەمان ماوەدا ژمارەیان لە سوپای عێراقدا یەکجار زۆر بووە؟ جگە لەوەش بەهیچ بیانوویەک بەکر نەیدەتوانی ئەم کارە مەترسیدارانە لای کەس بدرکێنێت، چ لۆجیکیک لەوەدایە، لەو ناوەندەدا پەردە لەسەر نیازەکانی خۆی هەڵمالێت، کە پڕە لەو توندڕەوانەی لەلایەن بریتانیاو هەندێک کورد کە چاودێری جموجۆڵەکانیان دەکرد پشتگیرییان دەکرا؟ پیاوێکی نهێنبڕی وەک سەرکردە بەکر سدقی، کە بەنیازی کارێکی گرنگە، لە کاتێکی وادا

دەبێت لە هەموو گومان خستنەوەیەک خۆی بەدوور بگرێت، نەک بە پێچەوانەوە. گەرچی کارە سەربازییەکانی کە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ خزمەتی بە کورد دەکرد، ڕووی بۆ دوژمنان و نەیارانی بۆچوونە نەتەوەییەکەی هەڵماڵیبوو، بە تایبەتی لە ماوەی حکومەتی چاکسازیدا لە پاش کودەتا. دەکرێت لەم توێژینەوەیەو لە سەر لاپەڕەکانی زۆربەی ئەو سەرچاوەو لێکۆڵینەوانەی دەربارەی کودەتاکەی نووسراون تێبینی هەندێک لەو کارانەی و ئاماژەی مەیلەکانی بە ڕوون و ئاشکرایی بکرێن و ببینرێن.

با پێکەوە وتەکەی د. فریتز گروبا دەربارەی خواست و نیازی بەکر سدقی، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بخوێنینەوە، کە نهێنییەکی یەکجار مەترسیداری لا باسکردووە، لە کتێبەکەیدا (رجال و مراكز القوى في بلاد الشرق – پیاوان و ناوەندی هێز لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات) هاتووە:

((... بەکر سدقی نزیکەی ڕۆژانە بەردەوام بوو لە سەردانیکردنم، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتنەکە، لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا پێشنیازی هێنانی زابت ڕوکنێکی ئەڵمانی بۆ بەغداد بۆ کردم؛ بۆ ئەوەی لە حاڵەتی داگیر کردنی بەغداد لە لایەن ئینگلیزەوە، پلانێک بۆ بەرگریکردن لە کوردستان دابنێت، منیش عەقید ڕوکنی خانەنشین هاینس (Heins) م بە سیفەتی خوازراوی جیۆلۆجییەوە هێنا بۆ بەغداد))[92].

وەک گروبا دەیسەلمێنێت، بەکر پرسیارو داوای ئاراستەی ئەو شارەزا ئەڵمانییە کردووە، دەربارەی پێشنیازەکانی بۆ بەرگریکردنێکی سەرکەوتووانە لە کوردستان، ئەگەر دووچاری هێرشێکی گریمانە بۆکراو ببێت. لەسەر خواستی بەکر، عەقید هاینس سەردانی ئێرانی کردووە بۆ ئاشنابوون بە سروشتی ناوچەکانی نزیک سنوور،

---

٩٢- گروبا – رجال ومراكز القوي... ج١ لا ٢٧١.

هەروەها دووجاریش سەردانی کوردستانی کردووەو پێوەندی بە سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکەوە کردووە، دیارە بۆ شوێنی لەبار گەڕاوە بۆ دانانی تۆپ و ڕەشاش و دروستکردنی بەربەست بۆ ڕێگریکردن لە دوژمن بە درێژایی ئەو سنوورەی کێشابووی. بەڵام سەبارەت بە دامەزراندنی کوردستانی گەورە لە پارچە دابەشکراوەکانی، گروبا ئەم دەقە دەڵێت: (( کە بەکر سدقی باسی ئارەزووی خۆی بۆ بەرگری لە کوردستان بۆ کردم، بە شێوەیەکی نهێنی پێیگوتم، کە کوردەو ئامانجێکی بۆ خۆی داناوە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە، بۆ ئەوەی کوردی عێراق و ئێران و تورکیای تیادا کۆبکاتەوەو ئەو دەوڵەتە کوردییەش دەبێت بەرگری لە سەربەخۆیی خۆی بکات؛ بۆیە مەسەلەی بەرگری لە کوردستان لە دڵیدایەو بەدوای ئەو پیداویستییانەدا دەگەڕێ کە خۆی ئەو کارە جێبەجێبکات. هەروەها وتی بانگەشەکەی بۆ بەرگریکردن لە بەغداد دژ بە ئەگەری داگیرکردنی لە لایەن بریتانیاوە، تەنیا بۆ پەردەپۆشکردنی مەبەستە ڕاستەقینەکەیەتی. پێموایە ئەمە هۆکاری ئەو دوژمنکارییە ڕووندەکاتەوە کە پاڵینا بە عەرەبە ناسیۆنالیستەکانەوە تا پلانی کوشتنەکەی دابڕێژن))[٩٣].

گەر لەو وشانە وردبینەوە کە دکتۆر گروبا بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکی وا دژوار هێناونێتییەوە، بە ئاسانی دەگەینە هەڵهێنجانی ئەم ڕاستییانە:

١- گەر بەکر لە ژیاندا بمایە، ئەوا فریتز گروبا، وەک کەسایەتییەکی سیاسی و دیپلۆماتێکی ناودار، بۆ پاراستنی ژیانی بەکر سدقی و پلانەکەی هەموو ئەو وشانەی بە نهێنی دەهێشتەوە، بە تایبەتی کە هەر لە بنەڕەتەوە بەکر لە لایەن ناسیۆنالیستە عەرەبەکانەوە کرابووە ئامانج.

---

٩٣- گروبا – رجال ومراکز القوی .. ج١ لا ٢٧٣.

٢-   بە تیرۆرکردنی بەکر، گروبا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بەلایەنی کەمەوە لەو ماوەیەدا سەربەخۆبوونی کوردستان بووە بە کاری نەکردە و درکاندنی ئەو نهێنییانە گرنگییان نەماوە.

٣-   بەکر ئەم نهێنییە مەترسیدارەی تەنیا بۆ گروبا باسکردووە، تەنانەت لەو ئەفسەرەشی شاردۆتەوە کە بۆ دروستکردنی هێڵی بەرگری پشتی پێبەستبوو. دەستەواژەی (خۆی ئەو کارە جێبەجێبکات) دەیسەلمێنێت کە نهێنییەکەی نەدرکاند. بەلاّم لەبەر ئەوەی پشت بە هاریکاریی ئەڵمانیا دەبەستێت هەر دەبوایە بۆ گروبای بدرکێنێت. بەلاّم مەسەلەی دروستکردنی هێڵی بەرگرییەکە، بە پێی کارکردن و ئەرکی سەربازی گەیشتە لای چەند سەرکردەیەک، بە تایبەتی لای  سەلاحەدین سەباغ. بەلاّم  هەر وەک بەکر بە گروبای ڕاگەیاندبوو، بە نیازی چاوبەست، بەکر پلانەکەی وا خستبووە ڕوو کە بۆ بەرگرییە لە بەغداد.

٤-   بەکر دژایەتی ئینگلیزی دەکردو بە ئاشکرا دەریدەبڕی، بۆ ئەوەی لە لایەکەوە متمانەی ئەفسەرە ناسیۆنالیستەکانی وەک سەلاحەدین ئەلسەباغ و فەهمی سەعید و کەسانیتر بەدەستبهێنێت و لە لایەکیترەوە بۆ ئەوەی لە ئەڵمانەکان نزیک ببێتەوەو لایەنگری بکەن و بگات بە مەرامەکەی. ئەوەش نیشانەیە بۆ  بایەخدانە زۆرەکەی بە لایەنی سیاسی و هەستکردنی بە گرنگێتی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی.

٥-   هەرچەندە ئامانجە ستراتیجییەکەی بریتی بووە لە کوردستان بەهەموو پارچەکانییەوە، بەلاّم ئەم لە باشوورەوە دەستیپێکرد، بەڵگەش ئەوەیە کە دەستیکردبوو بە ئامادەسازی بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی دروستکردنی هێڵی بەرگری لە زاخۆوە تا پشتی خانەقین، دوای تیرۆرکردنەکەی بەکر، سەلاحەدین سەباغ ویستی بیکات بە پرۆژی خۆی و تەواوی بکات. بە گوێرەی گەلێک لە پێدراوەکانی ئەو سەردەمە، ئەم هێڵی بەرگرییە هەر ئەوە بووە کە

بەکر پلانی دروستکردنی دانابوو، بەڵام وەک باسمانکرد بۆ ئامانجێک پێچەوانەی ئامانجەکانی ئەلسەباغ.

٦- لەکۆتاییدا ئەم ڕاگەیەندراوانە بە ڕاستیی حاشا هەڵنەگر دادەنرێن، چونکە ئەوەی گروبا باسی کردووە زۆر لە هاوڕێ و نەیارانی بەکر بەهەمان شێوە باسیانکردووە. پیاوێکی دیپلۆماتی وەک گروبا شتێکی وا لە نووسین و یاداشتەکانیدا تۆمار ناکات کە بە ئاسانی و بێ هۆ ڕاستگۆیی خۆی لە دەست بدات.

## (١١)ی ئاب، ڕۆژێك بۆ لەبیرنەچوونەوە

جێی داخە خامەی زۆربەی مێژوونووسە کوردەکانمان بە ڕاگوزەرێکی سادە بەسەر کاری تیرۆرکردنی بەکر سدقیدا تێدەپەڕن و بەشێوەیەکی کرچ وکاڵ و دوور لە بابەتییانە باسی دەکەن، هەر وەک ئەوەی ئەو کارەی ناوەندە عێراقی و عەرەبییەکانی هەژاند پەیوەندی بە کوردەوە نەبێت و بەکر بۆ بەرگریکردن لەوان و لە داهاتوویان نە بووبێتە قوربانی. لە کاتێکدا بێگانەکان ئەم تیرۆرکردنە وەک کارەساتێکی نەتەوەیی ئەژماردەکەن و لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو بەرجەستەی دەکەن، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی قەڵەم بەدەستەکانمان هەقی خۆیان نەداوەتێ، هەندێکیشیان زوڵمیان لێکردووەو ناهەقییان بەرانبەرکردووە، ئەو ڕاستییانە لە یاد دەکەن کە لە سەروبەندی کودەتاکەدا خۆیان دەنواند، کە جەختکردنەوەبوون لەوەی بەکر هەڵگری خەم و پەژارەکانی گەلەکەیەتی و بۆ کار لە پێناو کورددا، بە جوامێرییەوە ڕووبەڕووی سەختییەکان وەستاوەو گوێینەداوە بە ئاڵۆزی ئەو بارودۆخەی بواری پێنەدا نیازی کارکردنەکەی بۆ کورد ئاشکرابکات. گەرچی لەگەڵ تیرۆرکردنەکەیدا ئاواتەکانیشی لە گڵنران، بەڵام بەر لەوە هێماکانی دەرکەوتبوون. بێگومان ڕۆژی تیرۆرکردنەکەی ڕۆژێکی خەماوییە لە مێژووی

کورددا و دەبێت لەگەڵ ئەو ڕۆژانەدا تۆمار بکرێت کە میللەتەکەمان لە پێناوی سەربەرزی و ئازادیدا قوربانی بەخشیوە. ئەوی خەمەکەی زیاد کردووە ئەوەیە، کە لایەنە توندڕەوەکان بە تەنیا نەیانتوانی کارەکە جێبەجێبکەن، کورد بەشداربووە لە تیرۆرکردنەکەیدا و دواتریش توندڕەوەکان بە نووسینەکانیان داخیان خستۆتە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزەوە. با بڕوانین چی لە کتێبەکەی مەحمود سەلمان دا هاتووە (طريق المجد الى ارجوحة الابطال) دەربارەی باری نوێی سیاسی و سەربازی پاش تیرۆرکردنی بەکر:

((بە کوشتنی بەکر سدقی ئەفسەرە نەتەوەییەکان خۆیان ئاشکراکرد، سەلاحەدین پێشوازی لە ئەلمەدفەعی کرد، سەبعاوی کە پێشتر بە فشاری جەماعەتەکەی بەکر، عێراقی جێهێشتبوو پەیوەندی پێوەکرد، مەحمود سەلمان گەڕایەوە بۆ فەرماندەیی پاسەوانی مەلیکی و سەرکردایەتی هێزی ئالیات درا بە فەهمی سەعید و کامل شەبیب کرا بە فەرماندەی یەکێک لە لیواکانی قیرقەی یەک، جگە لە کەسانیتر کە هەرە دیارەکانیان بریتین لە حسێن فەوزی و عەزیز یاملکی ....))[٩٤].

لەکاتێکدا کە ئەفسەرە توندڕەوەکانی باڵی نەتەوەیی عەرەب ناتوانن تیرۆری بکەن و خۆیان دەشارنەوە، چەند کوردێکی ناو سوپا لەبەر خاتری خاتران و لە بری ئەوان تیرۆری دەکەن. دواتریش دەبنە ڕێگر لە گرتنەبەری ڕێکارە یاساییەکان بۆ گرتنی ئەوانەی دەستیان هەبووە لە تیرۆرکردنەکەیدا. ئێمە لێرەدا، لەگەڵ ئەو ڕایەدا کۆک نین، کە هەندێک بانگەشەی بۆ دەکەن و دەڵێن ئەو کەسانە لەبەر هۆکاری شەخسی لە پرۆسەی تیرۆرکردنەکەدا بەشدارییانکردووە. بۆ نموونە کە گوایە محەمەد خورشید کە ئەفسەرێکی کورد بووە لەداخی گواستنەوەکەی لە بنکەیەکی سەربازییەوە بۆ بنکەیەکیتر بە هۆی شەڕێکەوە کە لەگەڵ (لازار)ی هاوپیشەیدا روویداوە، بەو

٩٤- محمود شبیب – محمود سلمان طریق المجد – سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٩.

پەرۆشییەوە بەشدار بووە لە تیرۆرکردنەکەدا. ئەم کێشە شەخسییە ئەوە نەبووە تا ئەو ڕادەیە کاریتێبکات بۆ سەرکێشیکردن و بەشداریکردن لەو کارەدا. لۆجیک بەسەرماندا دەسەپێنێت بپرسین: بۆ محەمەد خورشید، لازاری رکابەری ناکوژێت و وازیلێدەهێنێت، بەڵام ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوەو لە تیرۆرکردنی ئەو فەرماندە سەربازییەیدا بەشداردەبێت کە فەرمانی گواستنەوەکەی داوە؟ ئایا گواستنەوەی سەربازێک یان ئەفسەرێک لە سەربازگەیەکەوە بۆ سەربازگەیەکیتر دەبێتە هۆی کوشتن و تیرۆرکردن؟ ئەی هۆکاری بەشداریکردنی ئەفسەرە کوردەکانیتر لە کارەکەدا چییە؟ ئایا لەبەر هەمان هۆکار بووە؟ یان لەبەر بۆچوونە نەتەوەییەکانی بەکر بووە؟

لە ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی کتێبی (دور الجيش العراقي في حكومة الدفاع الوطني والحرب مع بريطانيا ١٩٤١) لە نووسینی فازیل ئەلبەراک نووسەرێک (ص. ش) کە ناوی خۆی نەنووسیوە، وتارێکی بە ناونیشانی (صفحات من التاريخ العسكري العراقي: الجيش والحكومة والاحتلال) لە گۆڤاری (الوطن العربي) ژمارە ١٣٧ ی ١٩٧٩/١٠/٢٧ بڵاوکردۆتەوە، کە دواتر لەگەڵ کۆمەڵە وتارێکیتردا سەبارەت بە هەمان بابەت کردویەتی بە کتێبێک. نووسینی ئەم نووسەرە باسی خاڵێکی بنەڕەتی جیاکەرەوەی نێوان دوو قۆناغی گرنگ و مەترسیداری مێژووی عێراق دەکات کە لێرەدا شایانی تێڕامان و هەڵوەستە لەسەرکردنە، کە دەڵێت: (( لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا خاڵێکی بنەڕەتی هەیە کە دوو قۆناغ جیادەکاتەوە: قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکاریی بریتانی و کۆکردنەوەی توانا نیشتمانییەکان لە پێناوی شەڕی سەربەخۆیدا، دواتریش قۆناغی گواستنەوە لە بیری نیشتمانییەوە بۆ بیری نەتەوەیی بە ئامانجی گۆڕینی بزووتنەوە هەرێمییەکانی دژ بە کۆلۆنیالی لە گشت شوێنێکی نیشتمانی عەرەبیمان بۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی، عەرەبی، یەکگرتوو. ئەم خاڵە بنەڕەتییەش مێژوویەکی دیاریکراوی هەیە، کە

(١١ی ئابی ١٩٣٧)ه، لەمڕۆژەدا دەستەیەک ئەفسەری عێراقی ناسراو بەوەی خاوەن ئاراستەی نەتەوەیین، لە جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمی پلانە فراوانەکەیاندا سەرکەوتن: پلانیان دانا بۆ تیرۆرکردنی بەکر سدقی، لەو کاتەدا کە بەڕێگاوە بوو بۆ موسڵ، سەرکەوتنی ئەم یەکەم هەنگاوە ئاماژەی گەورە لەخۆ دەگرێت، نەک تەنیا بۆ بزووتنەوی ئازادیخوازی عێراق، بەڵکو بۆ  بزووتنەوەی ئازادیخوازیی لەسەر ئاستی عەرەبیش؛ چونکە لەناوبردنی بەکر سدقی، بەردەوامی ڕەوتی نەتەوەیی دەسەلمێنێت)).

کەواتە بە بۆچوونی ئەو نووسەرە تیرۆرکردنی بەکر سدقی واتای نەهێشتنی ئەو بەربەستەی ڕووبەڕووی بزووتنەوەی ڕەوتی نەتەوەیی وەستابوو بۆ گەیشتن بە ئاواتی یەکگرتنی عەرەب. ڕۆژی تیرۆرکردنەکەشی بە ڕۆژی وەرچەرخان لە نێوان دوو قۆناغدا دادەنرێت، قۆناغی یەکەم بۆ سەربەخۆیی نیشتمانی و دامەزراندنی دەوڵەتەو دووەم  بۆ کارکردنە بەرەو یەکگرتنی وڵاتانی عەرەب، کە ئاراستە سیاسی و نەتەوەییەکانی بەکر ڕێگرە لە بەردەمیدا. گەرچی بەکر سدقی هیچ کاتێک دژ بە یەکگرتنی عەرەب نەبووە، گەر ناکۆک و دژ بە مافە ڕەواکانی کورد نەبێت، بەڵام بەهۆی مەیلی کوردایەتییەوە، بۆ باڵی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی عەرەب ببوە مایەی نیگەرانی. بۆیە بەهەموو توانایانەوە کەوتنە کارکردن و دەستیان لەگەڵ ڕکابەرەکانی و دوژمنانی کورد تێکەڵکرد بۆ لەناوبردبی، ئەنجامیش ئەوەبوو بە مەرامی خۆیان گەیشتن.

## هۆی تیرۆرکردنی بەکر

تەنانەت دەربارەی هۆکارەکان و پاڵنەرەکان بۆ تیرۆرکردنی بەکر سدقی، چەندین شت مایەی خەم و پەژارەن، بەر لە هەموویان پێنووسی هەندێک نووسەری کوردە، کە هێشتا باس لەو هۆکارانە

دەکـەن کـە عەرەبـە تونـد ڕەوەکـان لـە کتێـب و توێژینەوەکانیانـدا تۆماریانکردووە. وەک دەقێکی وشک دووبارەی دەکەنەوە، بێ ئـەوەی سـەرنجبدەن کـە ناوەڕۆکـەکانیان بـاس لـە خۆشەویسـتی و پەیوەستبوونی بەکر دەکەن بۆ میللەتەکەی و شەهیدبوون لە پێناویدا. دەنا هیچ هۆیەکی ئەوتۆ نییە کە هێزە رەگەزپەرستەکان کۆبکاتەوە بۆ بڕیاردان لە خۆرزگارکردن لە فەرماندەیەکی سەربازی کە خزمەتی عێراقی کردووە، نەک زیانی پێ گەیاندبێت. ئەو بەرنامە چاکسازییەی پێشکەشی عێراقییەکانی کرد، هیچکام لە حکومەتەکانی عێراقی بەر لە حکومەتـە چاکسـازییەکەی ئـەم نـەیانکردبوو، بەتایبـەتی بـۆ چینـی ڕەنجـدەران و کرێکـاران. هـەروەها بـە ئاشـکرا پشـتگیری فەلەستینییەکانی کردو دژ بە زلهێزەکان وەستا. سەرەڕای ئەوەش چاوی نـەبڕیبووە پلـە بـەرزەکانی دەوڵـەت تـا بگوترێت ڕکابـەرەکانی دژایـەتییانکردووە. گـەرچی سـوپای لـە دەسـەڵاتی ناسیۆنالیسـتە توندڕەوەکان دوورخستەوە، بەڵام هەوڵیدابوو چاکسازی تێدابکات و بەهێزی بکات. وەک هەندێ لە هاوەڵەکانی دەستی بەسەر سامانی گشـتی و خانوبـەرەو موڵـک و زەوی کشـتوکاڵیدا نـەگرتبوو. بـەڵام هـەموو ئەمانـە دادیـان نـەدا؛ چونکـە وەک هەڕەشـە بـۆ بـاڵی ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان دەبینرا، بۆیە ئەندامانی ئەم باڵە بەدوای بیـانوودا دەگـەڕان بـۆ ڕەواییـدان بـە تیرۆرکردنـی، بیانووەکەشـیان ئـەوەبوو کـە بـەکر سدقی بـە ئاراسـتەیەکی دژ بـەو ئاراسـتەیەی باڵـە نەتەوەییەکـەی ئـەمان هـەڵیانبژاردووە کاردەکـات و بـە کودەتاکـەی، ئاراستەکەی ئەمانی تێکداوە. بۆیە کاتێک دووبارە ئەو قسانە دەکەین و ئـەوەی ئەمانـە تۆماریـان کـردوون دەنووسـینەوە، بێ ئـەوەی لـە مەبەست و نیازەکانیان وردبینەوە، ئەوا بە پێنووسـەکانمان ناهـەقی لە مێـژووی خۆمـان و لـە پاڵـەوانێکی نەتـەوەیی دەکـەین، ئـەوەش بـە پشتبەسـتن بـە درۆودەلەسـەی هەڵبەسـتراوی ئـەو نووسـەرانەی

بەکریان بە دوژمن زانیوە؛ کەواتە پاڵنەری سەرەکی تیرۆرکردنەکەی، بەردەوام سەرقاڵبوونی بووە، بە نهێنی و هەندێک جاریش بە ئاشکرا، بە چارەنووس و داهاتووی گەلی کوردەوە. نەک لەبەر هۆکاری بێ بنەمای دوور لە ڕاستی و واقیع.

لیرەدا ئەو هۆکارانە تۆمار دەکەین کە مامۆستا ئەلحەسەنی لە مێژووی وەزارەتە عێراقییەکاندا باسیکردوون، کە زۆربەیان لە ڕیزی ئەو هۆکارانەن کە جگە لەوانەی پێشوەختە دژایەتی خۆیان ڕاگەیاندووەو پابەندن بە پڕۆپاگەندەو واتەواتەوە، قەناعەت بە کەسێکیتر ناهێنن. زۆربەی هۆکارەکان لە بابەتیبوون دوورکەوتوونەتەوە، لەوانەیە ئەلحەسەنی خۆی بڕوای بە هەندێکیشیان نەبووبێت، بە تایبەتی کە کەسێکی ناسراو بووە بە بێلایەنی و دوورەپەرێز لە مەیلی توندڕەوی و شەڕانگێزی. لێرەدا بڵاویان دەکەینەوە بۆ ئەوەی خوێنەری خۆشەویست زانیاری دەربارەی بیروڕاو ئاراستە جیاوازەکان هەبێت. ئەلحەسەنی بە هەڵەکان ناوی بردوون کە ئەمانەن:

١- فەرمان دەرکردن بۆ کوشتنی جەعفەر ئەلعەسکەری وەزیری بەرگری.

٢- ناچارکردنی کەسوکاری کوژراوەکەو کەسو کاری نوری سەعیدی زاوای بۆ جێهێشتنی عێراق.

٣- دژایەتیکردنی ئینگلیز بە ئاشکرا.

٤- پەیوەستبوونی بە دەستوپێوەندێکی گەندەڵ و نا هاوسەنگ.

٥- زیندانیکردنی سەرۆک هۆزەکانی فوراتی ناوەڕاست و دوورخستنەوەیان بۆ ناوچە شاخاوییەکانی باکوور.

٦- زۆر ئاڵودەبوونی بە ژنانەوە.

٧- هاوسەرگیریکردن لەگەڵ ژنێکی نەمساوی کە سەماکەری یانەی شەوانە بوو.

٨- له گفتوگۆیەکی یوسف ئیبراهیم یەزبک لە گەڵ ئەلحەسەنی لە ساڵی ١٩٧٣ وتوویەتی لە شەوئاهەنگێکدا لەگەڵ بەکرو محەمەد عەلی جەواد بووە، محەمەد عەلی جەواد بەسەرخۆشی وتوویەتی بەکر دەچێت بۆ تورکیا، کە ئەولێرە نییە، هێزێکی عێراقی هێرش دەکاتە سەر کوێت و داگیری دەکات. ئەفسەرێک بە ناوی محەمەد خورشید کە جێی متمانەیان بوو، جاسووسی بەسەرەوە دەکردن، ئەم هەواڵەی گەیاندە ئینگلیز و بووە هۆی لەناوبردنی[٩٥].

گەر لەو هۆکارانە وردببینەوە کە ئەلحەسەنی باسیکردوون، دەبینین دووبارەکردنەوەی ئەوانەیە کە پێشتر باسکران و زۆربەیان نابابەتین و بە دەورری یەک خاڵدا دەسورێنەوە، کە بریتییە لە تاوانبارکردن بە مەبەستی شکاندنی کەسایەتی مەعنەویی بەکر. بۆ نموونە لەناوبردنی جەعفەر عەسکەری، ئەگەر بەرپرسیارێتی کوشتنەکەشی لە ئەستۆی بەکردا بێت، ئەوا لە ژێر فشاری جۆرەپێویستییەکدا بووە کە لەو بارودۆخە هەستیارو ئاڵۆزەدا نەدەتوانرا خۆی لێ بەدووربگیرێت. ئاشکرایە ئەو بارە ناهەموارەی جەعفەر ڕووبەڕووی چارەنووسی کودەتاکەو سەرکردەکەی کردبۆوە، لەناوبردنی کردبووە کارێکی پێویست. ئەو بروسکەو فەرمانانەی لە ڕۆژی کودەتاکەدا دەیناردن بۆ یەکە سەربازییەکان و کۆپییەکانیان دەگەیشتنە دەست بەکر (دەقەکانیان لە لاپەڕەکانی دواتری ئەم کتێبەدا بڵاوکراونەتەوە) وای لە بەکر کرد دوا بڕیار دەربارەی چارەنووسی جەعفەر بدات. بەڵام نە کەسوکارەکەی و نە هیچ عەسکەرییەک، یان سیاسەتمەدارێکی عێراقی ناچار نەکرد عێراق جێبهێڵن. تەنانەت یاسین ئەلهاشمی سەرۆک وەزیران لەگەڵ پاسەوان و داروسەستەکەی ڕۆژی کودەتاکەو پاشتریش لە ماڵەکەی خۆیدا

---

٩٥- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية بەرگی ٤ لا ٣٦٥.

بوو. بەکر ئەیتوانی خۆی و دەستەکەی بگرێت ، بەڵام وای نەکرد. دواتریش لەبەر پاشخانی بۆچوونە ناسیۆنالیستییەکانیان، کە دژ بە سیاسەتی بەکر بوو، بەرودوا خۆیان عێراقیان جێهێشت. هەروەها بەکر بەرگری لە هەندێک لە فەرماندەکانی ڕاپەڕینەکەی فوراتی ناوەڕاست کردبوو لە بەرانبەر حوکمەکانی گەیلانیدا و زیندانی نەکردبوون، بەڵکو ئازادی کردبوون، ئیتر چۆن دەبێتە پاڵنەرێک بۆ تیرۆرکردنەکەی. هۆکارەکانیتریش لاوەکین و ئەوەنین ببنە هۆی کوشتنی، وەک هاوسەرگیرییەکەی، بۆ ماوەیەکی کورت، لەگەڵ ژنە نەمساوییەک. ئەی بۆ ئەو ناسیۆنالیستانەی تریان نەکوشت کە هاوسەرگیرییان لەگەڵ ژنانی بیانی کردبوو؟ یان هۆکارێکی گەورەترو گرنگتر هەیە لەو پرۆپاگەندەیە، کە ئەویش بایەخدانەکەی بووە بە ماف و ئایندەی کورد؟

### بۆ پاراستنی عروبەی عێراق، سوپا بەکری کوشت

سەرەڕای پەنابردنە بەر ئەو بیانووە لاوەکییانەی زۆربەی نووسەرەکان، وەک پاساوی تیرۆرکردنی بەکر سدقی باسیانکردووە، بەڵام نەیانتوانیوە پاڵنەری ڕاستەقینەی تیرۆرکردنەکەی بشارنەوە، هەروەک لەم دەستەواژەیەوە دەردەکەوێت: (بۆ پاراستنی عروبەی عێراق). ئەم گوزارەیە هەر لە خۆوە نەهاتووە، کە سەلاحەدین ئەلسەباغ دەریبڕیوە، بەڵکو ڕوون و ئاشکرا بووەو بەرجەستەکردنی هەقیقەتی باڵی ناسیۆنالیستەکان بووە، کە هەڵگری نیازی خراپ بوون، بەرانبەر هەرکەسێک کاری بۆ بەدەستهێنانی مافی کورد بکردایە. ئەمە جگە لە زۆر وتەی یارو نەیاری بەکر کە وەک دانپێدانانێکی ئاشکراو شاراوەیە بە مەیلە نەتەوەییەکانی بەکردا بەرەو بەدیهێنانی قەوارەیەکی سیاسی، کە کورد بپارێزێت و لە دەربەدەری و ئاوارەیی بەدووریان بگرێت. لەکاتێکدا نەیاران بە وتەیەکی ناڕەواوە

دەنووسێن و هەندێکجار بێ ئامانجێکی دیار دەیجوونەوە، یان سڵ ناکەنەوە لە زیادکردن، یان لابردنی وشە بۆ ئەوەی لەگەڵ نیازو مەرامەکانیاندا بیگونجێنن، ئەوا نووسەرەکانمان وەک تەماشاکەرو وەک کەسانی بێلایەن بێدەنگ بوون، کە ئەرکی سەرشانیانە تاوتوێیان بکەن و بیانخەنە ژێر نەشتەری ڕەخنەو توێژینەوە. بەڵام هیچ جووڵەیان نەکرد، وەک بڵێیت دان بە ڕەوایەتی نووسینەکاندا دەنێن و هەروەها ڕەوایەتی دەدەن بە تیرۆرکردنەکەی بەکر سدقی، کە گوایە هەڕەشەبووە بۆ سەر یەکپارچەیی و عروبەی عێراق!. دەستەواژەکە بە ژان و سوێیە، وەک ئەوەی ئاگادارکردنەوەیەک بێت لە بەدی و نیاز خراپی کورد. ئەو ئاشکرایی و بێگومانییەی، چەند پرسیارێکمان لا دەوروژێنێت، کە پێویستە بۆ بەرگریکردن لە شوناس و پێگەمان وەک گەلێک ئاراستەی گەلی بەرانبەر، واتە عەرەب بکەین، بەتایبەتی کە لە ناخۆشی و خۆشیەکانیاندا بەشداری دەکەین.  ئایا تیرۆرکردنی ئەفسەرێکی گەورەو بەتوانای وەک بەکر سدقی دەبێتە هۆی پاراستنی عروبەی عێراق؟ بە تایبەتی کە بێ دوودڵی پشتگیریی لە فەلەستینییەکان کردووەو لایەنگری ناردنی هاریکاری بووە بۆیان؟ یان داڕێژەرانی ئەو ڕستەیە هیچ بایەخێک بۆ کوردو مافەکانی دانانێن، گەر خزمەت بە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان نەکات؟ ڕستەکە بە جۆرێک داڕێژراوە ناتوانێت ڕووی ڕاستەقینەی داپۆشێت، بە ڕوونی و ڕاشکاوانە پەردەی لەسەر نیازەکان هەڵماڵیوە. وەک ئەوەی بڵێت بۆیە سوپا کوشتی، تا هەموو ئەوانەی داوای مافی کورد دەکەن بێدەنگ بن. گەر بەمشێوەیە نەبێت کە لێی تێگەیشتووین، کەوابوو بەچی و چۆن بەکر سدقی عروبەی عێراق دەخاتە مەترسییەوە؟ ئایا شتێکیتر هەیە جگە لەوەی داوای مافە ڕەواکانی کوردی کردووە؟ ئەو داوایەی بە لێکدانەوەی ئەوان، لە مەترسی بۆسەر عروبەی عێراق شتێکیتر ناگەیەنێت. وەک ئەوەی بە

تـــەفروتوناکردنی کـــورد نـــەبێت، ئـــەو عروبەیـــە بـــەرناگرێت، گـــەر مەســـەلەکە وەک ئـــەوە نییـــە کـــە باســـی دەکـــەین، ئـــەی چـــۆن ئـــەو دەستەواژەیە ڕاڤە بکەین، ئایا مەبەستی شاراوەی هەیە کە ئێمە پەی پێ نابەین؟

ئـــەرکی نیشـــتمانی و نەتـــەوەیی ســـەرباری ئـــەرکی پیشـــەیی، لەسەرشـانی مێژوونووسـان و تـوێژەرانی کـوردە، لەهـەر ڕسـتەیەک بکۆڵنـــەوە کـــە دژی میللەتەکـــەیان و کەســـایەتییە نەتـــەوەیی و سیاســـەتمەدارەکانی لـــە لاپـــەڕەکانی مێـــژوودا تۆمـــارکراون. بـــێ پارێزبەندی، دوور لە توندڕەوی و زیادەڕەوی شیکارییان بۆ بکەن و بابەتییانـــە ڕەخنـــەیان لێبگـــرن. ئـــەوە مـــافێکی ڕەوایـــەو ئـــەرکێکی ئەخلاقیشـــە. ئێمـــە ئـــەم دەســـتەواژەیەمان وەک نموونـــە هێناوەتـــەوە (نموونەشـــیان زۆرە) بـــۆ ســـەلماندنی بۆچوونەکـــەمان. دەقـــی دەستەواژەکە لە یاداشتەکانی ئەلسەباغدا بەم شێوازە نووسراوە:

((... هەروەها دان بە عروبەی عێراقدا نانێت، بۆیە ئەم مەیلە بووە هۆی لەناوبردنی، لەبەر ئەوە ساڵی ١٩٣٧ سوپا بۆ پاراستنی عروبەی عێراق کوشتی))[٩٦].

### نیشانەکانی مەیلی توندڕەویی دوای تیرۆرکردنەکەی

لایەنـە تونـدڕەوەکان، بـە درێژایـی بوونیـان لـە سـەر گۆڕەپـانی سیاسـی عێـراق، دەرهـەق بـە کـورد، تـەنیا بـە سـتراتیجێک کاریـان کـــردووە کـــە پێویســـتی بـــە ڕووبەڕووبوونـــەوەی ڕاســـتەوخۆو ناڕاستەوخۆی هەر نیشانەیەکی داواکردنی مافە ڕەواکانیان بووە. بۆ بەدیهێنانی ئەم ستراتیجە بۆ هەر سەردەمێک ڕەچاوی بارودۆخ و ڕەهەندەکانی قۆناغەکەی کردووە. لەوکاتەدا کە دەسەڵاتی بەکر سدقی و ئاراســتە نەتەوایەتییەکــەی بــاڵی بەســەر گۆڕەپانــە سیاســییەکەدا

٩٦- مذكرات الصباغ – رواد العروبة، لا ٢٣.

کێشابوو، خۆی گرمۆڵەکردبوو، بەجۆرێک هیچکام لە سەرانی ڕەوتی نەتەوایەتی بیری لەوە نەدەکردەوە بە خراپ مامەڵە لەگەڵ کورد بکات، بەتایبەتی کاتی دوای کودەتاکەو دەستکردن بە چاکسازییەکان. بەڵام دوای تیرۆرکردنەکەی ڕاستەوخۆ وێنەکە پێچەوانە بووەوەو بارەکە بەتەواوی گۆڕا، تەنگهەڵچنین بە کوردە سیاسەتمەدارو عەسکەرییەکان دەستیپێکرد. بە بەراوردکردنێکی خێرا لە نێوان ڕەوشی بەر لە تیرۆرکردنەکەی و دواتر، بە هۆی هەڵسوکەوتەکانی گەورە پیاوانی میرییەوە، بە تایبەتی لە دامودەزگا عەسکەرییەکاندا، روخساری مەیلەکەیان دەردەکەوێت، بەئامانجی گێڕانەوەی بارودۆخ بۆ سەردەمی بەر لە کودەتا، کەسایەتییە کوردەکانیان، لەو پلەو پایە هەستیارانەی لە سەردەمی کودەتادا هەیانبوو دوورخستەوە. جگە لەو کارانەی لە ناوچە کوردییەکاندا، بۆ سەپاندنی بەرژەوەندی پلانەکانیان جێبەجێیانکرد. بۆ نموونە ئەوەی سەلاحەدین سەباغ لە ناوچەی خانەقین کردی تەنیا لە خانەی ئەو کارو پلانانەدا بووە کە دەسەڵاتی ناوەند پەتەودەکەن بۆ زاڵبوون بەسەر عەشایەرە کوردەکاندا لەم ناوچە هەستیارەدا. بە هۆی کارکردنی لە بوارە نهێنی و شاراوەکاندا لە ناو سوپادا ئاگاداری هەندێکی ئەو بیرو پلانە سەربازییانەی بەکر سدقی بووە، وەک ئەو پلانە ستراتیجییەی لەگەڵ ئەڵمانەکان بۆ پاراستنی سنووری کوردستان دایڕشتبوو. پاش تیرۆرکردنی بەکر، ئەم ئەو پلانەی کرد بە بیرۆکەی خۆی، هەروەک لە یاداشتەکانیدا بەمشێوەیە ڕوونی دەکاتەوە:

((لەسەردەمی حسێن فەوزی سەرۆک ئەرکانی سوپادا، وەک یاریدەدەری سەرۆک ئەرکان و بەڕێوەبەری جموجۆڵەکان، پلانی جمۆجۆڵەکانم بۆ بەرگریکردن لە عێراق داڕشتبوو. ئەم پلانەش بۆ بەرگریکردن لە عێراق لە سنووری ڕۆژهەڵاتەوە دژ بە هێرشی ئینگلیز نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای هاریکاریکردن بوو لە گەڵیاندا بۆ

پارێزگاریکردن له عێراق له ڕۆژهەڵات و باکوورەوە، یان بۆ حاڵەتێک گەر عێراق بۆ بەرگریکردن له خۆی تەریک بکەوێت))[٩٧].

کەواتە سەباغ کە هەڵگری ئاڵای دژایەتیکردنی ئینگلیز بووە، دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت پلانی بەرگری و سەنگەر قایمکردنەکانی دژ بەوان نەبووە. واتە بۆ مەبەستیترو دژ بە لایەنیتر بووە، نەک دژ بە ئینگلیز و ئێرانییەکان. لێرەدا گەر پرسیارێک هەبێت و باڵ بکێشێت بەسەر بابەتەکەدا ئەوەیە: بۆ بەدیایکراوی لە خانەقین، نەک لە شوێنان و شارانیتری ڕۆژهەڵاتی عێراق، دەستیکرد بەم سەنگەر قایمکردنانە؟ مەبەست له دروستکردنیان چی بووە؟ ئەی بۆ بە ناوی هێڵی بەرگری سەلاحەدینەوە ناونرا؟

لە گێژاوی ئاڵۆسکانی ئەم پرسیارانەو تێکەڵبوونیان لەگەڵ هەوڵدانەکان بۆ دۆزینەوەی وەڵامی لۆجیکی و باوەڕپێهێنەردا، ڕەنگە وا بە بیردا بێت کە ئامانج لە دروستکردنی ئەو هێڵی بەرگرییە لە خانەقین بۆ بەرگریکردن بێت لە سنوورەکەمان، دژ بەوانەی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ پەلاماردان خۆیان مەڵاس داوە، بەتایبەتی ئێران، کە هەمیشە وا دەردەخرێت. بەڵام سەباغ خۆی لە یاداشتەکانیدا ئەم گریمانەیە بەدرۆدەخاتەوەو جەخت دەکاتەوە کە ئەم هێڵی بەرگرییە دژ بەوانەیە کە زیان بە عێراق و ئێرانی دراوسێ دەگەیەنن. بە پێی دەستەواژەکە ئێران سوود له هێڵەکە دەبینێت و زیانی پێناگات. باشە گەر دژ بە ئینگلیزو ئێرانی دراوسێ نەبێت، ئەی ناکرێت دژ بە لایەنێکیتری خۆمەڵاسدەر بێت کە ڕەنگە لە بەر هۆکاری سیاسی نەکرێت بە ڕاشکاوانەو ئاشکرا ناوی بهێنرێت؟

بەداخەوەین کە دەڵێین گرنگترین ئامەنجەکانی دروستکردنی ئەم سەنگەرانە کە بە هێڵی بەرگری سەلاحەدین ناونرا، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچە پڕبایەخ و هەستیارەبووە، بە مەبەستی تێکدانی باری

٩٧- الصباغ، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢١٥.

دیموگرافییەکەی و دەستکردن بە گۆڕینی وەک ئامانجێکی ستراتیجی کە سەباغ و لایەنگرانی پلانەکەی کاریان بۆ دەکرد. لە گەڵ بڕوابوونمان بە نیشتمانپەروەرییەکەی سەباغ، کە مایەی گومان نییە، بەلاّم مەیلە ناسیۆنالیستییەکەی زاڵتربووەو کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی هەبووەو بەو ئاراستەیەدا بردویەتی، کە هەقیقەتی بوونی کوردی پێ هەرس نەکرێت، کە سیمای ئەو ناوچەیە بووە، بەوە بووە بە جێبەجێکەری سیاسەتی ناوەند بەرانبەر بە کورد. دەتوانرێت بە ئاسانی ئەو بۆچوونانەمان لەبڕگەکانی یاداشتەکەیدا بەدیبکرێت. وەک پاساو بۆ کارەکانی دژ بە کوردی ناوچەکە، لە میانەی گفتوگۆیەکی گەرمدا لە گەڵ جەلال بابان، کە لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا دژ بەم پلانانە وەستابوو، سەباغ دەیەوێت ڕاستییە مێژووییەکان بشێوێنێت:

((دوای جەنگی یەکەمی جیهان عەشیرەتەکانی ئەلغزەو ئەلکرویەی عەرەب لە دەشتاییەکانی خانەقین نیشتەجێبوون، کە بڵێسەی شۆڕشی عێراق هەڵگیرسا(مەبەست لە شۆڕشی بیستە - نووسەر) ئینگلیز زۆربەی ئەو عەشایەرانەی لە ناوچەکە ڕاگواست و ئاوارە کوردەکانی ئێرانی سەر بە عەشیرەتی سنجاوی هێنایە شوێنیان، ئەمانە هیچ پەیوەندییەکان نە بە عەرەب و نە بە عێراقەوە نییە. لە ڕەگەزی جیاواز جیاوازن جگە لە قاچاخچێتی و سیخوڕی و خزمەتی بێگانەو ئینگلیز و زیان گەیاندن بە عێراق و ئێرانی دراوسێ، هیچ کارێکیتریان نییە. ئەمانە کەوتونەتە بەر فەرمانەکانی من و کارم کردووە بۆ دوورخستنەوەیان، تۆش ئەی جەلال بابان هاواردەکەیت: ئەی هاوار میللەت، لەسەر سنوور کوردان دەچەوسێنرێنەوەو بۆ دەرەوەی وڵات یان بەرەو ناوەوەی عێراق دوور دەخرێنەوە)).

بارودۆخی سەروەختی ئەم سەنگەرلێدانانە (دەکەونە خانەقینەوەوە تا ئەمڕۆش دەیان دانەیان هێشتا ماون) و ئەو ڕوداوانەی لەو کاتانەدا ڕوویانداوە، سەرەڕای ئەو قسانەی

دەربارەیان کراوە، جەخت دەکەنەوە کە هەمان ئەو بیرۆکەیە بووە کە بەکر سدقی، بۆ بەرگریکردن لە کوردستان داینابوو. کارەکەی سەباغ درێژەپێدەری پلانەکەی بەکر بووە لەگەڵ ئەندازیارە ئەڵمانیاکان، بەڵام بە جیاوازی ئامانج و نیازەکانەوە. بە هۆی پلە سەربازییەکەیەوە سەباغ نزیک بووە لە بەکرەوە، ئەمەش دەمانخاتە سەر ئەو بڕوایەی کە چاودێری بیروبۆچوون و پلانەسەربازییەکانی بەکری کردبێت. لە نێویشیاندا پلانی بەرگریکردنەکەی کە بڕیاریدابوو لە زاخۆوە درێژ ببێتەوە تا پشتی خانەقین. بەڵام تیرۆرکردنەکەی نەیهێشت جێبەجێبکرێت و دواتر کەسانی خاوەن مەیلی ناسیۆنالیستی توندڕەو بۆ ئامانجێکی پێچەوانەی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی بەکر بەکاریانهێنا.

دکتۆر گروبا دەربارەی ئەو کابینەیەی دوای کابینەکەی حیکمەت سلێمان پێکهێنرا، واتە پاش تیرۆرکردنەکەی بەکر سدقی، دەڵێت: (( لە ١٩٣٧/٩/٢٣ دا جەمیل ئەلمەدفەعی بەرنامەکەی ڕاگەیاند، دەربارەی سیاسەتی دەرەوە ڕایگەیاندبوو کە هاریکاری عوسبەتولئومەم دەکەن و پەیوەندی برایانە لەگەڵ وڵاتانی عەرەب پتەو دەکەن. بەڵام بۆ کاروباری بەرگریکردن، حکومەتە نوێیەکە بڕیاری لەسەر ئەو کارانەدا کە حکومەتەکەی پێشوو دەستیپێکردبوو))[٩٨].

ڕەنگە وشەی سەنگەر بۆ ئەم خۆقایمکردنە سەربازییانە گونجاو نەبێت، چونکە دیارو ئاشکران و لەسەر بەرزایی یەکتربڕی ڕێگاکان و دەروازەو قەراغ شاردا لێدراون، بە پێچەوانەی سەنگەر و پەناگەوە، کە زیاتر لە شوێنی نزمدا لێدەدرێن. لەبەر ئەو فراوانبوونە گەورەیەی گەڕەکەکانی خانەقین لە دوای ٢٠٠٣ و بە هۆی بڵاویان لە ناوچەیەکی پانوپۆڕدا نەمانتوانی میکانیزمێک بۆ ژماردنی ئەم شوێنانە بدۆزینەوە کە بە پتر لە (٩٠) سەنگەر، یان پێگەی بەرگری ستراتیجی ئەژماردەکرێن. ئێستا بوونەتە شوێنەواری شارەکەو لایەنێکی گرنگی

---

٩٨- گروبا، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ٢ لا ٢٩٤.

ســـەردەمێکی جیـــاوازی مێــژووە تاڵەکـــەی دەردەخـــەن، پێویســـتە پارێزگارییان لێبکرێت و چاکبکرێنەوەو ڕێگری بکرێت لە نەمانیان.

خانەقینییـەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی تـا ئـەمڕۆش وشـەی سـپێر (SPIRE) (کە وشەیەکی ئینگلیزییە بە واتای لوتکە یان قوللە، ...)یـان لەسـەر زارەو بۆ ناوهێنـانی ئـەم سـەنگەرانە بەکاریـدەهێنن. واتاکـەی تایبەتــە بــە تایبەتمەنــدی و شــێوەی ئــەم پێگانــە، کــە لــە بەرزاییــە ســتراتیجییەکانی دەوروبـــەری شـــارو دەروازەکـــانی دروســـتکراون. پیرەکـــان باســـی دروســـتکردنەکانیان دەگێڕنـــەوە کـــە چـــۆن ئـــەو عەسکەرییانەی سەرپەرشـتی کارەکانیـان دەکـرد، بـۆ ڕاگرتنـی نهێنـی چۆنیـــەتی دروســـتکردنیان نەیاندەهێشـــت ڕێبـــواران لێیـــان نزیـــک بکەونەوە. لەو کاتانەدا لەناو خەڵکیدا دەنگۆ بڵاو ببۆوە کە کەرەستەی بیناسازییەکان (شیش و چیمەنتۆ) لە ئەڵمانیاوە هاوردەکراون، ئەوەش بـەهۆی پەیوەندییـە نهێنـی و ئاشـکراکانی ئەڵمانـەکان و عەسـکەرییە عێراقییەکانــەوە، کــە دژ بــە سیاســەتی ئینگلیــز بــوون، لــە ســەروو هەمووشـــیانەوە ســـەلاحەدین ئەلســـەباغ و ئەفســـەرە نەتەوەییـــەکانی هــاوڕێی بــە تایبــەتی، ئەمــە لــە لــۆجیکی دەچێــت و لەگــەڵ واقیعــدا یەکدەگرێتــەوە. لــە ڕووداوەکـانی بزووتنەوەکـەی مایســی ١٩٤١دا کــە ئەفســـەرانی چوارینـــەی زێـــڕین (المربـــع الـــذهبي) و کـــەوا ســـوورە بەناوبانگەکـــەی بـــەر لەشـــکرەکەیان (ڕەشـــید عـــالی گـــەیلانی) سەرکردایەتییان دەکرد، ڕاستی ئەو پەیوەندیە ئاشکرا بوو. سـەرەڕای دژبەیەکی و جیاوازی ئامانجـەکانی ئەمانـەو ئامـانج و پلانـەکانی بـەکر ســدقی، لــە پەیوەندییەکانیانــدا لەگــەڵ ئــەڵمان، بــەڵام سیاســەتەکەی بەکریش لە ئامانج و ڕوانگـەدا هـەمان شـت بـووە، کە بریتـی بـووە لـە کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ئینگلیز لە ناوچەکەو رکابـەرێتیکردنیان و گەر بکرێت وەدەرنانیان لەناوچەکە، ئـەوەش لـە پێنـاوی بەرژەوەندییـە ستراتیجییەکانیدا. هەڵبەتـە سـەباغ (بـە وتـەی خـۆی) لـەو کاتانـەوە کـە

یاریـدەدەری سـەرۆک ئـەرکانی سـوپا و بەڕێوەبـەری جموجۆڵـەکان بـووە لـە سـاڵی ١٩٣٧دا پلانـی بـۆ ئـەم سـەنگەرلێدانانە دانـاوەو دوای دووسـاڵ دەسـتیکردووە بـە بنیاتنانیـان و لـە سـاڵی ١٩٤٠دا تـەواوی کردوون. کـە ئەوکاتـە فەرماندەی فیرقـەی سێ بووە، کـە خانـەقینیش دەکەوتـە سـنوورەکەیەوە. وەک دەبینرێـت لـە نێـوان ئـەم و سـاتع ئەلحوسـەریدا ڕۆڵگۆڕینەوەیـەک هـەبووە بـۆ چەسـپاندنی بیـری یەکگرتنی عەرەب لـە عێراق، ساتع ئەلحوسـەری لـە ڕێگـەی ئـەو پلـەو کارانـەی لـە وەزارەتـی مـەعاریف هـەیبووە لـە گـەڵ وانەبێژییـەکانی لـە یانـەی موسـەننا، گیـانی سـەربازی لـە ریـزی مەدەنییەکانـدا هانـدەدا و تـۆوی ملکـەچی و گوێڕایـەڵی لـە دەروونیانـدا دەچانـد. ئەلسـەباغیش گیـانی ناسـیۆنالیزمی لـە ریـزی عەسـکەرییەکاندا جۆشـدەداو لەسـەر بیـری ئوممـەی عـەرەبی و پێویسـتی بـەدیهێنانی یـەکێتیی نەتـەوەیی، پـەروەردەی دەکـردن[99]. ئەلسـەباغ نـاوی هێڵـی بـەرگری سـەلاحەدینی لەو سەنگەرانە نا، چونکە خۆی سەرپەرشتی دروستکردنی کردوون. بـە بۆچـوونی ئێمـەش ڕەنگـە لـە داخـی ئـەوە بووبێـت کـە بـەکر سدقی نـاوی نـابوو هێڵـی بـەرگری کوردسـتان. ئـەو بۆچوونـەمان بۆیـە لا دروسـتبووە، چونکـە بـەر لـە گەشـتەکەی بـۆ تورکیـا، بـەکر سـدقی نیگـەرانی جانتایـەک بـووە کـە ئـەوراق و بەڵگەنامـەی گرنـگ و مەترسیداری تێدابووەو لـە کـەس دڵنیـا نـەبووە تـا دایبنێت لای، بۆیـە لەگـەڵ ئـەو کەلوپەلانـە داینـا کـە لەگـەڵ خـۆی دەیبـردن. کـاتی تیرۆرکردنەکـەی کەوتـە دەسـت پلانگێڕانـی کوشـتنەکەی و دیـارە سـەیری ناوەڕۆکەکـەیانکردووەو بینیویانـە چ نهێنییـەکی دەربـارەی پلانی بەرگریکردن لـە کوردسـتان و بابـەتیتری گرنگی پەیوەست بـەم مەسـەلەیە تێدایـە. وەک هەنـدێک سـەرچاوە باسـی دەکـەن، دواتـر ناوەڕۆکی ئەو جانتایە دەست ئینگلیز کەوتووەو بە نهێنی ماوەتەوە.

---

٩٩- فاضل البراک –دور الجیش العراقي في......، لا ١٦٨.

دوای ئـەوەی لایەنـە تونـدڕەوەکان (بەیارمـەتی هەنـدێک کـورد) بەکریان لەناوبرد و گۆڕەپانەکەیان بۆ چۆڵکراو ڕووبەری جموجۆڵیان زیاد بوو، کەوتنە سەپاندنی ڕێکارەکانی داماڵینی مافەکانی کورد، بە تایبـــەتی دەســـەڵاتە کـــارگێڕیی و یاســـاییەکانیان لـــە دامـــەزراوە جۆراوجۆرەکـانی دەوڵـەت و لیسـەندنەوەیان؛ ئیتـر ئـەو دەسـەڵاتەیان نـــەما کـــە لەســـەردەمی بـــەکردا هـــەیانبوو، کـــە ئەرکـــەکانی خۆیـــان بەجێدەهێناو بـە پێـی یاسـا و ڕێسـا بڕیارەکـانی خۆیـان دەسـەپاند. هەرکەسـێک وردەکـاری ئـەم ڕاسـتییانەی بـەلاوە گرنگـە، دەتوانێـت بڕوانێتـە ئـەو سـەرچاوەو بەڵگەنامـە مێژووییانـەی باسـی ئـەم بابەتـە دەکەن و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ دەکەن. بۆ نموونـە یاداشتەکانی عەقید سەلاحەدین ئەلسەباغ. لەکاتێکدا دەبینیت خۆی بە جۆری ڕەفتاری حکومەتەکەیەوە هەڵدەکێشێت سەبارەت بە نەتـەوەو کەمـە نەتـەوە نـا عەرەبەکانـەوە، دەکەوێتـە داوی دوفـاقی و مایـەی خۆهەڵکێشانەکەی هەڵدەوەشێنێتەوە. وەک لەم دەقەوە ڕووندەبێتەوە:

((ڕەحمەت لەو کەسـەی وتوویـەتی: مێژوو داگیرکـەرێکی دڵنـەرمی وەک عەرەبی بەخۆیەوە نەبینیوە. هەمیشە پەیوەندی عـەرەب لـە گەڵ گـەلانیتر پتـەو بـووە، عـەرەبی عێـراق لـە پەیوەندییەکانیانـدا لەگـەڵ هاونیشـتمانیانی عـەرەب ئـەم پلانـەیان پـەیڕەو کـردووە: پەیماننامـەی عێراق – ئینگلیز (مەبەست لە پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ یە - نووسـەر) باسی ژمارەی هاووڵاتییە عێراقییە نا عەرەبەکانی نەکردبوو، هـەروەها ژمارەی ئەوانەیان کە لـە پەیمانگا سـەربازییەکان وەردەگیـرێن دیـاری نـــەکردبوو، بـــەڵام تـــا ســـاڵی (١٩٣٧) ٩٠% ئەوانـــەی ســـوپایان بەڕێوەدەبرد، عـەرەب نـەبوون و ڕێژەیـان لـە دەرەوەی سـەربازگەکان و پەیمانگـە فکرییـەکان لـە سـەدا پـەنجا بـووە، گـەرچی ڕێـژەی غـەیرە عەرەب لە ١٠% ی کۆی دانیشتوانی عێراق تێناپەڕێت. ئـەم ڕێـژە زۆر

زیادو ناڕەوایە بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بووە، تا بە ویستی خوا، سوپا کەوتە ژێر دەستی من و برادەرەکانم. ئەوکاتەی بووم بە یاریدەدەری سەرۆک ئەرکانی سوپا و بەڕێوەبەری جموجۆڵەکان، ڕووبەڕووی ئەم ڕەوتە توندە وەستام و دژایەتی ئارەزووەکانی ئینگلیزو دارودەستە زۆردارەکانیانم کردو ڕێژەکەم بە دادپەروەرانە دیاریکردو بابەتەکەم بە ئاشکرا چارەسەرکرد. هەموو عەرەبێک و هەموو ئەو هاووڵاتییە عێراقییانەی دان بە داد و چاکەدا دەنێن دەستخۆشیانلێکردم. ئیتر پەیمانگە سەربازییەکان تژی بوون لە خوێندکارە سەربازییە عەرەبەکان و ئەفسەرانی لاوی عەرەبی خاوەن بڕوا بە عروبەی ڕاستەقینەی دژ بە ناوچەگەریی تەسک، هاتنە ناو سوپاوەو شوێنی ئەو توێژە ئەفسەرە بەکرێگیراوە ملهوڕەیان گرتەوە کە نەیاندەویست عێراق عەرەبی بێت. هەم دەسەڵات و هەم ژمارەیان کەمیکرد. بەمشێوەیە عروبە لە دەزگا سەربازییەکاندا گەشایەوەو تیشکی گەیشتە گشت دامەزراوە و فەرمانگە فەرمییەکان و پەیمانگا زانستییەکان، لاوانی عەرەب لە فەلەستین و سوریا و یەمەن و شانشینی عەرەبیی سعودیە بەم دەستپێشخەرییە دڵشادبوون و لە ساڵی ١٩٣٧ ەوە تا ئەوکاتەی لە ١٩٤١ دا جێمانهێشت لە شێوەو ناوەڕۆکدا عەرەبی بوو))[١٠٠].

پاش تیرۆرکردنی بەکر سدقی، بەم دەربڕینە ئاشکرایانە، ئەلسەباغ داوای سڕینەوەی ئەویدی دەکات! دەربڕینێکی گرژ، بەڕوونی هاوارێکی تێدایە بۆ دوورخستنەوەی ئەم ئەویدییە، کە مەبەستی لە کوردە، (بەتایبەتی ئەفسەرەکانیان)، سەرەڕای سەربەرزییان وەک ئەفسەرانی لێهاتوو لە سوپای عێراقی ئەو کاتەدا، بە توێژێکی ملهوڕ و بەکرێگیراوی دانـاون. ئێستا دەبێت بپرسین: بۆ یەکسەر دوای

---

١٠٠- الصباغ، سەرچاوەی پێشوو، ال ٩١، ٠٢.

تیرۆرکردنــی بــەکر ســدقی، دژ بــە کــورد دەســتکرا بــەم کــارە ئیسـتیفزازییە؟ بـۆ لاوانـی عـەرەب لـە وڵاتـە عەرەبییـەکان بـەوکارە خۆشـحاڵ بـوون؟ ئایـا بـەو واتایـە نییـە کـە نـەمانی بـەکر سـدقی کاریگـەری نـەرێنی بۆسـەر کـورد هـەبووە؟ کـە لـە گرتنەبـەری ئـەو ڕێکارانــەدا بــە تــەواوی دەردەکــەوێت، کــە نــەک تــەنیا دامــەزراوە سـەربازییەکان، بـەڵکو دامودەزگـا مـەدەنییـەکانی دەوڵـەتیشـی گرتبـۆوە. ئایــا ئیتــر پێویســت نییــە لــەو کەســانە بپرســین کــە گومانیــان لــە نەتەوەپەروەریی بەکر سدقی هەیە، پێیان بڵێین: بۆ پێش تیرۆرکردنی بـەکر سـدقی، ئەلسـەباغ و گروپەکـەی، کـە خـاوەن پلەوپایـەی فـەرمی بوون، بە تایبەتی لە ناو سوپادا، نەیانتوانیوە، یان هەوڵیان نەداوە ئەم ڕێکارە کارگێڕییانە بسەپێنن؟ ئایا ئەوە ناگەیـەنێت کە تا بـەکر سـدقی لـە ژیانـدا بـووە، نـەیانوێراوە باسـی شـتی وا نـا مـەعقول دژ بـە کـورد بکـەن؟ بـۆ یەکسـەر پـاش تیرۆرکردنەکـەی، شـۆڤێنیزم دەسـتیکرد بـە پاکتاوکردنی ئەو ئەفسەرە کوردانەی سـەر بـە بـەکر بـوون؟ بۆنموونـە وەک ئـەوەی بەسـەر عەبدولسـتار حسـێن یـان هێنـا، کـە نائیـب زابتـی تەموین وئیعاشـە بـوو. کـە رۆژێـک دوای ناشـتنی شـەهید بـەکر سـدقی تەرمەکەیان لە نزیک هێڵی ئاسنی بەغداد لە ئەعزەمییە دۆزییەوە[١٠١].

بــەلای منــەوە ئــەو ڕێکــارە تونــدەی ئەلســەباغ باســی دەکــات دەربڕێنێکــی زینــدووە بــۆ ڕەنگدانــەوەی ئــەو بــارەی کــورد دوای تیرۆرکردنی بەکرسدقی تیایدا ژیـاوە، هـەروها بەڵگەیـە کـە حکومـەتی ناوەنـد بـە تـەواوی لایـەنگرو پاڵپشـتی ئەلسـەباغ بـووە لـە سیاسـەت و کارەکانیدا دژ بە کورد.

---

١٠١- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية بەرگی ٤، لا ٣٦٩.

**بۆ گرتن و ڕاگواستنی کورد**

**لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی ناوچەکە هاوکاری دەکات**

هەرچەنـدە سـەلاحەدین ئەلسـەباغ نیشـتمانپەروەرێکی ڕاسـتگۆ بووەو لە پێناوی میللەتە عەرەبەکەیدا گیانی بەخشیوە، بەڵام دوودڵ نەبووە لە بانگەشەکردن بۆ پاساوهێنانەوە بۆ هەڵوێستە گرژەکەی دژ بـە کـورد. نموونـەش بـۆ ئەمـە، ئـەو ڕەفتارەیـەتی کـە لەگـەڵ هـۆزە کوردییـەکانی خانـەقین و دەوروبـەری نواندویـەتی، کـەکردی بـە پرۆژەیـەک و پشـتی پێبەسـت بـۆ جێبـەجێکردنی بۆچوونـەکانی بـۆ گواستنەوەیان لە دەوروبەری شار، لە یادیکردبوو کە ئەو ڕاستییانەی ڕەگیـان لـە قـوڵایی مێـژوودا داکوتـاوە بـەو ئاسـانییەی ئـەو پێشـبینی دەکرد لە ناونابرێن و ئەو وتانەی دەربارەی عەشیرەتی سنجاوی لە وەڵامدانـەوەی جـەلال بابانـدا کردبـووی توانـای گـۆڕینی ئـەو ڕاستییانەیان نییە. سنجاوی عەشیرەتێکی ڕەسەنی کوردییە سەدان ساڵە بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن و بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵەتەکەیان لە ناوچەکـەدا دێـن ودەچـن، بـە باشـی ناوبانگیـان دەرکـردووەو لـە ناوچەکەدا وەک نموونە باس دەکرێن. سەرقاڵبوونیان بە بەردەوامی بـە ئاژەڵدارییـەوە بـواری نـەداون بیـر لـە کـاری قاچـاغچێتی بکەنـەوە، گـەرچی سروشـتی کارەکـەیان وابـووە سـنووری دەسـتکردی نێـوان شـارێکی کوردسـتانیی وەک خانـەقین و شـارێکی تـری کوردسـتانیی وەک قەسـری شـیرین ببـەزێنن. وەک دەرەنجـامی ئـەو هۆیانـەی ئەلسـەباغ باسـیکردوون، کـە لەگـەڵ واقیعـی ناوچەکـەو عەشـایەردا ناگونجێـت، ئینگلیـز کـارێکی نـەکردووە بـۆ نیشـتەجێکردنیان. باشـە ئینگلیز چۆن متمانە بە کورد بکات، کە خۆیان دەسخەڕۆیانکردوون و کوردسـتانەکەیان بـە عێراقـەوە لکانـدووە، بـەڵام گومـان لـەو کەسـانە بکـەن و ڕایـانبگوێزن کـە دەوڵـەتێکی عـەرەبییان بـۆ دامەزرانـدوون و کوردستانیشـیان خسـتۆتە سـەر دەوڵەتەکـەیان! چـۆن و لـە کوێـوە

ئینگلیز ئەم عەشایەرە کوردییانەی هێناوە، تا لە ناوچەیەکیتری کوردیدا نیشتەجێیان بکات؟ ئەی عەشایەرە عەرەبەکان، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان نەمانبیستووە لەو ناوچەیەی باسی دەکات نیشتەجێ بووبن، بۆ کوێ ڕۆیشتن؟ هەروەها دژ بە خۆی دەوەستێتەوە، چونکە وەک عەشرەتێکی کوردی ناویان دەهێنێت و دواتر وەک بیانی لە ڕەگەزی جیاواز باسیان دەکات. هەروەک لە یاداشتەکانیدا باسیکردووە، لە نێوان ئەم و جەلال بابانی کورد کە وەزیر بووە لەسەر ئەو کارانەی دژ بە عەشیرەتە کوردییەکانی ناوچە جێبەجێی کردووە، مشتومڕی گەرم ڕویداوە. کە لە دەقی ئەم دەربڕینە گرژەیەوە بە ڕوونی دەردەکەوێت: ((... ئەی جەلال بابان، کارم کرد بۆ دوورخستنەوەی ئەوانەی تۆ لە ئەنجومەنی نوێنەران بەرگریت لێدەکردن و هاوارت دەکرد: هاوارە میللەت، لەسەر سنوور کورد دەچەوسێنرێتەوەو بۆ دەرەوەی وڵات و ناوەوەی عێراق دووردەخرێنەوە. بە دیدی تۆ ئەمە زۆردارییەو سوپا داپڵۆسێنەرێکی تاوانبارەو شایانی بە نەفرەت کردنەو دەبێت فەرماندەکانی کۆتوبەندبکرێن. بەڵام ئەی جەلال، لە ڕاستیدا بەرگریکردنەکەت بۆ پاراستنی کورد نەبوو، بەڵکو بۆ دووبەرەکی نانەوەو هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ بوو لە حاڵەتێکدا گەر حکومەتەکەی گەیلانی نەڕوخاو فەرماندە دەستڕۆیشتووەکانی سوپا خانەنشین نەکرێن))[١٠٢].

لێرەدا ئەلسەباغ هەڵچووە، هەڵچوونەکەش بە هۆی ئەو قسانەوە بووە کە جەلال بابان لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەربارەی ئەو عەشیرەتانە کردوویەتی، کە بە بەڵگەوە باسی ئەو زۆردارییەی کردووە کە بەهۆی سیاسەتی حکومەتەوە دەرهەقیان کراوە، وەک بڵێیت لە بارێکدایە خەفەت بۆ بەسەرچوونی سەردەمی بەکر سدقی دەخوات، ئەو سەردەمەی بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەمجۆرە، یان بۆ

---

١٠٢- الصباغ، سەچاوەی پێشوو، لا ٢٢٧.

ئەو وتانەی  بەرانبەر بابان کردی، یان هەر کوردێکیتری بەرگریکار لە مافە ڕەواکانیان، دەبوایە ئەلسەباغ هەزارجار بیربکاتەوە. درێژە بە بابەتەکە دەدات و دەڵێت: (( کە فەرماندەی گشت یەکە ناوبراوەکان بووم -فیرقەی سێ و سوارەی سوپا- و سەرۆکی لیژنەی سەنگەرلێدانەکان بووم، ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕێگەی تەها ئەلهاشمی وەزیری بەرگرییەوە دەسەڵاتی حاکمی جەزای پلە یەکی پێبەخشیم بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو بیانییە ئاوارانەی بێ پاسپۆرت هاتونەتە ناو عێراق و گواستنەوەی ئەو نیشتەجێیانەی گومانیان لەسەرە. عەبدولئیلای وەسی سەردانی ناوچەکەی کردووەو تەها ئەلهاشمی لە سەردانەکەیدا یاوەری بووەو مەحمود ئەلهندی (بە ڕەگەز خەڵکی سوریا - نووسەر) سەرۆکی یەکێ لە لیژنەکانی کۆنترۆڵکردنی ئاوارەکانی ناوچەی تەحکیم  بووە کە بە گەواهی قایمقامی خانەقین مامۆستا ئیبراهیم ساڵح شوکر، یەحیا نەزهەتی ئەفسەری بەشی ئیستیخبارات یاریدەدەری بووە)).

نەک هەر ئەوە، بەڵکو بەڵگەنامەیەکیان بە ناوی (بەڵگەی نیشتەجێبوون و گەڕان لە ناوچە قەدەغەکراوەکان) داهێنا، ئەوەش بۆ بێزارکردنی  دانیشتوانی شارو دەوروبەری، کە ناچار دەبوون لەگەڵ خۆیان هەڵیگرن و نیشانی بدەن بۆ  ڕێگەپێدانیان بۆ ڕۆیشتن بۆ ئەنجامدانی کارە پێویستەکانیان لە ناو شار یان ڕێگە پێنەدان و گەڕانەوەیان بۆ ماڵەکانیان. چەند دانەیەکمان دەستکەوتووە کە بەناوی ڕۆڵە ناسراوەکانی خانەقینەوەن، لە لاپەڕەکانی داهاتوودا وێنەکەیمان خستۆتە بەرچاو.

هەروا سوکوبارک بڕیار دەدەن، کوردی دانیشتووی ناوچەکە بیانی و بێگانەن، بۆ ئەوەی پاساو بۆ ڕاگواستنەوەیان بهێننەوە. کە ئەنجومەنی وەزیرانیش دەسەڵاتی دادوەری جەزای پلە یەکیان پێبەخشی بەو واتایە بوو کە دەسکراوەیە لە ڕاگواستن و گرتنی هەر

کوردێک بییەوێت و دوورخستنەوەیان لە زێدی باوباپیرانیان، ئەمە لە کاتێکدا خەمی بووە خراپەکارییەکانی ئەم عەشیرەتە کوردییە بێوەیە بگاتە ئێرانی دراوسێ و دەڵێت: (فەرمانەکانم ئەوانەی گرتەوەو کارمکرد بۆ دوورخستنەوەیان). دوورخستنەوەش بە تێگەیشتنی ئەوان تەنیا ڕاگواستن و کۆچی زۆرەملێی نییە، بەڵکو لەسنووری واتای ئەو وشانە تێدەپەڕێت. ئەمانە هەموو سەرباری ئەو واقیعە دیموگرافییەی ناوچەکە کە بۆچوونەکانی ئەلسەباغ و ئەوانەی ویستوویانە بارێکی جیاواز بسەپێنن بە درۆدەخاتەوە. مایەی داخە داهێنانە چەوتەکەی بۆ ڕاگواستنی کورد، بوو بە نەریتێک حکومەتەکانی پاشتر لەسەری بەردەوام بوون.

## زەعیم ئەو مەدالیایەی پێبەخشی کە شایانی بوو

هەرکەسێک یاداشتەکانی عەمید ڕوکنی خانەنشین (جاسم کازم ئەلعەزاوی) خوێندبێتەوە، کە کەسێکی نزیک زەعیم بووە، چونکە سەردەمی شۆڕش سکرتێری وەزارەتی بەرگری بووە، دەبێت ئەم پرسیارەی لا دروست ببێت: ئایا بە ڕاست عەبدولکەریم قاسم لە کودەتاکەی بەکر سدقیدا بەشداریکردووە؟ یان تەنیا پێی سەرسام بووەو لایەنگری بووە؟ گەر تێبینی کاردانەوەکانی زەعیم بکەین سەبارەت بە هەندێک ڕووداوی پێش یان دوای شۆڕش، ڕاستییەک ڕووبەڕوومان دەبێتەوە کە ناتوانین خۆمانی لێ هەڵاوێرین، ئەویش ئەوەیە کە زەعیم لە هەموان زیاتر لایەنگری کودەتا بووە؟ تەنانەت ئاگاداری هەندێک وردەکاریشی بووە پێش جێبەجێکردنی. ئەوەی ئەم عەمیدە لەم بارەیەوە باسی دەکات، پەردە لادەدات و باسی ڕاستییەکە

دەکات. دەبینین لە لاپەڕە ٢٤٦ ی یاداشتەکانیدا دەڵێت: ((پەیوەندیی عەبدولکەریم قاسم بە کامل چادرچییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی کودەتاکەی بەکر سدقی لە ساڵی ١٩٣٦دا، ئەوکاتانەی چادرچی لە حکومەتی کودەتاکەدا کرا بە وەزیری ئابووری. هەروەها موقەدەمی فڕۆکەوان محەمەد عەلی جەواد فەرماندەی هێزی ئاسمانی کە کوڕە پووری عەبدولکەریم قاسم بوو، کەسی دووەم بووە لە کودەتاکەدا.

گەرچی ئەو کاتە عەبدولکەریم ئەفسەرێکی بچوک بووە، بەڵام بەشێوەیەک لە شێوەکان لە کودەتاکەدا بەشداریکردووە. عەبدولکەریم قاسم بە بەکر سدقی سەرسام بووە، بەدرێژایی کاتی کارکردنم لەگەڵیدا تێبینی هاوسۆزی ئەوم کردووە لەگەڵ کودەتاکەی بەکر سدقی، تەنانەت بە کاریگەرێتی عەبدولجەبار جەواد هەوڵیداوە بکوژی بەکر سدقی و محەمەد عەلی جەواد بدۆزێتەوە بۆ دادگاییکردنی، بەڵام ئەنجامی گەڕانەکە دەریخست کە تۆمەتبار بەکوشتنی بەکر سدقی مردووە)).

لە دیدو بۆچوونە نەتەوەیی و سیاسییەکانیاندا، لێکچوونێکی زۆر لە نێوان هەردوو سەرکردە، بەکر سدقی و زەعیم عەبدولکەریم قاسمدا هەیە. هەردووکیان دەیانزانی زاڵبوونی باڵی سەربازی نەتەوەییەکانی ناو سوپای عێراق بە واتای لەدەستدانی مافەکانی کوردو کەمایەتییەکان دێت. بۆیە لەسەر ڕێبازی هەرێمی ڕۆیشتن، چونکە تا ڕادەیەکی پەسەندکراو ئەو مافانەی دەستەبەردەکرد. هەردووکیان لە خەمی چینی چەوساوەو کرێکاران و جوتیاراندا بوون. زەعیم قاسم دەسەڵاتی چەوساندنەوەی مادی و مەعنەوی لە دەرەبەگ سەندەوە؛ لە بەر ئەو بۆچوونانە هەردووکیان بە ناوچەگەریی و شعوبی تۆمەتباردەکران، تەنانەت هەندێک جار

تۆمـــەتی کۆمۆنیســـتی بوونیـــان دەدرایـــە پـــاڵ. دواتـــریش دوای شەهیدکردنیان دەرکەوت کە هیچ سامان و موڵکێکیان نییە، ئەوەش گومانی نەیارە سەنگەرلێگرتووەکانیانی پوچەڵکردەوە؛ لە ڕوانگەی ئەم پێدراوانـــەوە کـــارێکی سروشـــتی بـــوو، کـــە پـــاش شۆڕشـــی ١٤/تـەموزی/١٩٥٨ ئیعتبـار بـۆ شـەهید بـەکر سـدقی و موقـەدەمی فڕۆکەوان محەمەد علی جەواد، کە لەگەڵیدا شـەهیدکرابوو، بگێڕێتـەوە. کـە ئەنجوومـەنی وەزیـران لـە کۆبوونـەوەی رۆژی ١٣/ کـانوونی دووەمـی/١٩٦٠دا بڕیاریـدا بـە پێدانی (٥)هـەزار دینـار بـۆ میراتگرانـی هەریـەکێکیان، لەگـەڵ موچەیـەکی خانەنشـینی، کـە لـە ڕۆژی شـەهید بوونیانـەوە لـە ئـابی ١٩٣٧ ەوە بۆیـان ئـەژمارکرا. هـەروەها بڕی ٣٥٠ دینار بەخشرا بە خێزانی عەریف نەسروڵا کـە لەگـەڵ بیسـتنی هـەواڵی شـەهیدبوونی بەکرسـدقیدا خـۆی کوشـتبوو، ئـەوەش لـەوەڵامی ئـەو داوایەی خێزانەکەی بۆ زەعیم عەبدولکەریم قاسمی بـەرزکردبۆوە[١٠٣]. بـەڵام کـارێکی چـاکتر لـەو شایسـتە داراییانـە، ئەوە بـوو کـە حکومـەت کێلێکـی مەڕمـەڕی لەسـەر گۆڕەکانیـان دانـا، کـە بـە وشـەی شـەهید نەخشـێنرابوو، مێـژووی شـەهیدبوونیان و رۆژی ناشـتنیانی لەسـەر نووسـرابوو. هـەر بەتـەواوی شـایانی ئـەو بەڵگـەی شـەهیدییە بـوون. ئێستاش داوای کارێکی نەکردە ناکەین، گەر پێشنیار بکـەین حکومـەتی هـــەرێم ئێسکوپروســـکەکانیان بگوازێتـــەوە بـــۆ کوردســـتان و ئـــەم سەرکردە ونەی مێژووی کورد، لـە گۆڕستانی شـەهیدان لـە گـۆڕێکی شـایان بـە خـۆی بنێژرێتـەوە. گرنگـە (بـە بـڕوای ئێمـە) ئـەم کـارە بـە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی ناوەند و بە ڕێکاری فەرمی ئەنجامبدرێت بۆ گێڕانەوەی ڕێزی سیاسی و نەتەوەیی و... تەنانەت کەسیش.

١٠٣- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية بەرگی ٤، ال ٣٦٩.

## هەڵوێستێك رەنگدانەوەی ڕاستیی قۆناغێکە

وەک زانراوە ڕاستی هەمیشە یەک شتە، تەنانەت هەندێکجار لە وشەیەکی سەرپێیەوە هەستی پێدەکرێت، هەر هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی چ تاکەکەسی یان گشتیش بن گوزارشتن لە ڕاستییەک. نوکتەیەک یان ڕوداوێکی سادە رەنگە ببنە هۆی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییە، رەنگە کوشتنی مرۆڤێکیش، وەک ئەو بابەتەی لێرەدا دەیخەینەڕوو ئەو کارە بکات. گەرچی ئەوە ڕووداوێکە پەیوەست بە کوشتنی کەسێک و لەسێدارەدانی بکوژەکە. بەڵام دەچێتە خانەی تراجیدیای کوردییەوە، بە واتای وشە وەک ئاوێنە دەینوێنێت بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییە دەربکەوێت، کە مەبەستمانە. سەرباری زۆریی ئەو سەرچاوانەی ئاماژەیان بۆ ئەو ڕووداوەکردووە، بەڵام ئێمە لەبەر ئەو هۆیانەی پێشتر باسکراون، وامان بەلاوە باش بوو مێژووی وەزارەتەکانی عێراق لە نووسینی عەبدولرەزاق ئەلحەسەنی بکەینە سەرچاوە، کە دەڵێت: (( عەبدولقادر ئەلسنەوی کەسایەتییەکی مافناسی هەڵکەوتووبوو، چەندین ساڵ جۆرەها پلەی دادوەری بینیوە، لە فەرمانەکانیدا نموونەی دادپەروەری بووە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی ئەملاک و زەویوزاری میری، ئەندامی ئەنجومەنی ئینزیباتی گشتیش بووە، ڕێکەوت وابووە کێشەی خانەنشینی مەحمود جەودەت کە ئەفسەرێکی کورد بووە، خراوەتە بەردەم ئەم ئەنجومەنە. دیارە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا ئەلسنەوی پرسیاری وای لە خاوەن کێشەکەکردووە کە بەدڵی نەبووە، ڕۆژی دواتر کە ٢٦/مایسی/١٩٣٧ بووە مەحمود جەودەت تەقەی لە ئەلسنەوی کردووەو کوشتوویەتی، بکوژ دراوە بە دادگا. لە

ڕۆژی ٢٩ی هەمان مانگ، واتە سێ ڕۆژ پاش ڕووداوەکە، فەرمانی لەسێدارەدانی بۆ دەرچووە. ساڵح جەبری وەزیری داد ویستویەتی دەستبەجێ فەرمانەکە جێبەجێبکات، بەڵام لەبەر دەسەڵاتی بەکر سدقی، ئەو کارە نەکراوە. ئەم فەرمانە بۆتە مایەی بێزاربوونی کورد، بەو بیانووەی کە بکوژەکە تووشی شێتی بووە، تانەیان لە فەرمانەکەدا، دادگای تێهەڵچوونەوە، پاش وردبینی دادوەری، وای بەباش زانی بۆ ماوەیەک بکوژ بخەنە ژێر چاودێری پزیشکییەوە. بەڵام کە لە ڕۆژی ١١/ئابی/١٩٣٧ بەکر سدقی کوژرا، دووبارە بکوژ درایەوە بە دادگا، لە ٢١/ئەیلولی/١٩٣٧ دادگا بەشێوەیەکی کۆتایی بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکردو لە بەرەبەیانی ٢٠/تشرینی دووەمی/١٩٣٧ جێبەجێکرا))[١٠٤].

گەر وەک بابەتێکی سەربەخۆ بڕوانینە ڕووداوەکە، ئەوا لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی کوشتن تێناپەڕێت وەک ئەوانەی لەو ماوەیەدا لە عێراق ڕوویان دەدا، بۆ نموونە هاوشێوەی ڕووداوی کوشتنی وەزیری ناوخۆ تۆفیق ئالخالیدی. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە بکوژانی ئەلخالیدی، گەرچی (وەک لێکۆڵینەوە مێژووییەکان جەختی لەسەردەکەن) لەلایەن پیاوانی دەسەڵاتەوە ناسراویش بوون، لەبەر هۆکاری سیاسی کەسێک هەوڵی گرتنی نەدان. هەروەها لەبەر هەمان هۆ، سەرباری هۆی نەتەوەیش بکوژانی سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراقیش نەدران بەدادگا. بەڵام پەلەپروزێیان بوو بۆ لەسێدارەدانی مەحمود جەودەت. واتە مەسەلەکە تەنیا هەر کوشتنی کەسێک نەبووە،

---

١٠٤- الحسني – تاريخ الوزارات العراقية بەرگی ٤، لا ٣٢٠.

بـەڵکو لـەوە گـەورەترەو هەنـدێک لایـەنی لـەخۆگرتووە کـە دەبێـت هەڵوەسـتەی لەسـەر بکـەین و لـە ڕەهەنـدەکانی ڕابمێنـین؛ کێشـەیەکە پەیوەسـت بـە مـاف و ژیـانی میللەتێکـەوە، دەتـوانرێ لـە ڕێگـەی ئـەم خاڵانەی لای خوارەوە هەندێک لایەنی ڕوونبکرێتەوە:

١- ئەلحەسـەنی باسـی ئـەو وتـە سـووکەی نـەکردووە کـە ئەلسەنەوی بە مەحمود جەودەتی گوتووە، ئەگینا مـەعقول نییـە، لەبـەر پرسـیارێکی نابـەدڵ، کەسـێکی عاقـڵ، کەسـێکیتر بکوژێـت، گـەر پرسـیارەکە ڕووشـێنەرو بەسـووک سـەیرکردن نـەبێت. بـەڵام ڕاسـتی مەسـەلەکە، کـە ئاشـکرا بـووە، بـەڕێز جـەمال نەبـەز باسـی دەکـات و دەڵێـت کـە مـەحمود جـەودەتی ئەفسـەر باسـی هـەژمارکردنی مـاوەی خزمـەتی لـە ریـزی هێزەکـانی شـێخ مـەحمود کـردووە، ئەلسـنەوی سەرزەنشتی دەکات و بە تەوس و گاڵتەپێکردنەوە پێیدەڵێت: (هـاتووی خزمەتی لای ئـەو چەتانـەت بـۆ ئـەژماربکرێت؟)، مـەحمودیش یەکسـەر دەمانچـەی هەڵکێشـاوەو ئەلسـنەوی کوشـتووە. ئـەم وردەکارییـە لـە ڕاستییەوە نزیکـە، چونکـە مرۆڤ چەنـد هەسـت بـە شـکاندنیش بکـات، مـاوەی ڕۆژێـک بەسـە بـۆ ئـەوەی سـاردبێتەوەو بەرلـەوەی کەسـێک بکوژێـت، بـە باشـی بیربکاتـەوەو بەخۆیـدا بچێتـەوە. گـەرچی لێـرەدا پاسـاو بـۆ کارەکـەی ناهێنینـەوە، بـەڵام ئەوسـاو ئێسـتاش، کـە کـورد داوای مافی زەوتکراوی کردبێت یان بکات، وشەی چەتـە و موخـەریب ڕووبەڕووی بۆتەوەو دەبێتەوە.

٢- سەرەڕای دەسـەڵات و سـەنگی بەکر سدقی لـەو کاتـەدا، بـەڵام بە کاتێکی پێوانەیی و نا ئاسایی دادگا بڕیـاری لەسـێدارەدانی دەرکـرد، کـە تـەنیا سـێ ڕۆژی پێچـوو، دوای ئـەوەش وەزیـری داد سـاڵح جـەبر

داوای دەکرد دەستبەجێ جێبەجێبکرێت. هەروەک بڵێیت پێشوەختە نیازی خراپیان بەرانبەری هەبووبێت.

٣- سەرباری سووربوونی توندڕەوان، کە فەرمانەکە جێبەجێنەکراوە، دەیسەلمێنێت کە ئەوکاتانە کەسی بەتوانا بۆ بەرگریکردن لە کورد بەکر سدقی بووە، گەرچی بەربەستەکانیش چواردەوریان گرتبوو. دەربارەی ئەم، گروبا دەڵێت: ((کە وەزیری داد ئەوپەڕی تواناکانی خستەگەڕ بۆ لەسێدارەدانی تاوانبارەکە، بەکر سدقی لایەنیگرت و بە پشتبەستن بەدەسەڵاتەکانی لە سزای مەرگ ڕزگاری کردو سزاکەی بۆ گۆڕی بە زیندانکردن؛ ئەوەش وەزیری هیوابڕاو کردو دەستی لە کار کێشایەوە))[١٠٥]

٤- بە کوشتنی بەکر سدقی، چارەنووس و داهاتووی کورد بەسترایەوە بە ئارەزووی ناسیۆنالیستە توندڕەوە دەسەڵات بە دەستەکان، کە کەوتنە خۆیان دژ بە کوردو هەر ئەوەندە کوردیان دەویست کە قوربانیان بۆ بدات و لەسەر ڕێبازە نەتەوەییەکەی ئەوان بڕوات و بگرە گەر پێویست بکات دژ بە نەتەوەو میللەتی کوردی خۆی بێت.

٥- بارودۆخی لە سێدارەدانەکەی مەحمود جەودەت و دیاریکردنی کاتی جێبەجێکردنەکەی، ئاماژەن بۆ بوونی گیانی تۆڵەسەندنەوە لای ئەو توخمە توندڕەوانەی دژی بەکر و سیاسەتەکەی بوون. لەکاتێکدا حکومەتە نوێیەکە رەتیدەکاتەوە بکوژەکانی سەرۆک ئەرکانی سوپا ،بەکر سدقی، بدات بە دادگا، دەبینین دەسبەجێ مەحمود جەودەت دەخاتە بەردەم دادگاکان بۆ ئەوەی تەنیا لە ماوەی سی ڕۆژدا لە سێدارەی بدەن. بڕیارەکەی

- گروبا، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی ١ لا ١٠٥.٢٧٥

پێشوویان بۆ گۆڕی و بڕیاردرا لەسێدارەبدرێت و لە ٢٠/تشرینی دووەمی/١٩٣٧ جێبەجێکرا. تەنانەت نەخۆشخانەی دەروونیش، کە چاودێری باری دەروونیان دەکرد، نەیتوانی بەهانایەوە بچێت، بەڵام ستایشی بکوژانی بەکرسدقی دەکراو ڕێزیان لێدەنراو پاداشت و پلەوپایەیان بەسەردا دەباری.

لەم کاتانەدا کە سەرقاڵی ئەم توێژینەوەیەین، لە شاشەی تەلەفزیۆن و سەتەلایتەکانەوە پەیتاپەیتا وتارێکی ئاگرینی بەڕێز نوری ئەلمالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق پەخش دەکەن، کە مێژوو دەگێڕێتەوە بۆ هەمان ئەو بازنەیەی چواردەوری مەحمود جەودەتی پێگیرا و ژیانی لێ زەوتکرد. لەهەمان بازنەوە ئەلمالیکی سەردەردەهێنێت و ڕاستییەک ئاشکرا دەکات، بەداخەوە تا ئەمڕۆش وەک خۆی ماوەتەوە، ئەویش فەرهەنگی تۆڵەکردنەوەیە لە کورد، کە بە دەستەواژەی (خوێن بە خوێن)، دژ بە ئەفسەرێکی کورد لە پاسەوانانی سەرۆک جەلال تاڵەبانیدا، بەرجەستەیکرد. ئەو ئەفسەرە تەقەی لە ڕۆژنامەنووسێک کردبوو کە سووکایەتی بە کورد کردبوو. ئەم ئەفسەرە مەحمود جەودەتمان بیردەهێنێتەوە، کە بەرگەی کولتووری بەسووک سەیرکردنی هەندێک لە برا عەرەبەکانی نەگرتبوو، جا لە پێگەی لێپرسراوێتیدا بن یان نا، کە دەیان ساڵە هەر بەردەوامەو هەر پەیڕەوی دەکەن، وەک ئەوەی کورد هاونیشتمانی پلە دوو بن. سەرەڕای ئەم کولتووری بەکەم سەیرکردنە، کە هەندێکجار کاردانەوەی زۆر توندی لێدەکەوێتەوەو دەگاتە ڕادەی کوشتن، بەڵام ناکرێ بەهیچ بیانویەک پاساو بۆ ئەو کاردانەوانە بهێنرێتەوە.

## کوشتنی بەکرو لەسێدارەدانی مەحمود جەودەت

بۆ سەلماندنی بوونی پەیوەندی لە نێوان تیرۆرکردنی بەکر سدقی و لەسێدارەدانەکەی مەحمود جەودەت، پێویست بە بەراوردکاری و بەڵگەهێنانەوە ناکات، پەیوەندییەکە بەهێزەو بە هیچ جۆرێک لێی جیاناکرێتەوە. چونکە هەموو ئاماژەکان بوونی ئەو پەیوەندییە دەسەلمێنن. پاش تیرۆرکردنی بەکر سدقی، خوێنی کورد کرایە کاسەوەو بە هەرهۆیەکەوە دەسەڵات بخوازێت ڕشتنی کرا بە یاسایی. دووبارە دادگاییکردنەوەی مەحمود جەودەتی ئەفسەر ئەم ڕەوشە بەرجەستەدەکات و دەیسەلمێنێت کە لەبەر کوشتنی کەسێک نەبووە، بەڵکو لەبەر شوناس و ڕەچەڵەکی نەتەوەیی بکوژەکە بووە. لە ڕاستیدا جێگەی داخە لە یادگەی مێژووی کوردمان هەندێکجار کەسانێک پشتگوێ دەخرێن و لە بیردەکرێن کە شایانی بەرزڕاگرتنن، بەڵام هەندێکجاریتر بەبێ حساب ڕێز لە کەسانێکیتر دەگیرێت. گەر وانیە کوا ئەو لاپەڕانەی مێژوو کە باس لە ئازایەتی مەحمود جەودەت دەکەن؟ کە لەگەڵ حەمیدی برایدا لە پێشەنگانی ئەوکەسانە بوون کە چوونە ڕیزی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود و هەموو ئیمتیازاتێکی جێهێشت کە ئەو کاتانە ئەفسەرانی سوپا هەیانبوو. چ لاپەڕەیەکی مێژووەکەمان باسی ئەو پاڵنەرو هاندەرانەی کردووە کە بە هۆیانەوە مەحمود جەودەت لە سێدارەدرا؟  ئایا لەیادکردنی هەزارجار باشتر نیە لەوەی لەسێدارەدانەکەی وەک ڕووداوێکی ئاسایی باسبکرێت. چ ڕووداوێک شاعیری نەتەوەیی (فایەق بێکەس)ی نەمر دەخاتە گریان، گەر بارتەقای کۆستی لەسێدارەدانی مەحمود جەودەت ئەبێت، کە لە هۆنراوەیەکیدا وا وێنای کردووە، دەروونی هەموو خاوەن ویژدانێک

دەهەژێنێت. گەرچی لەسێدارەدانی مەحمود جەودەت سزایەک بووە بۆ تاکە کەسێک، بەڵام کات و شێوازی لەسێدارەدانەکەی هاوتای لەسێدارەدانی مەعنەویی تەواوی میللەتێک بووە، هەرکەسێک لە وردەکارییەکانی وردبێتەوە، هەست بە کینەی دوژمنان دەکات، کە خۆیان بۆ تۆڵەکردنەوە لە کورد مەڵاس دابوو. دووبارە دادگاییکردنەوەو کاتی لەسێدارەدانەکەو جێبەجێکردنەکەی بەو خێراییە پێوانەییە بەڵگەیەکی ڕوونە کە بەکر سدقی پارێزەری کوردی عێراق بووە، بە تایبەتی لەو ساڵانەدا کە ناوبانگی دەرکردبوو. تیرۆرکردنەکەشی بەواتای ئەوە دێت، کەی دەسەڵاتداران بە پێویستی بزانن، کورد لەبەردەم مەترسی قڕکردندایە.

**لاوانەوەی بێکەسی مەزن بۆ مەحمود جەودەت**

وشەکانی ئەم هۆنراوە کوردییە دەیسەلمێنێت کە هەڵقوڵاوی دڵێکی هەڵقرچاوە، بەو ستەمەی لە مەحمود جەودەتی ئەفسەر کراوە، پاش تیرۆرکردنەکەی بەکر سدقی و دووبارەکردنەوەی دادگاییکردنەکەی. گەرچی شاعیری گەورە، ئەفسەرە نەبەردەکە دەلاوێنێتەوە؛ بەڵام ئەوە لاوانەوەیەکی مەعنەوی و ڕۆحییە بۆ سەرتاپای کورد. شێوازی لە سێدارەدانەکەی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ئەو دەسەڵاتە توندڕەوەیە کە دوای ڕوخان، لە سایەی کودەتاکەی بەکر سدقی و حکومەتە چاکسازییەکەیدا، جارێکیتر بەهۆی تیرۆرکردنەکەیەوە، هاتبوونەوە سەر شانۆی سیاسی. هەر وشەیەکی ئەم لاوانەوەیە دەربڕینێکی ڕوونە بۆ ئەو بێهیواییەی نەک تەنیا دەروونی شاعیر، بەڵکو دەروونی هەموو کوردێکی دڵسۆزی تەنیبوو،

هەروەک بڵێیت ئاماژەیەک بووبێت، بۆئەوەی کە لەگەڵ تیرۆرکردنی ئەو سەرکردەیەی چەتری سەریان بوو، ئەستێرەی بەختی ئەمانیش ئاوابووبێت.

**وەتەن هەڵڕێژە ئەشکی خوێنینت**
**با بەرز بێ سەدای شین و ناڵینت**
**گوێی فەلەک کەڕکا فەریاد و شینت**
**تاریک و لێڵ بێ ئاسمانی شینت**
**ئاهو هەناسەی دڵەی خەمگینت**
**داپۆشێ تیشکی خۆری زێڕینت**
**هەڵوەرێ پەڕەی گوڵ و نەسرینت**
**لەجێی گوڵ دڕک دەرکا زەمینت**
**بەهارت، پایز، زستان، هاوینت**
**لەباتی بولبول بوومی باڵ شینت**
**بخوێنێ لەسەر خاکی حەزینت**
**شادیت شیوەن بێ بە موددەی ژینت**
**بۆ جگەر گۆشەو ڕۆڵەی شیرینت**

***

**کوردە تۆ بگری بۆ قارەمانت**
**بۆ لاوی چاک و مەردی مەیدانت**
**بۆ باغەوانی باغی ژیانت**

بۆ ڕەمزی بەرزی شەرەف و شانت
بۆ ئەوەی لەڕێی عیزەتی نەفسا
بێ باکانە خۆی کردە قوربانت
بگری بۆ وەفاو سەخاو حەمییەت
بگری بۆ غیرەت هیممەت جیدییەت
بگری تا ماوی بۆ مەحموود جەودەت
شادیت شیوەن بێ بە موددەی ژینت
بۆ جگەر گۆشەو ڕۆڵەی شیرینت

***

وەتەن تۆ حەقتە هەر هاوارت بێ
کێ لەدوای مەحموود فیداکارت بێ
کێی تر دڵسۆزی جان نیسارت بێ
دوژمن  بە جەستەی حاڵی زارت بێ
کۆچکردەی ئازیز بەخوام سپاردی
هەزاران ڕەحمەت لە مەزارت بێ
(جنة المأوى) جێ و قەرارت بێ
سەبووری دڵەی کەس و کارت بێ
ئەی وەتەن بیستی تشرینی سانی
ڕۆژی ماتەم و غەم شیعارت بێ
شیعرەکەی بێکەس یادگارت بێ
شادیت شیوەن بێ بە موددەی ژینت
بۆ جگەر گۆشەو ڕۆڵەی شیرینت

## دەرئەنجام

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، دەگەینە ئەو بڕوایەی هەرکەسێک کە دژ بە بەکر سدقی بووبێت و دژ بە بۆچوون و کارە سیاسییەکانی وەستابێت، لە هەر پلەو پایەیەکی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتیدا بووبێت، ئەوا دژ بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بووە، بە پێچەوانەشەوە ئەوەی بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕووی سیاسییەوە پشتیگرتووە، لەگەڵ داخوازییەکانی کورد بووەو لایەنگری مافەکانی بووە. تەنیا ناوهێنانی هەندێکیان کە بوونەتە سیمبولی بەرگری لە مافی نەتەوەکەیان ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنێت و بانگەشەی چەواشەکارانەی ئەوانە ئاشکرا دەکات، کە درۆ و بوختان دژ بە بەکر هەڵدەبەستن. نموونەی ئەو ناوە نەمرانەی ئاسمانی کورد، کە مەبەستمانە ئەمانەن: تۆفیق وەهبی، محەمەد ئەمین زەکی، ئیبراهیم ئەحمەد، جەلال بابان، و برایانی ئال جەودەت (مەحمود و حەمید و ڕەشید) ئەوەی دواییان بەشداربووە لە کودەتاکەی بەکردا. جگە لە چەندین کەسانیتر.

هەروەها تێدەگەین کە بەکر سدقی زۆر شانازی بە نەتەوەکەیەوە کردووەو دەسەڵات و ئیمتیازاتەکانی نەبوونەتە هۆکار بۆ سازشکردن لەسەر مافەکانی کورد. زۆر بە توندی و ئازایانە دژ بە سیاسەتی نەژادپەرستی پەڕگیری هەندێ لە توندڕەوان وەستاوەو لایەنگری سیاسەتێکی میانڕەوانە بووە کە هەموو عێراقییەکان بپارێزێت، بە تایبەتی نەتەوەکان یان کەمایەتییەکان و تایەفە نا عەرەبەکان، هەڵبەتە نەژاد پەرستە عەرەبەکان ئەم سیاسەتەیان ڕەتکردۆتەوەو لەگەڵ ئینگلیز دەستیان تێکەڵکردووەو هەندێک کوردیان بەکارهێناوە کە

ناپاکییان بەرانبەر ڕۆڵەی دڵسۆزی گەلەکەیان کردو لە ناکاو، کە بێ پاسەوان، تەنانەت پاسەوانە تایبەتەکەی خۆی لا نەبوو، لە شوێنێکی کراوەدا دانیشتبوو کوشتیان. ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی لە لایەن عەرەب و بیانییە هاوچەرخەکانییەوە تۆمار کراون جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بەکر سدقی نیازی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی هەبووە، کە لە کوردستانی باشوورەوە دەستپێبکات.


هەروەها سەرەڕای سووربوون و سەرکەوتوویی بەکر سدقی، لە بەجێهێنانی ئەرکە سەربازییە سەخت و ئاڵۆزەکاندا، دەبینین لە ڕووبەڕووبوونەوەی هیچ بزووتنەوەو شۆڕشێکی چەکداریی کوردیدا بەشداری نەکردووە، وەک بزووتنەوەکانی شێخ مەحموود و بارزانییەکان و ئێزدییەکان و ئەوانیتر. لێکدانەوەی ئەمەش دوو حاڵەت دەگرێتە خۆ، کە دەمانگەیەنێتە هەمان ئەنجام: یان دەسەڵاتی عێراق داوای لێکردووەو ئەم ڕەتیکردۆتەوە، یان نەیانوێراوە داوای کارێکی وای لێبکەن، لەبەرئەوەی دەیانزانی وەڵامەکەی چی دەبێت. ئەگەر وا نییە، بۆ مێژوو باسی تاکە یەک ڕووبەڕووبوونەوەش ناکات، کە لە نێوان سوپای عێراقی بە سەرکردایەتی بەکر سدقی و شۆڕشگێڕانی کورد ڕوویدابێت؟

هەروەها دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەو نەژادپەرستە توندڕەوانەی لەو سەردەمەدا دژ بە خواستەکانی بەکر سدقی بوون، باوباپیری ئەو توندڕەوانەن کە ئەمڕۆ دژی ماف و داهاتووی کورد دەوەستن و هەمان هەڵوێستیان هەیە و سیاسەتی ئەمڕۆ، لە چەند جومگەیەکیدا نەبێت، سەرەڕای هەموو گۆڕانکارییە هەرێمی و جیهانییەکان، هاوشێوەی هەمان سیاسەتی دوێنێیە. تا ئێستاش کورد

بەلای نەژادپەرستە پەڕگیرەکانەوە هەر بە هاووڵاتی پلە دوو ئەژمار دەکرێت.

لە کۆتایشدا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی ئەو کەسانە، لەو سەردەمەدا، هەرچەندە لە بۆچوون و روانگەی سیاسی و فیکریدا جیاوازیش بوون، ئەوا لەترسی بۆچوونە نەتەوایەتییەکانی بەکر سدقی، یەکیانگرتووەو پێکهاتوون لەسەر بەرەنگاربوونەوەو وەستان لە دژی. گەر ئەوەی باسکرا کورت بکەینەوە، دەڵێین کودەتاکەی بەکر سدقی وەک خاڵێکی وەرچەرخانە لە نێوان دوو قۆناغی جیاواز و ناکۆک لە ڕووی ئامانج و ستراتیجەوە: قۆناغی کودەتا، کە داوای دەوڵەتێکی عێراقی دەکرد بۆ هەمووان، بێ جیاکاری و بێ دژایەتیکردنی کورد لە بەدیهێنانی خواستەکانی و دەستەبەرکردنی دوارۆژی خۆی، لەگەڵ قۆناغێک کە غەیرە عەرەب جێگایان نابێتەوە، لە وڵاتێکدا نەبێت کە عەرەبی فەرهەنگ بێت و لەسەر بنەمای رەتکردنەوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئەویدی دامەزرابێت.

# وێنە و
# بەڵگەکان




بەکر سدقی لە ناوەڕاستدا، ئەوپەڕی لای ڕاست گروبا و ئەوپەڕی لای چەپ حیکمەت سلێمان. کاتی ماڵئاوایی لێکردنی بەرەو تورکیا، کە بوو بە دوا ماڵئاوایی.







مەلیک فەیسەڵی یەکەم و
مەلیک غازی کوڕی و
فەیسەڵی دووەمی
کوڕەزای



جەعفور ئەلعەسکەری



یاسین ئەلهاشمی



سەڵاحەدین ئەلسەباغ



رەشید عالی گەیلانی



عبد المحسن السعدون



مەحمود سەلمان

عبد المحسن السعدون

لە پەنجاساڵیدا لە ١٣ی تشرینی دووەمی ١٩٢٩، پاش ئەوەی لەبەر موزایەدەکردنی هەندێ سیاسەتمەدار و وەزیرەکانی حکومەتەکەی، تەواو نائومێدبوو، خۆیکوشت. خۆکوشتنەکەی میللەتی هەژاند و خەمباریکردو ئەوەی وایکرد خۆکوشتنەکەی ببێ بەکۆستێکی گەروە ئەوەبوو کە بڕیاری پێشوەختەی بۆ ئەم کارە دابوو و نامەیەکی بەزمانی تورکی بۆ کوڕەکەی نووسی و تێیدا گەندەڵیی حکومەتەکەی و دووڕوویی هەندێ کەسی لای ئینگلیز بۆ پیلانگێڕان لەدژی ئەو، روونکردبوەوە.. بۆیە ئیتر بەرگەی نەگرت.



مەحمود جەودەت



حەمید جەودەت



رەشید جەودەت

برا پاڵەوانەکان: مەحمود لەلایەن ئەو دەسەڵاتەوە لەسێدارەدرا کە بەکر سدقیی تیرۆرکردبوو، ئەوەش پاش دووبارە دادگاییکردنەوە، لەبەر ئەوەی بەشداریی شۆڕشی شێخ مەحمودی کردبوو، هەروەها لەبەر ئەوەی عەبدولقادر ئەلسنەوی کوشتبوو، چونکە بە شێخ مەحموودو شوێنکەوتووانی وتبوو چەتەکان. حەمید لەگەڵ محەمەدی برای چوبووە ریزەکانی شۆڕشی شێخ مەحمود و ڕەشیدی برای بەشداریی کودەتاکەی بەکر سدقیی کردبوو.



د. فریتز کروبا



زەعیم عەبدولکەریم قاسم



جەمیل ئەلمەدفەعی



حیکمەت سلێمان




تەها ئەلهاشمی



سەلاحەدین ئەلسەباغ

ئەلسەبباغ لەبیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: (نەخشەی جوڵەی سەربازی بۆ بەرگریکردن لەعیراقم ئامادەکردبوو، بۆ بەرگریکردن لەعیراق لەلای رۆژهەڵاتەوە، دژی هێرشی ئینگلیز نەبوو، بەڵکو دژی کوردە ئاوارەکانی هۆزی سنجاوی بوو، کە زیان بەعیراق و ئێرانی دراوسێ دەگەیەنن، لەبەرئەوەش کە فەرماندەی سەرجەم پەلەکانی فرقەی سێ و هێزی ولاخسواریی سوپابووم و سەرۆکی لیژنەکانی پاڵپشتییەکان بووم و ئەنجومەنی وەزیران لەڕێگەی وەزیری بەرگری تەها ئەلهاشمییەوە دەهسەلاتی دادوەری سزادەر بەپلەی یەکەمی پێبەخشیم بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەمانە، بۆیە کارم کرد بۆ لادانیان بەشایەتمانیی مامۆستا ئیبراهیم ساڵح شکور قایمقامی خانەقین. دەستەواژەی – هێڵی بەرگریی سەلاحەدین – یشی لەسەر چەند قەڵایەکی بەرگریکردندا نەخشاند).



وێنـەی دیـواری نـاوەوەی قەڵایـەک کـە نـاوی ئەلسـەبباغ و مێـژووی جێبەجێکردنەکـەی ( تـەممووزی ١٩٤٠) لەسـەر نەخشـێندراوەو وشـەکان تـا ئەمڕۆش بەڕوونی ماون.



وثيقة الاقامه والتجول
في المناطق المحرمة

( رقم التسلسل ) ٧٥٥

١ـ الاسم واسم الاب :

٣ـ العمر والعلامه الفارقة البارزة :

٤ـ حدود منطقة التجول والاقامة :

٥ـ ملحوظات اخرى :

التاريخ ٢٨ / ٧ / ١٩٤٠

الختم والتوقيع



وثيقة الاقامه والتجول
في المناطق المحرمة

( رقم التسلسل ) ٨٢٩

١ ـ الاسم واسم الاب :ـ

٢ ـ العشيرة والقرية :ـ


٣ ـ العمر والعلامه الفارقه البارزه :ـ ٥٠ سنة

٤ ـ حدود منطقة التجول والاقامة :ـ

٥ ـ ملحوظات اخرى :ـ

التاريخ ٣٠ / ٧ / ١٩٤٠

الختم والتوقيع / المتصرف



وثيقة الاقامه والتجول
في المناطق المحرمة

( رقم التسلسل ) ٧٢٧

١ ـ الاسم واسم الاب :ـ

٢ ـ العشيرة والقرية :ـ

٣ ـ العمر والعلامه الفارقه البارزه :ـ ٥٠ سنة

٤ ـ حدود منطقة التجول والاقامة :ـ

٥ ـ ملحوظات اخرى :ـ

التاريخ ٢٥ / ٧ / ١٩٤٠

الختم والتوقيع / المتصرف


سێ بەڵگەنامە (نموونەیان زۆرە) بەناوی کەسایەتییە ناودارەکانی خانەقینەوە، ڕووی ڕاستەقینەی ڕەفتاری دەسەڵات لەگەڵ کوردی ناوچەکە هەڵدەماڵێت و ئامرازەکانی دوژمنایەتیکردن و سنووردارکردنی ئازادییەکانیان ئاشکرادەکات. بەناوی بەڵگەنامەی نیشتەجێبوون و هاتوچۆ لە ناوچە قەدەغەکراوەکان و بە واژۆی سەرۆکی لیژنەی کۆنترۆڵکردنی گوندەکان دەرکراون. ئەم بالگەنامانە لە داهێنانی (ئەلسەبباغ) بوون وەک پلانێک یان ڕێکارێک بۆ سنووردارکردنی ئازادی عەشیرەتە کوردەکانی ناوچەکەو تەنگپێهەڵچنینیان لە زێدی خۆیان.



جەنەڕاڵ ئاغا بوترسی ئاسوری
پەیمانی دابوو بە دامەزراندنی
حکومەتێکی سەربەخۆ بۆ
ئاسورییەکان لە کوردستان



ئەو چەکانەی هێزەکانی لیڤی دژ بە کورد بەکاریاندەهێنا،
ئاماژەیە بۆ ئەو بایەخە زۆرەی لەلایەن ئینگلیزەوە پێیاندرابوو.




چەند فەرمانێک بە دەستوخەتی جەعفەر عەسکەری کە لە ڕۆژی
کودەتاکەدا بۆ هێزەکانی
سوپای دەرکردووەو داوایکردووە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بەکر
سدقی نەبن.

(١)

« العقيد سعيد التكريتي

« اجمعوا لوائكم وتوجهوا نحو بغداد اليوم

٢٩—١٠—٣٦

جعفر العسكري »

(٢)

« الى الفريق عبد اللطيف نوري

« لا تأتوا بحركه الى حين وصولي اليكم

٢٩—١٠—٣٦

جعفر العسكري »

(١) -- نقلها المؤلف عن نسخها الاصيلة المحفوظة في رئاسة اركان الجيش في وزارة الدفاع

(٣)

« الى العقيد اسماعيل حقي

« آمر المدفعيه

« توجهوا مع القوة المدفعيه نحو بغداد ولا تأتوا بحركه قبل مواصلتي اليكم

٢٩—١٠—٣٦

جعفر العسكري »

(٤)

« الزعيم اسماعيل نامق


« اجمعوا الثلاثه كتائب وباقي قوة السياره وانتظروني في شهربان يجب ان تتحركوا اليوم نحو شهربان

٢٩—١٠—٣٦

جعفر العسكري »

ولكن هذه الاوامر لم تنفذ لسوء حظ الوزارة ، ولحسن حظ العراق ، فقد حملها الرئيس حسيب الربيعي من بغداد كي يوزعها على المرسلة اليهم ، فذهب تواً الى الجيش الزاحف وسلمها الفريق بكر صدقي العسكري . وكان عمل هذا الضابط غاية في الحكمة وصدق الوطنية

له كتێبی (المحررون)ەوە له نووسینی ئیبراهیم یەزبک، لا ١٤٢.


أوامر الحركات الذي أصدره الفريق بكر صدقي في حركته

امر الحركات الرقم ١٠٠١ أصدره

قائد قوات الوطنية الاصلاحية

سقطت الوزارة الهاشمية التي كانت تنوي خلع صاحب الجلالة

ترحل القطعات الى بغداد على الترتيب التالي :-

آ- المدرعات
فصيل شاشات آلية

ب- فوج بشير جودت

ج-

د- فوج مرعي سعيد

هـ- فصيل شاشات آلية

و- فوج المقدم ابراهيم حمدي

ز- فصيل شاشات آلية

تمر القطعات المبينة في المادة (٢) أعلاه من بغداد

التالية :-

مقبرة الانكليز

الميدان

القلعة


دار الشرطة

عارف آغا

حديقة غازي (باب الشرقي)

شيخ عمر

فەرمان بۆ ئەو کەرتە سەربازییانەی بۆ جێبەجێکردنی کودەتاکە ڕوویانکردبووە بەغدا، بە خەتی بەکر سدقی.


(٢)

(ب) موقع المقدم ابراهيم حمدي } في ثكنته في الوشاش على ان يقطع الجرحال ثم مع ضابط في تجهيز انارة تستقبل موقع المقدم صالح عبد الرزاق ويسوقه الى معسكر الرشيد ويبلغه بسقوط الوزارة الهاشمية وعليه عند الفجر ان يخرج من بين المسير ويتجه نحو معسكره عندما يقترب الى جسر ...

(ج) موقع المقدم مرعي سعيد = في القلعة وذلك بعد ان يجري الجولة كما ذكرت في المادة (٢) اعلاه وتتخذ تدابير لحماية المحلات والمؤسسات الموجودة في القلعة على ان يستخدم موقع حرس ... الموجود في القلعة.

٥- فاما الكتيبة الجبلية الاولى والثانية لا تشترك في الجولة المذكورة في المادة (٢) حيث كان سيرها اليوم شاقاً جداً فعليه ستبقى في اوكار الجبلية الاعتيادية. ... حمدي ... معسكراً صالحاً للدفاع بالقرب من معسكر مفرزة المقدم رشيد جودة المذكورة في المادة (٤) الفقرة (آ)

٦- لطرية شوكت الجبلية الآلية تعسكر في معسكر المقدم رشيد جودت.

٧- راجع جميع الوحدات لدعائم الحوذ العقيد يوسف ... أمر موقع الخابور. اما اعاشة الحيوانات تؤمن من قبل آمر لواء الخيالة الساكن في ثكنة الخيالة.

٨- مقر القائد في دار رئيس الوزراء حكمت سليمان رقم التلفون ح ٤٢ كرادة الداخل في السيافة.

بكر صدقي
الفريق
قائد القوات الوطنية الاصلاحية

٢٩/١٠/١٩٣٦

فەرمان، لە هەمانجۆر، رۆژی کودەتاکە بەکر سدقی دەریکردوون، رۆژی دەرچوونەکەیان ئاماژەیە بۆ وردی و بایەخدان بە نهێنی هێشتنەوەی کاتژمێری سفر.



عەبدولواحد سکەر سەرۆک
هۆزی ئال فتله




شەعلان ئەلعەتییە ، سەرۆکی
هۆزەکانی ئەلئەکرەع



لازار برودوموس، لەگەڵ
دەستەکەیدا بە کوشتنی
بەکرسدقی تاوانبارن (وێنەکە ٤٠
ساڵ پاش کودەتاکە گیراوە)



جەلال بابان




مەحمود شێخ عەلی



فرۆکەوان شەهید
محمد عەلی جەواد



محەمەد ئەمین ئەلعومەری



له ١٢/ ئاب/ ١٩٣٧ (بەکرسدقی) و هاوڕێ دڵسۆزەکەی (محمد عەلی جەواد) له گۆڕستانی بابولموعەزەم له بەغداد، ڕۆژێک دوای شەهیدکردنیان، نێژران. گواستنەوەی ئێسکوپروسکی شەهید بەکر سدقی بۆ گردی شەهیدانی سلێمانی یان بۆ گۆڕستانێکی شارەکەی خۆی و باوکو باپیرانی (کەرکوک) نیشانەی وەفادارییە.




هەرچەندە سادەیە، بەڵام ئەو پارچە مەڕمەڕە کە بە وشەی شەهید ڕازاوەتەوە واتاو ئاماژەی زۆر لەخۆ دەگرێت... نیشانەیە بۆ ئەوەی لە عێراقدا سەرکردەو سیاسی هەن لە پرنسیپە باڵاکان لا نادەن و بە ویژدانەوە باسی خاوەن ماف دەکەن و گوێ بە گلەیی و گازندەی لۆمەکاران نادەن.

## سەرچاوەکان


١.الدكتور كمال مظهر احمد ـ صفحات من تاريخ العراق المعاصر، دراسات تحليلية، منشورات مكتبة البدليسي، ١٩٨٧

٢.ابو خلدون ساطع الحصري ـ حول القومية العربية ، الاعمال القومية لساطع الحصري (١٤) ، مركز دراسات الوحدة العربية ، سلسلة التراث القومي، طبعة خاصة ، بيروت، ١٩٨٥

٣.أيام النكبة ٢٩ تشرين الاول ١٩٣٦ـ آب ١٩٣٧، منجز كتبه طالب مشتاق، ببيروت . وقد جاء الكتاب دون ذكر اسم كاتبه.

٤.رواد العروبة ، مذكرات الشهيد صلاح الدين الصباغ، ط ٢، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٣

٥.محمود شبيب، محمود سلمان، طريق المجد الى ارجوحة الابطال، مطابع ثنيان، بغداد، ١٩٧٦

٦.عبد الرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية ، الطبعة الخامسة، الجزء الاول والثاني والثالث والرابع ، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٧٨

٧.الدكتورة رجاء حسين حسني الخطاب، تأسيس الجيش العراقي وتطور دوره السياسي من ١٩٢١ـ ١٩٤١

٨.احمد محمد امين قادر، موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكردية ١٩٢٥ـ ١٩٤٥ ، سليمانية، بنكه ى زين ٢٠٠٧

٩.الدكتور فاضل البراك، دور الجيش العراقي في حكومة الدفاع الوطني والحرب مع بريطانيا ١٩٤١، الدار العربية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩

١٠.يوسف ابراهيم يزبک، المحررون ، بيروت، ١٩٣٦

١١.عبد الرزاق الهلالي - تاريخ التعليم في العراق في عهد الانتداب البريطاني ١٩٢١ـ ١٩٣٢ ، ط١، وزارة الثقافة والاعلام ، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ٢٠٠٠

١٢.اللواء الركن المتقاعد ابراهيم الراوي، من الثورة العربية الكبرى الى العراق الحديث، ذكريات، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٦٩

١٣.الدكتور فريتز كروبا - رجال ومراكز قوى في الشرق ، ج١ ، ج٢

١٤.مذكرات طه الهاشمي ١٩١٩-١٩٤٣، دار الطليعة ، بيروت.

١٥.اوراق ناجي شوكت، رسائل ووثائق، دراسة في التاريخ الحديث والمعاصر، مطبعة الجامعة، بغداد، ١٩٧٧

١٦.انتفاضة رشيد عالي الكيلاني والحرب العراقية البريطانية ١٩٤١ ، وليد محمد سعيد الاعظمي، ١٩٨٧

١٧.فيصل بن الحسين في اقواله وخطبه ، ومضات، مديرية الدعاية العامة، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٤٥

١٨.نواعير الفرات أو بين العرب والاكراد، ماليبارد ، ترجمة الدكتور حسين كبة، مطبعة الرابطة، بغداد، ١٩٥٧

١٩.العميد (جي . كلبرت براون)، قوات الليفي العراقية ١٩١٥ـ ١٩٣٢ ، ترجمة وتحقيق د . مؤيد ابراهيم الونداوي ، مراجعة رفيق صالح، السليمانية، ٢٠٠٦

٢٠.مصطفى العسكري، بكر صدقي وطموحاته في تأسيس دولة كردية، الطبعة الاولى، ٢٠١١

٢١.العميد الركن حسن مصطفى - البارزانيون ، ط٢ ، ١٩٨٣

٢٢.خيري العمري، يونس السبعاوي - سيرة سياسي عصامي ، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٨
٢٣.كلمات واراء حول كتاب : دور الجيش العراقي في حكومة الدفاع الوطني ،فاضل البراك.
٢٤.فريتز كروبا ودوره السياسي في العراق(١٩٣٢-١٩٤١)، احسان عبد الهادي، سليمانية، ٢٠٠٨
٢٥.محمود شبيب، بكر صدقي وانقلابه العاصف ، بغداد،١٩٩٢